
کرمانج گوندی

# سی ۳۰ ساڵ خەبات و
# وڵاتێکی ویران




هەواڵنامەی کتێب

نۆڤێمبەری، ۱۹۹۰ سوێد

کرمانج گوندی

(کەریمی سەعید مەسیفی)

# سی ۳۰ ساڵ خەبات
# و
# وڵاتێکی وێران

## ۱۹۶۱ - ۱۹۹۰

نۆڤێمبەری ۱۹۹۰ سوێد

لە چاپدانەوە بەبێ ئاگاداریی نووسەر قەدەغەیە

# سەرنجێک

## خوێندەڤانی بەرێز

ئەو کتێبەی دەبەر دەستانت دایە، سەرەتا بڕیار وابوو نێوی ( ٢٩ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران) بێ. بەڵام، لەبەر وەدواکەوتنی ئامادەکردنەکەی، کەوتە ساڵی سییەمی، بۆیە ناونیشانەکەمان کردە (سی ساڵ خەبات و......) کۆششمان کردووە، بە پێی توانا پێشهاتەکانی ٣٠ یەمین ساڵیشمان لەبیر نەکردبێ.

لە خەباتی ٣٠ ساڵدا، دیارە مەبەستمان (کوردستانی بندەستی ئێراق و نابەرامبەریی و ئاکارە دژەکانی نێو خەباتی چەکدارییی ئەو پارچەیە) بەڵام، هەر لەوێش نەوەستاوین. هەوڵ دراوە، هەموو پارچەکانی کوردستانمان لە مێژوویەکی دووریشدا بەسەر کردبێتەوە.

ئەمەش، هوورد و درشتی ڕووداوەکان نییە، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا تێکۆشاوین، تا ئەو جێگەی توانراوە، ڕووداوەکان لەبیری خوێندەڤانان زیندوو بکەینەوە. سوپاس.

کرمانج گوندی

# پێرست

| بابەت | لاپەرە |
|---|---|


| | |
|---|---|
| پێشباس | ٥ |
| دۆخی کوردان لەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین | ١٢ |
| کوردستانی بندەستی سووریا | ١٥ |
| کوردستانی بندەستی تورکیا | ١٩ |
| کوردستانی بندەستی سۆڤیێت | ٢٤ |
| کوردستانی بندەستی ئێران | ٢٩ |
| کوردستانی بندەستی ئێراق | ٤٠ |
| ڕێکخراوە راوبارییەکانی (سیاسی) کوردستان | ٤٩ |
| بارزانیی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بندەستی ئێراق و شۆرشی ئەیلوول | ٥٢ |
| یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان | ٦١ |
| سەرکردایەتیی کاتیی | ٦٨ |
| پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان | ٧٠ |
| پارتی سوشیالیستی کورد | ٧٤ |
| پارتی سوشیالیستی کوردستان | ٧٥ |
| پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٧٧ |
| ئاڵای شۆرش | ٧٧ |
| هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و دۆزی کورد | ٧٨ |
| دۆزی کورد لە روانگەی سۆڤیێتەوە | ٨٥ |
| دۆزی کورد و رۆژاوا | ٩٤ |
| شەری براکوژیی | ١٠٢ |
| فاکتەرەکانی شەری براکوژیی | ١٠٣ |
| شۆرشی چەواشە | ١١٤ |
| چەوساندنەوەی جەماوەر | ١١٩ |
| رەنگدانەوەی جەنگی ئێراق-ئێران لەسەر کوردستاندا | ١٢٥ |

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| داگیرکردنی هەڵەبجە | ١٣١ |
| گفتوگۆ لەنێوان کوردان و رژێمەکانی ئێراقدا | ١٤١ |
| بەرەی کوردستانی ئێراق | ١٦٩ |
| کورد لە نێوان مافی رۆشنبیری و سەربەخۆییدا | ١٨٣ |
| کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کورد (مافی مرۆڤ و پێناسی فەرهەنگیی) | ١٨٨ |
| ئەنجام | ١٩٧ |

# پێشباس

لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، لە بەهاری ١٩٧٥، لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا، نسکۆیەکی راوبارىی - سەربازیی کەوتە هەمبەر گەلی کورد. بەلأم بڕوا بە کوردستان و کورد، و بە ئایندە، هیوای پاشەڕۆژی پاراست.

لە پاش هەرەس، سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش بە هورد و درشتیانەوە، جگە لە شەهید سالح یوسفی، ئەوانی دیکە هەموویان ئاوای ئێران بوون....قەبەکان لە کەرەجدا جێگەی تایبەتییان بۆ ئامادەکرابوو، و پێشمەرگە و بۆرە خەلکەکەش لە نێو شار و لە ئۆردیگەکان لە ژێر چاوەدێری ساواکە دابوون.

لە دوای هەرەس، زەوینەیەکی لەبار بۆ ئەوانەی کە سالأنێکی زۆر بوو هەوڵی ئەوەیان دەدا، ڕێبەرایەتیی‌ی شۆڕش بگرنەدەست درووست بوو. بۆیە هەر زوو کەوتنە خۆکۆکردنەوە و بانگەوازراهێشتن، و جنێو و سووکایەتیی‌کردن بە سەرکردایەتیی‌ی (خێڵەکیی)ی بارزانیی و چەکدارهەناردنەوە شاخ - ئەوانە، جەلالی تاڵەبانیی و تاقمە کۆنەکەی وی، و هەندێکی‌دی بوون.

ئەمانە هەوڵیان دەدا هەرچی زووتر قەوارەیەکی چەکداریی درووست بکەن، بۆئەوەی ڕژێم حسێبێکیان بۆ بکا، و لەگەڵیاندا بکەونە وتووێژ. بڕواشیان وابوو، مادامەکی گەل نەبەزیوە و گوندەکان ئاوەدانن، و تەنێ سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش بەزیوە، دەتوانن درێژە بە شۆڕش بدەن!

ئەوانە زۆر سادە و ساویلکانە بابەتەکەیان هەڵسەنگاندبوو، دەنا، چۆن شۆڕشێکی تەمەن نزیکەی ١٤ساڵ، کە بە دەوڵەمەندترین و پر تواناترین شۆڕش لە مێژووی نوێی کوردستان دادەنرێت، و لە سەرووی ویش، کەسێتیی‌ی بارزانیی، وەکو سەرکردەیەکی جێخۆگر و ناسراو، دەکرێ هەروا بە سووک و هاسانی بە کەسانێک دروست بکرێتەوە کە رووزەردی رابردووی خۆیان بن!

لە تەنیشت ئەوانەشدا کۆمەڵەی مارکسیی - لینینیی، کە پاشان بوونە (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) بە سەرکردایەتیی‌ی شەهید «ئارام» دەنێو چیاکاندا بوون. ئەم گرووپە پەلەی لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارییدا نەبوو. بەڵکو، پتر سەرنجی بە لای رووتاککردنەوەی خەڵکیدا چووبوو. بەڵام جەلال، کە هێشتا لە شامێ بوو، دەستی بە دەرکردنی بەلاڤۆک و بانگراهێشتن کردبوو، و بار و دۆخەکەی لەوانیش ئاڵۆز کردبوو. بۆیە کۆمەڵەش بە ناچاریی رێگەی خەباتی چەکداریی زووتر لەو کاتەی دیاری کردبوو دەستپێکرد.

ئەو دوو گرووپە، لە بەهاری ١٩٧٦، لەگەڵ بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستاندا، خۆیان لێکدا، و یەکییەتیی‌ی نیشتمانیی‌ی کوردستان «ینک»یان دامەزراند. ئەو لایەنەی جەلال، لە نێو ینکدا، رێبەرایەتیی دەکرد، بە (خەتی پان) هاتبووە ناساندن، کە پاشان ناوی خۆیان بۆ «پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان» گۆڕی.

سەرانی شۆڕشی هەرەسپێهێنراویش لە کەرەج، کە تا ئەو کات ئاهی پەشیمانییان هەڵدەکێشا، بەم گۆڕانکارییەی سەر گۆڕەپان، کەوتنە پێوەندیی کردن بە براپێکراوەکانی خۆیان، بۆ هەناردنەوەیان بۆ کوردستان، و لە ماوەیەکی کەمدا توانیان کۆمەڵەکەسێ کۆبکەنەوە، و بەو کاناڵەی کە ئامادەکرابوو، خەڵکەکە بگەیەننەوە ئەو دیوی

تخووب، و له ژێر ناوی سەرکردایەتیی‌ی کاتییدا«سک» که (سامی ئاورەحمان) و هەندێکی‌دی ڕێبەراتییان دەکرد، خەبات دەست پێبکەنەوە. لێرەکانێ پرسیارێک دێتە پێشەوە - ئایا له پاش هەرەس، زەوینەی لەبار بۆ دەستپێکدنەوەی خەباتی چەکداریی هەبوو؟ له وەرامدا دەکرێ بڵێین بەڵێ.

چونکه کوردستان دەستی لێنەدرابوو، گوندەکان له جێگەی خۆیاندا و جەماوەری نیشتمانپەروەریش ورەی خەباتی بەرنەدابوو. بەڵام ئایا دەکرا ئەوها زوو، بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لەمەڕ فاکتەرەکانی شکستی شۆڕش بکەن، و له هەموو ڕوویێکەوە هەڵەکانی پێشوو دەستنیشان بکەن، و ستراتیژێکی بابەتیانەش، که تێیدا تەواوی تاقم و توێژە خەباتگێڕەکان دەنێو خۆیدا کۆ بکاتەوە، و له ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانە دوژمنە سەرەکییەکان دەستنیشان، و تاکتیک بۆ مامڵەی ڕۆژانە له گەڵیاندا پەروەردە بکەن، و پێشمەرگە و جەماوەر بە سیاسەتی (پشت‌بەخۆبەستن) ڕابهێنن، خەباتی چەکداریی دەست پێبکەنەوە؟- له وەرامدا دەبێ بڵێین نا.

لەبەر ئەوەی، ڕێبەرایەتیی‌ی شۆڕش، دەبێ هەمیشە سیلەی چاوێکی له مێژوو بێ، و تەماشای ڕووداوەکان بکا، و هۆکارەکانیان بزانێ، و بەو کاتەی که تێیدا دەژی بیانبەستێتەوە. لەوێشەوە، بەرنامەڕێژی سیاسەتێکی گونجاو، وەکو ئالتەرنەتیڤێک، بۆ هەڵەکانی ڕابردوو، و ستراتیژێک بۆ بزاڤەکە ئامادە بکا.

پاشان هێز و توانای خۆی و دوژمنەکەی له بوارەکانی ڕاوبۆچوونی - سەربازیی، و پێوەندییەکانی‌تری کۆمەڵایەتییدا بزانێ، و له گەڵ یەکتری بەراوردیان بکاتەوە، و ڕۆژانە پلانی لەبار بۆ تاکتیک و پراکتیکی دوژمنەکەی لەبەردەست دابێ، و بۆ هەر هەنگاوێک که دوژمنەکەی هەڵیدێنێ، هەنگاوی کارێگەرتر هەڵبهێنێ.

بایەخ بە بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراسیی لەناو ڕێکخستنەکەی، و لەوێوە بۆ ناو جەماوەر بدا، و لە ڕەخنە نەسڵمێتەوە، و بە جەماوەر نیشان بدا کە ئەوانیش لە بەڕێوەبردن و ئایندەی شۆڕشدا بەشدارن.

گەرەکە، گرینگییەکی زۆر بە جۆری سیاسەتی دەرەوە بدا، و بۆ ئەوە کار بکا کە ناحەزان بکاتە ئاشنا و، ئاشنایان بکا بە دۆست، و لە دۆستەکانیش پتر نزیک بێتەوە.

ئەگەر ئەوها نەکا، ئەوە لە ڕێبازە مێژووییەکەی شۆڕش لایداوە، و خۆی، و ئەنجا خەلک هەڵدەخڵەتێنێ، و لە هێڵی جەماوەریی دوور دەکەوێتەوە و خەبات لە پێناوی ڕزگاریدا چەواشە و بڕوا لە ناو جەماوەردا کەم دەکاتەوە، و لەبری دۆست پەیداکردن، دوژمن بۆ خۆی زێتر دەکا، و شۆڕش دەگەیەنێتە هەڵدێری شکست و دۆڕاندن.

بەرامبەریی و نابەرامبەریی هێزی راویاریی - سەربازیی، ڕۆڵێکی بنچینەیی لە دۆڕاندن و بردنەوەی گرەوی شۆڕشدا دەبینێ.

شتێکی حاشا هەڵنەگرە، ڕژێمی داپڵۆسێنەری داگیرکەر، لەڕووی چەندایەتیی سەرباز، و چلۆنایەتیی ستراتیژیی سوپایی، ڕژێمێکی باڵادەستە. بەڵام شۆڕشیش ئەگەر شۆڕش بێ،دەتوانێ بە بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانە و ڕێکخستنی ئاسنیی، و بە تاکتیک و تەکنیکی نوێی شەڕی پارتیزانیی، جەماوەر بخاتە گەڕ و ئەو نابەرامبەرییە بە چەشنێکی ئەوتۆ کز بکاتەوە کە بە زیانی دوژمن تەواو بێ.

سیستەمی کلاسیکیی خەباتی چەکداریی، کە هەتا ئێستاکانیش، لە لایەن ڕێبەرانی کورد پێڕەوی لێدەکرێ، سەرەڕای ئەو هەلو مەرجانەی نێوەوە، کە دەبوونە ڕێگر لە هەمبەر خستنەگەڕی توانای جەماوەردا، زەوینەی پێشڤەبردن و سەرکەوتنیشی خۆش نەدەکرد. بەڵام شاخەکان و سرووشتی وڵات و نەریتی خۆ بەدەستەوە نەدان، تا

ئەندازەیەک پارسەنگەکەی بە سوودی شۆڕش دەگێڕایەوە. ئەوەش ڕاستییەکە کە لە ئاوێنەی خەباتی چەکداریی (شینستەکان)دا دەبینرێ.[1]

بەڵام، بەهۆی زۆربوونی داهاتی نەفتی ئێراق (لە خێری پارچەی وڵاتە داگیرکراوەکەی ئێمە کە ئێراقی کردۆتە یەکێک لە وڵاتە خاوەن پیترۆڵەکانی جیهان) بە شێوەیەکی خێرا و چاوەڕوان نەکراو لە هەفتاکاندا، ڕژێم توانی ڕێژەیەکی هێجگار زۆری ئەو دراوە، بۆ بەهێزکردنی سوپای چەکدار و دەزگەی داپڵۆسین تەرخان بکا.

لە ساڵی ١٩٦٠دا، داهاتی نەفتی ئێراق ١٥٨ ملیۆن دینار، و لە ساڵی ١٩٧٤دا، ٥ر٧ ملیارد دولار، و لە ساڵی ١٩٧٩دا، گەیشتە ٢١ملیارد دولار.[2]

زۆربوونی داهاتی نەفت بەم شێوە خەیاڵییە، یارمەتی ڕژێمی دا، هێزی چەکداریی خۆی بە نوێترین تەکنۆلۆژیی سەربازیی پڕچەک بکا و گۆڕانکارییەکی بەرفرە لە پەیکەری سوپا و تەکنیکی جەنگی درووست بکا. بەشێکی ئەم داهاتەش بۆ پتەوکردنی دەزگەکانی سیخوڕیی و لاوازکردن و شکاندنی بزاڤی چەکداریی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەکار بهێنێ.

لەسەر ئاستی دەرەوەشدا، توانیبووی سەرکەوتوانە دەستی خۆی لە زۆر جێگەی جیهاندا قایم بکا، و خۆی وەکو ڕژێمێکی نیشتمانیی و پێشکەوتنخواز نیشان بدا. بە تایبەتیی لە ئاقاری سۆڤێت و وڵاتە سۆشیالیستەکاندا ئەم کارەی زۆر بە وەستایانە ئەنجام دابوو.

ئەم گۆڕانکارییە خێرایە، توانی پارسەنگی سەربازیی بە خێرایی بە زیانی جووڵانەوەی چەکداریی خەڵکی کوردستاندا بگۆڕێ، چونکە هێزە ڕاوبارییە کوردستانییەکان، پلانی ڕاویاریی - سەربازیی

پێویستیان دانەدەنا بۆ ئەوەی لەم قۆشمەیەدا وەپاش نەکەون و پیلانەکانی رژێم پووچەڵ بکەنەوە.

لەساڵی ١٩٧٦ بەدواوە، گێژاوی هێزە راوبارێی - عەسکەرییەکانی کورد شێلۆتر بۆوە. ئەرکی سەر شانیان مەزنتر و بە قەوارەش لە بەرامبەر سوپای داگیرکەری ئێراقدا، چکۆلەتر بوونەوە.(٣)

کوردەکان، لە گەڵ رژێمێک دەستەو یەخە نەبوون کە نە تەنێ بە چەکی کلاسیکیی رووبەروویان دەبۆوە، بەڵکو لەرووی رژێمێک سەریان قیت کردبۆوە، کە جگە لە چەکی ئاسایی، چەکی کیمیایی و بایۆلۆژیشی هەبوو، و لە بەکارهێنانیشیاندا تۆزقاڵێک سڵەمینەوەی نەبوو.

کارگەکانی بەهەمهێنەری چەکی کیمیایی ئێراق، ساڵانە ٩٦ تۆن گازی ئێرڤ (عصب) و ٧٢٠ تۆن گازی خەردەلیان درووست دەکرد و زەوینەی ئەوەشیان هەبوو بەرهەمی ساڵانەیان پتر بکەن.(٤)

ئەمە جگە لەو لوولە تۆپە درێژانەی لە مانگی ئەپریلی ١٩٩٠دا، لە بەندەری ئینگلستان لێگیرا و دوو کامیۆنی دیش کە هەلگری ئەو لوولە تۆپانە بوون، یەکیان لە گریس و ئەوی دیکەیان لە تورکیادا لێگیرا.

شایانی باسە، لە کۆی ٥٨ لوولە تۆپ، ٤٨یان گەیشتوونەتە ئێراق.

ئەگەر ئەو تۆپە بکەوتایە کار، بە گوێرەی ئاخافتنی پسپۆرە سەربازییەکانی رۆژاوا، زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵات دەکەوتنە ژێر کۆنترۆڵی عەسکەریی، ئێراقی.

ئەمەش وای لە ئێراق کردبوو کە بە پڕ بەرهەمهێنەرترین چەکی کیمیایی لە جیهاندا، لە پاش ئەمریکا و سۆڤێت دابنرێ!

ئەوەبوو توانای ئەو رژێمەی نەتەوەی کورد لە بەشێکی وڵاتەکەی

روو بە رووی بیزوە!

هێزە کوردستانییەکانیش بە هیچ جۆرێک هەوڵی ئەوەیان نەدەدا کە ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن و خۆیان لە کەوڵی یەکییەتیی و پشتبەخۆبەستن حەشار بدەن.

ینک و سک بە سرووشتی بەرپرسیار نەبوونی مێژوویبیان، خۆیان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو رژێمەی سەریان لە سەری دەدا ماندوو نەدەکرد!

- لەبری ئەوەشدا، سەرقاڵی شەڕی براکوژیی و کورد بە کورد بە کوشتن دان ببوونەوە و بە هەمان تەشی کۆن رێستیانەوە کە نسکۆی پێهێنابوون. بە جێگەی ئەوەی لە یەک سەنگەردا خوێن بڕێژن، پێشەقانیان بۆ بژارکردنی جەستەی یەکدی لە هەسانێ دەدا. بۆیە کەلاوەی شەڕە هەڵگیرساوەکەی ئەمجارەش لەسەر گووفەکە کۆنەکەی جاراندا دروست بۆوە!

لە ئاکامی لووت بەرزیی و خۆ بە ئاڵترنەتیڤ زانینی هەر یەکێکی ئەمانە بۆ براگەورەیی و پشی تەنگیان لە بەرامبەر یەکدیدا، نەهەنگێکی کوێری ئەوتۆ دروست ببوو، ئەگەر رۆژانە لاشەی چەندان پێشمەرگەی قووت نەدابا، بێنی نەدەهات.

هەر یەکێکی ئەم لایەنانە، هەوڵی ئەوەی دەدا زێتر دەسەلاتی راویاریی - لەشکریی‌ی خۆی لە بەرفرەترین ناوچەی کوردستاندا سەقامگیر بکا، و هەمیشە بە چاوی گومانیش تەماشای کردەوەکانی یەکدیان دەکرد. بۆیە رۆژ بە رۆژ داوێنی شەڕی براکوژیی شۆڕتر دەبۆوە. بە جۆرێک کردەوەی کوشتاری وان لەگەڵ یەکتریدا وای لە نیشتمانپەروەری کورد کردبوو، شەرم لە بەرامبەر ویژدانی مرۆڤایەتیی و کوردبوونی خۆیدا بکاتەوە.

# دۆخی کوردان، لەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین

کوردستان لە ئەنجامی جەنگی (چاڵدێران) لە ساڵی ١٥١٤ - ١٦٣٩دا، لە نێوان ئیمپراتۆرێتییەکانی ئێرانی سەفەوی و تورکیای وەسمانییدا، بەکردەوە دابەشکرا. بەشەکەی بندەستی ئێران، ئێستاش لەگەڵدا بێ، بێ کەموزیاد لە بندەستیدا ماوەتەوە. بەشەکەی وەبەر تورکیا، کەوت پارچەکانی کە پاشان کەوتنە بەر ئێراق و سووریاشی دەگرتەوە. ئەم دابەشکردنە وەنەبێ کۆتایی بە دەسەڵاتی هەرێمایەتییی کوردەکان هێنابێ. بەڵکو تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەش میرنشینەکوردەکان، لەسەر داب و نەریتی خێڵەکیی لێرە و لەوێ، هەرمابوون. هەرتک لاش لەسەر کوردەکانیان حسێب دەکرد. بە تایبەتیی لەبەر ناتەباییان دەگەڵ یەکدیدا، هەر لایەنە و هەوڵی دەدا بەشەکەی بندەستی خۆی بە لای دەسەڵاتی نێوەندیی ی وڵاتەکەی رابکێشێ. ئەوە هەبوو لە ئێراندا، کوردەکان لەبەر جودایی مەزەب cult، کە مەزەبی رەسمی ئێران شیعە بوو، و زۆربەی کوردەکانیش پێرەوی مەزەبی سوننی بوون، لە دوو سەر (نەتەوایەتیی و مەزەبیی) دەچەوسێندرانەوە. کوردەکان لە نێو ئەم دوو قەوارە راویارییەدا، گەلەک جار دوور لە رەزای خۆیان، دەبوایە باجی ململانێیی ئەو ئیمپراتۆرێتییانە بە نرخی گیان و ماڵ و وێرانی وڵاتەکەیاندا بدەنەوە!

لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییدا. و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرێتیی ی وەسمانیی لە لایەن ئینگلستان، فەرانسا، و ئەمریکا، و دامەزراندنی چەند وڵاتێکی نوێ، لەوانە ئێراق و سووریا، بەشەکەی کوردستانی بن دەستی تورکیایان بۆ دووبارە وەکی(ماڵی ما خۆ

مردی)دابەش کردەوە، و دوو لەتیشیان بە سەر ئیراق و سووریادا بەخشییەوە.بەشێکی چکۆڵەش وەبەر سۆڤیێت کەوت.ئەم دابەشکردنە کۆسپێکی هێجگار دژواریی لە هەمبەر ڕێگەی پێشکەوتنی خەڵکی کوردستاندا درووست کرد.چونکە ئەمجارە پێنج دەوڵەت لە دوژەکەدا بوونە خاوەن،کە پاشان هەر دەوڵەتەی،بەجۆرێک هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیدا.

هەر لەو سەروبەندانەدا، بەدەنە ١٤ خاڵییەکەی (وێلسۆن) سەرۆکی ئەمریکا، لەمەڕ ئاشتیی جیهانییدا، لە ١٩١٨/١٠/١١دا، کەوتە سەر زاران. بە گوێرەی ئەم بەدەنەیە، دەبوایە دان بەبوونی گەلە ناتورکەکانی نێو ئیمپراتۆرێتیی وەسمانییدا بنرێت. لە خاڵی ١٢ی ئەم بەدەنەیەدا دەڵێ:(پێویستە بواری سەر بەخۆی بە گەلە ناتورکەکان بدرێ، بەبێ ئەوەی دەست تێوەردان لە کار و بارییاندا بکرێ). [٥]

پاشان پەیمانی (سیڤەر) لە ١٩٢٠/٨/١٠دا ، بە بەشداربوونی وەڤدێکی کوردیی بە سەرۆکایەتیی ژنراڵ (شەریف پاشا) لە نێوان ئینگلستان، فەرەنسا، یۆنان، ئیتالیا، ڕۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆلەند، بەلجیکا، ژاپۆن، حیجاز، ئەرمینیای تاشناک، تورکیا، ئێران و ئەمریکادا بەسترا. بەشێکی ئەم پەیمانە لەسەر دان نان بە مافەنەتەواتییەکانی گەلە ناتورکەکانی بندەستی ئیمپراتۆرێتیی وەسمانییدا بوو.

بەندی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی پەیمانی ناوبراو، زەوینەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی پێکهێنابوو. بە گوێرەی ئەم پەیمانە، دەبوایە وڵاتی سەربەخۆی کوردستان، لە بەشەکەی بندەستی تورکیادا دابمەزرابایە. [٦]

بەڵام کاریگەرێتیی ئەم پەیمانە لە ناو چواردیواری دانیشتنی

هاوپەیمانەکان بەدەر، هەوای ئازادی دەرەوەی وینەکەوت.
پاشان، پەیمانی (لۆزان) لە ۲۳ی گەلاویژی ۱۹۲۳دا، لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانەکانی، لە جێگەی پەیمانی سیڤەر بەکارهێنرا. لەم پەیمانەدا، مافی پاراستنی کوردستان بە تورکیا درا. تەسکەرەی نەتەوایەتیی کورد، کە لە پەیمانی پێشوودا ڕێزی لێگیرابوو، بەوە گۆڕدرایەوە کە دەبێ تورکیا ڕێزی کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکان بگرێ.[۷]

پاشان پەیمانی (سەعداوا) لە ژوونی ۱۹۳۷دا، لە نێوان تورکیا، ئێران، ئێراق، لە ژێر چاوەدێری ئینگلستاندا بەسترا. دواتر پەیمانی (بەغدا)، یان بە گوتەیەکی دی پەیمانی (سەنتۆ) لە سالی ۱۹۵۲دا لە نێوان ئێراق و تورکیا و ئێران و ئینگلستان واژۆ کرا. مەرامی سەرەکی ئەو پەیمانانە، لە تەنیشت ئابلۆقەدانی سۆڤیێت، لێدانی بزاڤی ئازادیخوازانەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لە بەندی (۱-۷)ی پەیمانی سەعداوادا دەڵێ (دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەرپرسیارن کە بەرگریی لە هەموو جۆرە چالاکییەکی دەستەوتاقمی چەکداریی کە بە زیانی وڵاتەکانیان تەواو دەبێ بکەن.)[۸] بەم ڕووداوانە بزاڤی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان شیرازەی لە پێنج لایاندا هەڵتەکیندرا.

# کوردستانی بندەستی سووریا

لە پاش سەربەخۆیی‌ی سووریا لە ساڵی ١٩٤٥دا، دژواریی لە نێوان کورد و عارەبدا وەبەر چاو نەدەکەوت، و بگرە هەر سێ کۆدەتا سەربازییەکانی نیوەی دووەمی چلەکان، بە یارمەتی ژانراڵ و ئەفسەرە کوردەکان بوو. هەندێک لە ڕێبەرە مەزنەکانی سووریا، لەوانە دوو سەرهەمیا کۆماری سووریا بە ناوی (حوسنی زەعیم و ئەدیب شیشەکلی) کورد بوون![9]

دوا بەدوای بەرزبوونەوەی گیانی شۆڤینیزمی عارەبیی، عارەبەکان، چاوی دیتنی کوردەکانیان لە دەوڵەتدارێتیی نەما، و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٤ - ١٩٥٨دا، زۆربەی ئەفسەرە کوردەکان لە سوپای سووریادا وەدەرنران. لە ساڵی ١٩٥٧دا، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، بە دەسپێشخەری نیشتمانپەروەر، بەهەشتی (نوورەددین زازا) دامەزرا. ئەو پارتە داوای دێمۆکراسیی بۆ سووریا دەکرد، کە تێیدا کوردەکان، وەکو گرووپێکی نەژادیی (ethnic) مافە نەتەوایەتییەکانیان بناسرێ و بایەخ بە کوردستان لە بواری ئابووریی - فەرهەنگییدا بدرێ.[10] ڕژێمی سووریا، لە وەرامی کوردەکان، پارتی دێمۆکراتی کوردستانی، بە پارتێکی نایاسایی حسێب کرد، و لە ئۆگێستی ١٩٦٠دا، ژمارەیەکی زۆر لە سەرانی پارتی، و نیزیکەی ٥ . . . کوردی دیشی دە زینداندا کرد.

یەکێتی‌ی سووریا و میسر، لە ژێر نێوی (کۆماری عارەبیی‌ی یەکگرتوو) لە ساڵی ١٩٥٨دا، کردنەوەی دەرگەی چەوساندوە بۆ کوردەکان بوو. ڕێگەی زانکۆ لە خوێندەڤانە کوردەکان بۆ کۆلیجەکانی

ئەفسەریی و پۆلیسیی گیرا. ئەگەر کاسێت یا چاپەمەنییەکی کوردیی لە لایەن کەسێ بدیترابایەوە، دەشکێندران و دەسووتێندران، و ئەو مرۆڤەش دەخرایە بەندیگە.[11] لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا ...ر١٥ خێزانی عارەبیی لە ناوچەکانی (حەمس و سەلەمیە)دا هێنرانە کوردستان و لە سەر بە بیترین زەوی و زاردا نیشتەجێ کران و هەتا ئێستاکانێش لە گوندەکانی ( زەهیریە و ئەحمەدیە)دا دەژین.

لە پاش نەمانی کۆماری عارەبیی یەکگرتوو، لە سالی ١٩٦١دا، چەوساندنەوەی کوردەکان چەندان بەرامبەری لێهات. لە سالی ١٩٦٢دا، دەولەتی سووریا، سەرژمێری ناوچە کورد نشینەکانی کرد. لەم سەرژمێرییەدا لە ٩٠٪ ی دانیشتوانی کوردستانی لە مافی هاوولاتی بووندا بێبەش کرد.

لە هەمان سالدا یاسای (پشدینی عارەبی)یشی وەکار خست. درێژی ئەم پشتێنە ٣٥٠ کم و پانایییەکەی ١٠ - ١٥ کم دەبێ، کە هەتا ئێستاکانێش هەلنەگیراوە.[12]

رووی ئاشکرای ئەم سیاسەتە، پاککردنەوەی ناوچە تخووبییەکان لە کوردەکان بوو. ئەویش بەو نیازەی پێوەندی کوردەکانی ئەو پارچەیە لەگەل کوردەکانی کەرتەکانی بندەستی تورکیا و ئێراقدا ببرێ. لە ئاکامی ئەم پشتێنەدا ١٤٠/... جووتیر و رەنجدەری کورد جێگەکانیان بە عارەب پرکرانەوە و پتر لە ٦٠/... ی دیش روویان کردە تورکیا و لوبنان و شوێنەکانی تری سووریا. ئێستا پتر لە ٣٠/... کورد لە شامێ، لە گەرەکێ بە ناوی (حي الاکراد)دا دەژین.

لە سالی ١٩٦٣دا، رژێمی سووریا، بۆ هاریکاریکردنی رژێمی ئێراقێ لە شەری دەگەل کوردستانێ، بە کردەوە بەشداری لە

جەنگەکەدا کرد. تیپی (یەرمووک)ی هەنارده هانای ئێراقییەکان. لە ئەنجامدا، زیانێکی گیانیی و ماڵیی زۆریان لە لایەن پێشمەرگەکانی کوردستاندا ویکەوت.(١٣)

لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردەکان و رژێمی داگیرکەری ئێراق، لە بەهاری ١٩٧٤دا، رژێمی ئێستای سووریا، ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئێراق لە سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردەکاندا راگەیاند. تەنانەت ئەوەشیان بەخۆتەگرت بڵێن یارمەتیی ئێراقیێ لە جەنگکردنی لە دژی کوردەکاندا دەدەین، بەڵکو وایان بڵاوکردەوە کە ئامادەن یارمەتیی ئێراقیێ لە جەنگکردنی لەگەڵ ئێرانیێ بدەن.

لە ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٧٨دا، نزیکەی ۱۰۰/۰۰۰ خێزانی عارەبان لە (غەمر)دا بە بیانووی ئەوەی بەندی ئاو لە ناوچەکانیاندا درووست دەکری، لە کوردستاندا دامەزرێندران.

لساڵی ١٩٧٩دا،کاتێ نێوانی سووریا و ئێراق تێکچوو،دەوڵەتی سووریا،باریکەرێیەکی بۆ یارمەتیدانی پارتەکانی کوردستانی بندەستی ئێراقیێ کردەوە.بەڵام ئێستاش لەگەڵدابێ،نەیگوتووە (کوردەکان) بەڵکوو هەمیشە بە (بەرهەڵستکارانی ئێراقیی) یادی کردوونەتەوە.

ئەلئانەکانیش، لەسەردەمی (حافیزولئەسەد) کە زۆربەی پارتەکانی بندەستی تورکیا وئێراقیێ،بەسەرۆکی پێشکەوتنخوازی عارەب وناوچەی دادەنێن، دۆخی کوردستانی بندەستی ئەو رژێمە شۆڤێنییە،بە خراپترین قۆناخەکانی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێ.هەتا ئێستاش بەشی هەرە زۆری کوردەکان بێ‌تەسکەرە و بە میوانانی رەزاگران تەماشا دەکرێن.

حافیزولئەسەد، نووکەش بە شێوەیەکی سیستەماتیکیی سیاسەتی بە عارەبکردنی کوردستان درێژە پێدەدا. لە سایەی ئەو سیاسەتەی وی دیموگرافیای کوردستان بە تەواوی شێواندراوە و رواڵەتی کوردەواریی لێئەستاندراوە!

رژێمی سووریا، سیاسەتی خۆی لەو بارەیەدا نەشاردۆتەوە، کە کوردەکان تەنێ لە ڕێگەی فەرهەنگی عارەبییدا دەکارن بەشداریی لە پێشبردنی وەڵاتدا بکەن.

لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤینیزمی بەعسدا، کورد، بوونی لە سووریادا نییە. ئەو کوردانەی تەسکەرەی سووریایان پێدراوە، بە عارەب ناو نووس کراون!

# کوردستانی بندەستی تورکیا

ئاشکرایە مەزنترین پارچەی کوردستانی جوان، و زۆرترین ژمارەی نەتەوە دلێرەکەمان، کەوتۆتە بندەستی تورکیا. لە رابردوودا، بە تایبەتیی لە سەدەی شازدەمدا، سەبارەت بە ئارچەی بەرگریی، پێویستیان بە کوردان بووە. لەوان سەردەماندا هەندێ جار کوردەکان لە تورکیادا گەیشتوونەتە پلە و پایەی بڵند. بەڵام لە سەدەی هەژدە و نۆزدەمدا، لە گەڵ بەرە و لاوازچوونی دەسەڵاتدارێتیی و سستبوونی سیستەمی بەرێوەبردندا، دەرباری ئالی وەسمانیی لە کوردستاندا، دەستی بە نیوەندێتیی کردووە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا پێوەندی نێوان کورد و تورک، سرووشتی توند و تیژی دوژمنایەتیی بە خۆوە گرت. مەکانیزمی ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی نەپساو هەتا ئێستاش لە کارکردندایە. هەر ئەو دیاردانەش پاڵیان بە کوردەکان وەنا، کە چەند جارێک راپەڕینی چەکدارانە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا سەرپێ بخەن.(١٤)

شۆرشی (گەنجە تورکەکان) کە مافی یەکسانییان بۆ تەواوی نەتەوەکانی ئیمپراتۆرێتیی وەسمانیی کردبوو بە درووشمی خۆیان، لە مەڕ کوردەکان، نەک بەڵێنەکانیان بە جێ نەهێنا، بەڵکو باری کوردەکانیان لە جاران خراوتر لێکرد.(١٥)

لە پاش جێگیربوونی پەیمانی لۆزان، دەو و کاوێژی تورکیای کەمالیش، کەساڵێک دوای پەیمانی ناوبراو، رەواییتیی پێدرا، گۆڕا. برایەتییی کورد و تورک، رەنگێکی دی بە خۆوە گرت و کوردەکان بوونە (ئامرازی دەستی ئینگلیز و سوڵتان) و سیاسەتی تواندنەوەی کوردان بایەخێکی زۆرتری لە لایەن رژێمی نوێدا پێدرا.

ڕەوشی خاوێنکردنەوەی دەزگەکانی دەوڵەت، لە کوردان دەستپێکرا و نوێنەرانی کوردان لە پارلەماندا، هەموویان دەستگیر کران. بە کار هێنانی وشەکانی (کورد و کوردستان) لە فەرهەنگی تورکیادا قەدەغە کران. نەخشەی وەسمانییەکان کە کوردستانی لەسەر نەخش کرابوو، هەموویان گۆڕدران و کوردستان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵات، کوردەکانیش بە (تورکە کێویلکە) نێوبران.(١٦)

فۆرمولی نەهێشتنی خەڵکی کوردستان، لە لایەن ڕژێمی تورکیادا، بە ژینۆسیدی کوردان و کاولکردنی گوندەکانیان، و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیا داڕێژرا. ئەم سیاسەتە، هەتا ئەلئانەکانیش بە جۆرێکی سیستەماتیکی، بە دڕندانەترین شێوە لە بووندایە.

(عیسمەت ئینونو)، سەرشالیاران، کە ڕۆژێک لەمەڕ برایەتیی تورک و کورد دەئاخفت، لە هەیڤا ژوونی ١٩٣٠دا، لە (سیواس)، لە ئاهەنگی کردنەوەی هێڵی شەمەندەفەردا، گوتی (لەم وڵاتەدا، تەنیٚ نەتەوەی تورک بواری هەیە داوای مافە نەتەوایەتیی و نەژادییەکانی بکا...هیچ کەسێکی دی ئەو مافەی نییە).

(مەحمود ئەسەد)، شالیاری داد، لە گۆتارێکی لە مانگی مای ١٩٣٢دا، گوتی (تورک، تاکە ئاغا و تاکە خودێی ئەم وڵاتەیە. ئەوانەی لە نەژادی خاوێنی تورک نین، لەم وڵاتەدا یەک مافیان هەیە، ئەویش خولامێتییە.!)(١٧)

لە کۆتایی چلەکاندا، لەگەڵ درووستبوونی چەند پارتێکی تورکییدا، ڕژێمی تورکیا، سیاسەتێکی تایبەتیی لە بارەی کوردان بە سەرنجڕاکێشانیان بۆ ریزی ئەو پارتانە بەکارهێنا، کە بوو بە هۆی ئەوەی ژمارەیەک خاوەن مولک، دەرەبەگ، خوێندەڤان و هەندەک بیچمی ئایینیش بکەونە ناو ئەو پارتانە.

لەوانە (فەرید مەلین) کە لە سەرتای حەفتاکاندا سەرشالیاران بوو. (حیکمەت ستین) جێگری سەرشالیاران و یەکێک لە راوێژپێکەرانی نزیکی (بلند ئەجویت). هەروەها (کامەران ئینان) کە تا سالانی ئەم دواییەش، پیاوی ژمارە ٢ی (پارتی عەدالەت) بوو، کورد بوون. تا کۆتایی حەفتاکان، نزیکەی ٣٥ نوێنەری بە رەچەلەک کورد، لە لایەن (شەرەفەددین ئالچی) شالیاری کار و باری ئاوەدان کردنەوە، رێبەری دەکران. ئەم گرووپە بە تێکرایی پشتگیری بلند ئەجوتیان دەکرد.(١٨)

کاتێ شەرەفەددین، لە وتووێژێکی داخی چاپەمەنییدا رایگەیاند کە وی کوردە و گەلی کوردیش لە تورکیادا دەژی، هەرا و هوریایەکی زۆری دروست کرد. شەرەفەدین، لەم گفتو گۆیەیدا گوتی (دانان بە بوونی کوردان لە تورکیادا، مانای دروستکردنی زەوینەی جوداخوازیی نییە.)

شەرەفەددین لەسەر ئەم وتو وێژەدا، ٣سال زیندانی بۆ برایەوە.

ژنرال (جەمال گورسیل) لە پاش کودەتاکەی، لە سالی ١٩٦٠دا، کە بوو بە سەرکۆمار، چووە دیاربەکر و لە بالکۆنی پێرگەی شارەوانیی، رووی لە دانیشتوان کرد و گوتی (خەلکی رۆژهەلات، وەرن هۆشتان بێننەوە سەر خۆتان. ئێوە تورکی رەسەنن ئێوە کورد نین.)(١٩)

گۆرسیل، لە پێشەکییەکەیدا، کە بۆ کتێبی (ناوچەکانی رۆژهەلات و مێژووی ڤارتۆ) بە پێنووسی (سرف فرات)ی نووسیبوو، دەبێژێ (خەلکێکی ئەوهایی کە خودێی کەسێتییەکی تایبەتیی بێ، و پێی بگوترێ کورد، هەر لە دونیادا نییە.)

ژنرالی ناوبراو، هەر لەم پێشەکییەدا، رووناکبیرانی تورک هوشیار دەکاتەوە و دەلێ (دەبێ ئەوان بزانن چالاکی «کوردیزم» تەنێ یەک مەبەستی هەیە، ئەویش لاوازکردن و وێرانکردنی تورکیایە. ئەگەر

رۆژی ناوچەکانی رۆژهەلاتمان لە دەست بچن، ئەوا سەختە خۆمان لە ناوەراست و رۆژاوای ئەنادۆلیشدا بگرینەوە و ...و ...)

گۆرسیل، لە ١٩٦٠/١١/١١دا، بە رۆژنامەنووسێکی سوێندی گوت (ئەگەر ئەو تورکە کێوێلکانە بێدەنگ نەبن، لەشکر لە کاولکردنی شار و گوندەکانیان سڵ ناکاتەوە. زەریای خوێنێکی ئەوتۆی لێدرووست دەکەین، خۆیان و ولاتەکەیان هەڵلووشێ.)(٢٠)

لە ساڵی ١٩٧١دا، (نیهاد ئەمیر) سەرشالیاران، گوتی (ئێمە جگە لە نەتەوەی تورک، هیچ نەتەوەیەکی دی لە تورکیادا نابینین. ئەوانەی لە تورکیادا دەژین، هەموویان تورکن.کورد لەتورکیادا نییە.)

تورکیا بە گوێرەی بەندەکانی ٣٨ و ٣٩ی پەیمانی لۆزان، گەرەک بوو رێزی مافە ئایینیی و نەتەوەیی کەمە نەتەوە ناتورکەکان بگرێ. لە دەستووری دەوڵەتیش، بە نووسین دانی بە مافەکانی مرۆڤ، لە بواری ئازادییی بیرکردنەوە، چاپەمەنیی و هیدیدا ناوە. بەلام، لە بەندی ٥٧ی هەمان دەستووردا، لە رووی هەر جۆرە چالاکییەک، کە ترکزەی بۆ یەکێتیی تورکیا هەبێ، دەوەستێ. ئەم بەندەش بۆ سەرکوتکردنی کوردان، وەکو فتوای شێخ بۆ موریدەکانییەتی. لە هەمان کاتدا، هەموو جۆرە کولتوورێکی دی، جگە لە کولتووری تورکیی رەد دەکاتەوە.

بە هۆی سووک تەماشا کردنی کوردان لە لایەن تورکەکاندا، چ لە دەمی ئیمپراتۆرێتییی وەسمانییەکان، چ لە تورکیای کۆمارییدا، خەڵکی کوردستان بە ناچاریی پەنای بردۆتە بەر راپەرینی چەکدارانە، لەوانە شۆرشی پاشای کۆرە ١٨٣٥-١٨٣٧، لە رەواندوزدا. شۆرشی بەدرخانییەکان ١٨٣٩-١٨٤٧. شۆرشی مەحموود پاشای بابان ١٨٤٣، لە سلێمانیدا.(شۆرشی یەزدان شێر ١٨٥٣ - ١٨٥٦. شۆرشی شێخ عەولای نەهری ١٨٨٠-١٨٨٤. شۆرشی مەلا سەلیم ١٩٢٣. شۆرشی

شێخ سەعیدی پیران، ١٩٢٥. شۆڕشی خۆیبوون «ئیحسان نووری پاشا»، ١٩٢٩ - ١٩٣١. شۆڕشی دەرسیم «سەید رەزا»، ١٩٣٧.)

وەک دەبینین، ئەم شۆڕشانە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، تا کۆتایی سییەکانی ئەم سەدەیە، بە جۆرێکی پچڕ پچڕ بەردەوام بوون. بە شێوەیەکی گشتیی، ئارمانجی ئەو شۆڕشانە سەربەخۆیی کوردستان بوو! هەر یەکێکی شۆڕشانی ناوبراو، بە دڕترین رەوش، بە تەرزێ کە لەگەڵ ناوبانگی ئاژەڵڕەوشتانەی تورکدا بگونجێت دامرکاندراونەتەوە.

کوردستان لە بارەی پرۆژەکانی پیشەسازیی-فەرهەنگیی-لەش‌ساغییدا، تەنێ لە ١٥٪ سەرمایەی پیشەسازیی و لە ٢٪ی بازرگانیی بەرکەوتووە. قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیش، بە شێوەیەکی سەرەکیی لە شارە مەزنەکاندا هەن. پلەی بێکاریی لە ناوچەتورک‌نشینەکاندا لە ٢٠٪ و لە کوردستاندا، لە ٨٠٪ی تێدەپەڕێنێ. ئامێرەکانی ئاسوودەیی ژیان، وەکی لوولەکێشی ئاو، کارەبا و رێگە و بانی قیرتاو، لە کوردستاندا زۆر کەمن!

دۆزی کورد لە تورکیادا، تا دێ ئاسکتر دەبێ. تورکیا، پەردەیەکی رەشی خستۆتە سەر ژیانی کوردان. تا لە وزەی دابێ، ناهێڵێ دەنگی نارەزاییان لە تورکیادا وەدەرکەوێ.(٢١)

کوردەکان، ئەگەر سەردەمێ، لە فەرهەنگی تورکیادا، نەتەوەیەکی خاوەن کولتوور و مێژووی نێو ئیمپراتۆرێتییی ئالی وەسمانیی بوون. ئەوا، ئەورۆ، لە دیدی شۆڤینیزمی تورکدا، کۆمەڵە خەڵکێکی دواکەوتووی بێزمان و بێشەکن. تورکیا، ئێستاکانیش، نکۆلی لە ١٦ملیۆن کورد دەکا. بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە شوێنەگشتییەکان وبەتایبەتیی لەپێڕگەکاندا بەسووکایەتیی‌کردن بەشەرەفی تورک‌زانراوە!

# کوردستانی بندەستی سۆڤێت

لە سەرەتای سەدەی نوزدەمدا، لە ئەنجامی شەڕەکانی رووسیا - تورکیا، رووسیا - ئێراندا، بەشێک لە خاکی کوردستان کەوتە بندەستی رووسیا. یەکەم پێوەندی رووسان لەگەڵ کورداندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٠٤، لە کاتی شەڕەکانی رووسیا - تورکیا لە ١٨٠٤ - ١٨١٣دا.

(سیتسیاتزڤ)، سەرلەشکری رووس، لە گورجستان، لە ٢٤ی گەلاوێژی ١٨٠٤دا، نامەیەکی بۆ (حوسێن ئاغا) سەرۆکی کوردە کۆچەرەکانی یەریڤان هەناردبوو، و داوای هاریکاریی و لایەنگریی لێکردبوو. لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ، ناوچەی کەرەباخ، وەبەر رووسیا کەوت. بەم جۆرە بەشێک لە کوردانیش بە خاکەوە کەوتنە بندەستی رووسیا. لە پاش تەواو بوونی جەنگی رووسیا - ئێران، لە ١٨٢٦ - ١٨٢٨دا، کە بە سەرکەوتنی رووسیا کۆتایی پێهات، دوای ئەوەی ناوچەی یەریڤان خرایە سەر رووسیا، ژمارەی کوردەکانی ئیمپراتۆرێتیی رووسیا زێتر بوو.(٢٢)

ئەو خاکەی کەوتە بەر رووسیا، کەرتێکی دانەبڕاو لە سەرجەمی خاکی کوردستان بوو. بە گوێرەی گوتەی (مینۆرسکی و مار)، کوردەکان، لە سەدەی یازدەمدا لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوونە. ئەرکیۆلۆگیستی سۆڤێتی (شیلینا) لە تێڕامانینی ئارکیۆلۆگیی خۆیەوە کەوتۆتە ئەو بڕوایە کە کوردەکان لە سەدەی شازدەمەوە لەو ناوچەیەدا سەریان دەرهێناوە.(٢٣) لێکدانەوەیەکی دی هەیە کە لەو

دوو بۆچوونەی سەرەوە کۆنترە - کوردەکان، سەرەتای هاتنیان بۆ چیاکانی زاگرۆس، دەگەڕێتەوە بۆ ۳۵۰۰ ساڵ پێش زایین، لە کاتی کۆچکردنیان بۆ ئەو هەرێمانە، ئەم ناوچەی ئێستای بندەستی سۆڤێتیان لەسەر ڕێ بووە و نیشتەجێبوونیان لە باکووری شاخەکانی زاگرۆس و دەور و بەریدا، ئەو ناوچەیەشی گرتۆتەوە.(٢٤)

لە بواری جوگرافیایش، کوردستانی بندەستی سۆڤێت، بەردەوامبوونێکی سرووشتی کوردستانی بندەستی ئێرانە. لە هەر تک دیوی زێی ئاراس، لە ئێران و لە سۆڤێتدا، کورد دەژی و ناوچەیەکی یەکگرتووی کوردنشین پێک دێنن.

هەر ئەو فاکتەرە مێژوویی - جوگرافیانەش، سۆنگەی دامەزراندنی ناوچەی خۆموختارییی کوردستان لە ئازەربایجانی سۆڤێتیی لە ژوونی ۱۹۲۳دا بوون. پێتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی، شاری (لاچین) بوو. جگە لەم شارە، کوردەکان، لە (زنگیلان، کالبادجار، کوبالتین، کەرەکشلان، کیلباژار، کوردکاجی، مرادخانی، کۆتورلی، شوشینسکی، جڤانشیرکی و جێگەیدیدا ژیاریان هەبوو. یەکەمین سەرهەمیا دەولەتا خۆموختاریی (حوسێنی حاجییڤ) بوو.(٢٥)

لە ساڵی ۱۹۲۳دا، هەزاران ڕۆبڵ لە لایەن (لینین) بۆ پێراگەیشتن بە هەرێمی کوردستان تەرخان کرا. گەلێک پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و فەرهەنگیی وەکار خران. لەوانە ئەنستیتیوتی مامۆستایانی کورد لە شوشینسکی دامەزرا. بواری لە چاپدانی کتێبی قوتابخانە، راوباریی، مێژوویی، ئەدەبیی و هیدی ئامادەکرا. بەرنامەی رادیۆ، بەرێکی ڕۆژانە بلاو دەکرایەوە. ڕۆژنامەی (کوردستانی سۆڤێت) چاپ دەکرا.

ئەم ناوچەیە، هەروەکو بە خاک لە کوردستان دانەبڕاو بوو، بە هەمان شێوە، بە هەستی نەتەوەیی و ولاتپارێزیش نەپچڕاو بوو.

سەختە بگوترێ، نەتەوەی کورد لەو گۆشەیەی خاکەکەی لەمەڕ ڕووداوەکانی کوردستاندا، کە ئەو کات لە باکووری وڵاتدا دەستیان پێکردبوو، بێهەڵوێست بووبێ. بە تایبەتیی لەمەڕ ڕاپەڕینەکەی ئیحسان نووری پاشا، کە نێوەندی ڕێبەرایەتییەکەیان لە چیای ئاگریدا بوو. ئەو ناوچەیەش لە تخووبی هەرێمی ئۆتۆنۆمییدا نزیک بوو.

لە ساڵی ١٩٢٩دا، لە سەردەمی دەوڵەتدارێتیی(ستالین)دا و لە ئەنجامی بەرچاو تەنگیی کاربەدەستە شۆڤێنییەکانی ئازەربایجاندا، بۆ ڕەزای تورکیای کەمالیی، ناوچەی خۆموختاری کوردستان هەڵوەشێندرایەوە و کوردەکان بەسەر نۆ کۆماری (کازاگستان، کریگیزیا، کراسنەوار، گورجستان، ئەرمەنستان، ئۆزبەگستان، تورکمەنستان، ئازەربایجان و ڕووسیا) دابەشکران.(٢٧)

بەمە دەروازەیەکی دی لە لایەن دەوڵەتی پشتیوان و پەسیوی گەلانی ژێردەستدا بۆ گەلی کوردی بندەست کرایەوە. ئیدی هەر پاش ئەمە، ڕاستییە مێژووییەکان بەراوەژوو کرانەوە و کورد لە سۆڤێتدا خاکی نەما و کوردەکانی وێندەرێش لە ئاکامی ستەمی ڕژێمی تورکیادا، لە دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، لە تورکیا هەڵاتوون ، سۆڤێتیش لە ڕوانگەی جیهانبینیی و مرۆڤدۆستانەی خۆیدا سنووری بۆ کردوونەتەوە و لە سەرنوێشتێکی تاریک ڕزگاری کردوون، - ئەمە گوتەیەک بوو کە تا هاوینی ١٩٨٩، بەشێک لە ڕووناکبیرانی کوردی پێگۆش دەکرا! بەڵام لەگەڵ پرۆسێسی پێرێسترۆیکا، هەندێ هەقیقەتی مێژوویی بۆ خەڵک هاتنە خویا کرن، دەرکەوت ئەو دەستەی ڕژێمی سوشیالیستی سۆڤێتیی لە گەلی کوردی وەشاندووە، ئەگەر لە دەستی ڕژێمە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان درێژتر نەبووبێ، کورتتر نەبووە! تێکدانی ناوچەی

ئۆتۆنۆمیی ئەوەندە شاراوە بوو، بۆ شێست ساڵی تەواو، ئەگەر تاک و تووکێ نەبوویێ، خەڵکی، شتێکی لەو بارەوە نەزانیوە. ئەو تاک و تووکەش، ئەگەر گوتبێتیان حاڵ و حسێبی کوردان لە سۆڤێتدا ئەوهالە بووە، ئەوا بێدرەنگ بە راستڕۆ و گێلە پیاو ناو زڕاو کراون. خەڵکەکە وا تێگەیەندرابوو کە سۆڤێت دۆستی هەموو گەلانی بندەستە و بۆ کوردیش یارێکی ستراتیژییە.

گوزەرانی کوردان، لە کۆمارێکەوە بۆ کۆمارێکی دی جیاوازە. کۆماری ئەرمینیا، تەنیا کۆمارێکە کە بڕێک ئازادی فەرهەنگیی کوردیی تێدا هەیە. لەو کۆمارە لە ساڵی ۱۹۳۰ەوە، رۆژنامەی (رێیا تازە ) دەردەچێ. تا رادەیەکی کەم بە زمانی کوردیی کتێبی لێچاپ دەکرێ. بەرنامەی رادیۆی کوردیی و هەندێ شتی دیش هەن.(۲۸)

لە ئازەربایجان، دوای هەڵوەشاندنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی لە ساڵی ۱۹۲۹دا و بڵاوەپێکردنی کوردەکان، نەک هەر مافەنەتەواتییەکانیان لێسەندرایەوە، بەڵکو (موتیڤ)ی تواندنەوەشیان لە بۆتەی گەلی ئازەردا دەستی پێکرد. لەساڵی ۱۹۲۱دا، ژمارەی کوردەکانی ئازەربایجان ۳۷٫۷۸۰ کەس بوو. لە ساڵی ۱۹۲۶دا، ژمارەیان گەیشتە ۴۱٫۰۰۰ کەس. دیارە لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۲۱-۱۹۲۶دا، ژمارەی کوردەکان تەنێ چار هەزارێکی زیاد کردووە. کەچی لە ساڵی ۱۹۳۹دا، یانێ پاش ۱۳ ساڵ، ژمارەی کوردەکان هاتە سەر ۶٫۰۰۰ کەس. واتە لە ماوەی ئەو ۱۳ ساڵەدا، بە جێی ئەوەی ژمارەیان پتر بوویێ، ۳۵٫۰۰۰ ی لێ کەم کراوەتەوە. لە ساڵی ۱۹۷۹دا، هەربەجارێ کورد لەئازەربایجاندا نەماوە.زێترلە۲۰۰٫۰۰۰ کورد بە ئازەر نێونووس کراون.(۲۹)

داخوا ئەو کارەی سۆڤێتی سوشیالیست، چ جیاوازییەکی لەگەڵ

کردەوەی تورکیای شۆڤێنیزم کە هەتا ئەلئانەکانیش پتر لە ١٦ ملیۆن کورد بە تورک نێو دەبا هەیە؟! حاڵی کوردەکان لە کۆمارەکانی دیش لە هی ئازەربایجان چێتر نەبوو.

پاش راگوێزانی کوردان، چەندین رووناکبیر، هونەرمەند، و کاربەدەستانی فەرهەنگییان خستە بن ئازار و ئەشکەنجە. دوایی زۆربەیان بە تاوانی (دوژمنی گەل) گوللەباران کران.

کابووسی ستالین، وەنەبێ تەنێ بۆ کوردان تایبەت بووبێ. ستالین لە ساڵی ١٩٢٤دا، کە دەوڵەتدارێتیی گرتە دەست، تا ساڵی مەرگی ١٩٥٣،بیست ملیۆن مرۆڤی لە بەندیگەکاندا کوشت. یانێ ساڵانە پتر لە ٦٨٩/٦٥٥ و رۆژانە زێتر لە ١٨٨٩ کەسی لە بەین بردووە.(٣٠)

لە بن هەتاوی پێرسترۆیکادا، کوردەکان، چ بە خۆپیشاندان چ بە بەرزکردنەوەی داخوازییەکانیان، داوای گێرانەوەی مافە نەتەوایەتییەکان و گەڕانەوەیان بۆ جێگەی خۆیان کردووە. بەلام هەتا ئێستا وەلامی پۆزەتیڤیان وەرنەگرتۆتەوە. (میخائیل گۆربا شۆڤ)، لە ١٩٨٩/٩/١٩، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا، سەرنجی دابووە ئەو جەورەی دەرهەق بە کەمەنەتەوەکانی سۆڤێت کراوە، کە کوردیش یەکێک لەوانە. گۆرباشۆڤ گوتبووی (پێویستە بۆ گێرانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان هەوڵ بدەین.)(٣١) بەلام ئەم گۆتەیەش هەتا نووکە هەر قسە بووە، و نەخراوەتە پراکتیکەوە.

# كوردستانى بندەستى ئێران

وەک لەپێشدا لێی دواین، ئەو پارچەیەی لە ئەنجامی جەنگی چالدێراندا کەوتە بەر ئێران، وەکی خۆی مایەوە. ئێرانی جەنگی ناوبراو هەتا ئێستا پتر لە ٣ سەدەیە. بە درێژایی ئەو کاتە، رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، هەر کام بە جۆرێ هەوڵی تواندنەوەی گەلی کوردی داوە.

لە ساڵی ١٦٠٠ ی زایینییدا، شای ئێران هۆزە کوردەکانی ناوچەی خوراسانی بۆ بەرگری کردنی ئۆزبەگە هێرشهێنەرەکان بەکار هێنا. لەوێش بەدواوە، هیچ جەنگێکی نێوان ئێران - رووسیا، ئێران - تورکیا، نەبوو کە چەکدارە کوردەکان بەشێکی سوپای ئێرانیان پێکنەهێنابێ. مەبەستی ئێران لەم سیاسەتەدا، هەم بە کوشتندانی کوردان، و هەم سەرگەرمکردنیان بوو![32]

بە درێژایی ئەو کاتە، کوردەکان دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان پاراستبوو، و گەلێک جاریش سەری یاخیبوونیان لە بەرامبەر سیاسەتی داگیرکردنی ئێراندا بڵند کردۆتەوە. دوامیرنشینی کوردان، (ئەردەلان) لەو کەرتەی وڵات لە ساڵی ١٨٦٥دا، لە نێو بردرا.[33]

لە کاتی کومیسیونی سنووری ئێران - تورکیا، لە سەر خاکی کوردان لە کێشەدا بوو، بە گوێرەی بڕیاری کۆنگرەی (بەرلین) ناوچەی (قتور) کە مەڵبەندی شکاکان بوو، درابووە ئێرانێ، دەوڵەتی تورکیاش بەمە قایل نەبوو، سمکۆ ئەو ناکۆکییەی نێوان وانی بە هەل زانی و ئەو مەڵبەندەی خستە بن دەسەڵاتی خۆی.

ڕژێمی ئێران، سەرەتا ویستی لە ڕێگەی کوشتنی سمکۆ، دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە ناوچە. ئەوە بوو لە ساڵی ۱۹۱۹دا، بە هۆی (بۆمبی چرکلێتیی) هەوڵی کوشتنی سمکۆ درا، لە تەقینەوەی بۆمبەکە برایەکی سمکۆ و هەندێکی دی کوژران.

لەوکاتەدا، ئاشورییەکان لە ناوچەدا دەسەڵاتیان دەڕۆیشت. (مارشەمعوون) سەرکردەی سیاسیی و پیاو ماقووڵی ئاشوورییەکان بە هۆی . . . /۲۵ چەکدار حوکمی ورمێی دەکرد.

مارشەمعوون، بە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاشووریی بوو. بەڵام، هەم مارشەمعوون، هەم ڕووسەکان، سمکۆیان بە کۆسپ لە هەمبەر بەرژەوەندی خۆیان دەزانی.

مارشەمعوون بۆ ئەم مەبەستە ویستی لە ڕێگەی گفتوگۆکردندا لە سمکۆ نزیک بکەوێتەوە. لە ڕۆژی ۱۹۱۸/۲/۲۵دا، لەگەڵ ۱٤۰ چەکدار بۆ دیتنی سمکۆ بە گوندی (کۆنەشاری.)

لەوێ مارشەمعوون بە سمکۆی گوت (ئەو وڵاتەی کە ئێستا بە کوردستان ناو دەبرێ، ئەوە نیشتمانی ئێمە بوو، بەڵام جودایی ئایین لێکی دوور کردینەوە. ئێستا پێویستە یەکگرین و وڵاتی خۆمان بگرینەوە و پێکەوە بژین. ئێمە لەشکرمان هەیە، ئەگەر ئێوەش لەگەڵمان بن تەورێزیش دەگرین.)(۳٤)

لەم گفتوگۆیە، سمکۆ، لەسەر ئەوەی مارشەمعوون گوتی (ئەمە نیشتمانی ئێمە بوو) دڵی لێ خراپ دەکا، و هەنگاوەکەی سەرۆکی ئاشوورییەکان بە پیلانێک لەسەر ئایندەی کورداندا دەزانێ. هەر لەوێ دەرفەتی لێدەستێنێ و لە کاتی ماڵاوایدا دەیکوژێ، و چەکدارەکانی ویش لە لایەن چەکدارەکانی سمکۆوە هاتنە کوشتن.

پاش ئەم ڕووداوە، بێدەرەنگ ژینۆسیدی کوردان لە لایەن ئاشووریی و ئەرمەنییەکاندا دەستی پێکرد و زۆربەی کوردەکانی ورمێ بە دەستی

ئاشوورییەکان کوژران. ئەم کوشتارە ٤٠٠ - ٥٠٠ لاشەی تێدا بە جێما. دوایی هێرشیان بردە سەر بنکەی سمکۆ و پاش پێکداهاتنێکی سەخت، سمکۆ خۆی بۆ نەگیراو بە زەحمەت خۆی دەرباز کرد.[٣٥]

پاشان سمکۆ کەوتە لەشکر کۆکردنەوە، و لە سالی ١٩١٩دا ورمێی رزگار کرد، و عەمەر خانی شکاکی کردە حاکمی شار.

بەم پێشهاتە، ئێران لەشکرێکی زۆری بە فەرماندەریی (فیلیپۆڤ)ی رووسیی، هەناردە ورمێ و شەرێکی قورس کەوتە نێوانیان و لە ئەنجامدا لەشکری سمکۆ نەیتوانی بەرگریی بکا، و بە ناچاریی شاری بە جێهێشت، و لە چیا گیرسایەوە. لەوێ کە سمکۆ زانی دەرەتانی ئێرانییەکان ناهێ، برووسکەیەکی بۆ (عەینودەولە)ی حاکمی تازەی ئازەربایجان لێدا و ئامادەیی خۆی بۆ وتو وێژ دەربڕی.

لە گفتو گۆکە ئەم مەرجانەی خوارەوە بۆ سمکۆ دەستنیشان کران:

١- تەواوی ئەو سەرباز و ئەفسەرە تورکانەی شەڕیان بۆ دەکرد دەریان بکا.

٢- واز لە دەستتێوەردانی ورمێ و سەلماس بێنێ.

٣- چەک دابنێ.

٤- تۆلەی تالان و کوژراوەکانی (لەکستان) بداتەوە.

٥- ئەحمەداغای برای بنێرێتە تەورێز و لەوێ بمێنێتەوە.

دوای ئەم گفتو گۆیە، فیلیپۆڤ گەڕایەوە تەورێز و سمکۆش لەبری ئەوەی مەرجەکان بە جێبێنێ، کەوتە لەشکر کۆکردنەوە و سەر لە نوێ عەمەرخانی کردەوە حاکمی ورمێ، و باس و خواسی دەولەت و سەربەخۆیی کوردستانی هێنا گۆڕێ.

رژێمی ئێران، جارێکیدی لەشکری دەسەر کرد، بەلام شکستی خوارد، و سمکۆ بانەیشی داگیر کرد.[٣٦]

لەو سەر و بەندانەدا، شکاکەکان، لە مەهاباد، بانە، بۆکان و جێگەی دیکەشدا، جگە لە تالانکردنی مالان، خەلکێکی زۆریشیان رووت کردبۆوە. هەر ئەم رەفتارانەش، مرۆڤ لە نیشتمانپەروەرێتیی سمکۆ دەخاتە گومان، و هەر ئەم کردەوانەش بوونە هۆی ئەوەی پشتیوانییەکی سەرتاسەریی لەکوردستاندا لەسمکۆ وبزاڤەکەیدا نەکرێ.

دەولەتی ئێران، بۆ سەرکوتکردنی سمکۆ، لەشکرێکی ..٥٥ کەسیی بە فەرماندەیی (ئەمیر ئەرشەدی قەرەجەداغی) ناسراو بە (سام خان) هەنارده ورمێ. لەشکری سمکۆ و هی ئێرانییەکان لە رۆژی ١٩٢١/١٢/٢٨دا، لە (شەکر یازیی) لە نێوان (سەلماس و دزلی خوێناویی)دا بەرەنگاری یەکدی بوونەوە و پاش شەڕێکی قورس (سام خان) کوژرا و لەشکری ئێران پەرتەی لێکرد.

دوای ئەم سەرکەوتنە، سمکۆ، عەمەر خانی لە حاکمیتیی ورمێ لابرد و (تەیموراغا)ی خەلکی کۆنە شارێ کردە حاکمی ورمێ و بنواشەی دەولەتی خۆی دامەزراند و رۆژنامەی (کورد) وەکو ئۆرگانی دەولەتی سمکۆ، بە سەرنووسەریی (مەلا محەممەدی تورجانیزادە) چاپ و بلاو کرایەوە.

لە فیبریوەری ١٩٢١دا، کە (رەزا قازاخ) بە پشتیوانی ئینگلیز کودەتای کرد و خۆی کردە شای ئێران، لەبەرایێدا هەولی سەرکوتکردنی سەرۆک هۆزەکانی دا.

لە بەرواری ٢٥ /١/.١٩٢٢دا بۆ ئەوەی رێگەی تورکیا لە سمکۆ بگرێ،لەگەل کەمال ئەتاتورکدا کەوتە ناخافتن کردن،و ئەنجا لەشکرێکی قەبەی دەسەر کرد.پاش شەرێکی دژوار،سمکۆ ناچار بوو بەرەو تورکیا پاشە کشە بکا،و گوندی(چاریە) کە بنکەی سمکۆی لێ بوو،کەوتە دەست ئیرانییەکان.سمکۆ و پیاوەکانی،لە تورکیا چەک کران، و بە دەستبەسەریی لە جێگەیەک لە نزیک(باشقەلا)دا

دامەزراندران.(٣٧)

تورکەکان،لەوکاتەدا، لە دەسەلات و نێو بانگی سمکۆ ترسابوون، و دەیانویست لە شوورەتی کەم بکەنەوە.سەرەتا بە هۆی بلاوکردنەوەی پرۆ پاگەندەی خراپ،گوایە پیاوی ئینگلیزە و بە فیتی وان ئەو دکرە دەکا.دوایی هێرشیان بردە سەر، و ژنەکەیان کوشت و خەسرۆی کوریشی بە یەخسیری کەوتە دەستیان. پاش ئەم رووداوە،لە ئوکتۆبەری ١٩٢٢دا، سمکۆ چووە کوردستانی بە ئێراق لکێندراو، و لەوێ لە گوندی (بەحرکە) چاوی بە (ئەدمۆتس)کەوت، و پێی گوت (ئەگەر ئینگلیز بۆ ئازادیی، یارمەتییی کوردان نادا، ئەوا ئەو نەهاتووە داوای پەنابەریی بکا،و دەگەڕێتەوە بۆ ناو هۆزی خۆی و بە تەنێ دریژە بە خەبات دەدا)دوایی،سمکۆ لە ژانیوەری ١٩٢٣دا چووە سلێمانی و لەوێ چاوی بە شێخ مەحموود کەوت،و بە شێوەی رێبەری دەولەتێک لە لایەن دەولەتی شێخ مەحمووددا پێشوازییی لێ کرا.سمکۆ بۆ ماوەی مانگێک لە لای شێخ میوان بوو،ولە ١٩٢٣/٢/٢٨دا،گەرایەوە کوردستانی بن دەستی تورکیا.لە سالی ١٩٢٤دا، سمکۆ لە سەر داوای سەرلەشکر(تەهماسبی) گەرایەوە مەلبەندی پێشوی خۆی و لە گوندی(چاریە) لیێ دانیشتەوە،و لە سالی ١٩٢٥دا لە سەلماس چاوی بە رەزا شا کەوت،و بەلێنیشی پێدا کە چیدی سەر بزێوی ناکا.بەلام هەر سالێک پاش ئەم دیدارە جارێکی دی لەشکری کۆ کردەوە ،و پەلاماری سەلماسی دا. ئێرانیش عەسکەری دەسەر کرد،و لە ئەنجامدا خۆی بوتە گیرا،و بۆ کوردستانی بن دەستی تورکیا پەریەوە.لەوێ رژێمی تورکیا سمکۆ و چەکدارەکانی وی چەک کرد،و بە دەستبەسەریی لە ژێرچاوەدێری دایینان. هەر لەو سالەدا (١٩٢٦) سمکۆ چووە کوردستانی بن دەستی ئێراق،دوای سالێک گەرایەوە کوردستانی بن دەستی تورکیا.لە سالی ١٩٢٨دا

جارێکی دی چۆوە کوردستانی بن دەستی ئێراق.
ڕژێمی ئێران، داوای لە دەوڵەتی ئێراق کرد کە سمکۆی پێبداتەوە. بەڵام ئێراق گوتی (سمکۆ پەنابەری ڕاوبارییە و نایداتەوە) لە هەمان کاتدا داوای لە ئێران کرد کە بیبەخشن. لە سەر داوای ئێراق، ڕژێمی ئێران گفتی بەخشینی سمکۆی دا، پاشان سمکۆ گەڕایەوە، و بۆ گفتو گۆکردن لەگەڵ سەرهەنگ (سادقخان) فەرماندەی ئۆردیگەی شنۆدا چووە شنۆیێ. لەوێ، بە ڕەوشتێکی ناجوامێرانە لە ١٩٣٠/٦/١٢دا لەلایەن عەسکەری ئێراندا کوژرا، و پاشان تەرمەکەیان بردە ورمێ، و بۆ سێ ڕۆژان بۆ چاوترساندنی خەڵک هەڵیانواسی![٣٨]
دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران، بە درێژایی سەدان ساڵ، هەڵوێستی شۆڤینیزمیی و سەرکوتکردنی لە ئاست خەڵکی کوردستاندا هەبووە. هیچ کاتێ، کوردەکانی وەکو گەلێکی خاوەن کەلتوورێکی جودا نەناسیوە. پەروەردەکردنی کەلتووری کوردیی لە هەموو ڕوویێکەوە قەدەغە بووە! دەولەتی ئێران، چ لە دەمی پاشایەتیی و چ لە دەمی کۆماری ئیسلامییدا، لە هیچ زەوینەیەک بۆ لێدانی بزاڤی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان کەمتەرخەمیی نەکردووە.
هەمیشە، بە لافلێدانی ئاریایەتیی، ویستوویانە گەلی کورد لە خشتە ببەن. گوایە کوردەکان ئارین و ئاریایەکانیش ئێرانی ڕەسەنن. بۆ زمانی کوردیش، گەلەک قسەی نانەستەق دەبیسترێن - وەکو کوردیی زمانێکی ئێرانییە، یان کوردیی دایەلۆگێکی زمانی فارسییە.
سەبارەت بە بۆچوونی یەکەم - کورد گەلێکی ئێرانییە. ئەوەی ڕاستیی بێ، کوردەکان هیچ کات نکولییان لە ئاریایی بوونی خۆیان نەکردووە. ئەگەر نێوی (ئێران) کە دەپێشدا (ئاریانە) بوو، ئاریانەش بۆ نێوی نەژادیی بەکار دەهات. ئەوا کوردەکان هیچ گرفتارییەکیان لەم ڕووەوە نییە. بەڵام کە دەبێژن کورد ئێرانییە و ئێرانیش بە مانای

دەوڵەتێک کە دارایی نەخشەیەکی راویاریی بێ، و جگە لە کەرتێکی خاکی کوردان، پارچەیەکی لەخاکی عارەب، ئازەر، وبەلووچیش دەبندەستان دا بێ وفەرهەنگی فارسیشی بسەرتەواوی گەلە نافارسەکاندا سەپاندبێ، ئەوا کورد نەک هەر ئێرانی نییە، بەڵکو تا ئەورۆژەی مافە نەتەوایەتیی ودێمۆکراتیکەکانی خۆی وەگیر دەکەوێ، نە لە بەرامبەر ئێراندا، نە لەڕاستداگیرکەرەکانی تردەست لەخەبات هەڵناگرێ!

بۆ بۆچوونی دووەم - هەرکەسێ ئەو دوو زمانە بزانێ، بە هاسانی بۆی روون دەبێتەوە کە کوردیی نەک هەر دایەلۆگێکی فارسیی نییە و سەربەخۆیە، بەڵکو زۆریش لە فارسیی پاراوترە. زمانی فارسیی بە رێژەیەکی زۆر وشەی عارەبیی تێدایە. پاشان، وشەی ئینگلیزیی، فەرەنسیی، کوردیی و تورکیشی تێدا دەبینرێ. بەڵام، زمانی کوردیی ئەوها نەتلاوەتەوە. هەندێک وشەی عارەبیی و هەندێک ئێرانیشی تێکەوتووە. وشەعارەبییەکان زۆربەیان لە رێگەی ئایینی ئیسلامەوە هاتوون. وشەئێرانییەکانیش، بە هۆی نەژادی نێوکۆیی ئەم دوو گەلە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردیی. شتێکی سرووشیشە، ئەگەر نەتەوە هاوسێکان کەم و زۆر زاراوەکانی یەکتری بەکار بهێنن.

رژێمەکانی ئێران، بە شێوەیەکی سیستەماتیکیی دژایەتییی بیری نەتەوایەتییی کوردانیان کردووە. جگە لە سەرکوتکردنی راستەوخۆی میلیتەریی، پەنایان بۆ هەر دەزگەیەکی دی کە زانیبێتیان کاریگەرێتییەکی دەبێ، بردووە.

شالیارێتییی فەرهەنگ و هونەر، یەکێک لەو دەزگەیانە بوو، کە رژێمی (حەمە رەزا) وەکو ئامێرێ بۆ چاپکردنی جۆرەکتێبێک بۆ خاپاندنی بیری سادە بەکاری هێناوە. یەکێک لەو کتێبانەی لە رێگەی شالیارێتییی ناوبراو بڵاو کرایەوە، کتێبی (کُرد و نژاد پیوستگی او) نووسینی (رشیدی یاسەمی) بوو.

ڕەشیدی یاسمی، بۆ خۆی کوردێکی گۆڕانە، لەو کوردانەیە کە زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتیی‌ی فەرهەنگی فارسیی. لەم کتێبەدا، گوایە هەوڵدراوە لە ڕوانگەی مێژووییدا بسەلمێندرێ کە کورد ریشەیەکی ئێرانی هەیە. بەڵام، جگە لە گیانی شۆڤێنیزمی بورژوای فارس و نەفامی نووسەر، هەقیقەتێکی دی لەم کتێبەدا وەبەر چاو ناکەوێ.

لەو پارچەیەی وڵاتدا، خەباتی نەوایەتییمان، ڕوویەکی درەوشاوەی لە مێژووی بزاڤی نیشتمانیی‌ی سەرجەمی کوردستاندا هەیە. لە ساڵی ۱۹٤۲دا، ئەو کەرتە، بێشکەی لەدایک بوونی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئازادیی و ژیاندنەوەی کوردستان بوو.(۳۹) پاش سێ ساڵ خەبات، لە ۱۹٤٥/۸/۱٦دا، ئەم ڕێکخراوە بوو بە (پارتی دیمۆکراتی کوردستان). ئەو پارتەش ڕۆڵێکی گرینگی لە هوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، و تێکۆشان لە پێناوی ئارمانجە نەتەوایەتییەکانیدا بینی. لە ۲۲ی ژانیوەری ۱۹٤٦دا، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی‌ی قازی محەممەد، سەربەخۆیی‌ی کوردستانی ڕاگەیاند، و کۆماری دیمۆکراتی کوردستان دامەزرا. قازی یەکەمین سەرۆک و مهاباد یەکەمین پێتەخت، لە مێژووی کەون و نوێی کوردستاندا بوون.

لە ماوەی تەمەنی ئەم کۆمارە، ئەگەرچی ۱۱ مانگێک پتر نەبوو، مەکانیزمی گەشاندنەوەی فەرهەنگی قەدەغەکراوی کوردیی کەوتە وەگێڕان. زمانی کوردیی بوو بە زمانی ڕەسمیی‌ی کۆمار. قوتابخانەکان بە کوردیی دەرسیان تێدا دەگوترا. چەند پرۆژەیەکی ئاوەدانکراوە و ئابووریی ئامادەکران.

بەڵام، لە پاش کەوتنی کۆمار و گرتنی پێشەوا، لە دیسێمبەری ۱۹٤٦دا و بەدار هەڵواسینی وی و سەیف و سەدری قازی، لە بەرەبەیانی ۱۹٤۷/۳/۳۱دا، هەموو شتێک هەڵوەشایەوە و جارێکی دی دەسەڵات و فەرهەنگی فارسیی بە سەر خەڵکی کوردستاندا

سەپێندرابەوە، و نیشتمانپەروەرانی کورد کەوتنە بەر  کوشتن و ڕاوەدوونان. هەر کەسێک و هەر شتێ بۆنی کوردایەتییان لێبهاتبایە، بێدرەنگ دەنێو دەبران.

سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریی لە ساڵەکانی ۱۹٦۷ - ۱۹٦۸دا، لە لایەن ساواک و عەسکەری ئێران، بە یارمەتیی سەرانی شۆڕشی کوردستانی بندەستی ئێراق دامرکایەوە. کوردەواریی، لە هەموو ڕوونکەوە تا ڕووخانی ڕژێمی حەمە ڕەزا، بە ئاپلۆقەدراوی مابۆوە.

لە کاتی قەیرانی ئێران و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە دژی ڕژێمی پاپەتی شادا، کوردەکانیش هاوشانی گەلانیتر لەم خۆپیشاندانانە بەشدارییان کرد. بە تایبەتیی خۆپیشاندانە مەزنەکانی کەرمەشان، سنە، مەهاباد و ورمێ.

بە کەوتنی ڕژێمی شا، لە ژانیوەری ۱۹۷۹دا، جارێکی دی زەوینەی داواکردنی مافەنەتەوایەتییەکان، بۆ کوردەکان ڕسکا. لە ۱۹۸۰/۳/۲دا، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە پاش ۳۳ ساڵدا، بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی لە مەهاباددا بەست. لە ۲۸ی ئازارێ، گفتو گۆ لە نێوان کوردان و ڕژێمی ئیسلامیی دەستی پێکرد. ئەم کارە چەند جارێک لە نێوان هەر دووک لادا دووبارە کرایەوە. بەڵام ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبوو.(٤٠)

ئەمجارە، شۆڤینیزمی فارس، لە ڕێگەی ئیسلامیتیی، خەڵکی کوردستانی چەوساندەوە. (هەموومان موسڵمانین، و لە نێوان موسڵمانیش جوداوازیی نییە.) ئەمە سیاسەتی خومێنیزم بوو.

زۆری پێنەچوو، خومێنی خەزای بۆ شەڕی کوردستان ڕاگەیاند، و کوشتنی کوردانی حەلاڵ کرد. ڕژێمی مەلاکان بۆ خنکاندنی دەنگی ئازادیی خەڵکی کوردستان لە بۆردمانکردنی شارەگەورەکان و سووتاندنی گوندەکانیش نەدەپرینگانەوە. لە بۆمبلێدانی شاری (سنە)

وسووتاندنی گوندەکانی (قارنە،قەلاتان، وئیندرقاش) وچەند گوندیکی دی، بە سەدان خەلکی بیداکۆک بوونە قوربانی شەڕی چلکن و بە زۆر داسەپاوی مەلاکان. سیاسەتی تیرۆر وتۆقاندن، هەتا ئیستاش لە لایەن رژیمی تاران، وەک میردزمە هەڕەشە لە ئاسوودەیی کوردان دەکا!

کوردەکان، هەر لە سەرەتای دەستپیکردنەوەی شۆڕش لە سالی ١٩٧٨دا، هیچ کاتی، گفتو گۆیان لەگەل رژیم رەد نەکردۆتەوە. لە پاش مەرگی خومەینیش سەرانی پدکا، جاریکی دی لەگەل دەولەتی ئیرانی کەوتنە گفتوگۆ کردن. لە سەرەتای هاوینی ١٩٨٩دا، دیسان وتوویژ دەنیوان هەرتک لایاندا دەستی پیکردەوە.

لە رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣دا، کە دیارە پیشتریش هەر دوو لا لە گەل یەکدی دانیشتبوون. لە ڤیەننا، رژیمی داگیرکەری ئیران دەستی خۆی وەشاند. لەو کۆبوونەوەیەدا، وەفدی کوردان کە بریتی بوو لە (دکتور ئاورەحمانی قاسملو) سکرتیری گشتی پدکا، (عەولای قادری ئازەر) نوینەری پدکا لە فەرەنسا، و (دکتور فازل مەلا مەحمود) خەلکی سلیمانی، کە رابردوویەکی لەگەل کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستانی بندەستی ئیراقدا هەبوو.

لە ئیرانییەکان، (محەممەد جەعفەری سەحرا روودی) یاریدەدەری فەرماندەی گرووپی پازدەمی سوپای پاسداران، و سەرکردەی بنکەی ئۆپەراسیۆنی رەمەزانی ناوچەی سەقز، و نوینەری سەرکۆماری ئیران، هاشمی رەفسەنجانی. (ئەمیری مەنسووری بوزرگیان) ئەفسەری پیوەندی نیوان شالیاریتیی هیمنایەتیی و بنکەی ئۆپەراسیۆنی رەمەزان. (مستەفا حاجی نەجرەدی) فەرماندەی دەستەی مرۆڤکوژەکانی بالوێزخانەی ئیسلامیی لە ڤیەننا و جیگری بەرێوەبەری گشتیی پیوەندییەکانی دەرەوەی شالیاریتیی پاسداران بوون.(٤١)

ئەو کۆبوونەوەیە، لە لایەن کوردەکان، وەکو هەنگاویکی دی بۆ

گفتو گۆ لە پێناوی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە ئێراندا پێشوازیی لێکرا. بەڵام، وەکو دەرکەوت، نیازی ئێران نە گفتو گۆ کردن بوو، نە چارەسەرکردنی دۆزی کوردیش، بەڵکو، تەپکە دانانەوەیەک بۆ لە نێو بردنی دکتور قاسملوو بوو!

لەم کۆبوونەوەیەدا، کوردەکان هەر سێکیان بە دەستی کوژەرانی رژێمی مەلاکان، شەهید کران و ئێرانیش بە ساخلەمیی تێیدا دەرچوو!

دوای ئەم تاوانە، رژێمی دڵگەنیوی ئێران، نەک هەر هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد هەڵنەهێنا، بەڵکو وایشی بڵاو کردەوە کە دکتور قاسملوو پەنای بردۆتە بەریان و ویستوویەتی خۆی بداتەوە دەست ئێرانێ. ئەمە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران هەر لە سەرەتاوە نیازی گەمار بووە.

رژێمی ئێران، بە تیرۆر کردنی دکتور قاسملوو، زیانێکی گەورەی گەیاندە بزاڤی ئازادیخوازیی سەرجەمی کوردستان. بەڵام، دۆزی کورد، لەپێش دکتور قاسملووشدا هەبوو، دوای ویش هەر دەمێنێ.

شۆڕش، لەو بەشەی وڵات ئێستاش بەردەوامە، بەڵام نە بەو قەوارەیە. ئەو کۆسپانەی کەوتنە پێش خەباتی خەڵکی کوردستان، لە پلەی یەکەمدا، شەڕی براکوژیی لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو. پاشانیش هاریکاریکردنی پارتی دێموکراتی کوردستانی بندەستی ئێراق لەگەڵ خومێنی بۆ لێدانی بزاڤی نیشتمانیی لەو پارچەیەدا. هەروەها خلۆر بوونەوەی کەم و زۆری پارتی دێموکراتی کوردستانی بندەستی ئێرانێ بۆ لای رژێمی ئێراق، و دوو جوداببوونەوەکەی کۆمەڵەی (غەنی بلووریان) و پاشانیش هی (جەلیلی گادانی) لە پارتی ناوبراودا، بە گەورەترین لەمپەر لە هەمبەر شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا، لەم بەشەی وڵات دادەنرێن.

# کوردستانی بندەستی ئێراق

لەگەڵ بڕانەوەی کێشەی موسڵ، بە پێی بڕیاری (کۆمەڵەی نەتەوان) لە ١٩٢٥/١٢/١٦دا و لکاندنی بەشێکی کوردستان بە ئێراقەوە، ئینگلستان، چاودێری چاڵەنەفتەکانی مووسڵی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

لە ساڵی ١٩٢٣دا، پاش ئەوەی پەیمانی لوزان جێگەی پەیمانی سێڤەری گرتەوە، باسی کوردستان و مافە نەتەوایەتییەکانی کوردانیش پشت گوێ خرا. ئینگلیزەکان، وەک لە پەیمانی لوزاندا لە بەڵێنەکانیان بۆ دەوڵەتێکی کوردیی پاشگەز بیوونەوە، لە ئێراقیٚ دانیان بە بوونی گەلی کورد نا و بڕیار درا زمانی کوردیی ببێتە زمانی رەسمیی‌ی ناوچە کورد نشینەکان.(٤٢)

لە ساڵی ١٩٢٧دا، نەفت لە کەرکووکی کوردیی دۆزرایەوە، کە لەو کاتدا دەوڵەمەندترین عەمباری نەفت لە جیهاندا بوو. ئەمەش بوو بە هۆیەکی تر بۆ ئەوەی دۆزی کوردان کەمتر جێگەی سەرنج و چارەسەر کردن بێ. کوردەکان پتر هەستیان بە لەبیرکراویی و مافخوراویی کرد. بۆیە بە ڕێبەرایەتیی‌ی (شێخ مەحموود) دژی سیاسەتی ئینگلیز، ناقایل بوونی خۆیان ڕاگەیاند و لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییدا کەوتنە خەبات کردن.

لە بەهاری ١٩١٩دا، ئینگلیزەکان هەوڵیان دا دەسەلاتی شێخ لە ناوچەدا کەم بکەنەوە. شێخ وەڕامی ئینگلیزەکانی بە ڕاپەڕینی چەکدارانە دایەوە.

لە ڕۆژی ١٩١٩/٥/٢٣دا، کوردە شۆڕشییەکان شاری سلێمانیان

رزگار کرد، و کاربەدەستە ئینگیزەکانیان دەزیندانی کرد.[٤٣] ئاڵای دەوڵەتی شێخ مەحموود کە لە (مانگێکی سوور لە سەر پارچەیەکی کەسک)دا درووست کرابوو، لە سەر پێرگەی ئینگلیزەکاندا شەکایەوە. ئینگلیزەکان، وەک پاشان بڕێکی دیش باسی لێوە دەکەین، هێرشێکی بەربڵاویان هێنایە سەر کوردان. هەرتک لا، لە (دەربەندی بازیان)دا بەرەنگاری یەکدی بوونەوە. دوای شەڕێکی قورس، شێخ مەحموود بە برینداری کەوتە دەست ئینگیزەکان و کوردەکان شکستیان هێنا.

لە رۆژی ١٩١٩/٦/٢٩دا، دادگەی ژمارە ٤ی ئینگلیزەکان، فەرمانی کوشتنی شێخ مەحموودی دەرکرد. پاش دەست تێوەردانی لەندەن، بڕیاری خنکاندنی هەڵوەشایەوە و بۆ هێندستان دوور خرایەوە.

لە ساڵی ١٩٢٢دا، لەسەر کێشەی مووسڵ، ئینگلیزەکان، شێخ مەحموودیان هێنایەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر تورکاندا بەکاری بێنن. بەڵام هەر کە شێخ گەیشتەوە کوردستان، بێدەنگ سەربەخۆیی‌ی مەملەکەتی کوردستانی راگەیاند و خۆیشی کردە پاشای کوردستان. ئینگلیزەکان، بەمە رازی نەبوون، و لە ئەنجامدا ناکۆکی لە نێوان هەر دوو لادا سەری هەڵدایەوە. لە ١٩٢٤/٦/١٩دا، لەشکری ئینگزەکان سلێمانییان داگیر کردەوە. شێخ بە ناچاریی پەنای بردە نێو چیاکان.

لە ساڵی ١٩٣٠دا، پەیمانی ئەنگلو - ئێراقی، لە نێوان ئینگلیز و ئێراقییەکاندا واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەم پەیمانە، بە رواڵەت دەسەڵاتدارێتیی‌ی ئێراق بە عارەبان درایەوە. دۆزی کوردانیش بە چارەسەرنەکراوی مایەوە.[٤٤] کوردەکانیش، بەمە ناقایل و خۆپیشاندانێکی مەزنیان لە سلێمانیدا سەرپێخست. لە ئاکامدا ١٤ نیشتمانپەروەری کورد شەهید و ٢٤ بریندار کران و ١١ کەسیش لە پیاوانی رژێمدا کوژران.

مانگێک دوای ئەم رووداوە، شێخ مەحموود جارێکی دی دەستی لە سوپای ئێراقیێ وەشاند. لێ، وەختیێ ئینگلیزەکان هاتنە هانای سوپای ئێراق، شەڕەکە درێژەی کێشا و تا بەهاری سالی ١٩٣١ بەرەوەدەوام بوو. دیسان کوردەکان شکان و شێخ لە لایەن ئینگلیزەکاندا گیرا. پاشان بۆ باشووری ئێراقیێ دوور خرایەوە، و تاکو راپەڕینەکەی (رەشید عالی گەیلانی) لە سالی ١٩٤١دا، لەویێ مایەوە.

هێشتا دەولەتدارێتیی بە تەواوی نەکەوتبووە بندەستی عارەبان، کە شێخ ئەحمەد و برا جحێلەکەی، مستەفا بارزانی، لە بەرامبەر سیاسەتی بە زۆر داسەپاوی ئێراقیێ سەری یاخیبوونیان بەرز کردەوە. ئەم یاخی بوونەش بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ، تا هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلوول درێژەی هەبوو.

لە ئەنجامی دامەزرانی کۆماری دیمۆکرات لە کوردستانی بندەستی ئێرانیێ، پارتی دیمۆکرات لە کوردستانی بندەستی ئێراقیش دامەزرا. دەمیێ کە ژانرال بارزانیی لە سۆڤیێت بوو، لەگەلێ پارتی دیمۆکرات پێوەندی نەپچڕابوو. بە گەڕانەوەی وی بۆ ئێراق، پارتی و بارزانیی خۆیان لێکدایەوە و بارزانیی لە چاشنی سەرۆک، کار و باری پارتی هەلدەسووڕاند.

پاش شۆڕشی چاردەی گەلاوێژ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراقدا دان بە بوونی گەلی کورددا نرا. لە دەستووری کاتییی ئێراقدا، لە بەندی سێیەمدا دەبێژیێ (کورد و عارەب لە کۆماری ئێراقدا هاوبەشن.) بەلام لە بەندی دووی هەمان دەستووردا دەلیێ (ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عارەب).

لەم دوو بەندەدا، عارەبە دەسەلاتدارەکانی ئێراق، بنەماگەی مرۆڤایەتیی و شۆڤینییەتیان ئاوێتەی یەکدی کردبوو. چونکە ئەم دوو بۆچوونە بە هیچ جۆرێک یەکتری ناگرنەوە. ئەگەر ئێراق لە دوو گەلی

سەرەكیی(كوردو عارەب) پێكهاتبێ، ئیدی بەندی دووهەمی پێناوێ!
ئەگەر ئیراق بەشێک لە نەتەوەی عارەب بێ، چونكە ولاتێكی عارەبییە، ئەوا كوردستانی بندەستی ئیراقیش بەشێكە لە نەتەوەی كورد چونكە كوردییە!
بەندێ سێیەم لە دەستووری ئیراقێ، بەندێكی بێ نێوەرۆك بوو. عارەبە دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەكانی ئیراق، هەمیشە بۆ راپەڕاندنی بەندی ٢وەم كۆششیان كردووە و دەیكەن. لەوەتی شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێكردووە، بە عارەبكردنی كوردستانیش بێپسانەوە لە راپەڕاندندا بووە. دابڕینی ناوچەكانی (شەنگار، عەین‌زالە، مووسڵ، كەركووک، خانەقین و مەندەلی) لە كوردستان، و رەفتاری شۆڤێنییانەی رژێمە یەک لە دوای یەكەكانی بەغدا بەرامبەر بە فەیلییەكان، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ پووچەڵكردنەوەی بەندی ٣ لە لایەن دەوڵەتی ئیراقێ.
كەریم قاسم، كە دامەزرێنەری كۆمار، و دەستووری نوێی ئیراق بوو، زۆری پێنەچوو، لە بواری پراكتیک لە بنەماگەی بەندی ٣دا هەڵگەڕایەوە و كەوتە دژایەتیكردنی هەستی نەتەوایەتیی خەڵكی كوردستان.
لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٦٠دا، سیاسەتی خراپی قاسم بەرامبەر بە دۆزی كورد نەدەشاردرایەوە. لە كۆتاییەكانی هەمان ساڵدا، دەزگەكانی بڵاوكردنەوەی گۆڤارە كوردییەكانی وەكو (ژین، دەنگی كورد، و هەتاو) داخران. لە فێبریوەری ١٩٦١دا، رۆژنامە دەوڵەتییەكانی وەكی (الثورە) كەوتنە هێرش بردنە سەر داخوازییەكانی كوردان. لە ئەنجامی ئەم هێرشانە، پدک، بیرخەرەوەیەكی دایە رژێمی قاسم و داوای هەڵبژاردنێكی دیموكراسییانەی لە ئیراقێ كرد. بەڵام، قاسمی تاكڕۆ، سیاسەتی

دیکتاتۆریانەی خۆی درێژە پێدا.(٤٥)

لە رۆژانی ٩- ١٩٦١/٩/١١دا، هێزە ئاسمانییەکانی ئێراقیٰ، بارزان و هەندیٰ ناوچەی دیکەی کوردستانیان بۆمب‌باران کرد، و هێرشی سوپایی‌ی ئێراق بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد! (پدک)یش، لە ١١ی سێپتێمبەردا، بە سەرۆکایەتیی‌ی بارزانیی جاڕی شۆڕشی نەتەوایەتیی دا، و لە ماوەیەکی کەم توانی بە درێژایی خاکی کوردستانی بندەستی ئێراق، لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا خاکێکی زۆر رزگار بکا و دەسەڵاتی راویاریی - سەربازیی‌ی خۆی لێدابمەرزێنیٰ.

شۆڕشی ئاوبراو، بە رووداوێکی گەورەی نەتەوەیی دەژمێردریٰ. بۆ ماوەی ١٣ ساڵ و ٤ مانگە و ٥ رۆژ، گەلی کورد، لەو کەرتەی ولأتەکەیدا، بە باوەڕێکی بەهێز لە تێکۆشانێکی سەختدابوو. گەلەک رۆڵەی بەشەکانی دیکەش بە چەک و ماڵ و گیان و قەڵەم بەشدارییان تێدا کرد. ملیۆنانیش بە دڵ و دەروون پشتگیرییان لێکرد. تاکە هومێدی پارچەکانی تریش بوو.

شۆڕشی ئەیلوول، تاوێکی هێجگار مەزنی لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتیی لەدیوەکانی دیکەی کوردستاندا هەبوو.بە درێژایی تەمەنی خۆیشی، لەسەر ئاستی جیهانیی بوو بە هۆی بلأوکردنەوەی دەنگ وناوی کورد وکوردستان.لەسەر ئاستی ناوەوەشدا،شەپۆلی‌نارەزایی وپووچەڵکردنەوەی سیاسەتی شۆڤینییانەی دەوڵەتی ئێراق،و پارێزگەری ئارمانج و کەسیتیی‌ی کورد بوو.

کۆتایی پێهاتنی شۆڕشی ئەیلوول، لە بەهاری ١٩٧٥دا، کارەساتێکی نەتەوەیی بۆ سەرجەمی خەڵکی کوردستان بوو. گەلی کورد، لە پاش کەوتنی شۆڕش، تووشی سیاسەتی تۆڵەساندنەوە، و بە تۆبزی راگواستنەوەی رژێمی بەعس، و (پشتێنی مردن)ی سنووری

بەسەر داسەپێندرا. سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان هەتا ئێستاش بەرەوەدەوامە.

ڕژێمی ئێراق، بە بیانووی گردکردنەوەی نیشتەجێکان (تجمعات السكنیە) کۆلۆنیالیزمی ئابووریی، و فەرهەنگیی بەسەردا زاڵکردوون. کۆمەڵگەی فەلا و لادێی کوردەواریی لەبەین بردووە.

سیاسەتی خەڵک کڕین، و جاش زۆرکردن، و بەکار هێنانی سیستەمی تیرۆر و تۆقاندن و کوشتاری بەکۆمەڵ پەروەردە، و درێژە پێدەدا. دەزگەیەکی درۆزنی بە نێوی (ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن)ی لە هەولێر بۆ هەڵسووڕاندنی کار و باری بە نێو(ناوچەی ئوتۆنۆمیی) کە لە جاش و چڵکاوخۆرەکانی خۆیدا پێکهاتووە و بۆ خنکاندنی دەنگی ئازادیی خەڵکی کوردستان بە کار هێناوە.

دەوڵەتی بەعسی سەددامیی، بەو سیاسەتەی بەکاری دەهێنێ، نیازی وانییە جارێکی دی بواری ئەنجامداتی کارێکی ڕاستەوخۆ بە کوردان بدا. ڕژێمی بەعس، پێنج بەش لە یازدە بەشی عەسکەری خۆی، لەگەڵ ٥٠/.... پۆلیس و پاسەوانی سنوور، تا هێرشبردنی بۆ سەر ئێران، لە کوردستان دامەزراندبوو. ڕژێمی بەعس، بوونی خۆی لە کوردستان بە هێزی تازەترین کەرستەی جەنگ، و لەشکر، و سەنگەرێکی زۆر لە بەرزاییەکانی ناوچەکاندا دەپاراست. لە ناوەوەی شارەکانیشدا، دەزگەی پۆلیسی بە نێو ئاسایش، کوردستان و خەڵکەکەیان ئابلۆقە دابوو. لە ناوچە تخووبییەکانیشدا، شریتێکی سنووریی بە پانایی ٢٠ کیلۆمەتر، بە هێنجەتی پاراستنی هێمنایەتیی، بە درێژایی سنوورەکانی ئێراق - ئێران، ئێراق - تورکیا ی درووست کردبوو و تەواوی ئەو گوندانەی کەوتنە ناو ئەو شریتە وێران کران، و دانیشتووەکانیان بۆ جێگەکانی دی کە دەست پێگەیشتنیان هاسانترە گوێزرانەوە.(٤٦)

لە کۆتایی مانگی ئازاری ١٩٧٩دا، سەددام حوسێن، سەفەرێکی بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر کرد. سەرمایەیەکی زۆری بە ئەندازەی سێ ملیارە دۆلار، یانێ لە ٣٠٪ی دارایی ئاوەدانکردنەوەی، بۆ بەرنامەکانی سێ شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی دانا. بەلاّم، لە ٩٥٪ی ئەم دراوە بۆ بەرفرەکردن و دروستکردنی رێگە و بان و هێلّەکانی پێوەندی کردن کە پتر بۆ مەبەستی هاسانکردنی کارو باری عەسکەریی بوون تەرخان کرا. تەنێ ٥٪ی ئەو پارەیە بۆ پەروەردە و فێرکردن بە کار هێنرا.(٤٧)

بە دەستپێکردنی جەنگی ئێراق - ئێران، وێرانیش رووی لە کوردستان کرد. هەموو جۆرە چەکێکی کوشندە و بگرە کیمیاییشی تێدا بە کار هێنرا. لەگەلّ تەواو بوونی جەنگەکەش، کوردستانیش خاپوور کرا! چار هەزار گوند و هەندێ شارۆچکەش لە گەلّ زەویدا تەخت کران.

هێزی پێشمەرگە، لە بەرامبەر چەکی کیمیاییدا، لە وەختی هیچ جۆرە شمەکێکی خۆپاراستنی لە مەترسی ئەم چەکە نەبوو، نەیتوانی بەرگە بگرێ. شەرەکە لە بەرژەوەندیی رژێمدا کۆتایی پێهات.

بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان، دەگەرێتەوە بۆ پێش کارەساتەکەی هەلّەبجە بە سالێک.

## پارێزگەی سلێمانی

* ناوچەکانی هەلّەدن، مێنار، کانی سپیلکە، زرگوێز، چنارە، بەرگەلّوو، کانی بەرد، ئالان، لە ١٥/٤/١٩٨٧دا.
* توقمە، کانی بەرد، ئالان، لە ١٦/٤/١٩٨٧دا.
* قزلاّن، ملوانکە، لە ١٧/٤/١٩٨٧دا.

* قەیران، قرناقا، پیرەمەگروون، لە ١٩-٢٠/٤/١٩٨٧دا.
* شاری قەرەداخ و ناوچەکانی دەورو پشتی، لە ٢١/٤/١٩٨٧دا.

## پارێزگەی کەرکووک

* ناوچەی شوان، لە ٢٤/٤/١٩٨٧دا.

## پارێزگەی هەولێر

* ناوچەی گولیخان، گیرکال، کۆزێ، بالیسان، لە ١٩/٤/١٩٨٧دا.
* گۆمەشین و تەواوی ناوچەکانی هیران و تێکڕای دۆڵی بالیسان و هەموو گوندەکانی ناوچەی شێخ وەسان و دۆڵەرەقە و تەقتەق و قوشتەپە و دێگەڵە، لە ٢٠/٤/١٩٨٧دا.

## پارێزگەی دهۆک

* ناوچەی ئەتروش، سپیلکە، سەرتەنگ، لەهیشکێ، دێریگل، تەیرەکە، قوش، ناویشکێ لە ١٩-٢٠/٤/١٩٨٧دا.

ناوچەکانی ئامێدی، لە مانگی مایدا.(٤٨)

تەواوی ئەو ناوچانە، بە جۆرەها گازی ژاراویی لە لایەن ڕژێمی ئیراقدا لێیان درا. ڕژێم، زۆربەی ئەو هەرێمانەی بە گازی کیمیایی دووبارە بۆمب باران کردەوە. لە ژوونی ١٩٨٧دا، ناوچەکانی خۆشناوەتیی و دهۆکی بۆمباردمان کرد. لە ١٣/٩/١٩٨٧ بە دواوە، ناوچەکانی دۆڵی جافەتیی تا دەگاتە قەڵادزێ، چەندین جار بە چەکی کیمیایی لێیان درایەوە. لە ٦/٩/١٩٨٧دا، ناوچەی شەقڵاوە. لە ٧/٩/١٩٨٧دا، ناوچەکانی سەرسنووری تورکیا و گوندە ئاشوورییی و کورد نشینەکان و ناوچەکانی کانی ماسێ، شیش، ئۆزمان، کێرکە، بەرواریی و ناوچەکانی تەیاریی و تەکاوا. لە ئوکتۆبەری ١٩٨٧دا، ناوچەکانی قەڵادزێ، سووورداش، مەرگە، ماوەت، چوارتا، هەوارامان،

بە گازەکانی ژاراویی لێیان درایەوە. بەڵام، مەزنترین و ترسناکترین هێرشی کیمیایی لە ١٦-١٧/٣/١٩٨٨دا، بۆ سەر شاری (هەڵەبجە) و دەوروبەری بوو، کە بوو بە هۆی شەهید بوونی ...١٥/ و بریندار بوونی هەزارانی دیکە و وێران کردنی هەڵەبجەش.

لە پاش ئەم هێرشەدا، هەتا پاییزی ١٩٨٨، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، هەر لە نزیکی کەرکوکەوە تا دەگاتە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا، بە چەکی کیمیایی ورووژاندران.

دواتر، لە نێوەڕاستی سێپتێمبەری ١٩٨٨دا، بەعسی دڕندە، هێرشێکی گەورە و بەرفرەی کردە سەر ناوچەکانی سەر بە پارێزگەکانی دهۆک و مووسڵ. لەو نێوانە هەزاران هاو وڵاتی کوردستانی شەهید و بریندار کران و نزیکەی ...١٢٠/ کەسیش، بۆ ئەوەی لە دۆزەخی سەددام رزگاریان ببێ، پەنایان بردە بەر تورکیا و ئێران. هەزارانیش لەو ناوچانە، لە لایەن عەسکەری ئێراقیٖ گمارۆ دران و هەتا ئێستاش بێ سەر و جێگەن.

رژێمی بەعسی دەستدرێژ بە سەر کوردستاندا، دوای ئەوەی هێزەکانی بەرهەڵستکاریی لە توانا خست و هێزێک لە کوردستان بە کردەوە نەما کە کاریگەرانە لە بەردەمیدا راست بێتەوە، پاش ئەوەی ناوچەکانی لە هێزی پێشمەرگەدا والاٰ کرد، دیسانیش دەستی لە سیاسەتی تیرۆر و توقاندن هەڵنەگرت. سیاسەتی بە عارەبکردنی کوردستان و بە بەعسیکردنی کوردان و بڵاوکردنەوەی خوو و رەوشت نزمی لە هەر شتێکی دیکە پتر بایەخ پێدەدا!

# ڕێکخراوه ڕاوياريیەکانی کوردستان

له ڕاستيی دوور ناکەوينەوە، ئەگەر بڵێين کوردستان له بواری چەندايەتيی ڕێکخراوی ڕاوياريیدا، دەوڵەمەندترين جێگەيە له ڕووی زەوی. ئەو پارتانەی له کوردستانی بندەستی سووريادا هەن:

١- پارتی ديمۆکراتی کورديی.
٢- پارتی دیمۆکراتی کورديی (پارتی).
٣- پارتی چەپی دیمۆکراتی کورديی له سووريادا.
٤- پارتی دیمۆکراتی پێشڕەوی کورديی له سووريادا.
٥- يەکێتی گەلی کورديی له سووريادا.
٦- پارتی دیمۆکراتی کاری کورديی له سووريادا.
٧- پارتی دیمۆکراتی پاڵەی کورديی له سووريادا.
٨- پارتی سۆشياليستی کورديی له سووريادا.
٩- برووسکەی کورديی.
١٠- پارتی کۆمۆنيستی کوردستانی.

## کوردستانی بندەستی تورکيا

١- کوک، بزاڤی ڕزگاريیی کوردستان - نيوەند.
٢- بزاڤی ڕزگاريخوازيیی کوردستان - کوک.
٣- بزاڤی ڕزگاريیی کوردستان - کوکسی، ڕووە و سۆشياليستی.
٤- پارتی پێشەنگی کارکەرێن کوردستان - پێشەنگ.
٥- پارتی کرێکارانی کوردستان.

٦- پارتی کرێکارانی کوردستانیP.K.K.
٧- پارتی سوشسیالیستی کوردستان.
٨- تەڤگەرا سوشیالیستی کوردستان.
٩- ئاڵای رزگاریی - ترۆتسکی.
١٠- ئاڵای رزگاریی.
١١- یەکیەتیا سوشیالیستا کوردستان.
١٢- پارتی دیمۆکراتی کوردستان.
١٣- پارتیا هێزێن وەلاتپارێزێ کوردستان (پارهێز).
١٤- شۆڕشگەری کوردستان.
١٥- دەنگی کاوە.

## کوردستانی بندەستی ئێران

١- پارتی دیمۆکراتی کوردستان.
٢- پارتی دیمۆکراتی کوردستان (لایەنی شۆڕشگێڕ)
٣- پارتی کۆمۆنیستی ئێران- لکی کوردستان. (کۆمەڵەی زەحمەتکێشان).

## کوردستانی بندەستی ئێراق

١- پارتی دیمۆکراتی کوردستان - پدک.
٢- یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان- ینک.
٣- پارتی دیمۆکراتی گەلی کوردستان - پدگک.
٤- پارتی سوشیالیستی کورد - پاسۆک.
٥- پارتی سوشیالیستی کوردستان - پاسک.
٦- پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان - پازک.
٧- ئاڵای شۆڕش - ئاش.

هەمووی دەکاتە ٣٥ ڕێکخراو. لەوانەیە هیچ وڵاتێکی سەردەستیش لە داری دنێدا نەبێ، پارتەقای کوردستانی بندەست دەزگەی راوپاریی تیدا هەبێ. ئەو هەموو پارتانە، لە ئەنجامی نەبوونی دیموکراسییەت لە چوارچێوەی سیاسەتی بزاڤی ئازادیخوازیی کوردستان دامەزراون.

تێکڕای ئەو پارتانە، لە هەر پارچەیەکی وڵاتدا، بە شێوەیەکی گشتیی، یەک مەرامیان هەیە.

ئەگەر هەڵپەی سەرکردەیی نەبێ، ئەگەر بەرژەوەندیی کەسێتیی نەخەنە سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ئەگەر خۆیان فێر بکەن لەگەڵ یەکدیدا بسازێن و ڕێز بۆ بیر و بۆچوونی یەکتری دابنێن. ئەگەر بە جێی تیموکراسییەت، بۆ دیموکراسییەت کار بکەن، هەر چەند ژمارەیان زێتریش بێ، شتێک لە بەرنامەی هاوکاریی و تەباییان کەم ناکاتەوە. لەراستییدا، ئەو هەموو پارتانەش پێویست نەدەبوون.

لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتییدا، چونکە ئارمانج پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانە، گەرەکە ئایدیۆلۆژیی نەکرێتە بەهانە و بە ڕەنگی زەرد و سوور، ڕێڕۆی بزاڤەکە نەشێوێنرێ. با، ڕاستڕۆ، چەپڕۆ، و مام نێوەندیش هەبن، بە مەرجێ نەبنە هۆی نانەوەی ناکۆکی لە نێوان ڕێکخراوە راوپارییە کارییەکاندا، و پتر ئاگاداری پاراستنی ئارمانجە نەتەوایەتییەکان بن.

# بارزانیی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بندەستی ئێراق (پدک) و شۆڕشی ئەیلوول

مستەفا بارزانی لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی شێخ و گەورەپیاوی هۆزی بارزان بوو، بەڵام سرووشتی خۆیی ئەو مرۆڤە لە پێوەندە بەهێزەکانی لە گەڵ جووتیاراندا و راوەستانی بەرامبەر ستەم و زۆرداریی سەرۆک خێڵەکانی دەور و پشتی بارزان، کە دەرهەق بە جووتیرەکانی خۆیان دەیانکرد، سیمایەکی جیاواز لە هی ئەوانی دی پێبەخشیبوو. بە تایبەتیی، لە ئەنجامی بەرەنگار بوونەوەی لەگەڵ رژێمی پاشایەتیی‌ی ئێراقدا، هێندەی دی ئەو مرۆڤەی بەرچاوتر کردبوو!

بارزانیی، وەکو سەرکردەیەکی پارتیزانیی‌ی لێهاتوو، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣١دا، لە راپەڕینەکانی، لە دژی رژێمدا ئازموونەکانی خۆی تاقیکردەوە، و سەرکەوتووانە تێیاندا دەرباز بوو. هەر لەبەر ئەوەش بۆ شاری ناسریە، و لە پاشان بۆ سلێمانی دوور خرایەوە، و تا ساڵی ١٩٤٣ لەوێ مایەوە. لەم ساڵەدا، بارزانیی خۆی گەیاندەوە بارزان و ئاڵای یاخی بوونی لە بەرامبەر رژێمدا بەرز کردەوە.(٥٠) دواتر راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٤٥ی سەر پێنخست کە هێزە ئاسمانییەکانی ئینگلستان و لەزەویشەوە لەشکری ئێراقیی بە فەرماندەیی عەبدوالکەریم قاسم، بە دڕندانەترین شێوە راپەڕینەکەیان دامرکاندەوە. پاش ئەم رووداوە، بارزانیی لە گەڵ پێشمەرگەکانی خۆیدا تخوویان شکاند، و بۆ کوردستانی بندەستی ئێرانیی پەڕینەوە، و چوونە مەهابادی.(٥١)

له گەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی‌ی پێشەوای نەمر، قازی محەممەد، بارزانیی بەرزترین ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەی خۆی لە بەشداری کردن، و بە خێوکردنی کۆماره ساواکەدا دیت. له ڕاستییدا پێشمەرگەکانی بارزانیی بوون ئەرکی سەرەکیی‌ی پاراستنی کۆمارییان کەوتبووه ئەستۆ. لەوێ بوو، بارزانیی پلەی ژانراڵیی پێدرا.

له پاش کەوتنی کۆمار و گەڕانەوەی خاکی ئازادکراوی کوردستانی خۆشەویست بۆ ژێر ڕکێفی ڕژێمی حەمه ڕەزا شای دوژمن، بارزانیی توانی ژیرانه خۆی لە دەستی شادا ڕزگار بکا و لە گەڵ پتر له ٥٠٠ پێشمەرگەدا سنووری سێ وڵاتە داگیرکەرەکانی ئێران – ئێراق – تورکیا، کە هەر سێکیان لێی هاتبوونە دەنگ ببڕێ و خۆی بگەیەنێتە سۆڤێت.(٥٢) ئەم چالاکییەی بارزانیی بە مەزنترین کردەوەی وی دەژمێردرێ و لەو ڕۆژەوە ژانراڵ بارزانیی لە وێژەی جیهانیی، لەوانەی له سەر کورد نووسراون بە سەرکردەی ئەفسانەیی (Legendary Leader) نەتەوەی کورد ناوی دەرکردووە.

بارزانیی ١٢ساڵ لە سۆڤێت مایەوە، لە سەرەتای ژیانی له سۆڤێتدا، هەمیشه لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤێت لە مرخێنش مرخێنشدا بوو، و داوای چەک وتەقەمەنیی لێدەکردن بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئێراق دژی ڕژێم شۆڕش بکا. کاربەدەستانی سۆڤێتیی، داخوازییەکەیان بۆ بەجێنەهێنابوو، بۆیه نێوانیان تێکچوو و لە ئەنجامدا زۆر ڕەفتاری ناشیرینیان لەگەڵدا کرا. بارزانیی و پێشمەرگەکانی لە یەکدی دابڕان و بەسەر جێگەی جیاجیا دابەش کران. ئەم ژیانه ناخۆشەیان هەتا پاش مەرگی (ستالین) درێژەی هەبوو.

بارزانیی، وەکو قارەمانێکی گەلیی چووە سۆڤێت. بەڵام، لە گەڕانەوەی لە پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژدا، وەکو ڕۆحی بزاڤی

ئازادیخوازیی گەلی کورد و سەرکردەیەکی نیشتمانپەروەر لە لایەن کورد و عارەب پیشوازیی لێکرا.

پدک، بە دەستپێشخەری بارزانیی، لە ١٩٤٦/٨/١٦دا، دامەزرا. ئەم رێکخراوە وەکو پارتێکی گەلیر هاتە سەر شانۆی خەباتی نەتەوایەتیی و لە گەلێک قۆناخی خەباتی نەتەوایەتیی رۆڵی گرینگی بینیوە، و وەکو پارتێکی نیشتمانیی لە پێناوی ئارمانجە نەتەوایەتییەکاندا تێکۆشیوە.

لە ١١ی سێپتێمبەر ١٩٦١دا، کە شۆڕش دەستی پێکرد بارزانیی وەکو سەرۆکی پدک و شۆڕش، مەکانیزمی هەستی نەتەوایەتیی پتر دەجۆش خست.

لەپاش دابڕانی کۆمەڵەی بیرۆی راویاریی Politburo لە پدک، لە ساڵی ١٩٦٤دا، بارزانیی بوو بە سەرۆکی بێهاوتای شۆڕش و هەتا ساڵی ١٩٦٧، لە نزیکەوە دەزگەو بەرەکانی جەنگی بەسەر دەکردەوە. لە راستییدا پدکیش هەر لە ویوە دەناسرا، چونکە دەسەڵاتی وی لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو.

پدک لە ژێر سەرکردایەتیی‌ی بارزانیی، رێبەرایەتیی‌ی شۆڕشی دەکرد، و توانیبووی گەورەترین هێزی مرۆڤ لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، و سەرکەوتنی مەزن مەزن لە بەرامبەر سوپای داگیرکەر بە دەست بهێنێ.

پدک، ئەگەرچی توانیبووی شۆڕشێکی یەکپارچەیی لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا بخاتە کار، بەڵام ئەم یەکپارچەییە لە ئاستی ئایدیۆلۆژییەوە دوور بوو، و تەنێ کەسێتیی‌ی بارزانیی هۆی درووست بوونی بازنەی یەکییەتییەکە بوو. پدک، لە بواری کۆمەڵایەتییدا خۆی بە هیچ سەرچاوەیەک نەبەستبۆوە و لە بواری تیۆریش وشەکانی مارکسیزم - لینینیزم بە کاڵی نووسرابوونەوە و بچووکترین سەرنجیان

پێنەدەدرا. دەیانگوت سوود لە تاقیکردنەوەکانی گەلانی دی وەردەگرین، دیار بوو ئەمەش گرتەیەکی بێرەنگ بوو. مەکانیزمی شۆڕشەکە تەنێ هەستێکی نەتەوایەتیی بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ ئەمە لە بیر بکەین بە جودا بوونەوەی برایم -جەلال و تاقمەکەیان گورزێکی گەورەی راویاریی بە پدک کەوت، بە تایبەتیی کاتێ ئەم تاقمە خۆیان هاوپشتە باوەشی رژێمی شۆڤینیزمی ئێراق ودژی شۆڕش،دژی ئەو کەسانەی کەخۆیان بردبوویاننە شاخ، چەکیان هەڵگرت و لە تەنیشت عەسکەری ئێراق دەجەنگان، بۆ خۆی ناوزڕاندنێک بۆ شوورەتی شۆڕش بوو، لانیکەم بۆ ماوەیەک.

لێ، دەوری پدک لە کۆتاییی شێستەکان، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە بەرەکانی جەنگ کە لە لاپەرەکانی داهاتوودا پتر لێی دەدوێین، زێتر دەرکەوت، کەبوو بە هۆی بە بەرهەمهێنانی پەیمانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە رژێمی گوبینیزمی بەعس بە ناچاریی لە ئەنجامی زەبری گەورەی هێزی پێشمەرگەدا، شانی دابەرێ. ریزەکانی پدک، لە ناو شارەوەندەکاندا زۆر بەرفرە بوو، و جەماوەرێکی زۆر لە رووناکبیران هاتنە ناویانەوە. بەلام، ئەم هاتنە ناوەوە، دەکرێ بڵێین تەنیا (زۆریی و بۆریی) بوو، دەنا هیچ جۆرە پلانێک بۆ راهێنان و پەروەردەکردنی وان بە نەریتی شۆڕشگێڕیی لە گۆڕێدا نەبوو. ئەوەی لەسەر کار بوو، هەر لەسەر کار بوو. بە دەگمەن رێک دەکەوت کەسێک لەسەر کارەکەی لابدرابا. زۆر لەو رووناکبیرانەی کە هەستێکی کراوە و پێشڤەڕۆیان هەبوو، هێدی هێدی دەکەوتنە قاوغی دەور و بەرەکەی خۆیان و رەنگی وانیان دەگرت.

پدک،ئەگەرچی لەبواری سوپایی پەیکەرێکی قەبەی هەبوو، و توانیبووی سامێک بخاتە سەر رژێمی بەغدا.بەلام، لە زەوینەی راویاریی بێهێز و رۆژ بە رۆژیش لاوازتر دەبوو.کار گەیشتە ئەو

تخووبە کە سەرانی پدک تووشی زۆر هەڵە و لە هەڵەش گەورەتر لەمەڕ مامەڵەیاندا لەگەڵ کادیر و نیشتمانپەروەرانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، وبە تایبەتیی هاوکاریان لە گەڵ ئێرانیٚ بێن. لە سالی ١٩٦٧-١٩٦٨دا، سەرکردایەتیی‌ی پدک رۆلێکی گرینگی لە دامرکاندنەوەی راپەڕینی نیشتمانپەروەرانی کوردستانی بندەستی ئێراندا بینی.

لە سالی ١٩٦٧دا، پێشمەرگەیەکی زۆری پارتی دیمزکراتی کوردستانی بندەستی ئێرانیٚ (پدکا)، راستەوخۆ، یان بە یارمەتیی‌ی شۆڕش شەهید کران. (برایمە سووری محەمەد دەلاوەیی) خەڵکی ناوچەی خانیٚ، لەو پێشمەرگە ئازایانە بوو، کە لە شەڕی هندرێن نموونەی فیداکاری بوو، لە بەهاری هەمان سالدا لە پشت خانیٚ لەگەڵ لەشکری پێنجی ئێرانیٚ روو بەروو ببۆوە، و لە پاش شەڕێکی قارەمانانە، بە پاشەکشە خۆی گەیاندبووە ئەو دیوی تخووب، و لە ناوچەی ئازادکراودا چووبووە گوندی ئالانە. لەویٚ بە یارمەتیی‌ی شۆڕش هاتە شەهیدکرن و تەرمەکەشی درایەوە رژێمی ئێران و رژێمیش لە خانیٚ بۆ چاوترساندنی جەماوەری کورد نیشانی دا.[٥٣]

لە مانگی سیپتێمبەری ١٩٦٧دا، (مەلا رەحیمی وردی، ناسراو بە میرزا ئەحمەد) ئەندامی کومیتەی ناوەندیی‌ی پدکا، لە کاتیٚ لە لایەن هێزی خەباتدا گیرابوو، بەو نیازەی بیدەنەوە ئێران، ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەم کارەی کاربەدەستانی شۆڕش دەربڕی بوو، بێدرەنگ هەر لەویٚ گوللەباران کرابوو.[٥٤]

دەستەی (سالەح لاجانی) کە حەوت کەس بوون، لە پاش کوژرانی (مەلا ئاوارە) لە لایەن رژێمی ئێراندا، دووبارە گەرابوونەوە ژێر دەسەلاتی شۆڕش، لەویٚ گیران و درانەوە دەولەتی ئێرانیٚ، ئێرانیش

پوخته و تەمیز هەر حەفتیان لە جەڵدیان گوللەباران کرد!(٥٥)

هەر لە مانگی سێپتێمبەردا، (سوارەی سەکری، ئەسکەندەر عەلی، محەممەد موئمینی، تۆفیق مستەفا، حەبیب ئەبابەکر، جەعفەر ئەبابەکر و پاشانیش مونتەقیمی قازی) و دەیان پێشمەرگەی‌تر درانەوە ئێران.

لە ٢٠ی مای ١٩٦٨دا، دوو خەباتگێڕی مەزن بە ناوی (سلێمان موعینی و خەلیل شەوباش) لە دیلمان، لە لایەن سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش شەهید کران(٥٦)و هەر ئەو شەویش تەرمی سلێمانی موعینی درایەوە ساواکی ئێران. لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٢١دا، تەرمی سلێمان-یان لە خانێ، لە کاتێ لە سەر سینگیان نووسیبوو (سلیمان معینی این است نتیجه خیانت = سلێمانی موعینی ئەوەیە ئەنجامی خەیانەت) بۆ تۆقاندنی خەڵک نیشان دا. ڕۆژی پاشی، تەرمەکەیان بە کۆپتەر بردە شاری مەهابادێ کە لەوێشەوە بۆ شارەکانی تەورێز و سنە و کەرمەشان ببەن، و خەڵکی پێچاوترسێن بکەن. بەڵام، کە ڕژێم بە تەرمەوە گەیشتە مەهابادێ، دانیشتوانی مەهاباد کە زانییان نیازی ڕژێم چییە، تێکڕا دووکانەکانیان داخست و ڕوویان کردە شەقامەکانی شار و بە تووڕەیی و لە خۆبوردوانە بە ڕژێمیان ڕاگەیاند، ئەگەر بچووکترین بێ‌ڕێزی بەرامبەر بە تەرمی سلێمانی برایان بکرێت، دەبێ لە بەرایبدا ئەوانیش وەکو سلێمان بکوژن، ئەو کاتە بۆیان هەیە کارێکی ئەوها بکەن. کاتێ ڕژێمی ئێران تێگەیشت ناتوانێ لە بەرامبەر شەپۆلی ناڕەزایی مەهابادییەکان، نەخشەکەی جێبەجێ بکا، ئەنجا سەرۆکی ساواک، بە ناچاریی ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی، (خەڵکی مەهابادێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سلێمانی موعینی ئێمە نەمانکوشتووە. لە لایەن کەسانێکەوە کوژراوە کە ئێوە

بە ڕێبەرانی خۆتانیان دەزانن. سلێمان بە مردوویی لە لایەن وان بە ئێمە دراوەتەوە. ئەگەر ئێمە بمانگرتبایە نەماندەکوشت. ئێستاش ئێمە هیچمان نەکردووە، وەرن تەرمی خۆتان ببەنەوە.)(٥٧)

ڕژێمی ئێران کە نەیتوانی بێڕێزی بە تەرمی شەهیدی گەل بکا، لە لایەکی دی دەستی خۆی ئاولاڵە بۆ زڕاندنی ناوی سەرکردایەتیی شۆڕش و ناکۆکی نانەوە وەشاند.

هاوکاریی سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ ئێرانێ بە جێگەیێ گەیشت کە (سەرتیپ سەییادیان) سەرۆکی ڕێکخراوی ساواکی ورمێ بڵێ (آن یاغی دیروز اکنون در اختیار ماست. إنشاالله روزی میرسد کە بە استانداری کرکوک منصوبش کنیم = ئەو یاخیەی دوێنێ «بارزانیی» ئێستا لە خزمەتی ئێمەدایە. خولاٚ یاریێ، ڕۆژێ دەگا کە بیکەینە پارێزگەری کەرکووک.)(٥٨)

ئەو سەوداگەرێتییەی سەرکردایەتیی شۆڕش، زۆر بە گران لەسەری کەوتەوە، هەم لە لایەن ئێران ئەو سامەی جارانی نەما، هەم لە لایەن نیشتمانپەروەرانی کوردیش، بە تایبەتیی لە ناو جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستانی بندەستی ئێران، بوو بە مایەی بێزاریی لە ناو و دەنگی شۆڕشدا.

سەرکردایەتیی شۆڕش، هەر بەوەش نەوەستا و لە کوشتنی خەباتگێرانی پارچەکانی دیش کەمتەرخەمیی نەدەکرد. (سەعید ئالچی) ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیمۆکراتی پێشقەڕۆی کوردستانی بندەستی سووریا، (دکتور شوان و چەکۆ) دوو ڕێبەری تری کوردستانی بندەستی تورکیا، ئەمانە هەموویان لە ناو سنووری دەسەڵاتی شۆڕش هاتنە شەهید کرن.

لە لایەکی دی، کوشتاری بە کۆمەڵی خێزانی (حەمەد ئاغای

میرگەسوری). حەمەد ئاغا، لە کاتێ کە کوژرا، ئیختیارێکی پتر لە شێست ساڵان بوو، لە گەڵ کوڕەکانی و برازایەکی ٢-٣ رۆژ پێش ئەوەی سەرکردایەتیی ئاوای ئێران بێ، کوژران. (فاخیر و سەعید)ی برای لە ساڵی ١٩٧٢دا، هەر پاش گەڕانەوەی سەعید لە بەغدا، گیران و پێکەوە کوژران. جا ئەگەر فاخیر و سەعید گوناهبار بوون، حەمەد ئاغا و کوڕەکانی دی گوناهیان چی بوو؟!

ئەگەر حەمەد ئاغاش گوناهی هەبوو، (جەوهەر)ی کوڕی، کە هەتا گوللە ساردی کردەوە، بانگی راهێشت (بژی کوردستان، بژی مەلا مستەفای بارزانیی، بژی سەرکردایەتیی راوبارییی شۆڕش) تاوانی چی بوو؟!!!!! ئەگەر ئەم ژینۆسیدە، کینەوەرییێکی خێڵەکیی و دوژمنایەتییەکی کۆن بوو، بۆچی دەبووا لە ژێر ناوی رێبەرایەتییی بزاڤی ئازادیخوازانەی نەتەوایەتیی ئەنجام بدرێ؟!! ئەگەر کوشتارەکە خێڵەکیی بوو، خۆ فاخیر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی و یەکێک لە فەرماندەی هێزەکانی شۆڕش بوو. کە واتە گەلی کورد مافی ئەوەی هەبوو، بزانێ یەکێک لە رێبەرەکانی بە تاوانی چی ئەوها هاتە کوشتن!!!!

ئەم کردەوانەی سەرکردایەتییی شۆڕش، بۆ خۆی بڵاوکردنەوەی تۆوی بێهومێدی لە ناو جەماوەر، و دوورکەوتنەوە لە رێبازی شۆڕش و هێڵی جەماوەرییی بوو.لە وەختی شەڕ دەستپێکردنەوەش لە ساڵی ١٩٧٤دا، شۆڕش وا خرابووە بن رکێفی شا، کە بە هاسانی عەسکەری ئێرانی لە ناو سنووری شۆڕشدا شەقی خۆی لە رژێمی ئێراقێ دەدا. لە ساڵی ١٩٧٢دا، کە بە تەواوی روویان لە ئێران کرد، هەر لەو ساڵەدا شا پەیامی بۆ سەرانی رژێمی ئێراقێ هەناردبوو، و داوای لێ کردبوون، کە ئەگەر ئەوان ئامادە بن داخوازییەکانی ئێران لەمەڕ سنوور لە کەنداو جێبەجێ بکەن، ئێرانیش ئامادەیە یارمەتییی خۆی

لە کوردان ببڕێ. ڕژێمی ئێراقیی، لەپێشدا گوێی بۆ ئەو داخوازییە شل نەکرد. بەڵام کە شەڕ دەستی پێکردەوە، و بۆی دەرکەوت کە بە هێزی سوپا دەرەقەتی کوردان ناهێ، ئەنجا وەبیر پەسندکردنی پێشنیازەکەی شا کەوتەوە، و لە ئەنجامدا لە جەزایەر، لە بەرواری ١٩٧٥/٣/٦دا، پەیمانی خەیانەتکارانەی جەزایەر، لە ئاکامی ساویلکەی سەرکردایەتیی شۆڕش، لە نێوان سەددام - شا - بە هاوکاریی (سادات)، سەرۆکی میسر و (بۆمیدیەن) سەرۆکی جەزایەر، و پشتگیری کردنی (هێنری‌کیسنگەر) شالیاری دەرەوەی ئەمریکا واژۆ کرا. خەباتی نزیکەی چاردە ساڵی ڕەنج و خوێنی نەتەوەی کورد لە بەشێکی وڵاتەکەی، جارێکی دی بووە قوربانی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و دوژمنانی ناوچە.

لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە پاش هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتیی کاتیی، لە کۆنگرەی نۆیەمدا، پدک، جارێکی دی توانی بە ناوی خۆی دەست بە ڕێکخستن و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە بکاتەوە. کۆنگرەی ناوبراو، چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی بارزانیی بوو، کە تێیدا مەسعوود بارزانیی بە سەرۆک و عەلی عەولا بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردران.

جگە لە شەڕی براکوژیی، پدک، تووشی دوو هەڵەی زۆر گەورە بوو. یەکێکیان هاریکاریکردن لە گەڵ ڕژێمی تاران بۆ لێدانی شۆڕشی کوردستانی بندەستی ئێران و ئەوی دییان بردنەوەی پاسداران بۆ کوردستانی بندەستی ئێراق بوو!!!!

# یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان - ینک

ریکخراوی ینک، لە بەهاری ١٩٧٦دا، لە بزووتنەوەی سوشیالیستی کوردستان، و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، و لە خەتی پاندا پیکهات. لە ساڵی ١٩٨٤دا، خەتی پان لە گەڵ کەرتیکی بزووتنەوە، پاش جودا بوونەوەی باڵە بنچینەییەکە لیی، کە هیشتا لە ناو ینک مابۆوە، خۆیان لیکدا و یەکییەتیی شۆرشگیرانی کوردستانیان دامەزراند.لەو کات بە دواوە ینک تەنێ کۆمەڵە و شۆرشگیرانی گرتۆتە خۆی.(٥٩)

پیویستی بە وەبیرهینانەوە هەیە کە نیوی شۆرشگیران دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١ و پیوەندییەکی راستەوخۆی بە پەیمانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠وە هەیە.

پاش تیکچوونی نیوان بارزانیی و تاقمەی برایم - جەلال، تاقمی ناوبراو کۆنفرانسیکیان لە رۆژی ١٩٦٤/٤/٩دا، لە ماوەت بەست و لەویدا ریکەوتنامەکەی نیوان (بارزانیی و عارف)یان رەد کردەوە و لە لای خۆیان بارزانییان لە سەرکردایەتیی گشتییی سوپای شۆرشگیری کوردستان لابرد.(٦٠) بارزانیی دەسەری کردن و لەوێی دەرپەراندن. دوای ئەم رووداوانە، ئاڵۆزییەکی تەواو کەوتە نیوان ریکخستن و لەشکری شۆرشگیری کوردستان و هەر یەک لەم دوو لایەنە ئەوی دیبانی بە جۆریک تاوانبار دەکرد.

تاقمەکەی برایم - جەلال، لە ١٩٦٤/٤/١٩دا، بەیاننیکیان لە دژی بارزانیی دەرهێنا و لەوێدا بە (خایەنی دوژی کورد)* نێویان بردبوو. لە ١٩٦٤/٤/٢٤دا، (عەلی کەماڵ، ڕەشید عارف و مەجید عەلی) بۆ ناوبژی کردن و پێکهێنانەوەیان چوونە لای بارزانیی. بەڵام، بارزانیی مەرجی ئەوەی بۆ دانان کە پێویستە بە نووسین دان بەوەدا بنێن کە (خەیانەتیان لە پارتی و شۆڕش کردووە.) ئەوانیش لە بری ئەوە، لە ١٩٦٤/٦/٢٦دا، بەیاننێکی دیبیان دەرکرد، و تێیدا داوایان لە ئەندامانی پارتی کردبوو، کە دژی بارزانیی بوەستنەوە. بیانووشیان ئەوە بوو کە سەلام عارف لە Le mond دا گوتوویەتی: (ئێمە لە گەڵ بارزانیی ڕێککەوتووین، بەڵام ئەندامانی پارتی «تاقمەکەی برایم - جەلال» بازرگانی شەڕ و سیخووڕی ئیمپریالیزمن.) ئەمە پتر بواری بە تاقمی نێوبراو دا، زیتر پڕۆپاگەندەی ئەوە بکەن کە بارزانیی نیشتمانفرۆش و دوژمنی دوژی کوردە.

لە ژوولای ١٩٦٤دا، کە کۆنگرەی شەشەمی پدک بەسترا، بڕیاری دەرکردنی ١٤ ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی درا. لەوانە (برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانیی، حیلمی شەریف، نووری شاوەیس، عەلی عەولاَ، عەمەر دەبابە، عەولاَی سمایلی (مەلا ماتۆڕ)، عەلی عەسکەری، نووری ئەحمەد تەها، عەلی حەمدی، سمایل عارف و هەندێکی دی.) لەم کۆنگرەیەدا ..٨ کەس کە نوێنەری .٢ هەزار ئەندام بوون، بەشداریان کردبوو.(٦١)

پاش دەرکردنی تاقمەی برایم - جەلال، بە فۆرمالیی، لە لایەن

---

* جەلال و تاقمەکەی، بارزانیبیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە لەگەڵ ڕژێمی عارفدا ڕێککەوتووە، و خەیانەتی لە دوژی کورددا کردووە. کەچی پاشان، هەر ئەوان، خۆیان هاوپشتە لای ڕژێمی عارف، و بە کردەوە بوونە جاش، و خەیانەتیان لە دوژی کورددا کرد.

پدک، دۆخەکە هێشتا شێلوتر بۆوە، و لە ئەنجامدا تاقمەی دابڕاو خۆیان بۆ نەگیرا و پەڕینەوە ئێرانێ و هەتا ساڵی ١٩٦٥، لەوێ مانەوە. لەو نێوانە جار بە جار بە پیلانی شا بۆ دروستکردنی سەرئێشە بۆ هێزی پێشمەرگە لە تخوویدا ئاوا دەبوون. بەڵام، دوای ئەوەی بارزانیی رژێمی ئێرانی ئاگادار کردەوە، کە ئەگەر واز لە پشتگیریکردنی ئەم تاقمە نەهێنێ، گران لەسەری دەکەوێتەوە، شا ئەمەی بە هەڕەشە وەرگرت و بێدەنگ چەکی کردن و قەبەکانی بردە تارانێ و ئەوانی دیشی لە هەمەدانێ لە ئۆردیگەدا جێ بۆ کردنەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا، پاش ئەوەی بارزانیی بڕیاری لێخۆشبوونی بۆیان دەرکرد، جگە لە برایم، جەلال و تەواوی سەرکردەکانی دی و ڕەگەڵکەوتووەکانیان هاتنەوە ناو سنووری دەسەڵاتی شۆڕش، و لە دۆڵەڕەقە لە لای هەباسی مامەند ئاغا میوان بوون. کاتێ بارزانیی بە هەباسی ڕاگەیاندبوو کە دەیەوێ چاوی بە (گەڕاوەکان) بکەوێ بۆ ئەوەی وتو وێژیان لەگەڵدا بکا، جەلال و هەڤاڵەکانی، وایان بڵاو کردەوە کە مەلا مستەفا هەباسی ڕاسپاردووە، ئەوانە لە نێو ببا. گوایە هەباس بۆ خۆی نامەکەی بارزانیی پێیان نیشان دابوو، کە تێیدا داوای کوشتنی وانی لێکردبوو. پاش ئەوە، جەلال، حیلمی شەریف، عەولای سمایلی، عەلی عەسکەری، عەمەر دەبابە و بەشێک لە لایەنگرانیان، لە ڕۆژی ١٩٦٦/١/٢٨دا، خۆیان هاویشتە پاڵ ڕژێمی باوەکوشتەی کورد و بە کردەوە چوونە ریزی جاشەکان. جا بۆ ئەوەی تۆمەتی جاشایەتییمان پێنەکردبن، بۆ سەلماندنی ئەم زاراوەیە، پشت بە گۆتەیەکی جەلال تاڵەبانیی دەبەستین. لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩دا، دەمێ کە کۆنفرانسی پاریس بۆ دۆزی کورد بەسترا. ڕژێمی ئێراق، وەفدێکی خۆی، کە پێکهاتبوو لە هەندێ کوردی خایەن، لەوانە (بەهاددین ئەحمەد و حوسێن ڕەشوانی و

وەرگێڕێک) هەناردبوو کە بەشداری لە کۆنفرانسدا بکەن. جەلال یەکێک لەوانە بوو، زۆر بە توندی ڕەدی ئەوەی دابۆوە کە ڕێگەیان بۆ هاتنە نێو کۆنفرانس پێبدرێ. لەوێدا جەلال گوتبووی (ئێمە ناتوانین گوێ لە خۆفرۆشان بگرین، ئەوانە لە لای کورد بە جاش ناو دەبردرێن، ئەوانە شەریکە تاوانی دوژمنمانن.)(٦٢)

ئەنجا، ئەوەی بەهاددینوان لە ساڵی ١٩٨٩دا، کردیان و دەیکەن، چ جیاوازییەکی لە گەڵ ئەوە هەیە کە جەلال و تاقمەکەی لە ٦٦-٧٠ کردیان!

پێش ئەوەی تاقمەی دابڕاو لە دۆڵە ڕەقە، خۆ باوێنە لای دوژمن، دووبەرەکیی کەرتە نێوانیان و (نووری شاوەیس، عەلی عەولاً، نووری ئەحمەد تەها و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان) بە سەر شۆڕکردن بۆ ڕژێم و خەیانەتکردن لە وڵات قایل نەبوون، و گەڕانەوە ناو شۆڕش و سەرکردایەتیی بارزانییان قەبووڵ کردەوە، و کەوتنەوە ناو ڕێخستنی پارتی، و جارێکیدی دەوری لێپرساوییان پێدرایەوە. ئەمەش پروپاگاندەی جەلال و هەڤاڵانی وی لە ڕاستیی بە دوور خستەوە کە گوایە بارزانیی نیازی کوشتنی وانی هەبووە!

پاشان، برایم ئەحمەدیش، لە تارانێ گەڕایەوە بۆ ئێراق، و لە فرینگەی بەغدایێ پێشوازیی لێکرا. ئەم تاقمە لە ژێر ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەشکری فورسانەکانی ڕژێمیان درووست کردبوو، و وایشیان رادەگەیاند کە ئەوان پارتین و ئەمانەی شاخ کۆمەڵەیەکی خێڵەکین، و هیچ زانیارییەکی راویارییان نییە. جا لەبەر ئەوەی هەرتک‌لا پارتی بوون، خەڵکەکە پێشمەرگەکانی چیا، و لایەنگرەکانی وانی بە (مەلایی) و فورسانەکانیشیان بە (جاشەکانی ٦٦) یان (جەلالیی) نێو دەبرد.

لە فێبریوەری ١٩٦٦دا، شەر لە نێوان ڕژێم و شۆڕشی کوردان

دەستی پێکردەوە. لە ١٩٦٦/٣/١٨دا ڕۆژنامەی ژمارە ٥٥٣ی (البلد)ی ئێراقی نووسیبووی، ئەو کوردانەی لە بارزانیی جودا بوونەتەوە، لە پێش هەموویاندا جەلال تاڵەبانیی ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، لەگەڵ میریی‌ی نیشتمانیی لە سەر هەر شتێک ڕێکبکەون کە هێمنیی بۆ باکووری وڵات بگێڕنەوە.)(٦٣)

جەلالیکان، بە کردەوە چەکیان دژی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی‌ی نەتەوایەتیی‌ی خەڵکی کوردستان هەڵگرت، و بوونە پێشقەرەوڵی عەسکەری ئێراقیی لە جەنگەکانیان لە دژی شۆڕش، و بۆ ڕەزای ڕژێمی داگیرکەر، زۆر پێشمەرگەی دڵسۆز، و مرۆڤی نیشتمانپەروەر، و بێگوناهیان شەهید کرد. بە تایبەتیی جاشەکانی (بەکرەجۆ) و (هەولێر) بە هۆی دڕایەتییان ترسێکی زۆریان خستبووە دەروونی جەماوەر. ئەم جاشانە، هەتا ساڵی ١٩٧٠، بە تۆزقاڵێکیش لە دژایەتیی کردنی دەنگی ڕەوای گەل نەسلەمینەوە.

ئەم خەیانەتەی جەلالیکان، بوو بە هۆی نانەوەی دووبەرەکیی و ڕەواندنەوەی هومێد و براکوژییەکی ئەوهای خستە ناو گەل، کە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ هەتا دەورو بەری ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام بوو.

جەلالیکان لە کۆنگرەی (تیمار) کە لە ٨/٢٨ - ١٩٦٦/٩/٢دا بەسترا، ئەوهایان بڕیار دابوو (پشتگیریی تەواو لە کۆماری ئێراق و ڕژێمە نیشتمانییەکەی دەکەن، و هەرکاتێ بارزانیی بە فیتی ئیمپریالیزم شەر دەست پێبکاتەوە، بە هەموو تواناییەکیان لە دژی دەوەستنەوە.)(٦٤)

ڕژێمەکانی هەرتک عارف و پاشانیش بەعسیکان، زۆریان کۆشش کرد تا لەڕێگەی جەلالیکان،ڕێبازی شۆڕش ئاڵۆز بکەن وشیرازەی بیری نەتەوایەتیی بشێوێنن،ولەمپەر لە هەمبەر خەباتی کوردان دروست بکەن.

رژێمی بەعسیکان، کە زانی نە بەهێزی خۆی، و نەبە هی جەلالیکان دەرەقەتی هێزی لە بن نەهاتووی گەلْ ناهێت، ئەنجا بە ناچاریی سەری بۆ داخوازی کوردەکان شۆڕ کرد و بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی، لە گەلْ شۆڕشدا بە سەرکردایەتیی ژانرالْ بارزانیی، واژۆ کرد.

لە گەلْ بەیانی ١١ی ئازاردا، رژێم لە جەلالیکانی هاویشتە ملان و چەکی کردن. دوایی بارزانیی، دیسان بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ دەرکردنەوە. بەلام، ئەو مەرجەی لە سەر دانان کە دەبێ ناوی پدک لە سەر خۆیان ڕاکەن بۆ ئەوەی وەبەر لێخۆشبوونەکە بکەون. جەلالیکانیش، لە سالی ١٩٧١دا، لە بەغدا کۆنگرەیەکیان بەست و ناوی خۆیان لە پدک بۆ پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان گۆڕی. ئەوجا ئەو (شۆڕشگێرانەی) ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ (شۆرشگێرانەکەی) کۆنگرەی بەغدایی!

ئەو تاقمە، پاش خۆهەلوەشاندنەوەیان و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی شۆڕش، هەتا هەرەسی ١٩٧٥، هەر لە ناو شۆڕش مانەوە و دیسان هەندێکیان بەڕێوەبردنی کار و باری شۆڕشیان پێدرایەوە!

لە بەهاری ١٩٧٦دا، کە شەڕ دەستی پێکردەوە، بەشێک لەم تاقمە لەگەلْ خەلکێکی دی خۆیان لێکداو (ینک)یان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە هەتا هەرەسی ١٩٨٨، یەکێک بوو لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان، و بە روالەت شەڕی رژێمی ئێراقیان دەکرد. لەو دیوی تخووبیش، لە ژێر ناوی ئەوەی یارمەتیی شۆڕشی کوردستانی بندەستی ئێرانێ دەدەن، دژی رژێمی ئێران جەنگیان دەکرد. لە هەر دوو دیو قوربانییەکی زۆریان دا.

ینک، چ لە سەر ئاستی کوردستان، و چ لە دەرەوەی کوردستاندا، سیاسەتێکی گونجاوی لەگەلْ بار و دۆخی سەردەمدا نەبوو. لە بارەی هێزە کوردستانییەکان، خوێنی هەر هەموویانی دەڕێشت و گەرەکی بوو

لە ڕێگەی ڕەهاییدا absolutism، خۆی بکاتە تاکە نوێنەری شۆڕشی ئەو جارە. تاکتیک و ستراتیژیی، لە یەکدی جوێ نەدەکرایەوە. لایەنێکی گرینگی شەڕی براکوژیی بوو.

گەورەترین چەڵەمەیەک، هاتبێتە پێش یێک کارەساتەکەی (هەکاریی) بوو. ڕەشترین پەڵەیەکیش بە تەوێڵیانەوە نووسابێ کوشتارەکەی (پشت ئاشان) بوو.

لە ساڵی ١٩٨٣دا، بێباکانە دەرگەی گفتو گۆی لەگەڵ (خودیی) پەیمانی جەزایەردا کردەوە! بەمەش گورزێکی گەورەی لە خۆی، و لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دا.

پاش پووچەڵبوونەوەی گفتو گۆکەی، بایدایەوە لای ئێران و یەکێک لەو لایەنانە بوو، پاسداری بردەوە کوردستانی بندەستی ئێراق.

# سەرکردایەتیی کاتیی
# پارتی دیمۆکراتی کوردستان - سک

لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول هەندێک لە سەرانی پدک، لە ژێرەوە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنێک کەوتنە خۆ. دوای هەوڵدانێکی زۆر، لە ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٦دا، دامەزراندنی سک ڕاگەیەندرا، بۆ ئەوەی درێژە بە خەباتی پدک، بە شێوەیەکی کاتیی بدا. سەرانی سک، بریتی بوون لە (سامی ئاورەحمان، جەوهەر نامیق، وریا ساعاتی، ئازاد خەفاف، فەلەکەددین کاکەیی، عەولا سالەح، کەریم شەنگاری و هەندێکی دی.)

ڕێبازی سک، لە ڕاستییدا ڕێبازی بارزانیی، بەڵام بە ڕێکخستنێکی پتەوتر بوو. پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەهەشتی ژنراڵ بارزانیی و مەسعوود بارزانیی هەبوو. بەڵام لەگەڵ خوالخۆشبوو ئیدریس بارزانیی نێوانیان خۆش نەبوو و بگرە دژایەتیی یەکدیشیان دەکرد.

سک، بە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی، جارێکی دی نەیتوانی، یا نەیویست سوود لە بەسەرهاتەکاندا وەربگرێ و خۆی لە پاشماوە کۆن و نەریتەکانی دژ بە شۆڕش بپارێزێ. ئەویش وەکو لایەنەکانی دی چارەسەرکردنی هەر شتێکی لە لوولەی تفەنگدا دەدی. بۆیە ئەمیش، لایەنێکی بە هێزی شەڕی براکوژیی Fratricide بوو.

ئەم ڕێکخراوە، لەمەڕ یەکییەتیی هێزە کوردستانییەکان بە نووسین دەیگوت: (بەرەی نیشتمانیی کوردیی، کە جەماوەر کۆبکاتەوە و

سەرکردایەتیی‌ی خەباتی چەکداریی بکا، بابەتیکی زۆر گرینگ و سەرەکییە و ....و....و ئەم بەرەیەش تەنیا دەستەبەرە کە نەهێڵێ دوژمن شەڕی براکوژیی بخاتە ناومان ....و....)

بەڵام بە کردەوە سەلماندیان کە خاوەنی قسەی خۆیان نەبوون. چونکە ئەوانیش لایەنیکی ئاکتیڤی ئەم شەڕە گڵاوە بوون! سک، لە کاتی خەباتی چەکداریدا، توانی خۆی لە بەرامبەر رژێمی ئیراقیٰ راگریٰ و لە سالی ١٩٧٦ - ١٩٧٩دا، دەستی چاکیشی لێبوەشێنیت. لە سالی ١٩٧٩دا، زۆربەی سەرانی سک، لەبەر ناکۆکیان لەگەڵ هێڵی ئیدریس بارزانیی، لە کۆنگرەی ٩ی پدکدا، خۆیان هەڵنەبژارد و ریزی پدکیان بە جیهێشت. پاش دوو سالێک، جگە لە فەلەکەددین و جەوهەر نامیق، گشت سەرانی سک، پارتی دیمۆکراتی گەلی کوردستانیان دامەزراند.

# پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان- پدگک

پارتی گەل، لە رۆژی ۳۰ی ژوولای ۱۹۸۱دا، لە لایەن سەرانی (سک)، لە چەند کیلۆمەتری دەرەوەی شاری (ڤیەننا) لە هۆتێلێک کە لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا بۆ نەخۆشخانە بەکار هێنرابوو، لە ولاتی ئۆتریش، دامەزرا و وەکو پارتێکی نەتەوەیی چەپخواز لەناو جەماوەر هاتە ناسکرن.

پدگک، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، سەرئێشەیەکی زۆری بۆ خۆی لە بەرامبەر پدکدا درووست کرد. لە راپۆرتی راوباریی‌ی کۆنگرەی دامەزراندن، لە ئەلتەرنەتیڤی شۆڕشگێرییدا (البدیل الثوری)، بە ئاشکرا هێرشی کردە سەر هێلی ئیدریس بارزانیی و بە راسترۆی پاشڤەرۆ (یەمینی رەجعی) ناوی برد.(٦٥) ئەمەش پدک و لایەنگرەکانی، زۆر رقەستوورتر لێکرد، و لە هەموو روویێکەوە کەوتنە دژایەتیی کردنی پدگک.

ئایندە سەلماندی کە ئەو سیاسەتەی پدگک لە گەڵ پدکدا بەکاری هێنا، هەڵە بوو و ئەنجامەکەشی بە گران لەسەر خۆی کەوتەوە، و باجەکەی بە خوێنی ژمارەیەک لە سەرکردە و کادیرەکانی دایەوە.

پدگک، ئەگەر هەوڵی دابێ تەسکەرەی پدک بە خەڵکی کوردستان بناسێنێ، خۆی ماندوو کردووە. چونکە سەرانی پدگک، لە شێستەکانەوە تا رۆژی جودا بوونەوەیان، لە گەڵ پدکدا بوون، و دەوری سەرکردایەتیشیان هەبوو، و لە هەڵەکانی پێشنی پدکیشدا بەشدار بوون. بە تایبەتیی سامی ئاورەحمان و بەهەشتی نووری شاوەیس. بەلام، کە جودا بوونەوە و پدگکیان دامەزراند،

سیاسەتەکەیان جۆرێکی دی بوو، و کەم و زۆر وای کرد بۆرە خەڵکەکەش گلەییان لێبکا. (بۆچی تا لە گەڵیان بوون، پیاوی باش بوون، کە لێیان جودا بوونەوە، بوونە یەمینی رەجعی.)

ئەم هێرش کردنەی پدگک بۆ سەر پدک، لە راپۆرتی راوبارییاندا، لە گەڵ لاپەرەی ٢٦٥ لە هەمان راپۆرتدا، کە بڕیاری شەشەمی کۆنگرەکەی بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و بڕیاری هەفتەمی بۆ کۆنگرەیەکی سەرتاسەری کوردستانی تەرخان کردبوو، یەکدی نەدەگرتەوە. چونکە لەو بڕیاراندا، پدگک، داوای تەبایی و هاوکاریی تەواوی پارتەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی دەکرد، کە پدکیش یەکێک لەوان بوو.

لە ساڵی ١٩٨٣دا، کە پێشمەرگەکانی پدگک، بۆ درێژە پێدان بە خەباتی چەکداریی چوونەوە کوردستان. پێشمەرگەکانی پدک، لە (سەنات) هاتنە سەریان، و بوو بە تەقو تۆق و لە ئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگەی هەر دوو لا بە دەستی یەکدی، بۆ مەرامی تەسکی سەرکردەکان هاتنە کوشتن. بەهانەی پدک ئەوە بوو کە (جەماعەتا سامی) بە بێ پرسی وان هاتینە کوردستان. ئەو کارەی پدک بوو بە هۆی نارەزایی پارتە کوردستانیی، ئیراقیی، و ناوچەییەکان. جەماوەری کوردیش لە ئۆروپا و ئەمریکا بە نووسین و راسپاردن بێزاریی خۆیان بەرامبەر بەم کردەوەیە دەربڕی.

ئەم رووداوە بۆ پدگک، کارەساتێکی گەورە بوو. ئەو هێزە پێشمەرگە چکۆلەیەی هەیبوو لە یەکدی ترازا و پەرت و بڵاو بۆوە.. عەولاَ ساڵح، کە پلەی پارتێتیی لە دوای سامی دەهات، پاش بەسەرهاتی سەنات چووە ئۆروپا و لەوێش گەڕایەوە ئیراق، و خۆی دایەوە دەستی رژێمی شۆڤێنیزم. ئەمەش بۆ خۆی و بۆ زڕاندنی ناوی پدگک، زیانێکی زۆری هەبوو!

دوژمنایەتیی‌ی پدک، لەگەڵ پدگکدا زۆر ئەستوور بوو. پدگک، تیگەیی کە هیچ ریگەیەکی لەبەردەمدا نەماوەتەوە، جگە لە گۆڕینی سیاسەتی خۆی نەبێ. ئەنجا هەڵوێستی خۆی لەمەڕ پدکدا گۆڕی و (یەمینی رەجعی) لە بلاوکراوەکانی پدگکدا بوو بە (ئەجلای زەعیم بارزانیی.) ئەمەش سیاسەتیک بوو کە دەبوایە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە سەری رۆیشتبا.

پدگک، بۆ قایلکردنی پدک، بۆ ئەوەی ریگەی پیبدا بگەڕیتەوە کوردستان کەوتە کۆششکردن. لایەنە کوردستانیی و هەندێ لایەنی فەلەستینیی و ئیران و هی دیش کەوتنە ناوبژیکردن. دوای هەوڵدانیکی زۆر، چەند هەیڤێک پێشی هەرەس، پدک ریگەی دا، پدگک بنکۆکەک لە هەریمی دهۆک دابەزرێنێ. پاشان پدگک لە کۆنفرانسی یەکەمیان لە مارسی ۱۹۸۸دا و کۆنگرەی دووهەمیان لە مای ۱۹۹۰دا، لە بناخەدا سیاسەتی خۆی لە بارەی پدکدا گۆڕی. ناکۆکی نیوان پدک و پدگک، هیچ کاتیک ریگەی بە پدگک نەدا، وەکو پێویستە وا خەباتی چەکداریی بکا.

پدگک، جیگەی کۆنفرانسی یەکەمی خۆیان لە کوردستان، ناو لینابوو (قودس) لەوانەیە، ئەو کارەیان بۆ رەزای ئیران، کە وەختێک زۆر بەردی رزگارکردنی قودسی لە سینگی خۆی دەدا. یان بۆ دڵخۆشکردنی فەلەستینییەکان بووبێ. بەلام، بۆ هەر مەبەستێک بووبێ، کاریکی نابەجییان کردووە، چونکە زۆر جیگە، و ناوی میژوویی کوردستان هەن، کە پێویستیان بە زیندووکردنەوە هەیە.

ئەگەر پارتیکی ئیسلامیی‌ی کوردیی، ئەم کارەی بکردایە، زۆر جیگەی گلەیی نەبوو. بەلام، بۆ پارتیکی نەتەوەیی و چەپخواز، جگە لە سیاسەتیکی نائۆبژێکتیڤ و بێئەنجام، شتیکی دی دەقەبەڵ ناکرێ.

پدگک، لەگەڵ ئەوەی بە قەوارە بچووک بوو، و لە دۆخیکی ناسک

و ناخۆشدا دەژیا، لیٚ، بە گوێرەی توانای خۆی هەوڵی دا شەڕی کوردستان و ڕژێمی ئێراق، بە جەنگی ئێراق - ئێران نەبەسرێتەوە و جەنگی ئەم دوو وەڵاتەش نەگوێزرێتەوە کوردستان. لە لایەکی دی، ملی بۆ سیاسەت و داخوازی ئێرانیش کەچ نەکرد کە پاسدار لە گەڵ خۆیدا بیاتەوە کورستانی بندەستی ئێراق.

# پارتی سوشیالیستی کورد - پاسۆک

پاسۆک، بەشێکی دابڕاو، لە کۆمەڵەی ئازادیی و ژیاندنەوەی کورد، (کاژیک)ە. لە ١١ی سێپتەمبەری ١٩٧٥دا، لە شاری کەرکوکێ هاتۆتە دامەزراندن. لە سەرەتادا ناوی (پارتی سوشیالیستی نەتەوەی کورد) بوو. بەڵام لە ١١ی سێپتێمبەری ١٩٧٦دا، بە پارتی سوشیالیستی کورد) و پاشانیش کورت کرایەوە، و بە (پاسۆک) لە لایەن جەماوەر هاتە ناسکرن.(٦٦)

پاسۆک پارتێکی نەتەوەیی رادیکاڵە، یان بە واتەیەکی دی نەتەوەخوازێکی گۆشەگیرە. تەنێ خۆی بە نوێنەری بیری نەتەوەیی دادەنێ. لەو گۆڕانکاریانەی لەسەر گۆڕەپانی خەبات روویداوە، پاسۆک، جارێک سیاسەتی بە لای پدک و جارێکیش بە لای ینکدا کەوتۆتەوە.

پاسۆک، هەمیشە بە ژمارە کەم بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، شەڕی چاکی دژی رژێمی داگیرکەری ئیراق کردووە. کە شەڕی ئیراق - ئێرانیش دەستی پێکرد، پاسۆک هەڵوێستی گرت و خۆی تێکەڵی ئەم شەڕە نەکرد. دەمێ، کە لایەنە قەبەکان ململانێیان بوو لەسەر ئەوەی، داخوا کامیان زێتر خۆیان لە ئێرانێ نزیکتر دەکەنەوە، پاسۆک دووری ئەم سیاسەتە چەواشەیە وەستا و بەو بچکۆلانەیەی خۆی، ستراتیژیەتیی ی خۆی پاراست.

لە پاش مەرگی ئازاد مستەفا، سکرتێری گشتیان، لە ساڵی ١٩٨٩دا، بە دواوە، سەرکردایەتییەکی دیاریکراویان نەبووە.

# پارتی سوشیالیستی کوردستان- پاسک

ئەم ڕێکخراوە سەرەتا بە نێوی (بزووتنەوەی سوشیالیستی دیموکراتی کوردستان) دەستی بەکار کرد. پاشان ناوی خۆیان بۆ (بزووتنەوەی سوشیالیستی کوردستان) گۆڕی. دواتر باڵێکی بنچینەیی لێیان جیا بۆوە.

ئەم بزووتنەوەیە، لە ساڵی ١٩٧٦ تا بەهاری ١٩٧٩، لایەنێکی بەهێزی ینک بوو. وەکو لایەنەکانی‌تری ینک، دەورێکی باشیان لە شەڕی براکوژییدا هەبوو. ڕۆڵێکی گرینگیشیان لە دروستکردنی (کارەساتەکەی هەکاریی)دا دیت.

لە ١٩٧٩دا، لە ینک جودا بوونەوە، بیانووشیان ئەوە بوو کە جەلال تاڵەبانیی، کابرایەکی تاکڕۆیە و دەیەوێ دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێ.

پاش دابڕانیان لە ینک، لە گەڵ (کومیتەی ئامادەیی پدک)دا کە دکتور مەحمود بەڕێوەی دەبرد، و (شەمسەددین موفتی و قادر جەباریی) یەکیان گرت و لە بەرواری ١٩٧٩/٨/٨دا، (پارتی سوشیالیستی یەکگرتووی کوردستان)یان دامەزراند.(٦٧) پاشان لە کۆنگرەیێکیان، لە ١٩٨١/٥/١٢دا، (یەکگرتوو)ەکەیان لابرد و بوونە (پارتی سوشیالیستی کوردستان).

لەم کۆنگرەیە، وەختێ دکتۆر مەحمود زانی دەنگ ناهێنێ، خۆی هەڵنەبژارد. بە جیابوونەوەی وی، نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگە و کادێری دیکەش جیابوونەوە. لەم کۆنگرەیەدا ١١٤ نوێنەر بەشدار بوون، و

(ڕەسووڵ مامەند) بە سکرتێری گشتیی دەرچوو. پاش ئەم گۆڕانکارییە، پاسک، هێدی هێدی لە پدک نزیک بۆوە لە ساڵی ١٩٨٣دا، بوو بە لایەنێکی گرینگ لە بەنددا، کە پدک تێیدا هێزێکی سەرەکیی بوو. لەگەڵ دوژمنە کۆنەکەیان بوون بە هاوپەیمان و لەگەڵ هاوپەیمانەکەی پێشوویاندا بوونە دوژمن.

پاسک، هەڵوێستێکی دیاریکراوی نەبوو. لە ئاستی ناوەوە، لایەنێکی گرینگی شەڕی براکوژیی بوو. لە ئاستی دەرەوەش، یەکێک لەو هێزانە بوو، دەستتێکەڵی ئێران ببوو، و ڕۆڵێکی مەزنی لە بردنەوەی پاسداران بۆ کوردستان بینی.

## پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان - پازک

پازک، لە لایەن هەندێ لە سەرکردە و کادیرانێ کە لە پاسکدا جودا ببونەوە، لە هاوینی ١٩٨٥دا، بە نێوی ڕێکخراوی (ڕووە و دیموکراتیی‌ی شۆڕشگێڕیی) پاشانیش، (پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە لایەن جەماوەر ناساندرا.

ئەم پارتە، تا ئێستا هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بزاڤی ئازادیخوازیی‌ی نەتەوایەتیی‌ی خەڵکی کوردستاندا نەدیوە. چونکە گۆڕەپانی خەباتی لێپاوان کراوە و پاسک لێی هاونشتیتە ملان و ڕێگەی پێنادا بەشداری لە خەباتی چەکدارییدا بکا!

## ئاڵای شۆڕش - ئاش

کۆمەڵێک سەرکردە و کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە پاش بەرزبوونەوەی پلەی ناکۆکیان لەگەڵ هێلی (نەوشیروان)، سکرتێری کۆمەڵەدا، لە بەهاری ١٩٨٦دا. سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و پاشان بە نێوی (ئاش) بە جەماوەر ناسێندران.(٦٨)

بەلام،سەرانی ئەم ڕێکخراوە (مەلا بەختیار،پشکۆ،شێخ عەلی) پێش ئەوەی دەست بەکاربن، لە لایەن ینک گیران و دەزیندانێ کران. پاش هەرەسیش،ئازاد نەکران وزۆریش ناجوامێرانەرەفتاریان لەگەڵ کرا.

مەلا بەختیار، تا ماوەیەک لەمەوبەر لە بەندیگەی ینک دابوو. لەم دواییەدا لە پاش گوشار خستنە سەر ینک، لە لایەن جەماوەری کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ئازاد کرا!

ئەم ڕێکخراوەش، لە لایەن ینکەوە ڕێگەی خەباتی چەکداریی لێگیراوە.

# هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و دۆزی کورد

پارتی کۆمۆنیست، لەسەر بنەماگەی مارکسیزم - لینینیزمدا، بە نووسین دانی بە مافی چارەنووسی گەلی کورد، بە هەقی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیش ناوە. لە یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (كفاح الشعب) لە ساڵی ١٩٣٥دا، دانی بە (سەربەخۆیی کوردستان) ناوە. دواتر، لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (القاعدە) لە نۆڤێمبەری ١٩٤٥دا، سەربەخۆیی‌ی کوردستانی خستۆتە دوای سەربەخۆیی بە نێو، راستەقینی ئێراق لە داگیرکەر، و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی‌ی دێمۆکراتیی. لە ساڵی ١٩٥٦دا، پارتی کۆمۆنیست درووشمی (دیموکراسیی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان)ی بەرز کردۆتەوە.(٦٩)

لە لایەکی دی (بەهاددین نووری) کە تا ساڵی ١٩٨٣، یەکێک بوو لە ئەندامانی سەرکردایەتیی‌ی پارتی ناوبراو، لە رۆژنامەی سەردەمی نوێ - ژمارە ٥٢دا، لە نامیلکەی (هەڵەی رێکخراوە سیاسییەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد)دا دەبێژێ (هەتا فێبریوەری ١٩٤٥، پارتی کۆمۆنیست، هێشتا لە دۆزی کورد لە کوردستانی ئێراق نەگەیشتبوو، ئەوەی لا روون نەبوو کە کوردستانی ئێراق نیشتمانێکە و خاوەنەکەشی گەلی کوردە و دەبێ دان بە مافی چارەنووسی ئەم گەلەدا بنرێ. بۆیە لە یەکەم بەرنامەی کۆنگرەی حیزبدا لە فێبریوەری ١٩٤٥دا، تەنها مافی یەکسانی بۆ کورد تۆمار کرا، وەک مافی

ئەرمەنییەکان یان ئاشوورییەکان....پاشان لە بەهاری ١٩٥٢دا، مافی چارەنووسی گەلی کورد لە بەرنامەی حیزب تۆمار کرا...)

ئەو هەموو ستراتیژیی گۆڕینەی پارتی کۆمۆنیست لەمەڕ دۆزی کورد ،جەوهەری سیاسەتە ناڕاوەستاوەکەی پارتی نێوبراو پتر دەسەلمێنێ.

لە پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ، پارتی کۆمۆنیست بە تواناترین پارت لە تەواوی ئێراقدا بوو. لە راستییدا هەر بە ناو حوکمی ئێراقی نەدەکرد، ئەگەرنا دەستێکی درێژی لە دەوڵەتی قاسمدا هەبوو.

کە شۆڕشی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی ی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی ی پدک دەستی پێکرد، پارتی کۆمۆنیست دژی وەستاو بە (شەڕی گڵاوی باکوور) نێوی برد. لە هەمان کاتدا داواشی لە دەوڵەتی قاسم دەکرد بە ئاشتیانە چارەسەری دۆزی کورد بکا.(٧٠) ئەم هەڵوێستەی پارتی کۆمۆنیست، لە هەڵوێستی ئێستای دەوڵەتی ئیسرایل لە بارەی چارەسەرکردنی دۆزی فەلەستین دەچێ. ئیسرایلیش لە وەختێ دژی ڕێکخراوی ئازادیخوازیی ی فەلەستینە، کە لە لایەن گەلی فەلەستین ڕەوایەتی پێدراوە. ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ کە لەگەڵ فەلەستینییەکانی دیدا روونیشێ!

پارتی کۆمۆنیست، بە هاسانی لە سەردەمی قاسمدا دەیتوانی حوکمی ئێراق بگرێتە دەست، کە ئێستا مێژووی گەلانی ئێراق ڕێچکەیەکی تری دەبوو. ئەمەی نەکرد، چونکە سیاسەتی ئەو کاتی کەرەملین ئەوە بوو دڵی (زەعیم) سەخڵەت نەبێ.

لەکودەتا ڕەشەکەی بەعسیکان لە ١٩٦٣/٢/٨دا، زەعیمیش گوللەباران کرا، و ژێنۆسیدی کۆمۆنیستەکانیش دەستپێکرد. ئەنجا کۆمۆنیستەکان لە لاوازترین هەڵوێستەوە بەشداریان لەشۆڕشدا کرد و چوونە پەنای (شەڕەگڵاوەکەی باکوور!) بەڵام، بەهاتنی

کۆمۆنیستەکان بۆ کوردستان، لەزۆر بوار یارمەتیی‌ی دەوڵەتە سوشیالیستەکان بۆ شۆڕش زێتر کرا.

لە پاش هەوڵدانەکانی (سەلام عارف) بۆ خۆماڵیکردنی (التأمیم) نەفت، دیسان ناکۆکی کەوتە نێوان سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش و پارتی کۆمونیست. پدک، دەیگوت (خۆماڵیکردنی نەفت شتێک لە سرووشتی دیکتاتۆریی و کۆنەپەرستیی و فاشیستانەی رژێمدا ناگۆڕێ.) لێ، پارتی کۆمۆنیست، ئەم کارەی عارفی بە گەڕانەوەی رووی گەشی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ لە قەڵەم دەدا. ئەم هەڵوێستەش، دیمەنێک بوو لەو سیاسەتە راڕایەی کە پارتی کومونیست گرتبوویە بەر. هەروەها پارتی کۆمۆنیست، لەو ماوەیەدا وازی لە درووشمی ئۆتۆنومیی بۆ کوردستان هێنا. بەهانەشی ئەوە بوو کە سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش رێککەوتنێکی تاکتیکی لەگەڵ عارف کردووە، و داوای ئۆتونومیی نەکردووە.(٧١) ئەوە لە کاتێ پارتی کۆمۆنیست چاک دەیزانی کە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ خۆی، بۆ وەدەستهێنانی مافە دیموکراتیی و نەتەوایەتییەکان بۆ خەڵکی کوردستان بوو.

پاش ئەوەی رژێمی عارف، لە ساڵی ١٩٦٥دا، بە توندی کەوتەبەر دژایەتیکردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان، بە تایبەتیی پارتی کۆمۆنیست، ئەنجا کۆمۆنیستەکان بە درووستی بەشدارییان لە شەڕدا کرد و لە ئیزگەی (دەنگی گەلی ئێراق)پشتگیرییان لە شۆڕشی کوردان کرد.

لە ١٩٦٧/٩/١٧دا، پارتی کۆمۆنیست لە ناو خۆیدا بوو بە دوو بەش. بەشە جیابووەکەی بە (سەرکردایەتیی‌ی نێوەندیی) ناوی دەرکرد. پارتی کۆمۆنیستیش بە (لیژنەی نێوەندیی) دەناسرا.

سەرکردایەتیی‌ی نێوەندیی، سیاسەتی راڕایی نەبوو. زۆر بە توندی

دژایەتی رژێمی ئێراقی دەکرد. هەر ئەوەیش بوو راپەڕینەکەی (اهوار)ی هەڵگیرساند. سەبارەت بە دۆزی کوردیش، لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٨دا، لە بن سەردێڕی (لەبارەی دۆزی کوردی ئێراقدا) گوتی (گەلی کورد لە ئیراقدا بەشێکە لە نەتەوەی کورد، کە لە خاکی کوردستانی دابەشکراودا دەژی و مافی رەوای خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی، کە مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌ی سەربەخۆی یەکگرتووش دەگرێتەوە.)(٧٢)

لە ساڵی ١٩٧٢دا، ناکۆکی کەوتە نێوان پدک و پارتی کۆمۆنیست. سیاسەتی سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش، بەرامبەر کۆمۆنیستەکان سرووشتێکی چەوتی گرتە خۆ. هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە شۆڕش بەرەو رۆژاوا دەڕۆیشت و بە هێزی عەسکەریی‌ی خۆیشی دەنازی. ئەمەش بوو بە سۆنگەی لە یەکدی دابڕانیان، و لە ئاکامدا زیان بە هەر دوو لایان کەوت. پارتی کۆمۆنیست گەڕایەوە بەغدا، و ساڵی ١٩٧٣، لە گەڵ رژێمی عەفلەقیی (بەرەی نیشتمانیی) دامەزراند. دوو کورسیشیان لە شالیارێتیبدا وەرگرت و لە سەر ئەم خاڵانەش لەگەڵ رژێمدا رێککەوتن:

١- دان‌نان بە سەرکردایەتیکردنی پارتی بەعس لە بەرەدا.

٢- هەڵوەشاندنەوەی هەموو رێکخستنێکی کۆمۆنیستیی لە ناو سوپادا.

٣- رازیبوون بە حوکمی ئێعدام بۆ هەرکەسێ، جگە لە ئەندامانی پارتی بەعس، ئەگەر لە سوپادا کاری راوپاریی بکا.

٤- هەڵوەشاندنەوە و سڕکردنی هەموو رێکخستنێکی پیشەیی و دێموکراتیی، وەکو:یەکیەتیی‌ی گشتیی‌ی قوتابیان، یەکیەتیی‌ی لاوانی دێموکراتیی، پێوەندی ئافرەتانی ئێراق،هەموو نەقابە کرێکاریی و پیشەییەکان، بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندیی رژێمدا تەواو بێ.

پاشان پارتی کۆمۆنیست، بە کردەوە بەشداری لە هەموو هەنگاوەکانی رژێم بۆ لەناوبردنی پاشماوەکانی رێکخستنی (سەرکردایەتیی‌ی نێوەندیی)دا کرد. لە ساڵی ١٩٧٤دا، لەسەر داوای بیرۆی راوێژی، چەک و تەقەمەنییەکی زۆر، کە بریتی بوون لە چەکی رێز و ئۆتوماتیک، تۆپ و نارنجۆکی دەستی، بۆ حاڵەتی هێرش بردن و بەرگریی کردن و چەندین ئۆتۆمۆبیلی عەسکەریی لە رژێم وەرگیران و کە شەڕ لە نێوان رژێم و شۆرشی کوردان دەستی پێکردەوە، چەکدارەکانی پارتی کۆمۆنیست، لەگەڵ لەشکری داگیرکەری ئێراقدا لە یەک سەنگەر بە دژی بزاڤی رزگاریخوازیی‌ی نەتەوایەتیی‌ی خەڵکی کوردستان دەجەنگان! (٧٣)

دوای زیان و ماڵوێرانیی و قوربانیدانێکی زۆر، لە لایەن گەلی کورد و بزووتنەوەکەی، لە گەڵ مۆرکردنی پەیمانی جەزایەر و گەڕانەوەی سەددام حوسێن بۆ بەغدا، بانگهێشتنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی‌ی بەرە بۆ روونکردنەوەی ئامانج و ئەنجامی پێکهاتنەکە کرا. پارتی کۆمۆنیست، بایەخێکی زۆری بەم کۆبوونەوەیە دا و (عەزیز محەمەد، زەکی خەیری، کەریم ئەحمەد، عامر عەولا، رەحیم عەجینە، و مەهدی حافیز) لە لایەن پارتی نێوبراودا بەشدارییان تێدا کرد. پاش ئەوەی سەددام چلۆنایەتیی‌ی کارەکەی روون کردەوە، سەرانی کۆمۆنیستەکان، ئەوەندە بەم رێککەوتنە خۆشحاڵ بوون، بە ئەندازەیێ کە گەیاندیانە ئاستی پەیمانی (برێنست) و یەکێکیان رووی لە سەددام کرد، و گوتی (بەراستی ئەتۆ مرۆڤێکی گەورەی دەوڵەتی.) (٧٤)

پارتی کۆمۆنیست، لە ساڵی ١٩٧٣ - ١٩٧٩دا، وەکو دەزگەیەکی بەهێزی پڕۆپاگەندە کردن، بۆ جوان نیشاندانی رژێمی شۆڤێنیزمی ئێراق بێپسانەوە لە کارکردن دابوو. لەو ماوەیەدا، بە چەندان کتێب،

نامیلکه، ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەریی درایە پارتی بەعس، و پارتە کۆمۆنیستە عارەبیی، و جیهانییەکان، و ئۆروپای خۆرهەڵات، و سۆڤیێت، و هەمووی پیاهەڵگۆتن بە شۆڕشگێڕیەتی پارتی بەعس، و بڕوا هەبوون بەوەی کە پێکەوە لەگەڵ پارتی نێوبراودا بناخەی سوشیالیستی دادەنێن، و هەوڵدان بۆ نیشاندانی سەددام بە (کاسترۆ)ی ئێراق بوو.

ئەم سیاسەتەی پارتی کۆمۆنیست، بوو بە هۆی ئەوەی شۆڕش لایەنگرێتی سۆڤێت و وڵاتە سوشیالیستەکان لە دەست بدا، و خۆی لە گۆشەگیرییەکی جیهانییدا ڕەچاو بکا. چوونی پارتی کۆمۆنیستیش بە تەنێ بۆ لای ڕژێمی داپڵۆسینەر، بۆ خۆی هەڵەیەکی کوشندە بوو کە پاشان باجی ئەم سیاسەتە دژوارەی، بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلانی ئێراق دایەوە.

پارتی کۆمۆنیست، بە خەیاڵی ئەوەی سەددام (بە ڕێگەی گۆڕانکارییی ناسەرمایەداریی، ئێراق بەرە و سوشیالیزم دەبا) ڕێککەوتنەکەی شا - سەددامی پەسەند کرد و لە پێناوی سەرکەوتنە مێژووییەکەی ڕژێمی بەعس بە سەر (جەیبی عەمیل)دا کەوتە بانگڕاهێشتن و پاشانیش چاوی لە هەموو تاوانەکانی ڕژێم سەبارەت بە گرتن و کوشتنی کوردان و وێرانکردنی کوردستان پۆشی![٧٥]

پارتی کۆمۆنیست، دووجار چۆتە کوردستان، یەکێکیان لە ساڵی ١٩٦٣دا و ئەویدییان لە ساڵی ١٩٧٩دا، هەرتک جاریش لە لایەن بەعسیکان لێیدراوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، کۆمۆنیستەکان تازە تێگەیشتن کە پارتی بەعس ناتوانێ پێشکەوتنخواز بێ، چونکە تۆێژینەوەیەکی نەتەوەپەرستانەی بەرتەسکی هەدیە.

پاش دابڕانی کۆمۆنیستەکان لە بەرەدا، ئەنجا (پەیمانی مێژوویی جەزایەر)یان کردە (پەیمانی خەیانەت و فرۆشتنی سنوور و خاکی

ولأت) و گەڕانەوە پەنای شۆڕشی کوردان، وبە بزاڤێکی رزگاریخوازیی و شۆڕشگێڕیی نێویان دەبرد. ئەو بزاڤەی کە تا لە گەڵ رژێم بوون بە (بزاڤێکی بەکرێگیراو)یان دەناساند و دوژمنایەتییان دەکرد.

پارتی کۆمونیست، لە ساڵی ١٩٧٩دا، کە چۆوە کوردستان، دیسان نەیتوانی لە سیاسەتە ڕاڕایەکەی پێشان، خۆی رزگار بکا. دەمێ لەگەڵ (بەتند) بوو کە یەک تێیدا هێزێکی سەرەکیی بوو. دوایی لەگەڵ پدکدا، کە لەگەڵ یەک خوێنێکی زۆریان لە یەکدی ڕێشتبوو، (بەتند)یان دامەزراند.

پارتی کۆمۆنیست، بە نووسین داوای تەبایی و دژی ناکۆکی نێوان هێزە کوردستانییەکان دەوەستا، بەڵام لە بواری پراکتیکدا، خۆداتە پاڵی پارتی نێوبراو بە لایەکدا، کە ئەو لایەنە لە گەڵ ئەویدیان دوژمنایەتیی هەبێ، ئەوە بۆ خۆی زەوینە خۆشکردن بۆ درێژەپێدان بە ناکۆکییەکان بوو.

ئەمە جارێکیدی، ئەو سیاسەتەی کۆمۆنیستەکانی وەبیر خەڵکی دێنایەوە (ناکۆکی نێوان دوو هێزی بورژوا، لە بەرژەوەندیی کۆمۆنیزمدا تەواو دەبێ.)

ئەوە لە کاتێ، پارتی کۆمۆنیست دەیزانی کە ئەم دوو پارتە پێش ئەوەی بە تەرازووی ئایدیۆلۆژییەوە هەڵبسەنگێندرێن، دوو پارتی نەتەوەیین و لە پێناوی مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستاندا خەباتێ دەکەن. هوشیاریی و رۆشنبیریی سەرکردەکانیشیان رەنگدانەوەی پلەی رووناکیتیی کۆمەڵگەی کوردەوارین.

پارتی کۆمۆنیست، لەوەختێ کە خۆی بە یەکێک لە بەرپرسەکانی دۆزی کورد دەزانی، دەبوایە خۆی بە هیچ لایەنێک لەسەر حسێبی لایەنێکی دیدا نەبەستێتەوە، و هەوڵی بدابا سیاسەتێکی سەربەخۆ و گونجاو، بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان بەکاربهێنێ.

# دۆزی کورد لە روانگەی سۆڤێتەوە

سیاسەتی سۆڤێت، لە پارچەکانی‌تری کوردستاندا پێوەندی بە بەرژەوەندیی و هەڵوێستی تایبەتیی وان لە گەڵ ئەو وڵاتانەی کورد تێیاندا دەژی هەبووە. شۆڕشی شێخ مەحموود کە لە ساڵی ١٩١٩دا دەستی پێکرد و بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ تا ١٩٣١ درێژەی هەبوو، لە گەڵ ئەوەی شێخ نامەی تایبەتیشی بۆ (لینین) نووسیبوو و داوای یارمەتیی لێکردبوو. نامە و داکاریەکەی شێخ بێوەڵام مانەوە.

لە ساڵی ١٩٢٠ - ١٩٢١دا، ٣٩ هەزار تفەنگ و ٦٣ ملیۆن فیشەک و ٥٤ تۆپ و ٢٠ هەزار ماسکی دژی کیمیایی و زەخیرە و نەفتێکی زۆری کردە خەڵاتی تورکیا!(٧٦)

لە ساڵی ١٩٢٥دا، سۆڤێت پێشقەرەوڵی ئەو وڵاتانە بوو کە پرۆپاگەندەی ژاراوییان دژی شۆڕشی نەتەوایەتیی‌ی شێخ سەعیدی پیران بڵاو دەکردەوە و بە راپەڕینێکی ئایینیی و کۆنەپەرستانە دەیانناساند.

لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولیشدا، سۆڤێت، سیاسەتێکی روون و ئاشکرای نەبوو. لە دەستپێکردنەوەی شەڕیش لە ساڵی ١٩٧٤دا، پسپۆڕە سەربازییەکانی سۆڤێتی، چەک و تەقەمەنییەکانی خۆیان لە کوردستان تاقیدەکردەوە.

لە ئێران، لەبەرئەوەی هەمیشە بنکەیەکی ئەمریکا و رۆژاوا بوو؛ هەڵوێستی سۆڤێت، سەبارەت بە هێزە بەرهەڵستکارەکان، کە کوردیش یەکێک لەوان بوو، ئەگۆڕ بۆوە، و پشتگیرییان لە مافی کوردان کردووە.

له سووریا، چونکه بنکه و هاوپەیمانێکی خۆی بووە، قەت بۆ جارێکیش به خەیاڵی کەسێکدا ناهێ، سۆڤێت ڕەخنەی له ڕژێمی سووریا لەبارەی ئەو بەشەی کوردستان و لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورددا گرتبێ.

پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، جارێکی‌دی باری کوردەکانی سۆڤێت له ئازەربایجان باشتر بۆوە. هەر چەندە ناوچەی بەڕێوەبەرێتیی‌ی کوردستان زیندوو نەکرایەوە، بەڵام له ڕادیۆی ئازەربایجاندا بەشی کوردیی کرایەوە. هەموو ڕۆژێ، کاژمێری ٥ی ئێوارێ، لەسەر شەپۆلی ١٤١. - ١٤١٥ی نێوەنددا، بەرنامەکانی خۆی بلاو دەکردەوە. لێ، دوای کەوتنی کۆمار، دووبارە دۆخی کوردەکانی ئازەربایجان رووە و خراپی گەڕایەوە و بەرنامەکەیان له ڕادیۆدا ڕاگیرا.

له ساڵی ١٩٤٦دا، ڕووداوەکانی ئازەربایجان له باکووری ڕۆژاوای ئێران، له لایەن ستالین دروستکران. له مانگی ئۆگێستی ١٩٤١دا، پاش ئەوەی سۆڤێت و ئینگلستان پێکەوە چوونە ناو ئێران، پەیمانێکیان دەنێواندا واژۆ کرا. لەو پەیمانەدا سەلماندرابوو که بوونی هێزەکانی سۆڤێت و ئینگلستان به مانای داگیرکردنی ئێران نییە. ئەو هێزانەش به هیچ جۆرێک دەست ناخەنه ناو کار و باری نێوەوەی ئێران. ئەو بڕیارنامەیە له ١٩٤٢/١/٢٩دا، له لایەن پارلەمانی ئێراندا پەسند کرا. بەڵام کردەوەی ئاشکرای سۆڤێت له ئازەربایجان و کوردستان، زۆر به ڕاشکاوی بەشێکی ئەم بڕیارنامەیەی ڕەد دەکردەوە!

ئەم کارەی سۆڤێت به خۆڕایی نەبوو. له ساڵی ١٩٤٤دا، که باکووری ئێرانیʼی له بندەستاندا بوو، ئێرانیش ئەوەی نەدەسەلماند. سۆڤێت، له بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئێراندا، داخوازی تایبەتیی

هەبوو، کە دامەزراندنی کۆمپانیای نەفتی ئێران - سۆڤێت بوو.
(قەوامولسەڵتەنە)ی سەرشالیارانی ئێران، لە ١٩٤٦/٤/٤دا، پەیماننامەیەکی دەگەڵ (سەدچیزۆف) باڵیۆزی سۆڤێتدا واژۆ کرد. لەویدا گوترابوو، هەتا ١٩٤٦/٥/٦، هێزەکانی سۆڤێت لە ئێرانێ دەچنە دەرەوە. هەروەها باسی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەفتی ئێران-سۆڤێتیش کرابوو، کە بدرێتە پارلەمانی ئێران بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدا.(٧٧)

شایانی باسە، قەوام، پێشتریش لە مۆسکۆ، بۆ هەمان مەبەست چاوی بە ستالین کەوتبوو.

ئەم کارەی قەوام، تەنێ بۆ خاپاندنی سۆڤێت بوو، ئەگەرنا لەپێشدا لەگەڵ پارلەمان ریککەوتبوو کە تا راوەستانی جەنگ و دەرچوونی هێزە بیانییەکان لە ئێران، مافی دانی نەفت بە هیچ ولاتێک نەدرێ.

قەوام، بەم پەیمانە، توانی سۆڤێتییەکان فریو بدا و کارێکی وا بکا بەبێ ئەوەی دەستیان لە شتێک گیر ببێ، لە مانگی مای هێزەکانیان لە ئێرانێ وەدەر بنێن.

سەبارەت بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سۆڤێت هەر لە بەرایێدا رەزای لەسەر نەبوو. لە ١٩٤٦/١/٢٢دا، پاش ئەوەی سەربەخۆیی کۆمار لە لایەن کوردان راگەیەندرا، لە هەیڤا فێبریوەریدا، دوو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمار، بە نێوی (محەممەد ئەمینی شەرەفی و خەلیلی خەسرەوی) لە تەورێزێ چاویان بە کاربەدەستانی سۆڤێتیی کەوتبوو.

سۆڤێتییەکان، بە توورەیی و پۆزبڵندانە رەفتاریان لەگەڵ کردبوون، کە چما بە بێ ئاگاداری وان، کوردەکان سەربەخۆیی کۆماریان راگەیاندووە، و گوتبوویان گەرەکە قازی محەممەد بۆ خۆی بێتە تەورێزێ.

لەسەر ئەم داخوازییە، قازی چووە تەوریزێ، و لەوێ لە (گرانت هوتێل) چاوی بە (جەعفەری پیشەوەریی)، سەرهەمیا کۆماری ئازەربایجان و (یەرما کۆف) نوێنەری راوباریی‌ی سۆڤێت کەوت. سەرەتا یەرما کۆف، دژی پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی بوو. بەلام، وتو وێژی قازی تا ئەندازەیەکی زۆر رای سۆڤێتییەکانی گۆری و وای لێکردن بە مەرامی کوردەکان قایل بێن و پیشەوەریش، هیچ هەڵوێستێکی نیگەتیڤانە هەڵنەبژێرێ.

لە بنەتاکانی مانگی فیبریوەریدا نزیکەی ٥٠٠٠ قەبزە تفەنگی رووسیی گەیشتە مەهابادێ. هەرچەندە بریار وابوو کە تانک و تۆپیش بە کوردان بدەن. لێ، بە جێی تانک، چەند تانک شکێنێک و ژمارەیەک شووشەی پر لە بەنزین، بە نێوی (کۆکتێل مۆلۆتۆڤ) یان بۆ کوردان هەنارد. ئەم یارمەتییەی سۆڤێتییەکان، هیچ کاتێک شایانی ئەوە نەبوو پارێزگەریی کۆماری کوردستانی پێبکرێ.(٧٨)

هەروەکو لەپێشدا باسمان لێوەکرد، سۆڤێت و ئینگلستان، پێش ئەوەی بچنە نێو ئیرانێ، پەیمانیان دەنێواندا هەبوو کە دەست لە کار و باری نێو خۆی ئیراندا وەرنەدەن. کەچی لە لایەک، بە پشتیوانی سۆڤێتییەکان، کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان، هەرەشەی تێکدانی نەخشەی راوباریی‌ی ئیرانیان دەکرد. لە لایەکی دی، سۆڤێتییەکان، لە دیوی پشتەوەی ئەو کۆمارانە لەگەڵ قەوام خەریکی مامەڵەی نەفت بوون. لێرە رووناکبیری کورد، بۆی هەیە لە خۆی بپرسی:

١- ئایا لە وەختێ سۆڤێت بەڵێنی دابوو تێکەڵی کار و باری نێوخۆیی ئیران نەبێ، چما پشتیوانی ئەم کۆمارانەی کرد؟!

٢- ئەگەر دامەزراندنی ئەم کۆمارانە لە لایەن سۆڤێت، بۆ دڵسۆزیی گەلانی ئازەر و کورد بوو، بۆچی لە ژێرەوە لەگەڵ ئیرانێ بۆ

دامەزراندنی کۆمپانیای نەفتی ئێران - سۆڤێت کە سوودەکەی بە ئەندازەی ٥١٪ بۆ سۆڤێت بچێ، کەوتە سەوداگەرێتیی؟!

٣- ئەگەر نیازی سۆڤێت لە دامەزراندنی ئەم کۆمارانە پاک بوو، چما لە وەختی گفتی وەرگرتنی نەفتی لە قەوام وەرگرت، پشتی تێکردن، و لە کاتی چوونە دەرەوەشی لە ئێرانێ، چکۆلەترین یارمەتیی بۆ بەجێنەهێشتن؟!

٤- ئەگەر مەبەستی سۆڤێت لە دامەزراندنی ئەم کۆمارانە، گوشار خستنە سەر ئێران نەبوو، بۆچی کە دەبوایە بە گوێرەی پەیمانی نێونەتەوەیی لە ١٩٤٦/٣/٢دا، لەگەڵ ئینگلستان پێکەوە ئێران جێبهێڵن، لە ژانیوەری هەمان ساڵدا، ئەو کۆمارانەی لەبەردەم ئێرانێ قیت کردەوە؟!

سۆڤێتییەکان، دوای ئەوەی کەوتنە ناو تەڵەی قەوام، و هیچ ڕێگەیەکیان لە بەردەمدا نەما، جگە لەمەی بە بێ ئەوەی بەرمیلێک نەفتیان وەگیرکەوێ لە ئێرانێ وەدەرکەون، ئەوجا دیسان کەوتنەوە سەرکۆنەکردنی ئێران کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی کورد و ئازەریان پێشێل کردووە.

لە ١٩٦٣/٧/٢دا، کاتێ کۆماری مەنگۆلیای گەلیر، لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێراقی بە ڕەشەکوژیی کوردان تاوانبار کرد، دۆزی کورد خەریک بوو لەسەر ئاستی جیهانییدا بخرێتە ڕوو، و باسی لێوە بکرێ. بەڵام، کێشەکە بە گوشاری مۆسکۆ و بەغدا، لە خشتەکاری ڕۆژانەی ڕێکخراوی ناوبراودا سڕایەوە. ئەمجا مۆسکۆ، بە نۆرەی خۆی دەوڵەتی مەنگۆلیای قایل کرد کە تاوانبارکردنەکەی لە دژی ئێراق وازلێبهێنێ. مەنگۆلیاش، لە ١٩٦٣/٨/١٧دا، سکاڵایەکەی خۆی کێشاوە و شتەکە بۆ هەمیشە بێدەنگی لێکرا.

سۆڤێت، هەموو کاتێک، بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی تەماشای

دژی کوردیی کردووه. هەندێ جار سووکە پشتگیرییەکی لێکردووە. گەلێک جاریش لە دەرەوەی سەرنجی خۆی داناوە.

لە ناو کوردانیش، هەمیشە پڕۆپاگەندەی ئەوە کراوە کە سۆڤێت دۆستێکی ستراتیژیی گەلانی چەوساوەیە کە گەلی کوردیش دەگرێتەوە، و ئەو کوردانەی لەوێ دەژین، هەموو مافێکی فەرهەنگییان پێدراوە.بەلەبەرچاوگرتنی باری فەرهەنگیی کوردەکانی سۆڤێت لەگەڵ ئەو کوردانەی لە ئێراقدا دەژین و بەراوردکردنی چاپەمەنیی کوردیی لەم دوو جێگەیە، دەبینین، لە ئێراقێ، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ - ١٩٦٩دا، یەنێ بۆ ماوەی ٤٩ ساڵ، ٥٤٩ کتێبی کوردیی چاپکراون. بەڵام، لە سۆڤێت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ - ١٩٨٣دا، یەنێ لە ماوەی ٦٣ ساڵ، ٣٠٠ کتێب چاپکراون. خۆ ئەگەر حسێبی کتێبە چاپکراوەکانی کوردیی دوای ساڵی ١٩٧٠ لە ئێراقدا بکەین، ئەوە سۆڤێت هەر زۆر وەدوا دەکەوێ.(٧٩)

جا، لە چاپدانی ٣٠٠کتێب، لە ماوەی ٦٣ساڵ، بۆ سۆڤێتێکی پێشکەوتنخواز و زلهێز و سۆشیالیست چییە، ئەگەر لەگەڵ ئێراقێکی جیهانی سێ و بەعسی شۆڤێنیزمدا بەراورد بکرێ!

پاش جێگۆڕینەوەی ستالینیزم بە پێرسترۆیکا، لە سۆڤێت و وڵاتە هاوکارەکانی ویدا، گۆڕانکاریی رووە و دیمۆکراسیی بۆ چارەسەرکردنی گیر و گرفتەکان دەستی پێکرد. زۆری پێنەچوو دەستکرا بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکانی راویاریی - ئابووریی. وڵاتانی جیهانی سێش، هەریەک بە جۆرێک کەوتنە ژێر کاریگەرێتیی ی پێرسترۆیکا.

(مرۆڤ،پێویستە بە ئازادیی بیر بکاتەوە، بیروڕای خۆی رابگەیەنێ، رەخنە بگرێ و هەڵبژێرێ. گەلان،دەبێ بە ئازادیی لە سەر زەوی خۆیان لە تەنیشت یەکدیدا بە سەربەستیی بژین.)(٨٠)– ئەمانە، گۆرباشۆڤ

وەکو بنەماگە وجیهانبینی خۆی بەجیهانی راگەیاند.

بەلام، ئەم سیاسەتە نوێیە، گەلی کوردیی لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی تێیدا دەچەوسێتەوە، نەگرتەوە.

لە گەڵ تورکیا نێوانی خۆشتر بووە، و پتر لێی نزیک کەوتۆتەوە. نەک هەر لە کورد، بەڵکە چاوی لە تیرۆر و تۆقاندنی کۆمۆنیستەکانیش لە لایەن رژێمی تورکیادا پۆشیووە. هەتا ئێستاش لە راست گێرەشێوێنی مافی مرۆڤ لە سووریادا بێدەنگە. سەبارەت بە ئێراقیش، پاش ئەوەی نێوانیشیان تێکچوو، چەکی پێداوە و پسپۆڕی سەربازیی و بەرهەمهێنەری چەکی کیمیایی بۆ بەغدا هەناردووە. هەوڵی داوە لە ئێرانیش نزیک بکەوێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پارتی کۆمۆنیستی ئێرانی (توودە) وەکو بەردەبازێ بەکار خست. پاشان سیاسەتەکەیان لە لایەن رژێمی خۆمێنی پووچەڵ کرایەوە و توودە تێیدا شکستی خوارد.

ئەو فۆرمۆڵە نادرووستەی سۆڤێت، لەمەڕ هاریکارییان لەگەڵ هەر رژێمێک، بە تایبەتیی لە وڵاتانی جیهانی سێدا، بۆ بەرژەوەندیی بازرگانێتییان، بۆتە هۆی لە نێوبردنی سەدان و بگرە هەزاران ژیان.

بۆ سۆڤێت، کاتێ قسە لە بەرژەوەندیی تایبەتیی بووبێ، هیچ کاتێک گوێی بە بزاڤی کۆمۆنیستی جیهانیی نەداوە.

لە ساڵی ١٩٧٩دا، دەمێ ئەفگانستانی داگیرکرد، پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا لە پشتی و هی ئیتالیا و سپانیا دژی وەستان.(٨١) ئەم کارەی سۆڤێت بوو بە هۆی درووستکردنی سەرئێشە بۆ ئەم پارتانە، چونکە لە ناو پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسادا هەبوو، دژی سیاسەتی داگیرکردنی ئەفگانستان بوو. لە هی ئیتالیا و سپانیاشدا هەبوون پشتگیریی ئەو سیاسەتەیان دەکرد. سرووشتی ئەم هەڵوێستە لە جێگەی دیشدا، رەنگدانەوەی نیگەتیڤی سەبارەت بە

سۆڤێت پەیداکرد.

پاش ئەوەی گۆرباشۆف، سیاسەتی داگیرکردنی ئەفگانستانی مەحکووم کرد، بە هەمان شێوە، سیاسەتی شەرمەزاریشی بۆ ئەو پارتانەی لە داگیرکردنی ئەفگانستان لە گەڵ سۆڤێت بوون، لە بەرامبەر ئەندام و گەلەکانیاندا درووستکرد.

لە زەمانی پێرسترۆیکا، شاری هەڵەبجە، لە لایەن رژێمی فاشیستی ئێراقدا بە چەکی کیمیایی لێیدرا و ۱۵/۰۰۰مرۆڤی کوردیی تێدا شەهیدکرا. کەرەملین، بۆ سەرکۆنەی رژێمی بەغدا دەمی چووە فاق و نوقمەی لێوە نەهات. کاتێ دیتی رۆژاوا (بۆ هەر مەبەستێک بێ) وەدەنگ هاتووە. چاوی لە هەقیقەتی تاوانەکە پۆشی و تەنانەت پاکانەشی بۆ ئێراقێ کرد. لە رۆژی ۱۹۸۸/۹/۱۱دا، رۆژنامەی پراڤدا (هەقیقەت) نووسی (ئەو هەواڵەی، گوایە ئێراق چەکی کیمیایی دژی کوردان بەکار هێناوە، تەنێ لە دەوی چەند کوردێکی هەڵاتوودا وەرگێراوە و بنواشەیەکی نییە.)(۸۲)

کارەساتی هەڵەبجە، هاوکاتی گیرزدەبوونی سێ نەهەنگە بۆرەکەی ئۆقیانووسی سەهۆڵبەندانی باکوور بوو. لەوەختێ ۹ملیۆن دۆلار خەرجی رزگارکردنی نەهەنگەکان بوو. رۆژانە، لەسەریان دەنووسراو لە سەر پەردەی تیلەڤیزیۆنەکاندا نیشان دەدران. بە تایبەتیی لە ئەمریکا و ئۆرووپای رۆژاوادا سەرنجێکی زۆری پێدرابوو، و وەکو کارێکی مرۆڤانەی ئاژەڵدۆستانە پرۆپاگاندەیەکی زۆری بۆ کرا. سۆ ڤێتیش، بە تاڵووکە کەوتە خۆ، و بۆ ئەوەی وێش شتێکی لە شانازیی ئەم پرۆپاگاندەی ئاژەڵدۆستییە وەبەرکەوێ، ئامێرێکی سەهۆڵشکێنی بۆ هەناردن، و رزگارکردنی نەهەنگەکانی هاسانترکرد. لە پاداشی ئەم کارەیدا گەلەک سوپاسی لە لایەن ئەمریکا و ئۆرووپا و رێکخراوە ئاژەڵدۆستەکانی جیهانییدا پێگەیشت.

بۆ سۆڤێت، . . . ١٥ هەزار کوردی بە چەکی قەدەخەکراوی کیمیایی شەهید، و وێرانکردنی شاری هەڵەبجەی . . . ٧٥ کەسیی نرخی ٣ ئاژەڵیان نەبوو، کە شایانی ئەوە بێ لەسەریان وەدەنگ بێ!

لە نێوەوەی سۆڤێتیشدا ١ - ٢ خولەک، زەحمەتیان وەبەر خۆیان دابوو، و لە تیلەڤیزیون، هەڵەبجەیان نیشان دابوو. ئەویش بەم رەنگە (لە جەنگی ئێراق - ئێران، چەکی کیمیایی بوو بە هۆی کوشتنی خەڵکێکی زۆر.)

ئەم خەڵکەش کێ بوون، کێ کوشتنی، لە کوێدا کوژران ؟؟؟ چ باسێکە سۆڤێت خۆی پێوە خەریک بکا!!!!

# دۆزی کورد و رۆژاوا

کوردستان، بە هۆی جێگەی ستراتیژیی وجوانیی و دەوڵەمەندییەکەی، هەمیشە جێ هەڵپە و جێ چاوی زلهێزەکان بووە. بۆ یەکەمجار، وەکوو باسمان کرد، لە سەدەی شازدەهەمدا لە نێوان ئیمپراتۆرێتییەکانی وەسمانیی و ئێرانیی دابەشکرا. پاش کۆتایی پێهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانگیر، دووبارە دابەش کرایەوە.

لە سەدەکانی رابردوودا، ئینگلستان، دەستڕۆیشتووترین داگیرکەری جیهان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و مایەی فیتنەی ئەو ناوچەیە بوو. بە سرووشتی ململانێی لەگەڵ رووسیا، ئێران، و تورکیادا، هەوڵی بەکارهێنانی هەر شتێکی بۆ جێگەخۆشکردنی خۆی لەم کەرتە بەپیتەی دنێ دەدا.

کوردەکان، وەکو نەتەوەیەکی سەربزێو، کە ئامادە نەبوون سەر بۆ ئێران و تورکیا شۆڕ بکەن، هەمیشە کێشەیان لەگەڵ تاران و ئەنکەرەدا هەبوو. هەرکام لەم دوو ئیمپراتۆرێتییەش بە نۆرەی خۆی هەوڵی دەدا دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان بەرفرە و سەقامگیرتر بکا.

زۆر جار ئارەزووی داگیرکردنی زێتری خاکی کوردستان، دەبووە هۆی پەیدا بوونی ئاژاوەیەکی چڕ لە نێوانیاندا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا کاربەدەستانی ئینگلیز و کۆمپانیای West India، بە هۆی هۆزەکوردەکان هەوڵیان دا بگەنە ناوچە. چەندان پشکن و دیپلومات چوونە کوردستان، و لە رێگەی بەڵێن و بەرتیل، ژمارەیەکیان لە سەرۆک هۆزەکوردەکان بۆ لای خۆ راکێشاو زانیارییان لە بارەی هێزی جەنگیی کورد و رێگە و بانەکانی کوردستان کۆ دەکردەوە.(٨٣)

لە ساڵی ١٨٢٠دا، لە سەر داوای فەرمانڕەوای سلێمانی (مەحموود پاشای بابان) ئەفسەری کاربەدەستی ئینگلیز (Rich)، بە لەشکرێکی سەربازیی هێندییەوە گەشتێکی دوور و درێژی بە کوردستاندا کرد. گەشتەکەی ساڵێکی خایاند.

ئینگلیزەکان، بایەخێکی زۆریان بە کوردستانی بندەستی ئێرانیش دەدا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، کاتێک مەشقیان بە لەشکری ئێرانی دەکرد، هەوڵیشیان دەدا دەست بخەنە نێو کار و باری کوردستان. لە ساڵی ١٨٢٩دا، ئینگلیزەکان رایانگەیاند کە تەرقێکی پشکنینیان لە تەورێزەوە هەتا بەندەر بووشەر لێداوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کوردستان هەمرو کاتێک بۆ بە جێهێنانی مەبەستەکانیان ئامادە بێ.

رێبەرە ئایینییە ئینگلیزیی و ئەمریکییەکان، بە چاکی کاری خۆیان بەرێوە دەبرد. ئەمریکا، لەو کاتەدا، هێشتا توانایەکی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێ وڵاتانی ئاسیا داگیر بکا، لە رێگەی بیچمە ئایینییەکان هەوڵی جێخۆشکردنی خۆی دەدا.

لە ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەمدا، دوژمنایەتیی ئینگلیز لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا پتر بوو. ناکۆکی رووسیا و ئینگلستان لە سەر دەست خستنە ناو کارو باری تورکیا و ئێران، توند و تیژتر بوو. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی چالاکی ئینگلیزەکان لە کوردستان زیتر بێ.(٨٤)

لە ساڵی ١٨٤٦دا، ئینگلستان، بۆ ئەوەی پتر دەست بخاتە نێو کار و باری تورکیا، بە بەهانەی ئەوەی (بەدرخان) لەشکری لە سەر نەستۆرییە مەسیحەکان کردووە، بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان کەوتە یارمەتیدانی تورکیا.

لە ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٦دا، کە راپەڕینی کوردان، بە رێبەرایەتیی

(یەزدانشێر)* پەرەی سەندبوو، و ناوچەیەکی زۆری کوردستانی ڕزگار کردبوو. ئینگلیزەکان جارێکی دی بۆ شکاندنی ڕاپەڕینی کوردان پشتگیریان لە تورکیا کرد. لە گەڵ (شێخ عوبێدوڵڵا)ش، سیاسەتێکی درۆزنانەیان هەبوو. تەنیا مەرامیان بەکارهێنانی دەسەڵاتی شێخ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بوو.(٨٥)

ئینگلستان، ڕۆڵێکی سەرەکیی وگرینگی لە دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان وبە زۆر بەستنەوەی پارچەیەکی کوردستان بە ئێراقدا بینی.

دەمی ئینگلیزەکان بەسرەیان داگیر کرد، و بەغدایان گرت، و بەرە و کەرکووک کشان، شێخ مەحموود، بە لەشکرێکی هەزار سوارییەوە هێرشی بردنە سەر. ئەم کارەی شێخ، لە گەڵ بەرژەوەندیی تورکیادا بە دژی ئینگلیزەکان یەکدی گرتەوە. بەڵام، لە ڕاستییدا تەنێ کاریگەرێتیی (ئایینیی) پاڵی بە شێخەوە نا تا دژایەتیی ئینگلیزەکان بکا، ئەگەر نا، تاوانەکانی تورکیا بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، هەمووی لە بەر چاوی شێخ بوون.

پاش بڕانەوەی شەڕ و کێشە، تورکیای وەسمانیی، دیسان دەستی بە ئاغایەتیی خۆی کردەوە و چەند سەرۆک هۆزێکی کوردیان بە بیانووی پڕ و پووچ گوللەباران کرد. تورکەکان، ئەمەیان بۆ لێدانی هەستی نەتەوایەتیی کوردان کرد. ئەو ڕەفتارەی وەسمانییەکان، شێخ مەحموودی زویر کرد، و لە کاتی گەیشتنی لەشکری ئینگلیزەکان بۆ کەرکووک، شێخ نامەیەکی بۆ (ویلسۆن) حاکمی

* یەزدانشێر، بۆخۆی یەکێک بوو لە سەرانی شۆڕشی «بەدرخان» کە پاشان، بۆ ماڵ و مەرتەبە، لەگەڵ تورکان ڕێککەوت، و خەیانەتی لە بەدرخان کرد، و بوو بە هۆی شکەستی شۆڕشەکە. تورکەکان، لە پاداشی خەیانەتەکەیدا، کردیانە والی دیاربەکر. ئەنجا دوای ئەوەی لە مەرامی تورکان گەیشت، بۆ خۆی شۆڕشێکی تری بەرپەرایەتیی خۆی سەرپێخست.

گشتیی ئینگلستان لە بەغدا هەنارد و داوای یارمەتیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لە سلێمانی لە ژێر چاوەدێری ئینگلیزدا لێکرد.

تورکەکان، بەم نامەیان زانی و شێخ مەحموودیان گرت و لە دادگایێ لە کەرکووک، بە تۆمەتی خەیانەت بە وڵاتی عوسمانیی بڕیاری خنکاندنیان دا. بەڵام لە ترسی راپەڕینی لایەنگرانی شێخ، بڕیارەکەیان پووچەڵ کردەوە، و بە جێگەی ئەمە، بە نیازی ئەوەی لە ئایندەدا سوودی لێوەربگرن، بە خەڵات و پارەیەکی زۆر لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٨دا، هەناردیانەوە سلێمانی.

پاش تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانیی، تورکەکان گەلێک دڵنەوایی شێخیان کرد، و دوای ئەوەی نازناوی (نەقیب)یان پێدا، کردیان بە پارێزگەری سلێمانیش. ئینگلیزەکان، ئاگایان لەم رووداوانە هەبوو. ئەم شتانەشیان بە دژی بەرژەوەندییی خۆیان لە ناوچەدا دەزانی. لە ١٩١٩/٦/١٣دا، نوێنەری راوێژکاریی ئینگلیزەکان، لە بەغدایێ، سەبارەت بە تخووبی کوردستان و ئیراق، کە بە گوێرەی بڕیار، دەبوایە پاش جەنگ دروست کرابا، تەلگرافێکی بۆ شالیارێتییی هێندستان لێدا. تێیدا گوتبووی (لەبەر هەندێ هۆی ئابووریی-راوێژیی- ستراتێژییدا، وا چاکە ناوچە شاخاوییە گرینگەکانی سلێمانی، رانیە، کۆیە، زاخۆ، و دهۆک بخرێنە سەر ئیراق. هەولێر، ئاکرێ و مووسڵیش کە هێڵی ئاسنیان پێدا دەڕوا، هەروەها ئامێدیش لە کوردستان جیا بکرێنەوە.)(٨٧)

شێخ مەحموود، ئاگاداری فڕ و فێڵی ئینگلیزەکان نەبوو. بە ناوی پارێزگەری سلێمانی، نامەیەکی دی بۆ ئینگلیزەکان هەنارد و داوای لێکردن، بەبێ هیچ مەرجێک دەتوانن بێنە سلێمانی. ئینگلیزەکان ئەم پێشوازییە بێ گورمرگەی شێخیان بەلاوە زۆر پڕ بایەخ بوو. بەڵێنی

گەلێ شتیان بە شێخ مەحموود دا. ویلسۆن نوێنەری خۆی (مەیجەر نۆئێل) کە ئەفسەرێکی شارەزای خاکی کوردستان بوو هەناردە سلێمانی. پاش هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی، شێخ مەحموود، لە پارێزگەری بوو بە فەرمانڕەوای کوردستان.

مەیجەر نۆئێل، لە شارەکانی تری کوردستانی بە ئێراق لکێندراودا، کەوتە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندەی ئەوەی کە دەیەوێ شارەکوردنشینەکانی دیش بخاتە سەر سنووری حوکمدارێتییەی شێخ مەحموود. ئەفسەری نێوبراو، دۆستی کوردان بوو، بۆیە بیرخەرەوەیەکی لەمەڕ دۆخی کوردان بە ویلسۆن دا. لە بیرخەرەوەکەیدا گوتبووی (ماوەی چوارسەد ساڵە، کورد گیرۆدەی دەستی تورکە و هەموو هەوڵێک دراوە، وەکو گەل نەهێلرێ و بتوێنرێتەوە.)(٨٨)

نۆئێل،زۆری هەوڵدا لەدەوڵەتی ئینگلستان بگەیەنێ، بەهانە بە شێخ نەگرن وکۆششێکی راستەقین بۆ یەکخستنی هەموو کوردستان بکەن.

ئینگلیزەکان، دژی ئەم بۆچوونەی نۆئێل بوون. لەپێشدا دەیانەویست کوردستان بۆ چەند دەوڵەتێکی چکۆلە دابەش بکەن. پاشان وازیان لەو بیرەش هێناو بەدزییەوە بریاری پارچە پارچەکردنی کوردستانیاندا.

کە نۆئێل زانی هیچی بۆ کوردان پێناکرێ و نەشیویست لە سیاسەتی زاڵمانەی دەوڵەتەکەی خۆیدا ببێتە هاوبەش، داوای لە ویلسۆن کرد لە حاکمی سیاسییەی سلێمانی مەرەخەسی بکا. ئەویش بە خۆشحاڵییەوە لای برد و (مەیجەر سۆن)ی لە جێگە دانا.

مەیجەر سۆن، بە پێچەوانەی مەیجەر نۆئێل بوو. بە هیچ جۆرێک حەزی بە کورد و شێخ مەحموود نەدەکرد. هەر لە یەکەمین رۆژ کە چووە کوردستان، دەستی بە دژایەتییکردنی شێخ و پیلان دانانەوە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی وی کرد.

ویلسۆنیش، که ناحەزی شێخ بوو، مەبجەرسۆنی بۆ ئاژاوەنانەوە له کوردستاندا هان دەدا. شێخ، زوو هەستی به سیاسەتی خراپکارانەی ئینگلیزەکان کرد. بەڵام، هەوڵی دا ناکوکی نەکەوێتە نێوانیان.

شێخ مەحموود، به چوونی مەبجەر سۆن بۆ کوردستان، وای لێهاتبوو حەزی به بیچمی ئینگلیزەکان نەدەکرد. لێ، بۆ خاتری بەرژەوەندیی کوردان نەیدەویست زوێریان بکا.

ئینگلیزەکان، سیاسەتی دژایەتیی کردنی کوردانیان درێژە پێدا، کار بە جێگەیێ گەیشت که شێخ مەحموود نوێنەری خۆی بنێرێتە تاران و لەوێ له باڵیزخانەی وڵاتانی دەرەوە، سکاڵا له سیاسەتی ئینگلیزەکان بکا. ئەو کات، ئینگلستان بەهێزترین دەوڵەتی دنیێ بوو، بۆیە سکاڵاکەی شێخ له هیچ لایەنێکدا گوێی پێنەدرا.

شێخ بە ناچاری، کەوتە لەشکر درووستکردن. وەک له لاپەڕەیەکی پێشوو باسمان لێوەکرد، له رۆژی ۱۹۱۹/٥/۲۳دا، به هێزی نەخشەیەکی پێشین که له نێوان خۆی و (مەحموود خانی دزلێ) دارێژرابوو، سلێمانی له لایەن کوردان رزگار کرا.

ئینگلیزەکان، بۆ تۆڵەسەندنەوە بە لەشکرێکی گەورە له کەرکوکەوە هاتن، لەشکری شێخ، ئەوانیشی تێشکاند. ئینگلیزەکان، بۆ کڕینەوەی ئابرووی رژاوی خۆیان، ویستیان به هەر نرخێک بێ چۆک به شێخ دابدەن. بۆ ئەم مەبەستە هەنگێکی عەسکەرییان له مووسڵەوە به فەرماندەیی ژانراڵ (فرایزەر) بەرە و سلێمانی کەوتە رێ.

شێخ بە خۆی و به ٥٠٠ چەکدار له دەربەندی بازیان چاوەڕێی ئینگلیزەکانی دەکرد. له بەرەبەیانی رۆژی ۱۹۱۹/٦/۱۸دا، له ئەنجامی خەیانەتی (موشیری حەمەی سلێمان) که شێخ بۆ خۆی کردبوویە سەرکردەی لەشکری چەمچەماڵ، به چەکی تازە و زۆرەوە دەو ر و پشتیان لێگیرا و له ئاسمانیشەوە فڕۆکە بۆمب بارانی کردن.

شێخ لەم شەڕەدا بە بریندارییی کەوتە دەست ئینگلیزەکان و ٤٨ پێشمەرگەش شەهید و ١٢٠یش زامدار کران.

شێخ لە بەغدا، لە لایەن ئینگلیزەکاندا درایە دادگەیەکی عەسکەریی. لە دادگە، شێخ قەبوولی ئەوەی نەکرد، پارێزەر داکۆکی لێبکا، چونکە دانی بە دادگاکەدا نەدەنا و بە ئاشکرا ئینگلستان و مەیجەرسۆن و ویلسۆنی تاوانبار دەکرد، و بە سۆنگەی ئاژاوە و خوێنڕێژیی دادەنان.

لە دادگە، شێخ، فەرمانی کوشتنی بۆ بڕایەوە. بەڵام، وەک دەپێشدا سەرنجمان بۆ ڕاکێشا، بڕیارەکە بۆ (ڕۆژی مەبادا) گۆڕدرا و شێخ بۆ هیندستان ڕەوانە کرا.(٨٩)

سیاسەتی ئینگلیزەکان، هیچ کاتێک بۆ بەرژەوەندیی کوردان کاری نەکردووە. هەمیشە ناحەزی دۆزی کوردان بووە.

گریمان شێخ مەحموود بە کەڵک سیاسەتی ئینگلیزەکان نەدەهات و شایانی ئەوە نەبوو ببێتە پاشای کوردستان،خۆ نەتەوەی کورد بە تەنێ شێخ مەحموودی تێدا نەبوو. کاتێ ئینگلیزەکان (فەیسەڵ)ناوێکیان لە سووریادا هێنا وکردیانە پاشای ئیراق.ئایا نەیاندەتوانی لەو کوردستانە گەورەیەدا، کوردێکی دی کە بەرژەوەندیی هەرتک لا بپارێزێ پەیدا بکەن؟-دەیانتوانی، بەڵام نەیانکرد، چونکە نەیاندەویست، کوردەکانیش لە سەر خاکی خۆیان وەکو گەلانی تر بژین.

ئینگلیزەکان، بەرژەوەندیی خۆیان لە ناوچە، لە دابەشکردنی کوردستان و تەپەسەرکردنی کورداندا ڕەچاو دەکرد.

ئەمەش ئەو بیر و ڕایە بە درۆ دەخاتەوە، کە گوایە ئینگلیزەکان ویستوویانە شتێک بۆ کوردان بکەن. بەڵام، کوردەکان بۆ خۆیان نالایق بوون!

لە ساڵی ١٩٤٦دا، وەختێ کۆماری کوردستان دامەزرا، ڕۆژاوا،

لەوانە ئینگلستان و ئەمریکا، بوونی ئەم کۆمارەیان بە دڕکی ناوچاوی خۆیان دەزانی. بە تایبەتیی کاتیٚ دیتیان دەستیٚکی رووسیاییشی تیٚدایە، درێخیان لە یارمەتیدانی ئیٚران بۆ نەهیٚشتنی ئاسەواری کۆماری ناوبراو نەکرد!

ئەمریکا، لە دوورەوە سەرپەرشتی ئەو دادگە سەربازییەی دەکرد کە فەرمانی کوشتنی قازیکانی دەرکرد.

شۆڕشی ئەیلوول، پاش ئەوەی لە ساڵی ۱۹۷۲دا، رووی وەرگێڕایە لای ئەمریکا و وڵاتانی رۆژاوا، لە ساڵی ۱۹۷٤دا، کە شەڕی کوردان و رژێمی بەغدا دەستی پیٚکردەوە، ئەمریکا و ئیٚران بەڵێنی گەلەک شتیان بە کوردان دا. لیٚ، پاشان هەر بە ناوبژیکردنی هینری کیسنگەر، پەیمانی جەزایەر بە سەر کورداندا سەپیٚندرا.

کیسنگەر، پاشان نووسی (یارمەتیی دانی ئیٚمە بۆ کوردان بۆ بەرژەوەندییی وان نەبوو. بەڵکوو، بۆ گوشار خستنەسەر رژێمی ئیٚراقی سەر بە سۆڤیٚت بوو.)

دۆزی کورد، هیچ کاتیٚک جیٚمەبەستی چاکەی زلهیٚزەکان نەبووە و هیچ جاریٚکیش لە دیدیٚکی مرۆڤایەتیی تەماشای کیٚشەی کوردییان نەکردووە. بەڵکە، هەر یەکیٚک لەوان، بە نۆرەی خۆی، لە کاتی پیٚویستدا بۆ بەرژەوەندییی خۆی بەکاری هیٚناوە!

# شەڕی براکوژیی - کوردکوشتن

شەڕی براکوژیی، مایەی ماڵوێرانیی، بڕوا ڕەوینەوە و بێهومێدی. لە لایەن سەرکردەکاندا، تەنێ و تەنێ بۆ مەبەستی کەسێتیی و پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتیی هەڵگیرسا.

ئەم شەڕە، لە کوردستانی بندەستی ئێراق، لە نیوەی یەکەمی شێستەکاندا، پاش ئەوەی تاقمەی برایم - جەلال، لە پدک دابڕان دەستی پێکرد. لە گەڵ بەیانی ١١ی ئازار، راوەستا. لە پاش دایسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٦دا، وەکو برینە کۆنەکە بە بنی دایەوە و بە شێوەیەکی ئەپسار هەتا دەور و بەری ساڵی ١٩٨٤، یەنی بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ زۆر گیانی بەرزی سوتاند! لە ساڵی ١٩٦٦ - ١٩٧٠، چوار ساڵیش لەوێ کورد بە دەستی کورددا هاتە کوشتن. بە لێکدانەوە دەکاتە ١٢ ساڵ، کورد لە نێوان شەڕی کورددا کوژراوە.

هەڵگیرسێنەرانی ئەم شەڕە، بە بێگومان، برایم - جەلال و تاقمەکەیان بوون، و لە ساڵی ١٩٧٦دا، کە لە کوردستان جێ‌پێی خۆیان توند کرد، دیسان پاڵەوانێکی دەست ڕۆیشتووی ئەم شەڕە چڵکنە بوون، و وێکڕا لەگەڵ هێزەکانی دی بەرەیەکی بە هێز و قایمی شەڕی براکوژیان پێکهێنابوو.

# فاکتەرەکانی شەڕی براکوژیی

نەفسیەتی توندی کوردەکان، دەکرێ بە هۆیەکی سەرەکییی شێواندنی دۆخی راوباریی دابنرێ،کە ئەوەش پێوەندییەکی راستەوخۆی بە ئاستی فەرهەنگیی وهوشیارییی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هەیە.لە تخووبێکی دی، بەکار خستنەوەی شێوازی خەباتی چەکدارییی کلاسیکیی، سۆنگەیەکی تر بۆ تەقینەوەی شەڕی ناوخۆیی Civil War بوو.

هەندێ هۆکاری تری ئەم تاعوونە کوشندەیە، دەشێن لەم خالانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە.

١- لاوازیی، یان نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتییی مێژوویی بەرامبەر بە ئەرکە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان - ئەمجا لەوێوە،

٢- بینەزموونییی رێبەرایەتییی بزاڤەکە، لەمەڕ تێگەیشتنی رۆحی شۆڕشگێڕیی، و خۆ بەستنەوەیان بە ویشکە تیۆری نەگونجاو بۆ کۆمەڵگەی کوردەواریی.

٣- بە باکردنەوەی کەونە (کا) و هێنانە گۆڕێی هوردە حسێبەکانی رابردوو. هەوڵدان بۆ پاککردنەوە و بەرامبەربوون، و بگرە تۆڵە سەندنەوەش.

٤- تێکدانی شیرازەی هێمنایەتییی ناو چەپەری بزاڤەکە، و بەرزکردنەوەی درووشمی جامبازانەی راوباریی بۆ خەڵەتاندنی بیری سادە و کۆکردنەوەیان لە دەور و بەری خۆیاندا.

٥- دەرکردنی تەسکەرەی نیشتمانیی لە لایەن هەر یەکەیان بە

جودا، و ڕەدکردنەوەی ئەوی دیبان.

٦- تاوانبارکردنی یەکدی بە هەبوونی پێوەندی گومانلێکراو بە لایەنی دەرەکیی، یان ژوورەکیی.

٧- شلبوونیان لە بەرامبەر لایەنی سێ (ئێران) و ڕێگەپێدانی، بۆ خۆخزاندنە ناو بزاڤەکەوە و بە کارهێنانی بۆ مەرامی خۆی. ئەمەیان زیانێکی زۆری بۆ سووک نیشاندانی بزاڤەکە لە سەر ئاستەکانی ناوەوە و دەرەوەدا هەبوو.

هەوەسی پێشڕەوایەتیی سەرکردەکان، گەماریی، خوو و ڕەوشت نزمیی، و بێ بڕوایێکی وای خستە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریی کە بە بێگومان بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ ماکی لە سەر ویژدانی مرۆڤی کورددا ون نابێ!

لە ساڵی ١٩٧٦دا، کە سک و ینک، شەڕیان لەگەڵ ڕژێم دەست پێکردەوە، لە بەرامبەر یەکدیش کەمتەرخەمیان نەدەکرد. لە کێندەرێ بۆیان بلوابایە گۆڕیان بۆ یەکتری هەڵدەکەنی.

هەر سکرتێرێ، لە لای خۆیەوە، لەسەر سەکۆیێ، فتوای دەدا و خەزای شەڕی براکوژیی پیرۆزتر دەکرد. هەر لە ١-٢ ساڵی هەوەڵێدا، ژمارەیەک لە کادێر و پێشمەرگەکانی هەرتک لا بەدەستی یەکدی هاتنە کوشتن. لەوانە (برایم عەزۆ، حەسەن خۆشناو، عەزەت شەنگاری و هەڤاڵەکانیان) لە لایەن سکییەکان کوژران. ڕقی براکوژیی، تا دەهات ئەستوورتر و قایمتر دەبوو. بە گوێرەی تێڕامانی تەسکی خۆیان، دەبوایە لایەنێک ئەوی دیبان دەنێو ببا. ینک، لە ١-١٩٧٨/٦/١٩دا، بە هێزێکی پتر لە ...١کەس، بە سەرکردایەتیی (عەلی عەسکەریی، خالید سەعید و حوسێن بابە شێخ) بە نێوی وەرگرتنی ئەو چەکانەی لە سووریاوە دەیانهێنن، بەرە و هەکاریی وەڕێ کەوتن.

ئەم کارەی یەک، پاش شەهید بوونی ئارام لە ۱۹۷۸/۱/۳۱دا، بە چەند مانگێک، و زاڵبوونی جەلال تاڵەبانی بە سەر یەک بە هەموو باڵەکانییەوە بوو.

کە پێشمەرگەکانی یەک، گەیشتنە ئەو هەرێمەی سکییەکانی لێبوو، بێدرەنگ شەڕێکی قورس کەوتە نێوانیان و ژمارەیەک پێشمەرگەی ئازا، لە هەرتک لادا هاتنە کوشتن.

یەک گرەوی ئەم شەڕەی دۆڕاند و (حوسێن، خالید، عەلی) پاش ئەوەی ئێخسیر کران، لە لایەن سکدا کوژران.

جێگەی باسە، کە سک نەیدەتوانی بە تەنێ بەرینگاری هێزی چەکداری یەک ببێتەوە، چونکە لە رووی چەندایەتییەوە زۆر لە هێزی وان کەمتر بوو. لێ، سک، بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ خێڵی (شێخ مووس) لە کوردستانی بندەستی تورکیادا، توانی دەستی خۆی لە یەک بوەشێنێ! رێککەوتنیشیان لەگەڵ شێخ مووس ئەوە بوو (سەربزمە - چەک بۆ وە).

لەو شەڕەدا، کە یەک ناوی لێناوە (کارەساتەکەی هەکاریی)- بەراستیی بۆ وان کارەساتێکی دژوار بوو، هێزی چەکدارییان بە رێژەیەکی زۆر دابەزی و قەبارەیان زۆر بچووک بۆوە.

دوای ئەم پێشهاتە، یەکییەکان کەوتنە پڕوپاگەندە کردن، گوایە پێشمەرگەکانیان چووبوون چەک بێنن، بەڵام سکییەکان چوونەتە سەریان و شەڕیان پێفرۆشتوون! ئەوشێروان مستەفا، بەو بۆنەیەوە کتێبچەیەکی بە نێوی (کارەساتەکەی هەکاریی) نووسی، و لە وڵات، ئۆرووپا و ئەمریکادا بە شێوەیەکی بەرفرە بڵاویان کردەوە.

لەوێدا نووسەر، هەوڵی داوە بێگوناهی خۆیان بۆ جەماوەر روون بکاتەوە، و ئەوها نیشان دەدا کە مەرامی شەرکردنی هیچ لایەنێکیان نەبووە و تەنێ بۆ هێنانەوەی چەکەکانیان چووبوون.

کتێبچەکەی نەوشیروان، نەیتوانی لە ناو جەماوەر زۆر کاریگەر بێ، چونکە هەتا ئەڵئانەکانیش هەندێ پرسیار لە ناو مێشکی وەڵاتپارێزانی کوردستان، لەمەڕ ئەم رووداوە بێوەرام ماوەنەتەوە. لەوانە:

١- ئەگەر یەکێتییەکان، نیازی چەک هێنانەوەیان هەبوو، بۆچی لە هەوارگەی سکییەکان بارگەیان هێنخست؟

٢- بۆچی . . . ١کەس بۆ هێنانەوەی چەکەکان چووبوون؟

٣- بۆچی ئەو سەرکردانە (عەلی، حوسێن، خالید) بۆ چەک هێنانەوە چوون. کاروانی چەک هێنانەوە دەکرێ لە رێگەی چەند پێشمەرگەیەکی بڕوا پێکراو ئەنجام بدرێ؟!

٤- بۆچی ئەو سەرکردانە (رەسووڵ مامەند، قادر عەزیز و دکتۆر مەحموود) لە گەڵ عەلیوان نەچوون؟!!

ئەم پرسیارانە، بۆ خۆی مرۆڤ لە هەقیقەتی کتێبچەکەی نەوشیروان دەخاتە گومان. چونکە ئەگەر هەقیقەت ئەوە بووبێ کە ئەوان چوونە چەک بهێننەوە، ئەو هەقیقەتە لەوەش واڵا نەبوو کە پاش چەک هێنانەوەیان لە ناوچەدا دەمێننەوە و بنکە دەکەنەوە. لە گەڵ ئەوەی دەیانزانی ئەم ناوچەیە بە هۆی نەخۆشی فیکریی لە لایەن سک پاوان کراوە. کە واتە دەیانزانی تووشی شەڕی براکوژیی دەبن!!

بەهەشتی نووری شاوەیس، لە هاوینی ١٩٨١دا، لە کۆڕێک، پرسیارێکی لە مەڕ کوشتنی عەلیوان لێکرا، گوتی (لە لەندەن، سەرەتاکانی مانگی شەش بوو، رۆژێکیان عەمەر دەبابە، هاتە لامان و گوتی «هێزێکی گەورەی مە بە سەرکردایەتیی کاک عەلی، کاک دکتۆر خالید، کاک حوسێن بابە شێخ، چۆتە سەر ئێوە "سک". گەرەکە بە بێ خوێن رشتن خۆتان بدەنە دەست».

شاوەیس درێژەی بە ئاخافتنەکانی خۆی دا و گوتی - ئێمە شڵەژاو و

دەستپاچە بووین و گەلەک تکامان لە کاک عەمەر کرد کە پێکەوە دابنیشین بۆ ئەوەی چارەیەکی ئاشتییانە پەیدا بکەین. بەڵام، کاک عەمەر گوێی لێمان نەگرت. ئێمەش چەند رۆژێک بە سەخڵەتیی کاڤان ئاوا کرد. تا رۆژێکیان عەمەر هات و گوتی «ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن» ئەنجا گوتی «هێزەکەی مە گەیشتۆتە ویندەرێ و لە لایەن سک شکێندراوە و کاک عەلی، کاک خالید، و کاک حوسێنیش بە زیندوویی کەوتوونەتە دەست وان».

شاوەیس گوتی: رۆژی دوایی کاک عەمەر هاتەوەلامان و گوتی «ئەوە، کاک برایم ئەحمەد، دەیەوێ بۆ ئازادکردنی کاک عەلی و هەڤالەکانی، بچیتە لای مەلا مستەفا لە ئەمریکا. بەڵێنیشتان پێدەدەین، ئەگەر کاک عەلیوان ببەخشن، ئێمە بە هەر شتێکی ئێوە بتانەوێ ئامادەین».

شاوەیس گوتی، ئەزیش بە تیلەفون پێوەندیم لەگەڵ بارزانییدا کرد، و ئاخافتنەکانی عەمەرم پێگوت.

بارزانیی، زۆر لێیان رەنجابوو، و گوتی «ئەز ناخوازم چاوم بە وانە بکەوێ. ئێمە چەند جار لە گوناهانی ئەوانە خۆش بووین. ئەمانە تەمێ نابن، دەبێ بگەنە سزای خۆیان.»)

سامی، پێش بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی پدگک، گەشتێکی ئوروپا و کەنەدای کرد. لە کەنەدا چاوی بە ژمارەیەک لە کوردەکانی ئەمریکاش کەوت کە بۆ دیتنی وی چووبوون.

لە وەرامی پرسیاری چلۆنایەتیی کوشتنی عەلیوان گوتی، (ئەگەر وەکو ئێستا بیرمان بکردبایەوە، نەمان دەکوشتن. بەڵام بڕوابکەن، پێشمەرگەکان لە پێش پێکداهاتندا گوتیان، ئەگەر ئێمە شکستمان خوارد، ئەوە هیچ، ئەگەر سەریش کەوتین، دەبێ سەرانی ئەم هێرشهێنەرانە هەموویان بکوژرێن. ئەوان هاتنە سەر ئێمە. ئێمە

داکۆکیمان لە خۆمان کرد. ئێمە زۆر هەوڵمان دا شەڕ درووست نەبێ. لێ، ئەوان گوێیان پێنەداین و شەڕیان هەڵگیرساند!)

پرسیاری لێکرایەوە - ئەوان لە لای ئێوە ئێخسیر بوون! سامی وەڵامی دایەوە (بۆچی لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا، کاتێ سۆڤێت ژنراڵ و ئەفسەرەکانی ئەڵمانی لە لا ئێخسیر بوون، ڕزگاری کردن؟ هەمووی کوشتن!)

سامی لە فێبریوەری ۱۹۹۰دا، لە وتو ویژێکی لەگەڵ گۆڤاری (بەرەی کوردستانیی)، ژمارە ۱۷دا، گوتی (نازانم خەڵک چیدەکا، ئەگەر هێزێک سنووری سێ دەوڵەت ببڕێ و هەوڵ بدا تۆ لە ناو ببا!)

فەرمانی کوشتنی عەلیان، وەکو سامیش لە گفتو گۆکەی لەگەڵ گۆڤاری ناوبراودا گوتوویەتی، بڕیارێکی گشتیی بوو!

لەم شەڕەدا، دەیان پێشمەرگە لە هەرتک لادا هاتنە کوشتن. سەرانی هەر دوو لا تێیدا گوناهبارن. عەلی و حوسێن و خالیدیش، گوناهیان هەبوو. ئەوان قوربانی ئەم شەڕە چڵکنە بوون، کە خۆیان دەستیان لە داهێنانیدا هەبوو.

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، لە مهابادێ، جەماوەری کورد، داوای لە سک و ینک کرد کە ئاشت ببنەوە و واز لە شەڕی براکوژیی بێنن. مەلایەکی مهابادێ یەکێک بوو لە ناوبژێریگەرەکان. هەڵوێستی سک نەرم بوو. لێ، جەلال گوتی (تاکو کاک عەلیمان پێنەدەنەوە لەگەڵیان پێکناهێن.)

مەلای مهابادێ گوتی (ئەدی، ئەگەر ئێستاکانێ کاک عەلی لە جەنتەتولەئوا بێ؟!)

دوای ئەوەی سک و ینک، پێکەوە نەگەیشتنە ئامانجێکی بە خێر، جەلال هەوڵی دا جێ پێی خۆی لە ئێرانێ قایم، و جێ بە پدکیش لەق بکا. بەڵام، ئەمەشی بۆ نەچووە سەر. لەوێ بە دواوە، درێژەدان بە

شەڕی براکوژیی بوو! بە تایبەتیی لە سەرەتای هەشتاکاندا. کە هەندێ گۆڕانکاریی لە نێوان پارتەکانی کوردستاندا روویاندا، و دوو بەرەی نیشتمانییی نەتەوەییی دیمۆکراتیی (بەنند) و بەرەی نیشتمانییی دیمرکراتیی (بەند) دامەزران. سەرەتا ینک و پارتی کۆمۆنیست و پاسک لە بەرەی یەکەمدا ئەندام بوون. پاشان پارتی کۆمۆنیست و پاسک جیا بوونەوە و لەگەڵ پدک بەرەی دووهەمیان دامەزراند.

پاش ئەم رووداوانە، کوردستانی بندەستی ئێراق، لە نێوان بەند و ینک دابەشکرا، و کەسێ بۆی نەبوو پێ لە تخووبی ئەویدی باوێتە ژووری.

سیاسەتی ینک، تا ساڵی ۱۹۸۳، و کایەی گفتو گۆیان لەگەڵ رژێمدا، مەودایەکی (Dimension) سەیری هەبوو. لەمەڕ پارتە کوردستانییەکان، بێپرێنگانەوە هەمووی رەد دەکردنەوە. بە رواڵەت دژایەتییی ئێران و تەقەی لە ئێراقیش دەکرد. بە گوتەیەکی دی، ینک لە نێوان سێ گۆشەی هێزەکوردستانییەکان، ئێران و ئێراقدا گیری کردبوو، و تا دەهات سێگۆشەکەی لێچووکەتر دەبۆوە. بەلام، لە ساڵی ۱۹۸۳دا، بە هۆی وتو وێژەکەی لەگەڵ رژێمی ئێراقدا، خۆی لەو تەوقە رزگار کرد.

پدک، لە ٤ - ۱۹۷۹/۱۱/۱۱، لە کۆنگرەی نۆیەمدا، کە سامی و زۆربەی سەرانی سک، جودا بوونەوە. مەسعوود بارزانیی، وەکی سەروک، و ئیدریس بارزانییش، وەکوو پیاوی ژمارە دووی پارتیی دەستیان بە هەڵسووڕاندنی کاری پدک کردەوە و رۆژ بە رۆژیش لە رژێمی ویلایەتی فیقەی ئێرانێ نزیکتر دەکەوتنەوە. خۆ نزیک کردنەوەی وان لە ئایەتۆڵخوداکانی تاران، وەکوو لەپێشدا باسمان لێوە کرد، هاوکاتی راپەڕینی کوردستانی بندەستی ئێرانێ لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکاندا بوو.

ئەو سرووشتە نوێیەی کوردستانی بندەستی ئێرانی، لە ڕەزای پدکدا نەبوو، و هەر زوو زوێری خۆیان بەرامبەر بە پدکا نیشان دا.

چەند چاوپێکەوتنێک لە نێوان پدک و پدکا بە ئەنجام گەیشت. پدکا، دەیەویست پدک بێلایەن لەمەڕ دۆزی کوردەکان لە ئێرانی بوەستێ. دانیشتنەکان بێ ئاکام بوون. پدک لە دژیان وەستا. سەرانی پدک، لە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ سەرانی ژاندارم و دەستڕۆیشتووەکانی شالیارێتیی بەرگیریدا (الوزارة الدفاع) بە دژایەتیی کردنی ڕاپەڕینی کوردەکانی بندەستی ئێرانی ڕێککەوتبوون.(٩٠)

ئەم ڕێککەوتنەی پدک و ڕژێمی ئێران، پاش کۆبوونەوەیەکی دوو لایەنە لە نێوان پدک و پدکا بوو. لەو کۆبوونەوەیە، عەلی عەولا، کە ئێستا جێگری سەرۆکی (پدک)ە، بە نوێنەرانی (پدکا)ی گوتبوو (ئەوەی لە سالانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨دا، بەرامبەر ئێوە کردمان، پەڵەیەکی ڕەشە بە نێو چاوانی مە. ئێمە بەڵێنتان پێدەدەین، کە هەرگیز کارێکی ئەوها لە لایەن مە دووبارە نەکرێتەوە.)(٩١)

لە کاتی ناشتنی تەرمی ژنراڵ بارزانیش لە شنۆیێ، مەسعوود بارزانیی، رووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی (هەتا دەمرین پیاوەتیی‌ی خەڵکی بە شەرەفی شنۆیێ لە بیر ناکەین.) بێگومان ئەم سوپاسمەندییەی مەسعوود بارزانیی، لە ئەنجامی ئەو دڵسۆزیی و قوڕپێوانە بوو، کە خەڵکی ئەم ناوچەیە، بە تایبەتیی خەڵکی شنۆیێ، بە ڕێزدانان بۆ تەرمی بارزانیی لە خۆیاندا نیشان دابوو!

بەڵام لە ٧ی سێپتێمبەری ١٩٧٩دا، کاتێ خەڵکی شنۆیێ بۆ پشتگیری کردنی شۆڕشی کوردستانی بندەستی ئێرانی، خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست، پێشمەرگەکانی پدک بە دەستڕێژێک ٧

هاوولاتییان شەهید و ١١شیان بریندار کرد. یەکێک لە شەهیدەکان منداڵێکی ٧ساڵان بوو. ئەندازیارێک، لە دەمی شەهید بوونی وێنەیەکی بەهەشتی بارزانیی لەباخەڵیٰ دابوو.(٩٢)

کارگەیشتە جێگەیێ، نێوانی هەرتک پارت بوو بە کوشتارگە. بەدەرهێنانی تەرمی بەهەشتی بارزانیی لە ئاخدا، لە رێگەی دەزگەی موخابەراتی ئێراقدا.. بار و دۆخ رۆژ بە رۆژ پەرێشانتر بۆوە. پدک، لەگەڵ پاسداران هێرشی بردە سەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان و ١٢٥ کەسیان لیٰشەهید کردن، و ناوچە ئازاد کراوەکانی (تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ)ی لە بندەستی پدکا دەرهێنا و دایەوە پاسداران. بەمە خەڵکی کوردستانی بندەستی ئێرانیٰ زۆر سەخڵەت و دڵشکاو بوون!

شەڕی براکوژیی لەم پارچەیەشدا بۆ ماوەیەکی زۆر، بوو بە هۆی هەڵوەدایی رێبازی شۆڕش و چەندان مرۆڤی بێگوناح لە هەرتک لادا هاتنە کوشتن.

پدک، لەو دیو تخوویش، لە کاتیٰ هێزی سەرەکیی بەند بوو، لەگەڵ ینک، یەکدییان لە خوێندا دەگەوزاند.

لایەنەکانی بەند بە تێکڕایی، و ینک، سەرقاڵی شەڕی براکوژیی بیوونەوە. گەلەک جاران دوژمنی سەرەکیی لە بیر دەکرا. جاری واهەبوو، پێشمەرگەکانی لایەنێک لە کاتی گەڕانەوەیان لە لێداتی رژێمی ئێراقییدا، کەوتوونەتە ناو بۆسەی لایەنێکی دی، و شەهید و بریندار کراون!

رەفتاری ناجوامێرانەی لایەنەکان بەرامبەر یەکدی، کاریگەرێتییەکی زۆری کردبووە سەر جەماوەری کوردستان. لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، گوند هەبوو پێشمەرگەی فلانە لایەنی نەدەحەواندەوە، هەشبوو دەرگەی لە پێشمەرگەی فیساڵ لایەندا نەدەکردەوە!

ینک، لە بواری عەسکەرییدا، هێزێکی زۆری کۆ کردبۆوە. چیدی

شکەستی هەکاریی پێوە دیار نەبوو. جا هەر چەند هێزی چەکداریی پتر دەبوو. هێندەش جەلال تاڵەبانیی هەوەسی پێشڕەوایەتی زێتر دەبوو! هەوری مەرامی پێشڕەوایەتیی جەلال و ینک، بە ئاشکرا پەڵەی کارەساتێکی دی لێوە دیار بوو!

لە ڕۆژی ۱۹۸۳/۳/۱دا، کوشتاری (پشت ئاشان) بە سەرکردایەتیی نەوشیوان مستەفا جێبەجێ کرا، کە تێیدا دەیان پێشمەرگەی بێگوناهی پارتی کۆمونیست و پاسک شەهید کران. لەم هێرشە دڕندانەیەدا ینکییەکان، دوور لە داب و نەریتی کوردەواریی دەستدرێژییان بۆ سەر نامووسی ئافرەتەکانیشیان کرد!!!!

ینکییەکان، لەمەڕ کارەساتەکەی هەکارییدا، ئەڵێنەکانیش، دەیلێن و دەیلێنەوە کە چۆن لە کاتێ عەلی عەسکەریی و هەڤاڵەکانی ئێخسیر کرابوون، سک کوشتنی؟! ئەدی خۆ پشت ئاشانییەکانیش، ژمارەیەکیان دوای ئەوەی ئێخسیر کران، ئەنجا کوژران. ئافرەتەکانیش ئێخسیر بوون، کە لە لایەن بە نێو پێشمەرگەکانی ینکدا هەتکی نامووس کران!!!!!

پاشان، نەوشیروان، چووە ئێزگەی ڕادیۆکەی خۆیان، بۆ ئەوەی داستانی سەرکەوتنەکەیان، بە جەماوەر بگەیەنێ. دواتر، وتو وێژەکەی ڕادیۆیان، چاپ و بە شێوەیەکی فراوان بڵاو کردەوە. لە بڵاوکراوەکەیاندا نووسرابوو (لەبەر گرینگی باسەکە) بڕیاری چاپکردنی دراوە!!

نەوشیروان، ئەوها دەستی پێکرد - لە بەرەبەیانی ڕۆژی دیاریکراودا، پێشی خۆر هەڵاتن، چیاکانی دەور و پشتیان لە کۆمۆنیستەکان گرتبوو. ئەنجا بە شانازیی باسی قەسابخانەکە دەکا کە چییان بەسەر هێنابوون!

کورد، قەت ئەوەندە خوو و ڕەوشت نزم،، و خوێنڕێژێکی ئاوهایی

نەبووە. دوور لەترادیسزنی ئایینیی و مرۆڤایەتیی، مرۆڤکوژیی و هەتکی نامووسی خەڵک بکا! بۆیە مرۆڤی کورد، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بڵاوکراوەیە، شەرمی لە ویژدانی کورد بوونی دەکردەوە.

پاش ئەم کارەساتە، بەند بۆ تۆڵە سەندنەوە، چۆوە سەر ینک. بەڵام ینک لەوێش دەستی لێوەشاند، و ژمارەیەکی دی لێکوشتن، کە زۆربەیان پێشمەرگە و هەندێ لێپرسراوی پدک بوون.

# شۆڕشی چەواشە

هەر شۆڕشێ، بە بێ خۆبەستنەوە بە تیۆری گونجاو، و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی، سەرکەوتنی سەختە و بگرە مەحاڵە.

شۆڕش، بە مانای گۆڕانێکی بنچینەیی لە ژێربینای پەیکەری راوباریی - ئابووریی‌ی کۆمەڵگەدا، کە گەلەک جار دەگاتە تخووبی راپەڕینی چەکدارانە. ئەمە لە وەختێ کە جەماوەر لە ژێر گوشاری رژێمێکی رەهادا (مطلق) تەواوی ئازادییەکانی راوباریی-کۆمەلایەتیی -فەرهەنگیی، لێدەستێندرێ و میزانی (Standard) ژیانی لاواز دەبێ، لە مانگرتنەوە بگرە تا رێکخستنی رێکخراوە نهێنییەکان خۆی ئامادە دەکا، و لە رێگەی کاناڵە بنحەردەکان هەوڵی هوشیارکردنەوە و راپەڕاندنی خەڵک بۆ خەبات لە دژی ستەمی داسەپیو دەدا.

بۆ خەڵکی کوردستان، کە هێشتا لە قۆناخە سەرەتاییەکانی خەباتی نەتەوایەتیی دایە، و لەناو قەوارە جوداوازەکانی پێنج دەوڵەتی داگیرکەر، ساڵانێکی زۆرە باجی ململانێی وان بە خوێنی خۆی داوەتەوە. سەرەرای دواکەوتوویی‌ی کۆمەڵگەی کوردەواریی، باری جیوراوباریی (Geopolitics)ی کوردستان بۆ خۆی سەرئێشەیەکی زۆری بۆ بزوێنەرانی بزاڤی نەتەوایەتیی درووست کردووە.

کوردستان، وڵاتێکی ئابلۆقەدراو، لە بیرکراوترین نوختەی جیهان، لە پەلترین (عجول) ناوچەی دنێدا هەڵکەوتووە. خەباتی رزگاریخوازانەشی، لە هەر پارچەیەکیدا، بەشێکی دانەبڕاو لە

پارچەکانی دیبە. هەر بۆیەش نەتەوەی کورد لە هەر بەشێکی ولاتەکەیدا ڕاپەڕیبێ، ولاتە داگیرکەرەکانی دیشی لێوەدەنگ هاتوون.

ئەم دۆخە، دەبوایە هەمیشە گۆشەی سەرنجی ڕێبەرانی بزاڤی نەتەوایەتیی بووایە، و بە کردەوە بیانسەلماندبا، مادامەکی کێشەکەیان لە کێشەی خەڵکی دژوارترە، ئەوانیش ئەگەر لە ڕێبەرانی خەڵکی دی هوشیارتر نەبن ناهوشیارتر نین.

لە کاتێ، کۆمەڵگەی کوردەواریی بە کەمی لە ٨٠٪ی نەخوێندەوارە (ئەم ڕێژەیە لە کەرتێک بۆ کەرتێکی دی جیاوازە) پێویست بوو لە سنووری دەسەلاتی خۆیاندا، هەوڵی ڕووناک کردنەوەی خەڵک، بە تایبەتیی ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە بزاڤەکەدا بەشدار بوون، بدەن، شۆڕشی فەرهەنگیی Cultural Revolution، وەکو (بەقین) گەرەک بوو لە پێش شۆڕشی چەکدارییدا دەستی پێکرابایە. کە نەکرا، نە دەبوو لە دەمی خەباتی چەکداریی پشت گوێ بخرێ (مرۆڤی چاوساغ، لە شەوەزەنگدا، بە بێ چرا وەکو کوێر وایە!)

هیچ بزاڤێکی نەتەوایەتیی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، چکۆلەترین سەرنجی بەم بابەتە نەدایە. شۆڕشی ئەیلوول، بوارێکی لە باری بۆ ئەو مەرامە ڕەخساندبوو، بەلام لەبەر ئەوەی سەرکردایەتییی شۆڕش، لە دەرکی گۆڕانکاریی و پێشڤەچوونە کتووپڕەکانی سەردەم بە دوور بوو، هزری بۆ ئەم ئاقارە نەدەچوو!

لە هەر جێگەیێ، ئەگەر بەشداربووانی شۆڕش، پەروەردە و ئامادە نەکرێن و ڕێکخراوە ڕاوباریی - فەرهەنگیی - کۆمەڵایەتییەکان، و هیدی ، بە کردەوە و شارەزایانە دەست بە کار نەکەن، و لە هەمووی گرینگتر، ئەگەر هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاریی لەمەڕ ئەو کەسانەی دەستێکەڵی بزاڤەکەن نەکرێ، ئەم شۆڕشە هیچ کاتێ ناتوانێ پارسەنگێکی ڕەوانی هەبێ.

قسە قەبە و درووشمە رەنگینەکانیش، لە ناوەوەی کتێبیلکۆکەکان وەدەرناکەون! ئیدی راڕایی و بێبەند و باریی و خزم خزمانێ و چەندان نەریتی ناشایست و دژ بە شۆڕش، وەکی کوارگ سەرقیت دەکەنەوە و لەمپەر لە بەرامبەر رەوتی تەواوێتیی‌ی شۆڕشدا درووست دەکەن.

بە تایبەتیی، لە دەمێ شۆڕشەکە دارایی چەند پارتێکی راوباریی بێ، و ئەو پارتانەش کەم و زۆر ناکوکییان دەنێواندا هەبێ، ئەگەر زوو نەخۆشییەکان بە دۆزینەوەی چارەیەک بۆ نابەرابەرییەکانی نێوانیان، چارەسەر نەکەن، شەڕی نێوەخویی، شۆڕشەکە هەڵوەدا دەکا و لە ئەنجامدا بە چۆکانی دادێنێ!

راپەڕینی کوردان، لە هەر وڵاتێ کوردی تێدا دەژی جێمەرامی دەستێوەردانی وڵاتەکانی هاوسێبەر بووە. ئەنجا بە هەر شێوەیەک بووبێ، خزیان لێنزیک کردۆتەوە، و تەنانەت کارێکی واشیان کردووە کە ببنە لایەنێکی گرینگ و بڕیاردەری دۆزەکە!

هەتا ئێستا هیچ شۆڕشێکی کورد نەبووە، جگە لە سەرەتاکانی دەستپێکردنیدا، پشتی بە توانای جەماوەر بەستبێ، و لە سەر پێی خۆی راوەستابێ.

شۆڕشی ئەیلول، کە بارزانیی سەرۆکایەتیی دەکرد، حەمە رەزاشا، بە جامبازی توانی بیخاتە ژێر رکێفی خۆی.

بارزانیی، بۆ خۆی ژانرالێکی کۆماری کوردستان بوو، ئەو کۆمارەی راستەوخۆ لە لایەن هەمان شا رووخێندرا. ئەو شایەی کە داگیرکەری لەتێکی وڵاتەکەمان بوو، و بە هیچ جۆرێک بواری بڵاوکردنەوەی پەیڤێکی کوردیی نەدەدا، و بگرە زەلامیشی لەسەر دەزیندانێ دەکرد. ئەو شایەی کە بارزانیی بە (هەتیوەکەی تاران) نێوی دەبرد.[٩٣] چۆن ئەوها خۆی خستە بندەستی، کە پاشان لە ماوەی چەند رۆژێکدا شۆڕشەکەی لێ بتاوێنێتەوە!

چۆن بڕوای بە ئەمریکا هێنا، کە ئەو کات پتر بایەخ بە دۆزی کورد - تا - بەرژەوەندیی‌ی خۆی لە ئێران و تورکیا و لە ناوچەدا بدا!!!!!

ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی دەزگەیەکی کاریگەرە، کە تێکەڵو پێکەڵی دەکەوێتە نێو یاسای بەڕێوەبردن، و تاکتیک بەسەر ستراتیژی زاڵ دەبێ و (شۆڕشی دژیی) لێوە درووست دەکا.

لە پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٦دا، پارتە کوردستانییەکان، بۆ نیازی پێشرەوایەتیی، پێشرەوایەتییان لە دەنێوبردنی یەکدی دەکرد. بە هێز و توانای خۆیان بێنیان نەدەهات، بۆ لێدانی یەکتری پەنایان دەبردە بەر داگیرکەرانی کوردستانیش.

جەلال تالەبانیی و دکتۆر کەمال فواد، لە کۆتایی حەفتاکاندا، نامەیەکیان بە زمانی ئینگلیزیی بۆ ژنراڵ (کەنان ئیڤرن) کە ئەو کات سەرلەشکری سوپای تورک لە کوردستان بوو، بۆ هاندانی کاربەدەستانی تورکیا دژی سک، نووسی. ئیڤرینیش نامەکەی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی تورکیادا بڵاو کردەوە، و پاشانیش کەوتە خۆگێڤکردنەوە و رمبازی کردن.[٩٤]

ئەم کارەی جەلال و کەمال، هەنگاوێکی تری دژ بە شۆڕش لە لایەن وان بوو، و جگە لە سووک نیشاندانی خۆیان و شۆڕشەکەی ئەمجارە لەبەرامبەردا گیرکەرێکی دڕندەی وەکو تورکیادا، ئەنجامێکی دی نەبوو.

لە بەرواری ١٩٨٣/٥/١٧دا، جەلال تالەبانیی، بە دژایەتیی کردنی پاسۆک و پاسک، نامەیەکی بۆ (اللواء حسن النقیب) نووسی. جەلال لە نامەکەیدا بەوە پاسۆک تاوانبار دەکا، گوایە ئەوان جنێو بە سەرۆک (حافیز ولئەسەد و سوپای قارەمانی سووریا) دەدەن و دوژمنی نەتەوەی عارەبن و ... و .....)

جەلال لە وتو وێژێکی لەگەڵ گۆڤاری (الطلیعة العربیة) لە ژوولای ١٩٨٤دا، لەمەڕ پێوەندی ینک لە گەڵ پدکدا دەبێژێ (پێوەندییەکانی

یەک بە (تاقمی مەسعوود و ئیدریس خراپە و نیشە.) بیانووشی ئەوە بوو، کە تاقمەی مەسعوود سەر بە ئەمەریکا و ئیسرایل و ئێرانن و شەڕ دژی وڵاتی خۆ یشیان «ئێراق» دەکەن.(٩٥)

هەر لەو گفتو گۆیەدا، لەبارەی ئێرانیش دەڵێ رژێمی ئێران رژێمێکی پاشکەوتوو و پەلاماردەرە. ئەوان «ئێرانییەکان» دەیانەوێ بێنە سەر ئێراق وداگیری بکەن وئێمەش هەرگیز بەوەرازی نابین و...و)

لە گوتارەکەشی لە ئاهەنگی نەورۆزی سووورداشدا، هەرەشە لە پارتە کوردستانییەکان دەکا، کە ئەگەر دژایەتیی یەک بکەن (خۆیان تووشی هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار دەکەن) لێ، هەر لە گەڵ بێزرخبوونەوەی وتو ویژەکەیان لەگەڵ رژێمدا، هەر ئەم جەلالە، مەسعوود و تەواوی سکرتێری پارتەکانی دی کردە (برای هێژا و ئوستاد و شۆڕشگێر، و ئێرانیشی کردە پەنا و یاری بە تەنگەوەهاتووی کورد لە رۆژی تەنگانەدا!!!!!)

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٦، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیدا چەواشەبوو، و رۆژ بە رۆژیش زێتر لە بنەماگەکانی شۆڕشگێریی وەدوور دەکەوتەوە. بۆیە هەرەسی ئەمجارەش جێگەی سەرسووڕمان نەبوو.

گیڤارا، بە جۆرێکی ئاوهایی دەڵێ (بۆ گەلێک کە شۆڕش دەکاو لەگەڵ دەوڵەتێکدا دەجەنگێ، و یارمەتیی لە دەوڵەتێکی دی وەردەگرێ. ئەگەر ئەو دوو دەوڵەتە بەرژەوەندییێکی نێوکوییان «Common Interest» دەنێواندا هەبێ، مەترسی دەوڵەتە یاریدەرەکە زۆر پترە لە هی دەوڵەتە دوژمنەکە، چونکە هەرئان بۆی هەیە دەوڵەتی دۆست، لە پشتەوە خەنجەر بوەشێنێ و شۆڕش لە پەلو پۆ بخا!)(٩٦)

ئەم گۆتەیەی گیڤارا، رەنگدانەوەی هەقیقەتێکی بەرچاوە و لە تەواوی شۆڕشەکانی خەڵکی کوردستاندا دەبینرێ.

# چەوساندنەوەی جەماوەر

شۆڕش، کەم وزۆر خوێنی رۆڵەکانی خۆی دەخواتەوە. ئەم سرووشتە، وەکو هەقیقەتێکی تاڵ لەناو زۆربەی شۆڕشەکانی دنیدا رەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە: پاش مردنی لینین لەساڵی ١٩٢٤دا، زۆربەی رێبەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە لایەن دەزگەی تیرۆری ستالین هاتنە کوشتن.

دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ، لە ئێراقدا، سەرکردەی شۆڕش بە دەستی کۆنەیارانی خۆی کوژرا!

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، گەلێک لە مرۆڤەکارکردەکانی شۆڕش لە لایەن رژێمی خومێنیدا کوژران و راوەدوونران.

شۆڕش، ئەگەر خوێنی تاک و تووکی خۆی بخواتەوە، بەڵام هەرگیز نابێ جەماوەر بچەوسێنێتەوە. ئەو جەماوەرەی لە ژێر گوشار و چەورێکی زۆر، بۆ ئایندەیەکی رووناک ئەم شۆڕشەی سەرپێخستووە. جەماوەرێ، رۆحی شۆڕش، بە هەموو بوونی خۆی دەپارێزێ! نابێ کارێکی ئەوتۆ لە لایەن کار بەدەستانی شۆڕشدا بکرێ، کە بە زیانی جەماوەر تەواو بێ.

نەتەوەی کورد، وەکو نەتەوەیەکی مافخوراو، کەم نەتەوە هەیە خۆی لە شانی بدا، کە بارتەقای وێ ئامادەی قوربانیدان و خۆبەختکردن بێ. کەم بزاڤی چەکداریش هەیە بە ئەندازەی بزاڤی چەکداری کوردستان خراپەی لەگەڵ خەڵکدا کردبێ!

شۆڕشی نەتەوایەتیی، لە هەر پارچەیەکی کوردستان سەری هەڵدابێ، لە گەرمەی شەر، ئافرەتان خواردنیان بۆ درووست کردوون، و بۆرە خەڵک بۆ پێشمەرگەکانی گەیاندۆتە بەرەی جەنگ. لە کاتی

شەهیدبوونیان شینیان بۆ گێڕاون. لەدەمی برینداریی، تیمار و لە پەنا خۆیان دالدەیان داون. خۆشیان ویستوون و رێزیان لێگرتوون.

جووتیارەکان، بەشی هەرەزۆری لەشکری کوردستانیان پێک هێناوە، سەرەرای ئەوەش گوند و مەزراکانیان بۆتە مۆلگەی شەڕ و شۆڕ. گەلێجار سەر و ماڵیان تێدا چووە، دیسانیش دەستهەڵگری خزمەت و خەبات نەبوون.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، جەماوەر، لە لایەن شۆڕش، چ لە نێو خاکی بەردەست و چ لەو جێگەیانەی شۆڕش دەستی پێڕادەگەیشت نەدەچەوسێندرانەوە. ئەگەر شتێکی ئەوهاش رووی دابێ، کەم بووە.

بەڵام لەشۆڕشەکەی ئەم دواییەدا، جەماوەر لە لایەن هێزە راوڕاریییەکان پەرێشان کراوە. رەفتاری توندی لەگەڵ بەکار هاتووە. لە سووکایەتیی‌کردن بە داب و نەریتی ئایینیی وکۆمەڵایەتیی بگرە، تا دەگاتە گرتن و تێهەڵدان و رووتکردنەوە وکوشتن، هەمووی بە جەماوەری کورد کراوە.ئەم کردەوانەش بەشێوەیەکی نەپساو بەرەوەدەوام بوون.بۆیە ناکرێ بگوترێ،سەرکردەکان پێ‌ئاگادار نەبوونە.

پارتە کوردستانییەکان، لە بڵاوکراوەکانیاندا، بە شێوەیەکی گشتی خۆیان بە چەپخواز و نوێنەری جووتیار و زەحمەتکێشان و دوژمنی فیوٚدالیزم دەزانن، کەچی بە کردەوە باشترین خزمەتی ئاغا و بەگ و کۆنەپرستانیان کردووە. ئەو ئاغایانەی فەرماندەی عەسکەریی‌ی هێزەکوردستانییەکانیان لە باڵی ینکدا کردووە، خەڵکێکی زۆر بە تایبەتی جووتیارەکانیان چەوساندۆتەوە. شایانی باسە، ئەم جۆرە جەماوەر چەوساندنەوەیە لە ناوچەکانی پدک و بەندا نەبوو.

خۆبەستنەوەی چەپخوازێک، بە تیۆرەویشکەکانی مارکسیزم-لینینیزم، بە بێ گرێدانە ئاستی رووناکبیریتیی‌ی کۆمەڵگە، وبە بێ دامەزراندنی چەند کاناڵێکی لەبار، بۆسوود وەرگرتن لەم تیۆرییانە، هیچ

جیاوازییەکی لەگەڵ خۆبەستنەوەی کۆلکە مەلایەک بەئایات وحەدیس نییە.(٩٧) چونکە هەرتکیان لەبۆشایی ی تەوەرێکی بێ بن خوول دەخۆنەوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر، باس و خواسێکی دژ بە خوو و رەوشتی کۆمەڵگەی کوردەواریی، وەکو (خودێ هەیە، یان نا؟) و (مریشک لە هێلکەیە، یان هێلکە لە مریشکە ؟؟) و گەلێ ئاخافتنی بێ کەڵکی دی بوونە هۆی رەنجاندنی هەست و دڵساردکرنەوەی خەڵک.

لە رۆژی ١٣/٦/١٩٨١دا، سەرکردەیەکی خۆ بە مارکسی زانی ینک، لە گوندی (چوخماخ) کابرایەکی بە نێوی (حاجی حوسێنی ژاژەڵەیی) لە نێو مزگەوتی گونددا، سەرەو ژێر هەڵواسیبوو. ئەوەندەی بە بەرچاوی خەڵکەوە لێدابوو، هەتا گیانی دەرچووبوو.(٩٨)

هەمووماان دەزانین، مزگەوت لە ناو کۆمەڵگەی مەزەبیی ی کوردستاندا، جێگەیەکی پیرۆزە، و گەرەکە رێزی لێبگیرێت. کەچی سەرکردەی پێشڤەرۆ، مزگەفتی گوندی، لە گوندییەکاندا کردۆتە کوشتارگە. بەو جۆرەش، دەیانویست، هێڵی جەماوەریی درێژ و پان، و خەڵک لە دەوری خۆیاندا کۆ بکەنەوە. بەو جۆرە، ئاسۆی دوارۆژێکی رووناکیان بە خەڵکی کوردستان نیشان دەدا!

خەڵکێکی زۆر، بە تۆبزیی، بە هەزاران دیناری ئیراقی بە بیانووی ئەوەی دەوڵەمەندن، لێئەستاندراوە...ئەگەر کابرای دەوڵەمەند، منگەمنگێکیشی کردبێ، ئەوە رک و راست پێی گوتراوە (نەیدەی، دەتکوژین!)

هەموو شۆرشێک، یارمەتیی لە جەماوەری خۆی وەردەگرێ، بەڵام، هیچ شۆرشێک، وەکو شۆرشەکەی ئەم دواییەی کوردان، بە هەرەشە پارەی کۆنەکردۆتەوە، بەڵکو کارێکی وای کردووە، جەماوەر بۆ خۆیان، لە پێناوی ئارمانجە پیرۆزەکانی شۆرشدا، بە پێی توانا

یارمەتیی ی شۆڕش بدەن.

بەهەشتی بارزانیی، چەند مانگێک پێشی هەرەس، لە کۆنستانی (کۆدۆ) لە کۆڕێکدا گوتی، (کاتێ لە رانیە دادەنیشتم «دەبێ سەرەتاکانی شۆڕش بووبێ-ن» رۆژێک لە مەقەر دانیشتبووم، کابرایەک هاتە لام، گوتی: ئەز لە «دەربەندی راياتێ» بارێک تووتنم پێبوو، دەچووم لە - کۆیێ - فەحسی بکەم. گەیشتمە چۆمان، پێشمەرگەیەک هاتە پێش و گوتی:

- ئەوە چییە؟

- تووتنە، دەیبەمە کۆیێ فەحسی بکەم.

- قەیدی نییە، گوومرک بدە، جا برۆ.

ئەزیش زۆرم پێخۆش بوو، ئەوە عەسکەری کوردە بە سەر وڵات رادەگا، گوتم:

- بەسەرچاو، گوومرگ چەندە؟

- ۱۰۰ فلس.

- فەرموو، ئەوە ۱۰۰ فلس.

لەوێ دەرچووم، لە «پردی بەرسرین» پێشمەرگەیەک لە کۆلیتێک هاتە دەر، ئەویش پرسی

- بارەکەت چییە، بۆ کوێ دەچی؟؟

- تووتنە، دەیبەمە کۆیێ.

- وەرە گوومرک بدە، جا برۆ.

- لە چۆمان گوومرگم داوە.

- ئەوەی چومان هیچ نییە، شەرتی منم، مۆری مەکتەبی سیاسیی لەلای منە، ئەوەی چۆمان ساختەچییە.

- باشە، گوومرک چەندە؟

- رۆعبێکە.

- فەرموو، باراله ئەوەش رۆعبێک.

ئەویش رۆعبێکی لێئەستاندم، ئەنجا وەرێی کردم، لەوێ بەرە و کۆیێ وەڕێکەوتم، لە «هەیبەت سولتان»دا سەرکەوتم، پێشمەرگەیەک هاتە پێش و گوتی:

- ئەوە چییە، بۆ کوێ دەچی؟؟

- تووتنە دەیبەمە کۆیێ، فەحسی بکەم.

- گوومرک بدە جا برۆ.

- کاکە دوو جار گوومرگم داوە، خۆ تالانم ناکەن!

کە ئەمەم گوت کابرای پێشمەرگە لێمهاتە پێش و زللەیەکی خۆشی لە بن گوێچکان دام و گوتی:

- ئەوە ئەو زمانەت بۆ هێندە درێژە؟ گوومرگ بدە جا برۆ.

- چاکە، گوومرک چەندە؟

- نیو دینار.

- فەرموو، ئەوە نیو دینار.

هەر یەکێکی ئەو پێشمەرگانەش، کاغەزێکی سپییان بە جێگەی رەسید، بە کابرا دابوو. بارزانیی، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا، و گوتی: بە کابرام گوت، (فەرموو کاکە ئەوە . . ١فلسەکەی چۆمان، ئەوە روبعەکەی پردی بەرسرین، ئەوەش نیودینارەکەی هەیبەت سولتان. فەرموو زللەکەشم لێبدەوە.ئەگەر ئەز شۆڕش نەکەم، کەسیش بە ناوی من و بە ناوی شۆڕش غەدر لە کابرایەکی وەکو تۆ ناکا...)

ئەنجا بارزانیی گوتی (ئەز، لەو رۆژەی تفەنگم پێهەڵگیراوە، هەتا نیستا، لە دوژمنی خۆم نەترساوم. ئەز هەر لەو کەسە ترساوم کە بە ناوی دۆست لە گەڵم ئیش دەکا و لە بنەوە دوژمنی منە، و خەڵکم لێدەکاتەوە، و دزی و غەدر لە خەڵک دەکا.)(٩٩)

ژانراڵ بارزانیی، لە ١٥ی ئاپریلی ١٩٦٧دا، بەو شێوەیە پەیامی

خۆی لە کۆنفرانسێکدا، بە ئەفسەرانی پێشمەرگە، و کاربەدەستانی پارتیدا راگەیاند: (هەرکەسێ لەو شۆڕشە ئیش دەکا، لەپێشدا ئەز، دوایی هەموو کاربەدەستان، تا دەگاتە پێشمەرگەیەک، تا ئەندامێکی پارتی، دەبێ ئەوەمان لە بیربێ - ئەگەر دڵی گوندییەک، شوانێک، دووکاندارێک، ژنێک، منداڵێک عاجز بکەین. ئەگەر جنێو، و قسەی ناشیرین بە خەڵک بڵێین، ئەگەر هێلکەیەک، مریشکەیەک، یان هەرچی پێی دەڵێن زەرەر، بە غەدر لە خەڵک بستێنین. دەبێ بزانین ئەوە بۆ خۆمان دەبینە دوژمنی گەل، و دوژمنی خۆمان...)(١٠٠)

لە شۆڕشی ئەو جارەدا، هەر لایەنە تێدەکۆشا زۆرترین هێز درووست بکا. هەر ئەم سیاسەتە دژەش، بووە هۆی ئەوەی نێوەندێتیی لەمەڕ لێپرسینەوە، لە بارەی کردەوەی خراپی پێشمەرگەکاندا نەمێنێ. مەبادا ریزەکانی ئەو پارت جێبهێڵن و بچنە لای پارتێکی دی. ئەوەش جڵەوی زۆر پیاو خراپی شۆڕ کرد، تا لە ژێر ناوی پێشمەرگە، بە ئارەزووی خۆیان رەفتار و غەدر لە خەڵک بکەن!

# ڕەنگدانەوەی جەنگی ئێراق - ئێران لەسەر کوردستاندا

لەپاش کەوتنی ڕژێمی پاشایەتیی لە ئێراندا، و گەڕانەوەی خومێنی، سوپای ئێران کە تا ئەوکات، ئەم بوارەی بە شا دابوو، تا ڕۆڵی (پۆلیسی ناوچە) ببینێ، هەڵوەشایەوە، و زۆربەی ژەنراڵەکان، یا لەلایەن ڕژێمی نوێدا کوژران، یان خۆیان کوشت، یان ئێرانیان بە جێهێشت. دەزگەی سیخوڕیی (ساواک) لەکار خرا.

کۆمەڵەی قوتابییانی زانستگە، لە سەرووی وانیشەوە چەند عەمامە بەسەرێ لە ژوورووی دەوڵەتداریتیی دەبینران.

ڕژێمی ئێراق، لە ساڵی ۱۹۷۵دا، کە لە ژێر گوشاری شۆڕشی کوردان، ناچار بوو مل بۆ داخوازییەکانی شا، لەمەڕ سنوور لە کەنداوی فارسدا شۆڕبکا، بەم گۆڕانکارییەی ناوەوەی ئێران، هەلێکی لەباری بۆ ڕەخسا تا مەرامی خۆی تاقی بکاتەوە.

لە ۱۹۸۰/۹/۲۲دا، هێرشی بردە ناوخاکی ئێران، و بە کردەوە دەستپێکردنی جەنگی ڕاگەیاند، و ڕۆژێکیش پێشی پەڕینەوەی بۆ ناوخاکی ئێرانێ (پەیمانی جەزایەر)ی پووچەڵ کردەوە.

ئەم جەنگە، درێژترین شەڕی نێوان دوو وەڵات، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، یەکێک لە جەنگە وێرانکەر و خوێناوییەکانی جیهان بوو. لەلایەن ڕژێمی ئێراق نێوی لێنرابوو (قادسییەی سەددام).

ڕۆژ بە ڕۆژ، پەرژینی ئەم شەڕە هەمەگیرتر دەبوو. هەرتک لا دەستیان لە خنخنۆکەی یەکدی نابوو، بە جۆرێک هیچ لایەکیان

ئەویدی پێ وەحەردی نەدەکەوت.

ئێراق، خۆی تووشی ڕەشگیرییەکی دژوار کردبوو، پەشیمان، بەڵام تێکەوتبوو. زۆربەی سوپاکەی لە باشووردا خەریکی شەرکردن بوو. ئەمە زەوینەی بۆ کوردەکانیش ئامادەکرد، ناوچەیەکی زۆر، بە درێژایی تخووبی ئێران- ئێراق رزگار بکەن، و هێزە چەکدارەکانیان تێدا سەقامگیر بکەن. لە لایەکی دی، کوردێکی زۆر کە ویستی بەشداری کردنی بەرەی جەنگی ئێراق - ئێرانیان نەبوو، ڕوویان لە ناوچە رزگارکراوەکان کرد. زۆربەیان بە نیازی ئەوە هاتن ببنە پێشمەرگە (مادامەکی هەر دەکوژرێن، با بۆ کوردستان ببێنە کوشتن) ئەمە درووشمی زۆربەی ئەوانە بوو کە ڕوویان لە چیاکان کردبوو. ژمارەیەکی کەمیان ڕەگەڵ پارتەکان کەوتن.

بەشی هەرە زۆریان کە لە نزیک ڕەفتاری پارتەکانیان لەگەڵ یەکتریدا دی، نەیانتوانی پەسنی شەری براکوژیی بکەن. لە ناوەواندا هەبوو بە ناچاری گەرایەوە، و لەلای سەرۆک جاشێکدا ناوی خۆی نووسی، و مووچەکەی سەرۆک جاشەکە وەری دەگرت. بۆ خۆیشی لە ماڵی خۆی ڕوونیشتبوو. هەزارانیش نە بەگەڵ پارتەکان کەوتن، نەگەڕانەوەش، بەڵکە لە گوندەکاندا هەلوەدابوون.

جەنگی ئێراق- ئێران، زەبەلاحتر، و پەیکەری شەری براکوژیش قەبەتر دەبۆوە. هەلێکی باش بۆ پارتە کوردستانییەکان هاتبووە پێش، بۆ ئەوەی یەکدی بگرن، و لە بەرامبەر هەرتک هێزی داگیرکەر سەنگێک لە خۆیاندا نیشان بدەن. بەڵام ئەو کات ئەوەی بیری لێنەکرابایەوە (یەکگرتن) بوو. هەر لایەنە و بە ئارەزووی خۆی شەری دەکرد. ئەوەش کاری ئێرانی ئاسانتر کرد، کە بە نەرمی دەست بخاتە ناو کاروباری کوردەکان، و بە هەڵپەی چەکی چاک و یارمەتیی دارایی لە خۆی نزیکیان بکاتەوە، و بگرە تا ڕادەیەک

دەستیشیان بەسەر دابگرێ.

پارتەکانیش، بەوەی کە ئێران سوورە لەسەر شەرکردن، و دەیاندی خەڵکێکی زۆر بەحەزی خۆیان دەچنە جەنگ، و لە ئێراق خەڵکەکە لە جەنگ رادەکا گەیشتبوونە (یەقین) کە ئێران سەردەکەوێ، توندتر دەخزانە ناوکۆشی ئێرانی، هەرچەند ئەوان لە ئێرانێ نزیکتر دەکەوتنەوە، دڕندایەتیی رژێمی شۆڤێنیزمی بەغداش بۆسەر دانیشتوانی کوردستان زێتر دەبوو!

لە نیوەی یەکەمی ١٩٨٣دا، پدک و پاسک، بە سروشتی بەرپرسیار نەبوونیان، بەبێ ئەوەی بیر لە ئایندەی کوردستان بکەنەوە، بە هەوای ئەوەی ئێران لە جەنگەکەیدا سەردەکەوێ، وەپێش پاسداران کەوتن و لە هێلی (حاجی ئۆمەران)دا هێزی ئێرانیان بە ئێراقێ وەرکرد. وەرامی رژێمی بەعس، بزرکردنی هەزاران هاووڵاتی کوردستانی بوو.

سبحەینەکی زووی رۆژی ١٩٨٣/٧/٣٠، سوپا و پۆلیسی بە نێو هێمنایەتیی، لە ئۆردیگەکانی (قوشتەپە و دیانا) لە پارێزگەی هەولێردا ٨٠٠٠ کوردی، دانیشتووی بارزان و دەوروبەری بارزانیان لە تەمەنی ١٢-٨٠ ساڵی، راپێچ کرد، و هەتا ئەڵئانەکانیش بێ سەروشوێنن.(١٠١)

ئێرانیش، کە ناوچەکەی داگیرکرد، بێدەنگ نێوە مێژووییەکانی چیاکانی گۆڕی، و ناوی ئیسلامیی لەسەر دانان!

ئەم کارەی پدک و پاسک، هاوکاتی وتووێژە بێ ئەنجامەکەی ینک بوو. لێرەکانێ، مرۆڤ بە ئاسانی لە چەواشەیی شۆرشەکە تێدەگا، هەندێک دەچن لەشکری داگیرکەرێکی دی دەبەنە ناوخاکی ئێراق. هەندەکیش دەچن لەگەڵ رژێمی ئێراق گفتوگۆ دەکەن. (هەر هەمووی ئەوانەش خۆیان بە پێشرەوی خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان

دەزانن!).

رژێمیش، لە وێرانکردنی کوردستاندا، دوو شەقاوی دەکردە چار شەقاو. هەر گوندێکی دەستی پێرابگەیشتبایە بە شۆفەر و دەنەمێت هەڵیدەتەکاند! دانیشتوانی هەر گوندێکیش خۆداریی لە دەستووری رژێم بکردایە، گوندەکەیان بەسەردا خاپوور دەکردن. ژمارەیەک گوندیش، ئەوسەر نوێنشتەیان هاتەپێش و ژێنوسیدکران!

پدک، ینک، و پاسک، لە گواستنەوەی شەڕی ئێراق- ئێران بۆ کوردستان، رۆڵێکی کارێگەریان بینی. مێژووش ئەم کارەی وان لەبیرناکا!

ئیسرایلیێکان، تەکتیکێکی جەنگیی زۆر لێوەشاوەیان هەیە. ئەوان هیچ کاتێک شەڕی عارەباتیان لەسەر خاکی ئیسرایل نەکردیە. هەمیشە شەڕی عارەبانیان لەسەر خاکی عارەبان کردووە. لە جەنگی عارەب- ئیسرایل، لە ئۆکتۆبەری ۱۹۷۳دا، کاتێ عارەبەکان، لەناکاو دەستیان لێوەشاندن. لە پێنجەمین رۆژی شەڕدا، ئیسرابلیێکان، شەڕیان گواستەوە سەر خاکی عارەبان، و کەوتنە حاڵەتی هێرش بردن.(۱۰۲) ئەمەش هەمیشە هۆیەکی گرینگی سەرکەوتنی ئیسرایلیێکان لەبەرامبەر عارەباندا بووە!

سەرکردەکانی شورشی ئەمجارەش، جەنگی (بێگانەی داگیرکەر) یان گواستەوە کوردستان، و خەڵک و گوند و کوردەوارییان پێبە سووتماک کرد!

ئەو پارتانەی بوونە پێشقەرەولی هێزەکانی ئێران بۆ سەر ئێراق لە رێگەی کوردستاندا، لە پێرۆپرۆگرامەکانیان داوای ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی ئێراقێ دەکەن، و بە رواڵەت زۆر بە پەروشی یەکییەتیی خاکی ئێراقێنە!

ئەو پارتانە، بە کردەوە هاریکاریی رژێمێکیان دەکرد، کە هیچ

کاتێک هەڵپەی داگیرکردنی خاکی ئێراقی لە هیچ کەسێ نەدەشاردەوە، و بگرە (مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی) یشی بۆ دانابوو کە لە پاش داگیرکردندا، حوکمی بکا!

هەر ئەم (مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی) یەش، بە ئاشکرا هەموو جۆرە مافە نەتەوایەتیی و دیموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستانی ڕەد دەکردەوە!

بە هەڵسەنگاندنی وتە و کردەوەکانی ئەم پارتانە لەگەڵ یەکدیدا، مرۆڤ دەتوانێ هەر بە پیرۆزپرۆگرامەکانیان، وان مەحکوم بکا! ئەوان، ئەگەر بروایان بە یەکییەتیی خاکی ئێراقێ هەیە، هاوکاریان لەگەڵ ئێرانێ بۆ داگیرکردنی ئێراق یەنی چی؟!!

ئەگەر دەیانەویست، لە ڕێگەی ئێرانێ شتێک بۆ کوردەکانی بندەستی ئێراقێ وەگیربێنن، داخوا ئێران، چ دەستە گوڵێکی لەیەخەی کوردستانەکەی بندەستی خۆی دابوو، کە دوای داگیرکردنی ئێراق، لە یەخەی کوردستانی بندەستی ئەم وڵاتە بدا؟!

ئایا ئەو پاسدارەی لەسەر لاشەی کوردێ لە کوردستانی بندەستی ئێرانێ بازی دەدا، و لە کوردستانی بندەستی ئێراقێ، لە تەنیشت کوردێکی دی. شەری دەکرد، جێگەی چ بروا، و چ ئومێدێک بوو؟!! ئایا جیاوازیی لەنێوان بەعسی وێرانکەر لەگەڵ پاسداری داگیرکەردا چیبوو، چییە؟!!!

بوونی پاسداران لە کوردستاندا، نە بە ڕەزای هێزی پێشمەرگە، نە بە رەزای خەڵکی کوردستان بوو، و کەم و زۆر بوو بە هۆی دابڕانی پێشمەرگە، و خۆدانەوەیان بە رژێمی داگیرکەری ئێراقدا!

هەر جێگەیەکیش، ئەم جەنگەی وەبەرکەرتیێ، داری لەسەر بەردا نەهێشتووە. لە هەرتک دیوی کوردستاندا، گوندەکان بۆمبباران دەکران، و خەڵکی کوردستان دەبوونە سووتەمەنیی!

پارتەکانیش، لە گێژەناوی شەری براکوژییدا نقوم ببوون، و هەر لایەنە هەولی دەدا، لە ریگەی هیزی چەکدارییی، خۆی بەدەسەلاتدار لە ناوچەدا بناسینێ. یێک، لە پاش سەرکەوتنی لەپشت‌ناشاندا، ئەو شانازییەی لەلایەن سەددامی فاشیست پێدرا، و بانگ کرایە پێتەختێ!

شەری ئیراق- ئیران، وەکو گوتمان، لە رۆژی ۱۹۸۰/۹/۲۲دا، لەلایەن رژێمی بەعس دەستپێکرا، لە رۆژی ۱۹۸۸/۸/۱۸دا، ئیران، بریارنامەی ۵۹۸ی نەتەوەیەکگرتووەکانی پەسند کرد، کە داوا دەکا هەر ولاتێ، سنووری پێشی جەنگ لەنێو خۆیاندا پاسایی بناسن. لە ۱۹۸۸/۸/۲۰دا، ئاگر بەسی جەنگ لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکاندا راگەیاندرا. ئەم جەنگە، بۆ ماوەی ۷ سالْ و ۱۰ مانگ و ۲۸ رۆژ یەکێک لە جەنگە سامناک و پر زیانەکانی جیهان دێتە حسێب کرن. پتر لە یەک ملیون ژیانی تێدا مەحوو بۆوە، ئابووریی‌ی هەردوو ولاتی ویرانکرد. زەرەرێکی زۆری بە بواری ئاوەدانکردنەوەی هەرتک لاگەیاند، و نیشانەیەکی قوول، و نیگەتیڤیشی لەسەر نەفسیەتی خەلکی هەردوو وەلات بەجێهێشت، کە بەبێ گومان، بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ جێگەی بزر نابێ!

# داگیرکردنی هەڵەبجە

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، بەرنامەیەکی نەنووسراو، بەڵام هەمیشە بەرچاو هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، (نابێ شارەکانی کوردستان لەلایەن شۆڕش داگیر بکرێن) هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ:

١- مەترسی بۆمبباران کردنیان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەر، و دروستکردنی هەڕەشە بۆ ئاسایش و بوونی دانیشتوان.

٢- ژیانی دانیشتوان پێویستە دابین بکرێ، بەمەش بارێکی قوورس دەکەوتە ئەستۆی شۆڕش.

٣- زیان گەیاندن بە زنجیرەی ڕێکخستنی ناوشار، و دابڕینی لە چالاکی دژی ڕژێمدا.

خاڵی یەکەم، لەوانەیە هۆی هەرە سەرەکیی بووبێ،کە سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش خۆی لەئەنجامدانی کارێکی ئەوهایی پاراست بێ.

جەماوەری خەڵک، وەختێ تەن بە شۆڕش دەدا، و تاڵێتیی و مەرگەساتی دەچێژێ کە تەواوی ئازادییەکانی لێ زەوت کرابێ. بە جۆرێک کە لە بارودۆخ و سیستەمی سەپێندراو بۆ گۆڕانکارییەکی باشتر نائومێد بووبێ.

پێش ئەوەی شۆڕش دەست پێبکرێ، پێویستە ئەوە بزانرێ (کەی، لە کوێ، و چۆن) دەست پێبکرێ، و لەو ڕووەوە، گەرەکە ڕێکخستنی دروست و پتەو ئامادە کرابێ. دەبێ ئەو دەستکەوتانەی لە بەرامبەر، یان لە ئەنجامی ئەو شۆڕشە، و شێوەی ڕیفۆرم کردن لە ئایندە لە بوارەکانی ڕاویاریی- ئابووریی، و پێوەندەکانی تری کۆمەڵایەتییدا، هەمووی بۆ جەماوەر ڕوون کرابێتەوە.

شۆرش، لە ئەنجامی پەککەوتەیی ژیانی کۆمەڵگە، لەسەر خاکی نەتەوەیی، لەناو جەماوەر، لە پێناوی مافە دیموکراتیی و نەتەوەییەکاندا درووست دەبێ. ئەوەی لە هەموویشی پتر پێویستە ئاماژەی پێبکرێ، و لەبەر چاو بگیرێ، ئەوەیە کە کاربەدەستانی شۆرش کارێکی ئەوها نەکەن کە تێیدا خەڵکەکە لەلایەن شۆرش تووشی چەرمەسەریی ببێ.

لە شۆرشی ئەیلوولدا، گەلێک جار، ئەوها ڕێککەوتووە، پێشمەرگەکان لە نزیک گوندان پەلاماری هێزەکانی دوژمنیان نەداوە، مەبادا ڕژێم تۆڵەی وان لە دانیشتوانی بێداکۆک بکاتەوە.

دوای دەستپێکردنی جەنگی ئێراق- ئێران بە هۆی نەبوونی تەبابی لە نێوان هێزە کوردستانییەکان، و خۆیەستنەوە بە بەرژەوەندی کاتیی و تەسکی پارتایەتیی، و لەبەرچاو نەگرتنی ئەو ترکزەی (خطر) هەرەشەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دەکرد، و نەکردنی حسێبێکی ورد بۆ ڕۆژی مەبادا، ڕۆژ بە ڕۆژ زێتر دەخشانە بن کێفی ئێران. تا کار گەیشتە جێگەیێ، بێباکانە پاسدار لەگەڵ خۆیاندا ببەنە کوردستان.

وەکو ئاخافتنمان لێوەکرد، لە ساڵی ١٩٨٣دا، بە یارمەتیی‌ی پدک و پاسک، پاسدار گەیشتە کوردستان. پاش سەرنەگرتنی وتووێژەکەی ینک لەگەڵ ڕژێمی ئێراق و بادانەوەیان بۆ لای ئێراندا، ئەوانیش لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا پاسداریان بە کوردستانێ وەرکرد. ئەمە کاتێ بوو کە ئێران تێگەیشتبوو، لە باشوور ناتوانێ کلیلی دەرگەی کەربەلا وەدەست بهێنێ، بۆیە بەرێژەیەکی زۆر جەنگەکەی لە سنووری بەسرەدا بۆ کوردستان گوێزابۆوە.

داگیرکردنی هەڵەبجە، نەخشەیەکی پێشینی ئێران بوو، بەو نیازەی، دەست بەسەر داگرتنی شارێکی ئەوها، بە ڕووداوێکی گەورەی

جەنگەکە دابنێن و هەرا و هۆریایەکی مەزنی لێ درووست بکەن. ئەو کات دەکرێ ئەم رووداوە ببێتە خاڵی وەرچەرخاندنی رێرۆی جەنگ، و لەو بنبەستەی تێیکەوتووە دەریبهێنێ، تاکو زەوینەیەک کە بۆنی شکستی لێنێ درووست بکا، بۆ ئەوەی بێ شەرمەزاریی پەسندی ئاگربەس و شەڕ راگرتن بکا! دیارە ئەنجامەکەشی هەروا گەڕایەوە، چونکە ئێران، بە داگیرکردنی هەڵەبجە، لەو بڕوایەدا نەبوو کە تەرازووی هێزی جەنگ بەلای ویدا بشکێتەوە، و بتوانێ رژێمی سەددام وەلەرزەبێنێ، وەک ئەوەی هێزە کوردستانییەکان دڵیان پێخۆش کردبوو!

پیلانی داگیر کردنی هەڵەبجە، لەوەدا دەست پێدەکا کە هەڵەبجە دەکەوێتە شەبەنگی رۆژهەلاتی دەشتی شارەزوور، و لە سێ لاوە زنجیرە چیاکانی سورێن، شنروێ، و بالاَنبۆ دەوریان داوە، و بە کوردستانی بندەستی ئێرانییان بەستێتەوە. لە رۆژهەلاتیشەوە بەرەو باشوور، رووباری سیروانە. ئەنجا لەوێوە پێویست بوو ئەم کارانەش ئەنجام بدرێن:

١- تۆپۆگرافییی ناوچە.

٢- درووستکردنی رێگە و بان و پرد.

٣- کۆکردنەوەی زانیاریی لەمەڕ هێزەکانی دوژمن.

٤- پێوەندی کردن بە فەرماندەی سوپا و سەرۆک جاشەکان، بۆ کڕین و دەستەمۆکردنیان.(١٠٣)

ئەو کارانە، لە ماوەی ١-٢ مانگ پێش داگیرکردنی هەڵەبجە، عەسکەری ئێرانێ بە هۆی هێزە هاوکارە کوردستانیی و ئێراقییەکان، لە رێگەی کەسانی شارەزادا ئامادەی کردبوون!

هێزە کوردستانییەکان لەناوچە، ینک، پدک، پاسک، وهێزە ئیسلامییە کوردستانیی و ئێراقییەکان رۆڵێکی گرینگیان لە

نەخشەدانان و دیتنەوەی ڕێگەوبانی نوێ، و وێنەگرتنی ناوچە سەربازییەکانی دەوروبەری هەڵەبجەدا هەبوو. ئەمە کارێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکە دەمێک بوو خەریکی ئەم کارانە بوون، و چەندان پێشمەرگە و پاسداریش لەم ڕێیەدا لە نێوچوون.

هەر لایەنێکی راوبارێی بە جودا، پاسداری لەگەڵ خۆیدا دەبردە خوارێ، و هەر جارەش کارێکی باشیان ئەنجام دابا، لە لایەن (قەرارگەی رەمەزان)دا خەلاتیان پێدەدرا.(١٠٤)

ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکان بەم جۆرە هاریکاریی و پاسداربردنە کوردستان قەڵس و بێزار بوون. وەک لێی ئاخافتین، هەندێکیان لەم ڕکە خۆیان دایەوە دەست ڕژێمی بەغدا، و زۆربەشیان دەیانگوت، چی بکەین؟ فەرمانی سەرکردایەتییە و دەبێ جێبەجێی بکەین!

دەوری هێزەکانی ینک لە داگیرکردنی هەڵەبجەدا، لە بەر ئەوەی چەندان بنکەیان لەناوچەکەدا هەبوو، لە هەموان گرینگتر و زێتر بوو. ئەم بنکانە ببوونە مۆلگەی پاسدارانی قەرارگەی رەمەزان و شۆرای بەرزی ئیسلامیی ی ئێراق. تیپی یازدەی هەورامانی ینک، رۆلێکی بەرچاوی لە یارمەتیدانی پاسداراندا هەبوو.

هێزەکانی ئێران، بە یارمەتیی ی ینک و پدک و پاسک، لە چیای سورێنەوە گەلێک ڕێگە و بانی پێویستیان بەرەو پێدەشتەکان، و زۆریش پردی چاکیان لەسەر سیرواندا درووست کرد.(١٠٥)

هێزە ئێراقییەکان، لەو ماوەیەدا هیچ کاردانەوەیەکی توندیان دەرهەق بە ئێرانییەکان نەبوو. ئەوەش لەبەر ئەرەبوو، وەک پاشان دەرکەوت (لیوا روکن عەلی حوسێن عوبێد) فەرماندەی تیپی ٤٣ ی پیادەی ئێراقییەکان پێوەندی لەگەڵ ئێرانی هەبوو.

هێرشی پاسدار و هێزە کوردستانیی و ئێراقییەکان، لە سێ قۆڵەوە

دەستی پێکرد. هەر قۆڵەی چەندین پێشمەرگەی یەک و پدک و پاسکی لەگەڵدا بوو.

قۆڵی یەکەم- دەهقانی ناوی، لەلایەن ئێرانییەکاندا سەرپەرستیی دەکرد. لە لایەن یەکدا، یەکەی باڵانبۆ، و تیپی تایبەتیی (مەڵبەندی یەک)، تیپی یازدەی هەورامان، و تیپی پازدەی شارەزوور. ئەم هێزانە بە هاوکاری لەشکری ٩ی بەدر+ بەشێک لە لەشکری بەنی ئەکرەم+ تیپی ٢١٢ی هەمزە + بەشێک لە لەشکری نیمامی عەلی. ئەوانە ئەرکی داگیرکردنی سەنگەرەکانی سەر باڵانبۆیان پێسپێردرابوو.

قۆڵی دووەم- قەهاری ناوی، لە لایەن ئێرانییەکاندا فەرماندەیی دەکرد. لە لایەن یەکدا، تیپی ٥٥ی قەرەداخ+ تیپی ٨٦ی بەرانەتی+ تیپێکی دەشتی هەولێر+ تیپی ٣٥ی شلێر+ هەندەک مەفرەزەی هەورامان. ئەو هێزانە بە هاریکاریی تیپێکی قەرارگەی رەمەزان+ لەشکری ٤٢ی قەدر، ئەرکی پاکتاوکردنی سەربازگەکانی چیای شنرووێیان کەوتبووە ئەستۆ.

قۆڵی سێیەم- تارانی ناوی، لەلایەن ئێرانییەکاندا ڕێبەرایەتیی دەکرد. هێزەکانی پدک و پاسک+ چەند تیپێکی قەرارگەی رەمەزان+ لەشکری بەعسەت+ کەتیبەیەکی تانک. ئەوانە لە چیای سوورێنەوە بەرەو خورماڵ وشارەزوور شۆڕبوونەوە.

تێکرای ئەو هێزانە، لە بەرواری ١٣-١٩٨٨/٣/١٤دا، هێرشەکانی خۆیان دەست پێکرد، و هەڵەبجەیان داگیرکرد. پاش داگیرکردنی هەڵەبجە، خەڵکی شار ویستبوویان لە شاردا وەدەرکەون. مەترسی ئەوەیان هەبوو، رژێم دەستی خۆی لێیان بووەشێنێ. بەڵام، زۆربەیان بە ئامۆژگاری هێزەکانی یەک لە شاردا مابوونەوە.

لە کاژمێری ١١:٢٥ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦دا، ٨

فرۆکەی میراژی بەعسیکان گزمی بێدەنگی شاریان شلەقاند. لە کاژمێری ٢:١٥ی پاش نیوەڕۆدا، بۆ دووەم جار هەڵەبجە بە ڕۆکێت و ناپاڵم لێدرایەوە. کاژمێری ٢:٣٠، یەکەمین بۆمببارانی کیمیایی بەسەر هەڵەبجەدا باری. کاژمێری ٣:١٥، سەرتاسەری شار بە کیمیایی لێیدرا. کاژمێری چواری ئێوارە، جارێکی دی هەوری کیمیایی ئاسمانی شاری داگیرکردەوە. کاژمێری ٦:٣٠، بۆ جاری چوارەم، هەڵەبجە بە کیمیایی لێیدرایەوە. ئەم هێرشە ئاژەڵڕەوشتانەی بەعسییە فاشیستەکانی بەغدا، بوو بە هۆی شەهیدکردنی ١٥ هەزار و برینداركردنی هەزاران مرۆڤی کورد.

ئا لەم ڕۆژە ڕەشەدا، لە وەختێ لاشەی هەزاران زارۆک و ژن و مێر و پیری بێ تاوان، لە نێوماڵ و کۆڵان و شەقامەکانی هەڵەبجەدا کەوتبوون. چەکدارەکانی هێزە کوردستانییەکان، بە جێگەی ئەوەی تەرمی شەهیدان بنێژن، و برینی بریندارەکان تیمار بکەن، و یارمەتییی لێقەوماوان بدەن، کەوتنە تالانکردن و دزینی ماڵی شەهیدان و برینداران و لێقەوماوانی ئەم شارە.

ڕۆژی یەکەم، گوایە ماڵی (پیاو خراپان) یان چەپاوڵ کردووە. پاشان ماڵی (گومان لێکراو، و بێلایەنان). ئەو چەکدارانە، دەستی ئافرەتی کوردیان بڕی، بۆ ئەوەی کاژمێر و بازنی زێری لێبکەنەوە. گوێیان هەڵتڵیشاندن، بۆ ئەوەی گوارەی ئاڵتونی لێبکەنەوە.

هەتا سێ مانگیش دوای کارەساتەکە، بنکەکانی تریفە، چاوگ، یامۆک، جەلیلە، عەبابەیلێ، هاوار، سەرکەن، گریانە، دزلێ، و دەیان ئەشکەوت پڕبوون لە تیلەڤیزیۆن، یەخچاڵ، وەرتە و مافور، کورسی و مۆبل، گاوگۆتاڵ و مەڕوماڵات و پەرەوری ماڵی. پاشان لەبەر ساغ نەبوونەوەیان، لەلایەن چەکدارە دزەکان ئاگریان تێبەردراون!!!

هێزێک، خۆی بە پێشڕەو، و ڕزگاریکەری گەلەکەی دادەنێ، دەچێ

لەشکری دەوڵەتێکی دی، کە داگیرکەرێکی تری وڵاتەکەی خۆیەتی، بۆ داگیرکردنی شارێکی خۆی دێنێ، و لە کارەساتەکەشدا رۆڵێکی زۆر ناجوامێرانە دەبینێ. پاش داگیرکردنیش، لە لایەک لێناگەڕێ خەڵکەکە لەشاردا وەدەرکەون، لە لایەکی دی دەست بەغارەتکردنیان دەکا. دوای شەهیدبوونی هەزاران مرۆڤ لە دانیشتووانی شاردا، سەرلەنوێ دەکەوێتەوە تاڵان و دزی. ئەگەر ئەمە رەفتاری (لەشکری شۆرشگێری کوردستان) بێ، داخوا دەبێ چ جیاوازیەکی لەگەڵ رەفتاری رژێمە داگیرکەرەکاندا هەبێ؟! (بەعسی فاشیست دەنێوی بردن، لەشکری شۆرشگێری کوردستان تاڵانی کردن!!!!).

لەکاتی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا، هەڵەبجە بۆ ماوەیێک بە بانکەوە لەبن دەستی شۆرشدا بوو، کەچی نە دەرکەی کەسێ ترازا و نە بانکەکەش توێژاڵێکی لێکرایەوە.

ئەمانەی ئەو دواییە، تەنێ چوار رۆژ هەڵەبجەیان کەوتە ژێردەست، ئەوها بەو پەندەیان برد!

هەڵەبجە،هەفتەیەکیش دوای بومبباران کردنەکە، هێندەی هێزی چەکدارە کوردییەکانی تێدابوو، نیو هێندە هێزی ئێرانی تێدانەبوو. هەربۆیە چەپاوڵ کردنەکە، لەپلەی یەکەمدا یەخەی هێزە کوردستانییەکان دەگرێتەوە، وەهەر لایەنەش بارتەقای ژمارەی هێزەکەی پشکی خۆی وەبەر دەکەوێ،لەسەرووی هەموویان ینکییەکان.

دەست تێوەردانی تاوانی هەڵەبجە، بە شێوەیەکی گشتیی، دەکرێ لەسەروسەکوتی هەفت بیچم گەلاڵە بکرێن. ئەو لایەنانەی دەستیان لە تاوانەکە و شاردنەوەیدا هەبوو:-

* رژێمی ئیراق- راپەرێنەری تاوانەکە.
* رژێمی ئیران- لایەنێکی جەنگ و گواستنەوەی بۆ کوردستان.

* بزوتنەوەی رزگاریخوازیی‌ی کوردستان لە ئێراقدا- هاریکار و بەردەستی ئێران لە داگیرکردنی هەڵەبجەدا.

* وڵاتە سەرمایەدارەکان- سەرچاوەی بەدەستهێنانی شمەک و تیکنۆلۆژیی بەرهەمهێنەری چەکی کیمیایی و هاریکار و پشتیوانی ئێراق لە جەنگدا.

* وڵاتە سوشیالیستەکان- نەبوونی هەڵوێستێکی مرۆڤانە لەمەڕ ئەو تاوانە کوشندەیەدا. لە سەرووی هەموویانەوە سۆڤێت، بۆ بێدەنگیی و هاریکاریکردنی ئێراق لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییدا.

* نەتەوەیەکگرتووەکان-نەبوونی کاردانەوەیەکی کارێگەر، سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد و وێرانکردنی کوردستان.

* وڵاتە کۆنەپەرستە عارەبییەکان- وەستانیان لە پشت رژێمی ئێراق و هەوڵدان بۆ داپۆشینی تاوانەکە.(١٠٩)

پاش ئەوەی تاوانی هەڵەبجە کەوتە سەرپەردەی تیلەڤیزیۆن، و بووە سەرباسی هەموو باسان، و ویژدانی مرۆڤایەتیی شلەژاند. ئەنجا، وڵاتانی رۆژاوا، و لە بەرایێدا ئەمریکا، بۆ ئەوەی دەست تێکەڵیی‌ی خۆیان لە تاوانەکەدا بشارنەوە، کەوتنە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی.

ئەمریکا، هەرا و هۆریایەکی زۆری لێ‌دروست کرد، و باسی بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لەمەڕ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ئێراقەوە دەکرد- سینەتی ئەمریکا، راپۆرتێکی دوورودرێژی بۆ سزادانی ئێراق ئامادەکرد. تێیدا گوترابوو (دەبێ ئێراق، ئابلۆقەی ئابووریی بخرێتە سەر. نابێ هیچ جۆرە کرێدتێکی بازرگانیی پێبدرێ. نابێ ئەمریکا نەفتی لێبکرێ. نابێ شمەکی سەربازیی پێبفرۆشێ. ئەمانە و گەلێ هەرەشەی دی!)(١١٠)

ئەم راپۆرتە، لەلایەن (رۆناڵد رێگن) سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا

ڕاگیرا، و دواتر لە خشتەی کار و سیاسەتی ئەمریکادا سڕایەوە. ولاتانی دیش، هەریەک بە نۆرەی خۆی بێدەنگیی لێکرد.

لە ١٩٨٩/١/٧دا، لە پاریس، کۆنفرانسێکی نێوتەنەوەیی، بۆ دانانی سنوورێک، و بە هێزکردنەوەی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سزادانی ئەو دەوڵەتانەی چەکی کیمیایی بۆ لەناوبردنی مرۆڤ بەکار دەهێنن بەسترا. لەم کۆنفرانسەدا، جگە لەوەی دەوڵەتی ئێراق تاوانبار نەکرا، بەلکە وەفدی ئێراقیی فەزڵیشی دەفرۆشتە سەر بەشداربووانی کۆنفرانسەکە!

ئیدی هەر پاش ئەم هەڵوێستانە، تاوانی هەڵەبجە کەوتە نێو فایلە لەبیرکراوەکاندا!

هەڵەبجە، پەڵەیەکی ڕەشە، بە تەوێلی ئەوانەی ئیمان بردن. داخی لە هەموان گرانتر، هی هێزە کوردستانییەکانە، کە بوونە پێشقەرەوڵی ئێرانی داگیرکەر و ئەم کارەساتەیان بەسەر گەلەکەی خۆیان هێنا!

پاش کارەساتی هەڵەبجە، یەنک جەختی (تأكيد) لەسەر پێوەندی ستراتیژیی ی خۆی لەگەڵ ڕژێمی مەلاکاندا دەکرد.جەلال تالەبانیی، لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (كيهان العربي)ی ئێرانی، لە تاراندا، پێش ئەوەی تەشریف بباتە ئەمریکا گوتی( کاتێ ئێران دەستی یارمەتیی بۆ درێژکردین، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراقدا گەیشتە ئەو بڕوایە کە بە تەنیا نییە، و یەکێک هەیە پشتیوانی لێبکا.)

ئەمە گۆتەی سکرتێری گشتی یەنک بوو لەمەڕ ڕژێمێک کە پارچەیەکی گەورەی خاکی کوردستانی لەبندەستدایە، و گچکەترین مافی مرۆڤایەتیی و دیموکراتیی بە خەڵکەکەی ڕەوا نەدیبووە.

جەلال تالەبانیی، لە بارەی ئەو پێوەندییە، لەگەڵ ڕۆژنامەی (لیبراسیون)ی فەرەنسیش، بە ڕاشکاویی باسی هاوپەیمانێتیی ی

خۆیانی لەگەڵ ئێران، و سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی ئێرانیی بۆ سەر کەرکووک کرد و گوتی (ئەو پێوەندییە نوێیەی یەنک لەگەڵ ئێران، وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر چەکی قورس و سووک- وەکو کاتیوشا، ساروخی سام ٧، گراد، و ئارپیچی ١١، لە ئێران وەربگرن.)(١١١)

لە بارەی داگیرکردنی هەڵەبجەش گوتی( پێشمەرگەکانی یەنک هاریکاریی هێرشی سوپای ئێرانیان بۆ سەر شاری هەڵەبجە و خورماڵ کرد. پێشمەرگەکانی یەنک لەودیو رۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە و ئێرانییەکانیش لە داوێنی خوارەوەدا هێرشیان کرد. پێشمەرگەکانی یەنک کە ژمارەیان ١٢٥ کەس بوو، لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٣دا، پێشی هێزەکانی ئێران چوونە ناوشاری هەڵەبجە.)(١١٢)

یەنک،کارەساتی هەڵەبجە بەشتێکی باش وبە سوود بۆ گەلی کورد دەزانێ.ئەندام وکادیرەکانیان، وبگرە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیش لەزۆر کۆڕ وکۆمەڵدا گوتوویانە(بەرای ئێمە رووداوی هەڵەبجە،شتێکی باش بوو.کارێکی وای کرد دۆزی کورد زێتر بەجیهان بناسرێ)

میللەتێ ئەوانە بن ڕێبەرەکانی- کاولبوونی گوند و شار و ژینوسیدی رۆڵەکانی بە شتێکی چاک بۆ ناساندنی کێشەکەی بە جیهان بزانن، ئەگەر ئەوەبێ ڕێگەی گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهاندا، بۆ ئەو رۆژەی ئەم جیهانە کەڕو بێ ئەخلاقە ویژدانی دەبزوێ، لەوانەیە کوردێک لەسەر خاکی کوردستاندا نەمابێ!

شاری هەڵەبجە، ئێران داگیری کرد. هێزە کوردستانییەکان بۆ چەکی باش و باخەڵ گەرم کردن هاوکاریان کرد. رژێمی ئێراق بە کیمیایی ورووژاندی. باجەکەشی خەڵکی کوردستان بە خوێنی هەزاران کەس دایەوە!!!

# گفتوگۆ لە نێوان کوردان و رژێمەکانی ئێراقدا

گفتوگۆکردن لەهەر جێگەیەکی دنیدا، لە نێوان هەر هێزێکی دژ بەیەکدا، خێراترین پرۆسێس بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانە. کەس ناتوانێ نکۆلی لەوە بکا کە گفتوگۆش شێوەیەکی خەباتە. کەمجار وا روویداوە لە نێوان دوو لایەنی دژدا، یەکیان ئەویدییانی دەنێو بردبێ، بەلکو پرانیی ناکۆکییەکان لە ئەنجامی دانیشتن لەگەلْ یەکتر، و وتووێژکردندا چارەسەرکراون.

نەتەوەی کوردیش، لە هەر پارچەیەکی ولاتەکەی، لە تەنیشت خەباتی چەکدارییدا، لایەنی گفتوگۆیشی پشت گوێ نەخستووە. بەلام، داگیرکەرانی کوردستان، هەمیشە ئامێری گفتوگۆیان بۆ تێکشکاندنی راپەرینی شۆرشگێرانی کوردستان بەکارهێناوە. هەندێ جاریش، سەرکردەکان، بە پیلانی گفتوگۆ کردن لە نێوبراون. میر محەممەدی کۆر (پاشای کۆرە) پاش چوونی بۆ دەرباری وەسمانییەکان بۆ وتووێژ و ئاشت بوونەوە، لە گەرانەوە پێش ئەوەی بگاتەوە رەواندوز، بە دەستی مرزکوژەکانی وان، و سمکۆی شکاک، بە بیانووی گفتوگۆکردن لە شنۆیێ، و دکتور قاسملوو، لە رێگەی وتووێژکردندا لەگەلْ رژێمی مەلاکانی تاران، لە ئۆتریش، شەهید کران.

لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا، کە شۆرشی ئەیلوول دەستی پێکرد، پاش کۆدەتای بەعسێکان لە سالی ۱۹٦۳دا، و رژێمەکانی

دیش کە پاشان دەسەلاتیان گرتە دەست (دیسان بەعسیکانیش دەگرنەوە کە بۆ جاری دووەم لە سالی ۱۹٦۸دا، دەولەتداریتیی ئیراقیان گرتەوە دەست.) گفتوگۆ بە شێوەیەکی پچرپچر لە نێوان میرییەکانی ئیراق و شۆرشی کورددا بەردەوام بوو.

بەعسیی و قەومیکان بۆ یەکەمجار لە ۱۹٦۳/۲/۸دا، کوودەتایان کرد، و رژێمی قاسمیان لەنێو برد. ئەنجا بۆ سەقامگیرکردنی رژێمی خۆیان لە ۱۹٦۳/۳/٤دا، (تایەر یەحیا) بە پەلە چووە کوردستان، و تکای لە بارزانیی کرد کە شەر رابگری. لە ۱۹٦٤/۱/۳۱دا، جارێکی دی (عەبدولرەزاقی حاجی مەحموود) پارێزگەری ئەوکاتی سلێمانی، لە لایەن رژێم هەناردرایە لای سەرکردایەتیی شۆرش.

لە ۱۹٦٤/۲/۱۰دا، بەیانی شەر راگرتن لە نێوان رژێمی (سەلام عارف) و شۆرشدا راگەیاندرا. رژێم، ئەم شەر راگرتنەی وەکو تاکتیک بۆ خۆبەهێزکردن بەکارهێنا، کە خۆیشی بەهێز هاتە پێش چاو، لە گفتوگۆ و بەلێنەکانی پاشگەز بۆوە، و لە ۱۹٦۵/۲/۱۰دا، شەر دەستی پێکردەوە.(۱۱۳)

لە ۱۹٦٦/٤/۱۳دا، سەلام عارف بووە قوربانی حازران، و (ئاورەحمان عارف)ی برای، دوای وی، بوو بە سەرۆکی ئیراق. ئەویش وەکو براکەی، ویستی بە هێزی عەسکەر رووبەرووی شۆرشی کوردان ببێتەوە. لە رۆژی ۱۹٦٦/٤/۲۸دا، بە هێزی جەلالیکان رایگەیاند کە رژێمەکەی ئۆتۆنۆمیی بە کوردان نادا. بەلام، کە دیتی بەم رێگەیە چارەسەری دۆزی کوردیی پێناکری، بە هیوای مانەوەی رژێمەکەی، سیاسەتی گفتوگۆی بێ‌نرخ نەزانی.(۱۱٤)

لە ۱۹٦٦/٦/۱۸دا، بارزانیی لە گەلالە چاوی بە وەفدێکی رژێم کەوت. لە گفتوگۆدا هەرتک لا لەسەر چەند خالێک رێککەوتن. لە

له ۱۹٦٦/٦/۲۹دا، رژێمی ئاورەحمان، پرۆگرامە ۱۲ خاڵییەکەی خۆی بڵاوکردەوە، کە پێک هاتبوو لە:

۱- دان‌نان بە بوونی گەلی کورد لە یاسای بنەرەتی ئێراقدا.

۲- مافی ئانیوەندێتیی بە پارێزگە کوردییەکان بدرێ.

۳- دان‌نان بە زمانی کوردیی، وەکو زمانێکی فۆرماڵ لە تەنیشت زمانی عارەبیی لە پەروەردە و کاروباری دەوڵەتییدا.

٤- نوێنەرانی کورد لە پارلەمانی پاشەرۆژی ئێراقدا وەربگیرێن.

٥- زەماڵەی خوێندن بە خوێندەڤانانی کورد بدرێ.

٦- گەشە پێدانی زمانی کوردیی لە زانستگەی بەغدادا.

۷- رێگە بە رێکخراوە کوردییەکان بدرێ، لە سنووری یاسا چالاکی بکەن.

۸- زەوینەی بەلاڤۆکی راویاریی بە زمانی کوردیی ئامادە بکرێ.

۹- لێخۆش بوون بۆ هەموو ئەوانەی لە کارەساتی (باکوور)دا، بەشداریان کردووە.

۱۰- گەڕانەوەی ئەو گوندە کوردانەی لە ساڵی ۱۹٦۳دا، بە عارەب کراون، بۆ جێگەی خۆیان.

۱۱- بایەخ بە ئاوەدان کردنەوەی- باکوور- بدرێ.

۱۲- هێزی پێشمەرگە لە کوردستاندا بکرێتە پاسەوانی سنوور.

شایانی باسە، لەم رێککەوتنامەیە سێ خاڵی تێدا بڵاو نەکرایەوە:

۱- پارێزگەیەکی کوردیی، لەناوچە کوردنشینەکانی سەر بە پارێزگەی مووسڵ دابمەزرێ.

۲- رێگەی کارکردن بە پدک بدرێ.

۳- لێخۆش بوونی گشتی بۆ هەموو گیراوە راوبارییەکانی ئێراق، بەبێ لەچاوگرتنی مەسلەکی بیروباوەریان بدرێ.

بەم پێیە رژێمی عارف و شۆرش لەسەر ئەم پەیمانە رێککەوتن، و

له رۆژی ٢٦/١٠/١٩٦٦دا، ئاوره‌حمان عارف چووه کوردستان، و له ٢٨/١٠/١٩٦٦دا، چاوی به بارزانیی که‌وت. نیازی عارف له‌و سه‌فه‌ره‌ی ئه‌وه‌بوو، ژنرال بارزانیی له‌وه‌دا دڵنیا بکا، که رژێمه‌که‌ی، په‌یمانی ١٩٦٦/٦/٢٩ جێبه‌جێ ده‌کا. بارزانیش، ئاوره‌حمانی له‌وه دڵنیاکرد، ئه‌ویش (هێمنایه‌تیی له ئێراقدا به ئاوات ده‌خوازێ).

له ١٩٦٦/١١/٢٨دا، بارزانیی، بیرخه‌ره‌وه‌یه‌کی دایه رژێم، و داوای راپه‌راندنی به‌یانی ٢٩ی ژوونی لێکردن. رژێم هیچ وه‌رامێکی نه‌دایه‌وه، و دۆخ به‌ره‌و ئاڵۆزیی زێتر ده‌چوو. کاتێ نیشانه‌کانی شه‌ر ده‌ست پێکردنه‌وه پتر وه‌دیار که‌وتن، رژێم، سه‌ر له‌نوێ، ده‌ستی به‌واده‌دان کرده‌وه. له رۆژی ١٩٦٧/٣/١١دا، جێگری سه‌ره‌ک شالیاران (ره‌جه‌ب عه‌بدولمه‌جید) له باڵه‌ک، چاوی به بارزانیی که‌وت و پێی راگه‌یاند که (میریی‌ی نیشتمانیی سووره له‌سه‌ر په‌کار خستنی پرۆگرامی ٢٩ی ژووندا، و هه‌وڵی جێبه‌جێکردنی ده‌دا.)(١١٥)

له ئه‌پریلی ١٩٦٧دا،(ژنرال مه‌حموود شوکری)سه‌ردانێکی بارزانیی کرد، و له ١٩٦٧/٤/٢٩دا، رێگه‌ی بڵاوکردنه‌وه‌ی رۆژنامه‌یه‌کی راویاریی به نێوی (برایه‌تیی- التآخي) به شۆرش درا.

له ١٩٦٧/٥/١١دا، که (تایه‌ر یه‌حیا) بۆ جاری دووه‌م بوو به سه‌رۆک شالیاران، له ١٩٦٧/٩/١٥دا، له کوردستان چاوی به بارزانیی که‌وت، و پێنج به‌رێوه‌به‌رایه‌تیی بۆ شالیارێتییه تازه دامه‌زراوه‌که‌ی (کاروباری ژووروو) دامه‌زراند. جێبه‌جێکردنی هیچ به‌ندێکی به‌یانی ٢٩ی ژوون ده‌نگی نه‌بوو! فرۆفێڵی رژێم رۆژ به رۆژ پتر بۆ سه‌رکردایه‌تیی‌ی شۆرش روونتر ده‌بۆوه، و شۆرش و رژێم زێتر له یه‌کدی دوور ده‌که‌وتنه‌وه.

له ١٩٦٧/١٠/٢٠دا، وه‌فدێکی رژێم بۆ هێورکردنه‌وه‌ی نێوانی رژێم و شۆرش چوونه کوردستان و چاویان به بارزانیی که‌وت.(١١٦)

رژێمی ئاورەحمان، لە رۆژی ۱۹٦۸/۷/۱۷دا، رووخا، و دۆزی کوردیشی بە چارەسەرنەکراوی بەجێهێشت. لەم رۆژەدا بەعسیکان، کۆدەتایان کرد و دەوڵەتدارێتیی‌ی ئێراقیان گرتە دەست. (عەبدولرەزاق نایف)ی سەرۆک شالیاران، بە پەلە چووە کوردستان و لەوێ چاوی بە بارزانیی کەوت. پاش گەڕانەوەی، لە رۆژی ۱۹٦۸/۷/۲٤دا، لە پرێس کۆنفرانسێک لە بەغدادا رایگەیاند کە چارەسەری دۆزی کورد دەکا.

لە ۱۹٦۸/۷/۳۰دا، (بەکر- سەددام) کۆدەتایەکی دیان لەسەر نایف کرد و لە عێراقێ دەریان پەڕاند، و پاشانیش لە لەندەن کوشتیان.

لە هەمان رۆژدا بەیانێک لەلایەن دەزگەی بەنێو (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش) لە رادیۆ و تیلەڤیزیۆن بڵاوکرایەوە. بەعسیکان، لەو بەیانەدا، سوێندیان بە خواو بە گەل یادکرد و بەڵێنیان دا کە رژێمێکی یەکگرتوو، دیموکرات، و شۆڕشگێر دادەمەزرێنن، و دۆزی کوردیش ئازادانە و دادپەروەرانە چارەسەر دەکەن، بە شێوەیەک کە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی برا کوردەکانیان دەستەبەر بکا و یەکییەتیی‌ی خاکی ئێراقیش بپارێزێ و......و......تاد.

بەعسیکان لە ۱۹٦۸/۹/۲٥دا، رایەنگەیاند کە (جەژنی نەورۆز) هەموو ساڵێک وەکو جەژنی نەتەوەیی‌ی کورد، و بۆنەیەکی فۆرماڵ لە هەموو ئێراق، لە رۆژی خۆیدا یادی دەکرێتەوە، و لە ۱۹٦۸/۱۰/۲٤دا، بڕیاری دامەزراندنی زانستگەکیان لەشاری سلێمانی‌دا.(۱۱۷)

لە نۆڤێمبەری ۱۹٦۸دا، رێگەشیان بە جەلالیکاندا، کە رۆژنامەیەک بە نێوی (النور) بە عارەبیی، لە بەغدا بڵاوبکەنەوە. جەلالیکان لە رۆژنامەکەیاندا بەشان و شکۆی بەعسیکانیان

هەڵدەگوت، و بارزانیشیان بە (بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و زایونیزم) ناو دەبرد، و شۆڕشی کوردیان بە (بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە) لەقەڵەم دەدا.

لە ١٩٦٩/٥/٢٧دا، بەعسیەکان پارێزگەیەکی نوێی کوردییان بە ناوی پارێزگەی (دهۆک) لەچەند بەشێکی ناوچە کوردییەکانی پارێزگەی مووسڵ دامەزراند. ئەمەش شتێک بوو، شۆڕش و رژێمی ئاورەحمان عارف لەسەری رێککەوتبوون.

بەعسیەکان، لەگەڵ ئەوەی ئەم سیاسەتەیان بەکار دەهێنا، بەڵام، لەراست شۆڕشی کوردستان خۆیان گێل کردبوو، و سەرسەختانە دەیانویست لە رێگەی سوپایی چارەیەکی بۆ پەیدا بکەن. بەڵام، لەبەر هەندێ هۆکاری سەرەکیی نەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان بکەن. لەوانە:

١- خۆراگرتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، و سەرکەوتنە مەزنەکانیان لە هەموو بەرەکانی جەنگ لەبەرامبەر شالاوی سوپای ئێراقدا، بە تایبەتی لێدانی (نەفتی کەرکوک) لە بەهاری ١٩٦٩دا، زەنگی ترکزەیەکی گەورە بوو بۆ بەعسیەکان.

٢- سەرکردەکانی بەعس، هەندێکیان لە تێروانینی واقیعی گەلی کورد و هەندێکیشیان لەترسی رووخانی رژێمەکەیان، ناچار بوون هەڵوێستێکی ئەوهایی بگرنەپێش!

٣- دارمانی ئابووریی، و نارەزایی گەلانی ئێراق.

٤- مەترسی ئێران، وەکو وڵاتێکی بەهێز، بۆ سەر ئێراق، کە بەهاتنی بەعسیەکان بۆسەر حوکم، نێوانی ئەو دوو وڵاتە تیرەتر ببوو.

لە راستییدا ئەم فاکتەرانە، زەوینەی وتووێژیان، کە لە بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا، خۆی نواند، لەنێوان رژێم و شۆڕشدا چێکرد.

لەم بەیانەدا، بەعسیەکان تانەیان لە رژێمەکانی پێش خۆ دەدا، کە

لە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورددا (بێ توانا) بووینە و چارەی بەجێیان بۆ داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد پێ پەیدا نەکراوە. بەعسیکان، ئاخافتنەکانیان درێژتر کردەوە و گوتیان (مافی نەتەوایەتیی، حاڵەتێکی بەرەوەدەوامی دیموکراسیتیە.) هەروەها بێژیتان (ئەم رێککەوتنە راپەراندنی بڕیارەکانی حەوتەمین کۆنگرەی پارتی بەعسە کە لە کوتایی ١٩٦٨ و سەرەتای ١٩٦٩دا بەسترا، دانی بەوەدا نا کە دۆزی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێراق لە پێش هەموو شتێکی دیدا دێتەوە.)

ئەرکی ئەم کۆنگرەیە ئەوە بوو (چارەسەرێکی وا بۆ دۆزی کورد پەیدا بکا کە بەعسیکان تێیدا دەست پێشخەر بن) جگە لەمەش مەبەستێکی سەرەکیشی بۆ خۆیان تیابوو، ئەویش سەقامگیرکردنی رژێمەکەی خۆیان بوو.

لە کۆنگرەیەکی هەرێمایەتیی پارتی بەعس لە بەغدا لە ١٧-٢٤ی فیبریوەری ١٩٧٠دا، کە میشێل عەفلەقی سکرتێری گشتی پارتی بەعسیش تێیدا بەشداری کرد، بڕیار درا کە ئۆتۆنۆمیی بەکورد بدەن!

لە بەیانەکەدا ئەوەش دیاری کرابوو، کە بەعسیکان، پێوەندیان بە بارزانیی، سەرۆکی پدک کردووە و پێکەوە لەسەر ئەم بەندانەدا رێککەوتوون:-

١- زمانی کوردیی، لەو نێوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، لە تەنیشت زمانی عارەبیی دەبێتە زمانی فۆرماڵ. زمانی کوردیی لەو نێوچانەدا زمانی دەرس گوتنەوە دەبێ. لە قوتابخانە کوردییەکاندا، زمانی عارەبیی وەکو زمانی دووەم بەکار دەهێنرێ. هەمان شت بۆ زمانی کوردیی لە قوتابخانە عارەبییەکاندا.

٢- کوردەکان، بەشداری لە هەموو پۆستە گرینگەکانی دەوڵەت، لە

شالیارێتییەکان و سەرکردایەتیی‌ی سوپا و جێگە بایەخدارەکانی دیدا دەکەن، بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان کوردان و ئەوانی دیدا هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژەی دانیشتوان و توانای پێویست ڕەچاو دەکرێ.

٣- آ- ڕاپەڕاندنی بە خێرایی ئەو بەندەی پێوەندی بە زمان و مافە کولتوورییەکانی گەلی کورددا هەیە، کە دەبێ بدرێتە بەڕێوەبەرێتیی‌ی گشتیی‌ی ڕۆشەنبیریی و ڕاگەیاندنی کوردیی. مەبەست لەم ئیشە، کاروباری ڕادیۆ و تیلەڤیزیۆنی کوردیی و ئەو پرۆگرامانەی پێوەندییان بە بابەتەکانی نەتەوایەتیی‌ی کوردیی هەیە، بوو.

ب- گێڕانەوەی ئەو قوتابییانەی دەرکراون، یان ناچارکراون خوێندن جێبهێڵن.

پ- زێتر دروست کردنی قوتابخانە لە نێوچە کوردییەکاندا، و بەرزکردنەوەی پلەی خوێندەواریی و ڕێگەدان بە قوتابییانی کورد بۆ خوێندن لە زانستگە و ئەکادیمییە سوپاییەکاندا.

٤- فەرمانبەرەکان، لە نێوچە کوردییەکاندا، دەبێ کورد بن، یان لەو کەسانە بن زمانی کوردیی باش دەزانن.

٥- دەوڵەت ڕێگە بە گەلی کورد دەدا کە ڕێکخراوەکانی جەماوەریی‌ی سەربەخۆی وەکو (قوتابییان، لاوان، ئافرەتان، مامۆستایان، کرێکاران و جوتیاران) دابمەزرێنێ.

٦- کرێکار و فەرمانبەرە کوردەکانی لەکار دەرکراون، مەدەنیی یان عەسکەریی، دەگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان.

٧- مووچەی خانەنشینی و زەرەر لە ناوچە کوردییەکاندا بەو خێزانانە بدرێ (شەهید) یان داوە. دۆخی دواکەوتوویی ناوچەکەش بە هۆی ئەو ڕووداوانە ڕەچاو بکرێ. پلانێکی فراوانی ئابووریی دابنرێ، و بۆ ئەوانەش کە سەقەت بوونە، یان توانای کارکردنیان تێنەماوە، خانوبەرە، و کار بۆ بێکاران مسۆگەر بکرێ.

٨- گوندییە عارەب و کوردەکان، دەبێ بگێردرێنەوە بۆ ئەو گوندانەی پێشتر لێیان ژیاون. ئەگەر گوندێکی کوردیی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سوودێکی گشتیی دەستی بەسەر داگیرابێ، گەرەکە لە ناوچەیەکی نزیک وێ جێگەیان بۆ ئامادە بکرێ و بە گوێرەی پێویست پاداشیان پێ بدرێتەوە.

٩- دەکارخستنی یاسای چارەسەرکردنی زەوی لە ناوچە کوردییەکاندا و لەنێوبردنی پێوەندییە دەرەبەگایەتییەکان، و بەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا. ئەو جوتیارانەی لەکاتی جەنگ نەیانتوانیوە باج بدەن، چاویان لێ‌بپۆشرێ.

١٠- دەستووری کاتیی بەم جۆرە دەستکاری بکرێ:

ا- خەڵکی ئێراق لە دوو گەل، گەلی کورد و گەلی عارەب پێک دێ. ئەم دەستوورە دان بە هەموو مافێکی نەتەوایەتیی‌ی کورد و کەمە نەتەوەییەکانی دی لەچوارچێوەی یەکییەتیی‌ی ئێراقدا دەنێ.

ب- زمانی کوردیی، لە نێوچە کوردییەکان، لە پاڵ زمانی عارەبیی، دەبێتە زمانی فۆرماڵ.

پ- لەکاتی دانانی دەستووری هەمیشەیی، بەندی سەروو (دەیەم) وەکو دەستکاریی کراوە، دەخرێتە نێو دەستووری هەمیشەیی.

١١- ئێزگەی رادیۆی شۆرش و چەکە قورسەکان، دەبێ بدرێنەوە میریی. بەڵام، ئەم کارە پاش جێبەجێ کردنی تەواوی بەندەکانی رێککەوتنەکە ئەنجام دەدرێ.

١٢- یەکێک لە جێگرەکانی سەرکۆمار، پێویستە کورد بێ.

١٣- یاسای پارێزگەکان، بە جۆرێکی ئەوهایی کە لەگەڵ ئەم رێککەوتننامەیەدا بگونجێ دەستکاری دەکرێ.

١٤- دوای سەرژمێرییەکی سەرتاسەریی، پارێزگە کوردییەکان بەرێوەبردنیان یەک دەخرێ، تا گەلی کورد بتوانێ بۆخۆی کاروباری

خۆی بەڕێوەبەری. تا ئەو یاسایە جێگیر دەکرێ، بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان بە هاوکاری نێوان پارێزگەرە کوردەکان و (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی) بەڕێوە دەبردرێ. سامانی زەوی لەم نێوچەیەدا، لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی نیوەندییدا دەمێنێتەوە.

١٥- گەلی کورد، بە گوێرەی رێژەی دانیشتوان، لە دەزگەکانی راپەراندندا بەشداری دەکەن.

بارزانیی، پشگیری شۆڕشی کوردانی بۆ ئەم بەیانە بە برووسکەیەک راگەیاند.

سەددام حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی‌ی شۆڕش، کە دەورێکی سەرەکیی لە گفتوگۆکەدا دی، گوتی (برایەتیی‌ی راستەقینەی کورد و عارەب، لەو رۆژوە لە ئێراقدا دەست پێدەکا.) هەروەها گوتی (بۆ چارەسەرکردنە تەنێ پشوویەکی شەڕ راگرتنی وەکو جارانی پێشوو نییە، بەڵکو، نەهێشتنی تەواوی کێشە راوبارییەکانی نێوان کورد و عارەبە و بۆ هەمیشەش پایەدار دەمێنێتەوە.)(١١٨)

بەڵام، وەکی دیاردەکان سەلماندیان، سەددام راستی نەگوت، و ئەو گفتوگۆ و بەیاننامەکەی ١١ی ئازاریش پیلانێکی ساختەچێتیی بوو، و جگە لە ئامێرێک بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە پیسەکانی بەعسێکان، خێرێکی بۆ کوردان تێدانەبوو.

بەعسێکان، لەبەر ئەوەی بە دڵسۆزی نەهاتبوونە پێشەوە، و تەنێ نیازیان لێدانی بارزانیی و شۆڕشی کوردان بوو، بەشی هەرە زۆری بەندەکانی رێککەوتننامەکەیان جێبەجێ نەکرد. (حەردان تکریتی) لە یادداشتەکانی خۆی دەبێژێ (مەبەستی سەرەکیی‌ی ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ بارزانیی، بۆ ئەوە بوو کە کۆدەتایەکی سەربازیی لە دژی بکەین. بەڵام، ئەو لە بواری فروفێڵی راوباریی و سەربازیی لە ئێمە

زۆر بە تواناتر و زیرەکتر بوو، چونکە مەرجی هێشتنەوەی ٢٥ هەزار پێشمەرگەی چەکداری لەسەر دانایین. ئەوەشمان بۆکرد. پاشان بریارمان دا، هەلێک بەدەست بێنین و بە هۆی تاقمەی جەلال تالەبانیی، بیکوژین.)(١١٩)

لە راستییدا، رژێم هەر ئاوهایشی کرد. بەلام، لە ڕێگەیەکی دی ویستی بارزانیی لەنێو ببا. لە ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩دا، بەعسیکان، بە هۆی ٩ پیاوکوژی عەمامەلەبەری بە ڕواڵەت مەلا، پیلانی گڵاوی خۆیان بۆ کوشتنی بارزانیی جێبەجێ کرد. بەلام نەخشەکەیان سەری نەگرت، و بارزانیی بە سەلامەتی تێیدا دەرچوو. مرۆڤکوژەکانیش، هەر تێیان لەوێدا کوژران. بەعسیکان، چونکە قرێژاویی بوون و هەن، و بۆ غایەتی پیس و لە ناچاریی گفتوگۆیان لەگەڵ کورداندا کردبوو. لە هاوینی ١٩٧٣دا، لە کاتی درێژەپێدانی گفتوگۆ بۆ جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ی ئازار، رژێمی بەعس، داوای لەسەرکردایەتیی شۆرش کردبوو پێویستە ئێوە دان بەوەدا بنێن کە (کوردستانی ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عارەب).(١٢٠)

لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی وتووێژەکە، دەمی خۆیان بەهێزتر دی، لە بەهاری ١٩٧٤دا، شەڕیان هەلگیرساندەوە، و لە بەهاری ١٩٧٥یش، بە هۆی ڕێککەوتنیان لەگەڵ رژێمی داگیرکەری شای ئێران، شۆرشی کورداتیان دەتێوبرد.

پێویستە ئەو ڕاستییە بۆ مێژوو بلێین، ئەو خاوەن شکۆییە بۆ شۆرشی ئەیلوول و بۆ سەرۆکەکەی دەگەڕێتەوە، کە دەوڵەتمەندانی ئێراق، لە سەرکۆمار و جێگری وی و سەرشالیاران و کاربەدەستانی دی، هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان دەچوونە کوردستان، و داوایان دەکرد (ئەگەر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیشیان بوویی) بۆ ئەوەی ژنراڵ

بارزانیی گفتوگزیان لەگەڵدا بکا! لە پاش دەستپێکردنەوەی شەڕیش لە دوای هەرەس، سک و دوایش پدک، هەمیشە سەنگی خۆیان سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ رژێمدا راگرتبوو.

جەلال تاڵەبانیی، لە ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٠دا، یەکێک لە بیچمە کوردە هەرە بڕوا پێکراوەکانی رژێمی بەکر- سەددام بوو. پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٦دا، بە هۆی دواکەوتوویی و ساویلکەیی‌ی کۆمەڵگەی کوردەواریی توانی رێبەرایەتیی‌ی هێزێکی قەبە بگرێتە دەست. مرۆڤانی هەلپەرست و چڵێسیش رۆڵێکی گرینگیان لەبەرزکردنەوەی ئەو کابرایەدا هەبوو!

جەلال، هەر بە گەرانەوەی بۆ کوردستان، کەوتە ئاژاوەنانەوە. بە لاقۆکەکانی ینک، هەر لە سەرەتادا دووشتی بە زەقی تێدا دیار بوو- یەکێکیان، هێرش بردن و سووکایەتیی بە سک و بنەماڵەی بارزانیی کردن. دووەمیان، پەنابردنەبەر هێزە عارەبە عیراقییەکان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیاندا.

لە مانگی مای ١٩٧٨دا، لە نامیلکەی (هەواڵنامەی شۆرش- ل. ١) دەبێژن (پێویستە لە هەرتک لاوە خۆمان لە داوی ئیمپریالیزم و ئێراندا بپارێزین. ماوە نەدەین بە هاتنەوەکای سەرکردایەتیی‌ی بارزانیی کە لە کاتی لەڕولاوازیاندا، بە بیانووی بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی کوردەوە و...... گەرەکیانە بێنەوە کایەی کوردایەتیی تا وردە وردە جڵەوەکەی بگرنە دەست.)(١٢١).

هەر لەم نامیلکەیە، لە لاپەرە ١١دا، دەڵێ (پێویستە توند و تیژ دەست بە ئەلقەی تێکۆشانی کورد و عارەبەوە بگرین، بە هەموو هێزێکمانەوە تیبکۆشین کە ئەم یەکییەتیی‌ی تێکۆشانە لە کۆڕی شۆرشدا لە بە ئێراقیی کردنی شۆرشەکەدا خۆی بنوێنێت. پێویستە هەوڵ بدەین شۆرشەکەمان لە رووی سەرکردایەتیی و هێزە بەشدار

بووەکانی و مەیدانی زەبروزەنگیی و ئامانجەکانییەوە، بکرێتە شۆرشێکی دیموکراتیی‌ی ئێراقیی.)(١٢٢)

ینک، داوای هاریکاریی و بەرەی یەکگرتووی لەگەڵ هێزە نەتەوە پەرستە عارەبییەکان بۆ بە ئێراقیی کردنی شۆرشی کوردان دەکرد. بەلام، ئامادە نەبوو لەگەڵ هێزێکی نیشتمانیی‌ی کورد هاریکاریی بکا!

لە ساڵی ١٩٧٦دا، پاش ئەوەی شەر و شۆر دەستی پێکردەوە، جەلال و هاوکارەکانی، چەند جارێک بۆ گفتوگۆکردن لە دەرگەی رژێمیان داوە. رژێم دەرگەی لێنەکردوونەتەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی (سێ سنوور)- جەلال، ئارام، عەلی عەسکەریی، نەوشیروان، دکتور خالید، عەمەر دەبابە، حوسێن بابە شێخ، دکتور مەحمود عوسمان، تایەر عەلی والی، مەلا بەختیار، رەسول مامەند، ئازاد، حاجی حاجی برایم، عەمەر عەولا و قادر جەباریی، پرۆژەیەکی گفتوگۆیان ئامادە کرد. پاشان بە رژێمیان راگەیاند (ئامادەین گفتوگۆتان لەگەڵ بکەین.) وەلامی رژێم، ئەوەبوو (بەخێرهاتنتان بۆ ریزی نیشتمانیی لێدەکەین.)

لە بنەتای ساڵی ١٩٧٧دا، ینک، جارێکی دی بەم شێوەیە داوای وتووێژی لە بەعسێکان کردەوە (لەبەر ئەوەی مێژوومان شایەتە کە هەمیشە هەڵوێستمان بەرامبەرتان هەڵوێستێکی برایانە و دۆستانە بووە، ئێمە بەلای خۆمانەوە هەوڵی بەردەوامان داوە و دەبەدەین بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی برایەتیی لەگەڵ پارتیتان و... و... و جیاوازی نێوانمان هەمیشە برایەتیی و هاوبەشیی بووە و... و... بۆیە داوای گفتوگۆی راستەقینتان لەگەڵ دەکەین.)

لەرۆژی ٢٧ی ژوولای ١٩٧٨دا لە کۆبوونەوەیەکی تر لەقەندیل، بە سەرکردایەتیی جەلال تالەبانیی،نوێنەری ئەم لایانانە بەشدارییان تێداکرد:

١- كۆمیتەی ئامادەیی- پدک، دکتۆر مەحموود عوسمان.
٢- پاسکی سۆشیالیستی کوردستان- مەلا ناسیح، رەسوول مامەند، حاجی حاجی برایم.
٣- پاسۆک- جەلالی حاجی حوسێن.
٤- کۆمەڵە- نەوشیروان، فازل کەریم، عەزیز مەحموود.

ئەوانە، لەسەر ئەوە رێککەوتن کە جارێکی دی داوای گفتوگۆ لە رژێم بکەنەوە. لە بیرخەرەوەکەیاندا ئەو مەرجانەیان بۆ رژێم دانا:-
١- گەشە پێدانی ئۆتۆنۆمیی (دەبێ مەبەست لە ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکە بێ).
٢- هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگە بەو شێوەی لەسەری پێک دێن.
٣- بە جێگەی کۆچ پێکردن (تەهجیر) خەڵکەکە کۆ (تەجمیع) بکرێ.

بەعسیکان، دیسان هیچ سەرنجێکیان پێنەدان.

لە ساڵی ١٩٧٩دا، پاسک، پاسۆک، و دکتۆر مەحموود، پاش ئەوەی لە یەنک جودا ببوونەوە، سێ قۆڵی داوای گفتوگۆیان لە رژێمی بەغدا کردەوە. رژێم ئەمجارەش پشت گوێی خستن.(١٢٣)

سکیش، کەتا ساڵی ١٩٧٩، هێزێکی کاریگەر بوو، بۆ جارێکیش بۆ خۆیان داوای گفتوگۆیان لە رژێم نەکردووە. بەڵکو، رژێم ناوبەناو پێوەندی پێوەکردوون. هەناردنی (عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەلەیی) بۆ لای بارزانیی لە ئەمریکا، بەڵگەیەکی سەلمێنەرە.

یەنک، لە کاتێ بەو جۆرە خۆی و ناوی کوردیی لە بەرامبەر رژێمی داگیرکەری ئێراقدا دەهێنایە خوارێ. ئامادە نەبوو لەگەڵ لایەنەکانی تری کوردستانییدا، پێکەوە کاربکەن. بەڵکو، بە پێچەوانە، هەڵمەتبەر و شۆرەسواری شەری براکوژیش بوو.

سەرکردەی لایەنە راوێارییەکان، لە دوای ساڵی ١٩٧٦دا، ئەوەی

بیریان لێنەکردبێتەوە (یەکگرتن) بوو. بۆیە سەددام حوسێن، بە ئاشکرا لە تیلەڤیزیۆن پێیانی ڕادەبووارد و دەیگوت، (الاحزاب الكردية، اذا بيهم خير خلّي يتفقون بيناتهم = پارتە کوردییەکان، ئەگەر خێریان تێدایە، با لە نێوخزیاندا یەکبگرن.)

بەم گاڵتە پێکردنەش شەرم نەیانی بردەوە. چاکتر بەربوونە گیانی یەکدی. ئەوهاش دەیانەویست فاشیستێکی وەکو سەددام، حسێبێک بۆ شۆرشە چەواشەکەیان بکا!

ینک، هەتا گفتوگۆکەشیان لەگەڵ ڕژێم لە ساڵی ۱۹۸۳دا، لە ژێرەوە پێوەندییان لەگەڵ بەعسێکاندا هەر هەبوو. سێ کوچکەیەک لە نێوان سەرکردایەتیی ینک، سەرکردایەتیی پدکا، و موخابەراتی عەسکەریی ئێراقیدا هەبوو. پێشمەرگەکانی هیچ لایەنێک لەم دوولایەنە کوردییە بەم بازنەیان نەدەزانی. لە ڕێگەی ئەم سێ گۆشەیە، ینک، چەک و تەقەمەنیی و پێویستییەکانی تری خۆی لە ڕژێمی بەعسێکان لە بەرامبەر ڕاوەدوونانی لایەنە کوردستانییەکانی دی وەردەگرت.

لە ساڵی ۱۹۸۳دا، هیچ پێوەندییەکی ژێرەوەیی نەما. ینک شەری ڕاگرت، و بە ئاشکرا لەگەڵ ڕژێمدا کەوتە گفتۆگۆکردن. ئەم گفتوگۆیەش ماوەیەکی کەم دوای کارەساتەکەی پشت ئاشان بوو!!!

ماوەیەک پاش ڕووداوی پشت ئاشان، لە کاتێ ینکییەکان لەگەڵ ڕژێم لە گەرمەی وتووێژکردندا بوون، لە ڕۆژی ۱۹۸۳/٥/۲۷دا، ڕژێمی مارشاڵەکانی تورکیا، لە تخووب پەڕیەوە و لە ناوچەکانی دهۆک هێرشی بردەسەر بنکەکانی بەند. بەڵام، بەرگری هێزی پێشمەرگە نەیهێلا بە مەرامی خۆیان بگەن، وزەرەرێکی زۆریشی پێگەیاندن. عەسکەری تورکیا بۆ جاری دووەم بە هێزێکی مەزنتر، لەگەڵ ڕەکارخستنی ۳٦ فڕۆکەی جەنگیی هێرشی هێنایەوە، ئەمجارە

زیانێکی زۆری لە دانیشتوان دا!

پاش ئەم هێرشانەی تورکیا، ینک، بەیانێکی بلاوکردەوە. تێیدا گوترابوو (ئامادەین هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرگریی کردن لە خاکی ئێراقی خۆشەویست بنێرینە ناوچەی بادینان)

سەرکردایەتیی بەند، دەست بەجێ بەخێرهاتنی بەیانەکەی کرد. بەلام، ینک بێدەنگیی لێکرد و (ئەو باسەی چیدی لەو بازارەدا نەکردەوە.)

جەلال تالەبانی، دووجار لە بەغدا چاوی بە سەددام کەوتبوو. لە وتووێژێکی دەگەڵ گۆڤاری (الطلیعە العربیە) ژمارە ٦٥، بە بەرواری ١٩٨٤/٨/١٦، لە لاپەرە ٩، لە بارەی کۆبوونەوەکانی دەگەڵ سەددامدا دەبێژێ (چاوپێکەوتنمان لەگەلی «سەددام» راشکاو و جیدی بوو. دیتمان کە جەنابی سەرۆک لە بارودۆخەکان تێدەگا و زۆر مشووری بە هێزکردنی برایەتیی کورد وعارەب دەخوا. بە بڕوای تەواو لە یەکدی جودابووینەوە کە لەگەڵ یەکدی رێک دەکەوین، و ناکۆکییەکان چارەسەر دەکرێن. سەرۆک، بە هۆشیارییەکی گشتگرانە و سەرنجێکی دوورەوە بۆ پاشە رۆژ دەتوارێتە دۆزەکە. ئێمە بەو نێوە نەچووینە کنی کە ئەو لایەنەکە لەشەر و کێشەکەدا، بەلکو ئەو «داوەر» بوو، و ئێمەش بە تەواوی بڕوامان هێنابوو کە بە بوونی سەرۆک سەددام حوسێن دەگەینە رێککەوتنێک کەخزمەتی ئێراق دەکا. هەروەها گەیشتبووینە ئەو بڕوایە کە ئەگەر ئێمە لەم پلەیەدا، و بە بوونی سەددام حوسێن نەگەینە رێککەوتنێک، ئەوا لەگەڵ هیچ دەولەتێکی نێوەندیی دیکە ناگەینە رێککەوتن.)(١٢٤)

جەلال تالەبانی دەڵێ: (ئێمە وەکو سۆنەمان لێهاتووە، لە هەزار ئاو دەدەین تەڕ نابین.)

راست دەبێژی، چونکە ئەگەر جارێکیش تەڕ بیووایە، شەرم

دایدەگرت، و ئەوها بێشەرمانە، سەددامی فاشیست، کە لەوەتای هاتۆتە سەر حوکم وەکو جەللادێکی خوێنمژ، لە کاولکردن و بە عارەب کردنی کوردستان و ژینوسیدی کوردان نەپرینگاوەتەوە، نەدەکردە داوەر.

ئەدی ئەگەر سەددام داوەر بوو، داخوا سەری حسێنی جەلال لەگەڵ کێ بوو کە سەددام ناوبژیکەریان بووبێ؟!!!

هەر لەم گفتوگۆیە لێی دەپرسن:

- پەرەپێدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی لەسەر چ بنچینەیەکدا دەبێ؟

جەلال دەڵێ: (لەسەر بنواشەی بەیانی ١١ی ئازار دەبێ، کە ئەویش بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی بەعس.)

ئەوەیە رێبەری کورد! رەنجی خەبات و خوێنی نزیکەی ٤٠ ساڵی گەلی کورد دەکاتە بەرهەمی بەعس. ئەو بەعسیانەی لەوەتای دەوڵەتدارێتییان گرتۆتە دەست جگە لەگرتن و کوشتن و خنکاندنی دەنگی ئازادیی، بەرهەمێکی تریان بۆ گەلانی ئێراق نەبووە!

ئەگەر بەیانی ١١ی ئازار، بەرهەمی بەعسیکان بوو، بۆچی لە ساڵی ١٩٦٨دا، کە هاتنە سەر حوکم بە جەلالیکانیان نەدا؟! -کە ئەوکات دوو ساڵ بوو بەدڵ و گیان جاشایەتییان بۆ میریی‌ی ئێراق دەکرد! -بۆچی دوو ساڵیش پاش دەوڵەتدارێتییان، لەگەڵ بارزانیی و شۆڕشدا رێککەوتن؟!!

ئەگەر بەیانی ١١ی ئازار، بەرهەمی بەعس بوو، بۆچی لەساڵی ١٩٧٤دا، لێی پاشگەز بۆوە، و شەری دەست پێکردەوە، و ساڵێکیش دواتر پەیمانی جەزایەری بەسەردا سەپاند؟!!

بەرهەمی بەعس، بۆ کوردان، دابرینی ناوچە نەفتییە کوردییەکان، و سیاسەتی تواندنەوەی گەلی کورد، و گۆرینی دیموگرافیای کوردستان، و پەیمانی جەزایەرە، نەک بەیانی ١١ی ئازار!

هەر لەبەر ئەو هۆیانەش، فێڵ لە خۆکردن و خەڵک فریودانە، ئەگەر جارێکی دی بڕوا بە ڕژێمێکی ئەوهایی بهێنرێتەوە!

لە پرۆژەی ئەو یاسا ئۆتۆنۆمییەی کە یەکێتییەکان لە دەمی گفتوگۆکەیان بە ڕژێمی بەعسیان‌دا، لە بەندی یەکەمی بەشی یەکەم، لە خاڵی (هـ) دا هاتووە، (ناوچەکە بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی ئێراق. گەلەکەیشی بەشێکی دانەبڕاوە لەگەڵی ئێراق...)

ئەمەش، بە تۆزقاڵێک لەگەڵ بەندی دووەمی دەستووری کاتیی ئێراقدا جوداوازیی نییە، کە دەبێژی، (خاکی ئێراق بەشێکە لە نیشتمانی عارەب و گەلەکەیشی بەشێکە لە نەتەوەی عارەب.)

لەو حاڵەتەدا، بەبێ هیچ سەرئێشەیەک ئەم خاڵە وەهای لێدێتەوە، (خاکی کوردستان بەشێکە لە نیشتمانی عارەب و کوردیش بەشێکە لە نەتەوەی عارەب!)

هەر لەو یاسا شرەدا، لە لاپەرەکانی ٢و٩دا، لە بەشی دووەم و لە خاڵی (ج)دا ئەوهایان نووسیوە، (ناوچەی ئۆتۆنۆمیی ئەم پارێزگانەی خوارەوە دەگرێتەوە.)

١- هەولێر

٢- سلێمانی

٣- دهۆک

کەرکووک و نارچە نەفتییەکانی دیکەش بە پێی یاسا و بڕیاری یەکێتییەکان ماڵی کوردان نین و ملکی حەلاڵ و زەلاڵی عارەبانن!

ڕۆژنامەی (الانباء الکویتیة) لە ١٩٨٤/٧/٨دا لە زمانی جەلال تاڵەبانییەوە ئەوهای نووسی، (ڕایگەیاند کە شاری کەرکووک ناکەوێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە.)

گۆڤاری (الطلیعە)ش، لەژێر سەردێری (مەرهەمی زەمانە)دا، بەو جۆرە لە سکرتێری گشتی یەنک دەپرسی:

- ئایا شاری کەرکووک دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمییەی داوای دەکەن؟ جەلال، لەوەرامدا دەڵێ:

-نەخێر،کەرکووک شارێک نییە بکەوێتە نێوچەی ئۆتۆنۆمییەوە.(١٢٥)

ئەوەی، رۆژێک لە رۆژان بە خەیاڵی هیچ نیشتمانپەروەرێکی نەخوێندەواری کوردیشدا نەدەهات، سەرکردە (حقوق زانەکان)ی یەک کردیان و کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و شەنگاریان بۆ رژێمی بەعسی داگیرکەر کردە دیاریی! وەکو ئەوە وابێ کە کوردستان لەسەروان تاپۆ کرابێ، و بۆیان هەبێ چۆنیان مەرام بێ، ئەوها بازرگانیی بە (رۆحی) نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بکەن. بەبێ ئەوەی هیچ حسێبێک بۆ مێژوو، و بۆ پاشەرۆژ بکەن.

مورتەزا سەعید عەبدولباقی، کە سەردەمێک سەرۆکی لیژنەی ئاشتیی لە ئیراقدا بوو، لە کتێبی (لكي يصان السلام وتعزز الوحدة الوطنية) دا، لە لاپەرە ٥١، لە بارەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بارزانیدا دەڵێ، (بارزانیی رەپوراست پێی گوتم، کە کەرکووک بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی کوردستان، و ئەگەر هات و لەسەر ژمێریدا دەرکەوت کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە کورد نین. ئەز بروا بەو سەرژمێرییە ناکەم. ئەز ناتوانم لە بەرامبەر نەتەوەکەمدا بەرپرسی حاشاکردن لە کەرکووک بم. لەوانەیە ئەم شتە کاتێک رووبدات کەمن لە ژیاندا نەمابم!)

هەر وەهاش گەڕایەوە، بارزانیی، تاکو لە ژیاندا مابوو، لە دەمی شکست و دەربەدەریشدا دەستی لە بستە خاکێکی نەتەوەکەی هەڵنەگرت. هەر چوار ساڵێک لە پاش مەرگی ئەم سەرکردە بەنێو (خێڵەکی)یە، سەرکردە (رووناکبیر و حقوق زان و مارکسیستەکان) بە خشکەیی دەستیان لە پیرۆزترین و ستراتیژیترین و بە بیرترین بەشی کوردستان، کە (هێشتا زۆربەی دانیشتوانیشی کورد بوون)

هەڵگرت و لەسەر ئاستی نێوچە و جیهانیش ڕایان گەیاند کە کەرکووک ماڵی کورد نییە، و بەشێکە لە خاکی عارەبان!

یەکییەکان، لە تەراویلکە دەیانخواردەوە. خزیان بە دەردی پارتی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٧٣دا، بردبوو. ئەوان وایان دەزانی کە سەددام (نحو الاشتراکیة) دەچێ، و دەکرێ (بەرەی نیشتمانیی) لەگەڵ دابمەزرێنن. یەکییەکانیش گەیشتبوونە (بروای تەواو) کە ئەمجارە سەرۆک، لە کابەی شەریف بە ناوی زەمزەم شۆراوەتەوە، و زۆر (مشووری برایەتیی کورد و عارەبە) و ئۆتۆنۆمییەکە بەوان دەدا!

نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤یش بەسەر داهات، و ئەو بەیانەی کە دەبووایە، سەددام زووتر بیخوێندبایەوە، و پێک هاتنەکەی نێوان خزیان و یەکی ڕاگەیاندبا، هێشتا نەخوێندرابۆوە.

سەرانی یەک، ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵیان لە (قەشقۆڵێ) کرد. لەوێ، جەلالی تاڵەبانی، وەکو قارەمانی بەشان و شکۆی داستانی گفتوگۆکە هاتە سەر مینبەر، و سەلاو، و جەژنە پیرۆزەی لەگەڵی کورد کرد. پاشان وتارە دوور و درێژەکەی بۆ خەڵکی کوردستان خوێندەوە. ئەوانەی خوارەوە چەند گۆشەیەکی هەڵبژاردەی وتارەکەن:

١- هێرش و پەلاماری ئێران، بە نیازی داگیرکردن و لەناوبردنی ئێراق بە کوردستانیشەوە، هەڕەشە لەگەڵ و نیشتمان دەکات. تاعوونی دوژمنایەتیی تایفیی و هەڵگیرساندنەوەی فیتنە کۆنەکەی لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاودەکاتەوە.

٢- پاراستن و یەکییەتیی تێکۆشانی کورد و عارەب، و یەکییەتیی نیشتمانیی ئێراق، پێویستییەکی زۆریان بە بەرپەرچدانەوەی پڕۆپاگەندەی شۆڤێنییەکان دەکرد، کە گەرەکی بوو وا نیشان بدات کە گوایە کورد باکی برایەتیی دێرینەکەی خۆی لەگەڵ عارەبدا نییە. بە پەرۆشی یەکییەتیی نیشتمانیی ئێراقیی نییە. و

دەستە چەورەکەی ئەوانەی کەدەبنە کەوا رەشی لەشکری پەلاماردەری ئێران بۆ سەر ئێراق بەکوردستانیشەوە، بەسەری هەموو خەڵکی کوردستاندا بسرێت.

٣- لە کاتێک لەشکری ئێراق لەشەردایە لەسەر سنوورەکان و لەناو خاکی ئێراقدا دژی داگیرکەر و پەلاماردەرەکانی ئێرانی دەوەستێ، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بە یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان خەنجەری لە پشتەوە لێنادات. ئێمە بە هیچ جۆرێک نامانەوێت ئەم تۆمەتەمان بێتەسەر. نەک هەر لەبەر ئەوەی دژی پێویستییەکانی پاراستنی ئێراقە، بەڵکو لەبەر خاتری لەشکری ئێراقیش، کە دەیان و سەدان و هەزاران رۆڵەی ئێراقیی تێدایە. ئەو لەشکرەی کە بەشێکە لەگەڵی ئێراق، وەخاوەنی خاسیەتە تایبەتییەکانی خۆیەتی.

لە جێگەیەکی تری وتارەکەیدا دەڵێ:

٤- وەڵامی دەمکوتکەرانەی ئەوانەی دەڵێن یەکییەتیی نیشتمانیی گەراوەتەوە ریزی نیشتمانیی (بە دەردی خۆیان گزتەنی) هەر زوو بەو راستییەمان دایەوە کە ریزی نیشتمانیی راستەقینە، ریزی یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆرشەکەمانە (دووجار).

هەویەی نیشتماپەروەریی لەلایەن یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە خوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکانی دەردەکرێت (دووجار).

٥- راستە یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک هێزێکی سیاسی گەورە و بەرپرسیاری شۆرشگێر، ژیرانە و دوور بینانە دەروانێتە رووداوەکان، و هەڵ و مەرجی ئێراق و خەتەری پەلاماردانی ئێران زۆر باش هەڵدەسەنگێنێ...... راستە کە زۆریش بە پەرۆشی

برایەتیی‌ی کورد و عارەبییەتی... زۆریش بە تەنگ بەکییەتیی‌ی نیشتمانیی‌ی ئێراقەوەیە... زۆریش باکی بە خوێنی پێشمەرگەکان و سەربازەکانی ئێراقییە... زۆر بە پەرۆشی ئەوەیە کە ئەو خوێنە لە شوێنی خۆیدا و لە کاتی پێویستدا و بۆ پارێزگاری نیشتمان و سەربەخۆیی‌ی نیشتمان برژێت، نەک لە شەری لابەلاو...[١٢٦]

رژێم هەمدیسان هیچی پێیان نەدا. چەند مانگێکی دیش چاوەرێیان کرد، هەر بێ‌سوود بوو، کە زانیان بەعسیکان فێڵیان لێکردوون، لە رۆژی ١٩٨٥/١/١٥دا، بە بەیانێک دەست پێکردنەوەی شەریان راگەیاندەوە.

ینک، دەبوو هەرچی زووتر ریفۆرمێک بکا بۆ ئەوەی خۆی لەو روو زەردییەی تێیکەوتبوو دەربێنێ. بۆیە درووشمی (دیموکراسیی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان) یان گۆری و کردیانە (مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد) ئیزگەی رادیۆکەیان کە تا ئەوکات هەواڵەکانی بەناوی (دەنگی شۆرشی ئێراق) بلاودەکردەوە، کردیانە (دەنگی گەلی کوردستان).

ئەمە لە کاتێ درووشمی سەرەکیی‌ی هەر پارتێکی راویاریی، نەک هەر بە سیاسەتی ستراتیژیی‌ی پارتەکەی بەستراوە، بەلکو ستراتیژییەکە بۆ خۆیەتی. بۆیە پێویست بوو کۆنگرەیێک، یان کۆنفرانسێک کە دەسەلاتی کۆنگرەی هەبێ، ئەم درووشمە بگۆرێ. بەلام، ینک نەئەم کارەی کرد، نە چاوێکیشی بە هەڵەکانی خۆیدا خشاند. بە جێگەی ئەوە جەلال تاڵەبانیی، کتێبێکی بە نێوی (گفتوگۆی شۆرش لەگەڵ میریی)دا نووسی، کە ئەویش پاکانە بۆ سیاسەتی بەراوەژووی خۆیان و توانج گرتن لەوانی دی بوو.

جەلال، لە لاپەرە ٦٥-٦٦دا، پاکانە بۆ خۆیان دەکا و دەڵێ: (ینک، ئەوسا دڵێ بەگفتوگۆکە خۆش نەبوو، باوەری پێی نەبوو، هەر

بۆیەش نەیدەویست لەوە تێپەڕێت کە بزانێ میریی نیازی چییە و چی دەوێت؟؟ لەبەر ئەوە ئامادە نەبوو کەس بۆلای میری بنێرێت.)

کەچی لە لاپەرە ٦٧دا، دەبێژێ (ئێمەش وەکو میریی پێویستیمان بە گفتوگۆ هەبوو!)

ینک، گرەوی گفتوگۆکەی دۆراند بوو، لەبەر ئەوەی وەکو دەرکەوت هەڵسەنگاندنەکەیان ژیرانە وبەرپرسیارانە و دووربینانە و شۆرشگێرانە نەبوو (بە دەردی خۆیان گۆتەنی)- چونکە:

١- هێرش و پەلاماری ئێران، بە نیازی داگیرکردن و لەناوبردنی ئێراق بە کوردستانیشەوە، هەرەشەی لەگەڵ و نیشتمان نەکرد، و تاعوونی دوژمنایەتیی‌ی تایفیی و فیتنە کۆنەکەی لە رۆژهەڵاتدا بلاٌونەکردەوە، بەلکو بە پێچەوانە، ئێران بوو بە سەنبولی پێشکەوتن و مرۆڤایەتیی و دۆستی گەلی کورد.

٢- پاراستن و یەکییەتیی‌ی تێکۆشانی کورد و عارەب و یەکییەتیی‌ی نیشتمانیی‌ی ئێراق و برایەتییە دێرینەکەی کورد و عارەب باری نەما، و بە پێچەوانە بەراوەژوو کرایەوە.

٣- لەو کاتەی لەشکری ئێراق لەسەر سنوورەکان و ناو خاکی ئێراق لە دژی داگیرکەر و پەلاماردەرەکانی ئێراندا شەری دەکرد، هێزی پێشمەرگەی سەر بە ینک، پەلاماردەرەکانی ئێرانی گەیاندە نەفتی کەرکووک و لە پشتەوە درو خەنجەری لەو سوپایە دا کە تا دوێنێ خاوەنی خاسییەتە تایبەتییەکانی خۆی بوو.

٤- ئەو درووشمە کلاسیکییەی کە تەسکەرەی نیشتمانپەروەریی لەلایەن ینک دەردەکرێ وەلانرا، و بە تاڵوکە کەوتە داوێن گرتنی کەوا ڕەشەکانی لەشکری پەلاماردەری ئێران، بۆ ئەوەی لەگەڵی ئاشت ببنەوە.

٥- ینک، وەکو هێزێکی سیاسی گەورە و بەرپرسیار، شۆرشگێر

نەبووە و ژیرانە و دووربینانەش تەیروانیتە رووداوەکان. لەوانەیە بە پەرۆشی خوێنی لەشکری داگیرکەری ئیراق بووبیٚ. بەلاٚم، هەرگیز خوێنی پێشمەرگەی کوردستان بەلایەوە گرینگ نەبووە.

لە مانگی مای ١٩٨٥دا، دوای ئەوەی شەریشیان لەگەڵ رژێم دەست پێکردبۆوە. ژمارەیەک ئەفسەری پلەبەرزی ئیراقی کە لەلایان ئیخسیر بوون، بەرهەڵلاٚ کرد- ناوەکان:

١- سەرهەنگ موزەففەر عەباس تکریتی.

٢- موقەددەم کەماڵ ئەحمەد.

٣- نەقیب ئەحمەد مەحموود عەبد.

٤- ئەفسەر فارس شەللال.(١٢٧)

ینک، ئەو جۆرە زیندانیانەی ئازاد دەکرد. بەلاٚم پێشمەرگەی لایەنەکانی دی لە سێرەی تفەنگ دەرباز نەدەکرد.

لە پاییزی ١٩٨٠دا، مەفرەزەیەکی ینک، بە فەرماندەیی (جەمالی عەلی باپیر) چووە سەر بنکەی پاسک، کە (شێرکۆ شێخ عەلی) لە گوندی (سەرگەلو) سەرپەرشتی دەکرد. مەفرەزەی نێوبراو، بە ناوی (سەرلێدان) چوو بووە لای پاسک، دوای خواردن و پشوودان، شێرکۆ و ٨ پێشمەرگەی دی لەویٚ شەهید دەکەن، و شەرەکەش بە مەرگی فەرماندەی مەفرەزەکەی ینک کۆتایی پێهات.

ینکییەکان، دوو لە تەریتی کوردەواریی، و سوولی میواندارێتیشیان بۆ لە نێوبردنی پێشمەرگەی لایەنەکانی دی بەکار دەهێنا!

لە مانگی ئۆگێستی ١٩٨١دا، عەبدولی سۆران، نووری حەمە عەلییان، لە سلێمانی شەهید کرد، هۆیەکەشی تەنیا ئەوە بووە کە لە شۆرشی ئەیلوولدا بیچمی ناسراو بوون. نێوبراوان، لە دوای هەرەسی ١٩٧٥دا، بەبیٚ لایەنیی لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون، رەدی ئەوەشیان دابۆوە کە لەگەڵ ینکدا کار بکەن.

پاش ئەوەی دانیشتوانی سلێمانی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەم تیرۆرە دەربڕی، ئەنجا، یەنکییەکان، بۆ ئەوەی تاوانەکەیان بشارنەوە، بەیانێکیان بە دژی ئەم کردەوە چەوتەی خۆیان دەرهێنا، و دوایش بۆ ئەوەی نهێنییەکەیان ئاشکرا نەبێ، (وریا عیەبدولوەهاب) کوڕەری شەهیدانی نێوبراو، کە لێپرسراوی ڕێکخراوی مرۆڤکوژیی یەک لە سلێمانی بوو، هەر بۆخۆیان کوشتیان.

لە فێبریوەری ۱۹۸۳دا، لە گوندی (نێرەگێن) دوو پێشمەرگەی پاسک ئیخسیر دەکەن. پاشان بە پشتبێندی خۆیان، دەستیان لە پشتەوە دەبەستن، ئەنجا شەهیدیان دەکەن. دوای ئەم کارە پێشمەرگەکانی پاسک چوونەسەریان، و لە ئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگەی دیش لە هەردوولادا هاتە کوشتن.(۱۲۸)

لە ژولای ۱۹۸۳دا، پێشمەرگەیەکی تری پاسک، بە نێوی (پشتیوان کەریم) خەڵکی گوندی (تازەنێنێ) لە گوندی (بانەقەلات) دەکەوێتە بۆسەی یەنکییەکان، دوای ئەوەی پێشمەرگەی ناوبراو لەسەر شەرەفی نەوشێروان مستەفا، خۆی دەداتە دەست، بە شێوەیەکی دوور لە خووڕەوشتی مرۆڤایەتیی شەهیدی دەکەن.

لە ئۆکتۆبەری ۱۹۸۳دا، کابرایەکی خەڵکی گوندی (سێگرتکان) تەنیا لەبەر ئەوەی لایەنگری پاسک بوو، پاش ئازاردانێکی زۆر، دوای ئەوەی هەردوو چاوی بەشیشە کوێر دەکەن، پێڵاوی لاستیک لەسەر پشتی دەتاوێننەوە، تاکو گیانی دەردەچێ!... ئەمانە و چەندان تاوانی تریش!- بۆیە قەت ئەو قسەیان لێناوەشێتەوە، ئەگەر بڵێن بە پەرۆشی خوێنی پێشمەرگە بوونە. ئەوان بە پەرۆشی خوێنی پێشمەرگەکانی خۆیشیان نەبوون. ئەگەر بوونایە، لەشەری لابەلا و بە دەستی براکانیان لە سەنگەری لایەنەکانی دیدا بە کوشتنیان نەدەدان!

یەنکییەکان، پاش ئەوەی دیتیان، ئەو هەموو کۆششەی لەگەڵ ڕژێم

دایان بە فیرۆ چوو. گفتوگۆکەیان تەنێ بۆ ئەوە بوو سەددام پێیان بڵێ (ئەوەی رۆژێ زووتر بێتەوە ڕێزی نیشتمانیی، لەلای ئێمە بە رێزترە.) زۆر تووڕە و توند بوون، و یەکیبەتیی‌ی خاکی ئێراق بەلایانەوە بایەخی نەما. بە گوێرەی رۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانی، ژمارە ٤٦٢٥، لە بەرواری ١٩٨٧/٤/١٦دا، نەوشیروان، جێگری سکرتێری گشتیی‌ی ینک، لە رۆژنامەی Le Mond دا گوتوویەتی (ئێمە لەگەڵ دابەشکردنی ئێراقین، بۆ سێ بەشی سوننە و شیعە و کورد.)

ئەم دابەشکردنە، ئەوەندە ناشارەزایانانە بوو، کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ یەکیبەتیی‌ی گەلی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا یەکدی نەدەگرتەوە. چونکە کوردەکانی ئەم پارچەیە پێرەوی هەرتک ئایینزای سوننە و شیعەن. ئەمە ئەگەر بەسەر سوننە و شیعە دابەشبکرێ. ئەگەر بەسەر کورد و عارەبیش بەش بکرێتەوە، ئەوا سوننە و شیعەی ناوێ!

ئەو هەواڵە، لە لایەن ینک، لە رۆژی ١٩٨٧/٤/١٨دا، بە درۆ خرایەوە. گوایە نەوشیروان، هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ رۆژنامەی ناوبراودا نەکردووە. بەڵکو لە کۆنگرەی (پارتی سوشیالیستی فەرەنسیی) کە نەوشیروان تێیدا میوان بووە. ئاخافتن کراوە، و نووسەرێکی رۆژنامەی لۆمۆندیش لەوێ بووە، و ئەو ئەم شتانەی نووسیووە. (١٢٩)

جەلال تاڵەبانی، لە لاپەرەی ٢٣ی (گفتوگۆی شۆرش...)دا دەڵێ: (هەموو گفتوگۆیەک لە نێوان دوو، یان چەند لایەنێکدا، جۆرێک لەسەودا و سازش (مساومە)ی تێدایە! ئەمە سرووشتی کارەکەیە. ئەمە بەشێکە لە گفتوگۆ، لە ناوەرۆک و لە شێوەکەیدا، ئەگینا بێ سەودا و سازانەکە (مساومەکە) گفتوگۆ ناکرێ و نابێ.)

له لاپەره ٢٥ یش، دەبێژێ (هەموو شۆرشێکی ڕاستەقینە تووشی سەوداوسازان دەبێ، له هەموو خەباتێکی شۆرشگێرانەی چینایەتیی و نیشتمانیشدا سەوداوسازان هەر دەبێ.)

لێرەکانێ، پێویستە ئەو تیورانەی جەلال تالەبانی لەگەڵ چلۆنایەتیی شۆرشەکەی سەلڤادۆر هەڵسەنگێنین، بۆ ئەوەی بزانین، تا چ ئەندازەیەک، گفتوگۆ دەبێ (سەوداوسازش)ی تێدا بێ.

له ساڵی ١٩٨٣دا، له سلڤادۆر، زەوینەی گفتوگۆ کردن لە نێوان بەرەی (فارابۆنتومارتی) و ڕژێمی (دوارتە) درووست بوو. هەرتک‌لا له دێرێکی گوندێکی ٢٠ میلی سەن سلڤادۆری پێتەخت، لەگەڵ یەکتریدا کەوتنە وتووێژکردن. لەکاتێ هەردوولا له گەرمەی گفتوگۆکردندا بوون. پارتیزانەکانی بەرەی ناوبراو، گەورەترین چالاکی ساڵیان بەگرتنی ئۆردیگەیێکی سەربازیی لە ١٥ میلی پێتەخت، و خستنی پردێکی سەرەکیی و دابرینی ناوچەکە لە پێتەخت ئەنجام دا.

ژورنالیستان، پرسیاریان له ڕێبەرانی فارابۆنتومارتی کرد:

- لەوەختێ ئێوه لەگەڵ ڕژێم لەسەرمێزی گفتوگۆکردن دانیشتوونە، ئەم کارەتان لەچی؟!

- یەکێک لە سێ ڕێبەرانی شۆرشگێرەکان وەرامی دایەوە: (گفتوگۆکردن، گفتوگۆکردنە. شەرکردنیش، شەرکردنە. ئێمە، هێشتا نەگەیشتووینەتە هیچ ئامانجێک کە شەر ڕابگرین. هەر کاتێ پێکهاتین، شەڕ ڕاگرتن هاسانە.)

ڕێبەره کوردەکانیش، خۆیان داوا لە ڕژێم دەکەن، بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکا، کە دەشیکەن دەبێ (مساومە)ی تێدا بێ!

له ساڵی ١٩٨٣- ١٩٨٤دا، کە ینک لەگەڵ ڕژێم خەریکی گفتوگۆکردن بوو، پدک و پاسک، له کوردستانەوە پاسداریان بردە نێو ئێراقێ. دوو هێزی سەرەکیی لە وڵاتێکدا هەبن، هەردووکیان

یەک ئامانجی نێوکۆییان هەبێ. یەکێکیان بچێ لەگەڵ ڕژێم بکەوێتە گفتوگۆکردن. ئەویدییان، بە دژایەتی هەمان ڕژێم بچێ لەشکری وڵاتێکی دی بێنێتە نێو خاکی ئەم وڵاتە.

مەگەر ئەم جۆرە چەواشەییە، هەر بە تەنێ لە نێو شۆڕشە هەڵوەداکەی ئەم دواییەی کوردستانی بندەستی ئێراقدا بووبێ!!!

# بەرەی کوردستانی ئێراق

لەنێو هەر بزاڤێکدا، دەمێ کە پتر لەیەک ڕێکخراوی ڕاوباریی هەبێ. لە یەکتری نزیک کەوتنەوە، و دامەزراندنی بەرە هەقیقەتێکی بەرچاو، و پێویستە. گەلێک جار، لەو ولاتانەی هەلبژاردنی تێدا دەکرێ ١-٢ پارت، یان زێتر، بۆ ئەوەی دەسەلات بگرنە دەست، بە دژی لایەنێکی تر یەکدی دەگرن. پاشانیش دەسەلات لەنێوخۆیان دابەش دەکەن.

لەو ولاتانەی کە هێشتا چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکان نەکراوە، بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی تێدا سەرپێیە. ئەگەر پتر لەیەک ڕێکخراوی ڕاوباریی بەشداری بزاڤەکە بکەن، لە کاتێ ئامانجێکی نێوکۆییان هەیە، با لە هەندێ بۆچووندا جیاوازیشیان هەبێ، بەرژەوەندی (کاتیی) و (پاشەرۆژ) پێویست دەکا یەکدی بگرن، و بەرەپێک بهێنن. کە دەڵێین بەرە، دەبێ بێژین:

١- سەرکردایەتیی‌ی یەکگرتووی ڕاوباریی

٢- سەکردایەتیی‌ی یەکگرتووی عەسکەریی.

٣- لەشکری یەکگرتووی شۆرشگێر

٤- دارایی‌ی هاوبەش

٥- بیرۆی ڕاگەیاند. (پێویستە لەسەرئاستی دەرەوە یەکدەنگ بێ) جودا لەهەر یەکێک لەو بەندانە، بەرە ئاهێتە بوون. ئەگەر بێتە بوونیش لاخوار دەبێ.

بۆ نەتەوەی کوردیش، کە خاوەنی خەباتێکی ئازادیخوازانەی نەتەوایەتییە، و هەر پارچەیەکی ولاتەکەی دارایی چەند ڕێکخراوێکی ڕاوبارییە، و لە پارچەکانی بندەستی تورکیا، ئێران، و ئێراقدا، لە

تێکۆشانێکی چەکداریی دایە. پێکهێنانی بەرە، ئەرکێکی پیرۆز و مێژووییە.

لەکوردستانی بندەستی ئێراقدا، لە ساڵی ١٩٦١ تا هەرەسی ١٩٧٥، پدک، وەکو پارتێکی نیشتمانیی ڕێبەرایەتیی شۆڕشی دەکرد. دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٦دا، بزاڤەکە ئەو سرووشتەی جارانی نەمابوو، پارتێک ڕێبەرایەتیی بکا. ئەمجارە (پێشڕەو) زۆربوون! هەر یەکێکیشیان بە جودا، بە تەرازووی خۆی دەپێوا.

لە گەرمەی شەڕی براکوژیی، جاربەجار، زەمان ناچاری دەکردن باسی یەککگرتن بکەن، و هەندێ جار لەگەڵ یەکدی داشدەنیشتن بەڵام لەبەر ئەوەی نیازیان دەگەڵ یەکدی پاک نەبوو، هەموو دانیشتنەکانیان بە شکست ڕوو بە ڕوو دەبوونەوە. ئەو دانیشتنانەش، پتر لە ژێر ناوی (یەککگرتنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ئێراقییەکان) بوون تا هێزە کوردستانییەکان. چونکە یەککگرتنی هێزە کوردستانییەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیی، بە ڕەفتارێکی نەتەوەپەرستانەی بەرتەنگ دادەنرا!

جەلال تاڵەبانی، لە (هەواڵنامەی شۆڕش)دا دەڵێ: (پێویستە، هاوکاریی بکەین، لەگەڵ هەموو هێزە عارەبییە ئێراقییەکان، کە دەیانەوێ دژی ڕژێمی فاشیستیی شۆڕش بکەن. ئەگەر لەم هەوڵەمان سەرکەوتین، ئەوا ڕۆژی ڕزگاریی و سەرکەوتن نزیک دەخەینەوە. ئەگینا هەر لە بازنەی بۆشدا خول دەدەین، چونکە شۆڕشەکەمان هەر تەنها بە کورد سەرناخرێت بۆیە یان دەبێ ببێتە ئێراقیی،یان ناچاری سەوداکاریی لەگەڵ میریی فاشیستی بەغدا، یان دەوروبەری کوردستانی ئێراق دەبینەوە. لەم مەیدانەدا ڕووبەڕووی مەترسی ئەوەش دەبینەوە کە (بەرەی ڕزگاریی کوردستان) لەگەڵ سەرکردایەتییەکەی

بارزانیی دابمەزرێنین. وەک لە کاتی خۆیدا پێشنیازیان کرد. واتە ڕاکێشانەوەمان بۆ کوێرە ڕێی تاکڕۆیی نەتەوایەتیی و دابڕینمان لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عارەبدا.)(١٣٠)

لەم فراگمێنتەدا دەردەکەوێ کە یەک:

١- هەر لەسەرەتاوە دژی بەرەیەکی کوردیی بووە، و دامەزراندنی بەرەی ڕزگاریی‌ی کوردستانی بە تاکڕۆیی نەتەوایەتیی و گۆشەگیریی زانیوە.

٢- هاوکاریکردنی لەگەڵ هێزە عارەبە نەتەوەپەرستە ئێراقییەکان، بە پیرۆزتر لە هاریکاریی کردن لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان داناوە.

٣- گۆڕینی سیمای شۆڕشی ڕزگاریخوازیی‌ی نەتەوایەتیی‌ی خەڵکی کوردستان بە شۆڕشێکی ئێراقیی گشتگر.

٤- بڕوای نەبووە، کوردەکان بە تەنها (بە پشت بە خۆبەستن بە خۆیان) بتوانن شۆڕشەکەیان سەربخەن.

ڕاستە، هەموو شۆڕشێک، پێویستی بە یارمەتیی‌ی لایەنی دی لەناوەوە و دەرەوە هەیە. بەڵام، ئەو شۆڕشەی تەکییە بە جەماوەر و هێزی کاریی خۆی نەکا، بە جێگەی ئەوە لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بکەوێتە سەوداگرێتیی. ئەم شۆڕشە، جگە لە شۆڕشێکی سەرگەردان و چەواشە و ئەنجام ڕەش، ناکرێ هیچ تاریفێکی تری بۆ بکرێ.

ئەوە بوو سیاسەتی ڕێکخراوە ڕاوبارییەکانی کوردستان بەرامبەر یەکتری، بۆیە بانگی دامەزراندنی قەوارەیەکی یەکگرتووی ڕاوباریی کە تەواوی هێزە کوردستانییەکان لە نێوخۆدا کۆبکاتەوە، لە کوولەکەی تەڕیش نەدەدرا!- ئەگەر جارێکیش باسێکی ئەوهایی کرابێ، هەرکامیان لەڕاستەخۆی داوای کۆنخایەتییەکەی کردووە. بۆیە نەدەکرا بنواشەی هیچ جۆرە یەکگرتنێک دابنرێ. لایەنەکانی

کوردستانیی، بە جێگەی ئەوەی دەستی خەبات و شۆڕش بدەنە دەستی یەکتری، دەچوون کەونە فایلەکانی یەکدیان بۆژڕاندن و سووکایەتیی پێکردنی یەکدی، بەسەردەکردەوە.

کاتێ، بەهەشتی بارزانیی لە ئەمریکا بوو، دوو نامەی بۆ (جیمی کارتەر) سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا، یەکەمیان بە بەرواری ١٩٧٧/٩/٢دا، و دووەمیان ١٩٧٧/٣/٣، هەناردبوو. لە نامەی دووەمیاندا دەبێژێ (سەرۆکی بەرێز، ئەوە نیو سەدەیە نەتەوەکەم هەموو بروایەکی خۆی بەمن داوە، وا ئەزیش دەیدەم بەتۆ، بۆ ئەوەی شتێکمان بۆ بکەی و... و...)

بڵاوبوونەوەی ئەم نامەیە، و بیستنەوەی لەلایەن جەلال تالەبانی، جارێکی دی بەهانەی پێدایەوە هێرش بکاتە سەر بارزانیی و هەڵوێستی وی.

نووسینی نامەیەکی ئەوهایی، بە ناوەرۆکێکی ئەوها لاواز، لەلایەن بارزانیی بۆ کەسێکی وەکو جیمی کارتەر، بۆ کەسێتیی‌ی بارزانیی شایان نەبوو. بەڵام، نەشدەبووە هۆی ئەوەی کابرایەکی وەکو جەلال، دامەزرێنەری فێرگەی خەیانەت و جاشایەتیی، بۆ شاردنەوەی رابردووی قرێژاویی خۆی، یان بۆ هەر مەبەستێکی دی، لەبەرامبەر بارزانیی بەکاری بهێنێ. گوناهە بارزانیی و جەلال پێکەوە بخرێنە تای یەک تەرازوو.

لە سەرەتای هەشتاکاندا، پێنک (راپۆرتی پایک) و (ارتباط القیادة البارزانیة بأسرائیل وجهاز مخابراتها الموساد) کەوتە دەست، و بڵاوی کردەوە. گوایە هەر لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٧٥، یارمەتیی‌ی ئیسرایل، کە بریتیی بوو لە پارە، چەک، و پێویستییەکانی دی، بۆ شۆڕشی کوردان بەردەوام بووە.

ئەمە لەوەختێ نە بارزانیی و نە سەرانی تری شۆڕش نکۆڵیان لە

پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرایل نەکردووە. ئەوەی دەبووایە ئەوان بیکەن و نەیانکرد، ئەوە بوو، هەر پاشی هەرەس تاریخچەی راویاریی‌ی شۆرشی ئەیلوول، و پێوەندییان بە سۆڤێت، و پاشانیش بە ئێران و ئیسرایل و ئەمریکا، بۆ خەڵکی کوردستان رووناک بکردایەوە. ئەوەیشیان بە زەقی تێدا بگوتایە، کە پێوەندی شۆرشی ئەیلوول بە رۆژاوا، زادەی بۆچوونی ئەوکاتەی سەرانی شۆرش بوو. ئەوکات، بەرژەوەندیی‌ی شۆرشمان لە رۆژاوادا دەدی...

گەرەک بوو، سەرانی شۆرش کارێکی ئەوهایان بکردایە. بەم کارەیان، خۆیان لەو گیروگرفتانە رزگار دەکرد، و راستگۆیی خۆیشیان بۆ گەلی کورد دەسەلماند.

جەلال، لەسەر هیچ هەڵێک بۆ خراپ نیشاندانی سەرانی پدک، لەمەڕ پێوەندییان بە رۆژاوا، بازی نەدەدا. بەڵام، سەبارەت بە رابردووی خۆی جۆرێکی تری دەگوت:

لە رۆژی ١٩٧٩/٣/١٢دا، لە وتووێژێکی لەگەڵ رۆژنامەی (اطلاعات)ی ئێرانی، ژمارە ١٥٨٠٦، لە وەرامی پرسیاری هەواڵپرسی رۆژنامەی ناوبراودا، لەمەڕ هاوکاریی وی لەگەڵ رژێمی ئێراق لە ساڵەکانی ١٩٦٦-١٩٧٠دا، گوتی (ئەوە هەڵە بوو!)(١٣١)

جاشێتیی و خەیانەت لە نەتەوە و نیشتمان کردن، بۆ جەلال (هەڵەیە)، بەڵام بۆ بارزانیی بەکارهێنانی تاکتیکێکی خەڵەت (خەیانەت و نیشتمان فرۆشتنە!)

جەلال تاڵەبانی، لە (گفتوگۆی شۆرش...) لە لاپەرە ١٤دا دەبێژێ: (جاریٚ ئەمریکا، هەر دژی رزگاریی کوردستانە. سەبارەت بە دەستکەوتەکانی خۆی و پاراستنی تورکیا و راگرتنی رژێمەکەی، و بۆ ئەوەی دۆخی رۆژهەلات ئالۆزتر نەبێ، و ئێران و عارەبیش لە خۆی نەوروژێنێ، جگە لە سرووشتە سەرمایەداریی و ئیمپریالیستەکەی

خۆی کە ڕێگەی ڕزگاریی بە هیچ گەلێک نادا، تاقیکردنەوەی بارزانیی لەگەڵ ئەمریکا بەلگەیەکی گەورە و زیندووی ڕاستیی‌ی ئەو بۆچوونەی ئێمەیە. چونکە بارزانیی بە زاری خۆی ڕایگەیاند کە ئامادەیە هەرچی ئەمریکا بیەوێ بۆی بکا، کەچی ئەمریکا لە ئەنجامدا هەر گەمەی بە بارزانیی کرد و کەی گەمەکەشی تەواو بوو، دەستی لە بارزانیی بەردا و جووڵانەوەکەشی فرۆشت)

لە لاپەرە ١٥شدا، دەڵێ: (ئەوەی شایانی باس و جێگەی داخی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، کە لەگەڵ ئەو هەموو هەتک و پەندەی ئەمریکا بەسەر سەرکردایەتیی‌ی بارزانیی هێنا، نە بارزانیی خۆی و نەدەستە و ودایەرەکەیشی وازیان لە ئەمریکا هەر نەهێنا. بگرە بارزانیی دوای ئاشبەتالەکەیشی هەر ڕووی کردەوە ئەمریکا و هەر پەنای بردەوە بەر (C.I.A) ئەمریکا. ئەوە بوو نامەکانیشی بۆ کارتەر بلأوکردەوە کە تێیاندا دیسان دڵسۆزی خۆی بۆ ئەمریکا دووپات دەکاتەوە، و نیشانی دەداتەوە کە ئامادەیە هەتاسەر گوێ ڕایەڵی ئەمریکا و هاوکاری ئەمریکا بێت و هەموو هیوای خۆی بە ئەمریکاوە دەبەستێتەوە، بەرپەری ناحەزیشەوە لەگەڵ سۆڤێت و شوعییەتدا. سەیر ئەو بوو دیسان ئەمریکا ئامادە نەبوو گەمەیەکی تری پێ بکاتەوە و......و...... وەختی خۆیشی نیکسۆن لەسەر داوای شای ئێران و لەبەر خاتری سەرسەختی نەخشەکانی شای ئێراندا یارمەتیی‌ی بارزانیی داوە. C.I.A ش، هەر بۆ کاروباری سیخوریی و دەنگوباس کۆکردنەوە پەیوەندی لەگەڵ- پاراستن- کردووە، کە دەزگەی هێمنایەتیی‌ی شۆرش بوو بە سەرۆکایەتیی مەسعوود بارزانیی، و نیازی ئەمریکاش بەکارهێنانی شۆرشی کورد بووە وەک کارتێکی گەمە. هەروەک ڕاپۆرتی پایک نیشانی داوە. لەمەش زیاتر ئەو بەلگەنامانەی کە لە دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران لە باڵیوزخانەی

ئەمریکادا دەست کەوتن، دەریان خستەوە کە ئێستاش ئەمریکا هەروەکو پێشوو وایە، ئێستاش بەلای ئەمریکاوە پاراستنی یەکییەتیی ئێران و دژایەتیی کردنی رزگاری کوردستان بە بەشێکی نەگۆری سیاسەتی خۆی لە رۆژهەلاتی نێوەراست دادەنێ.)

پاش هەرەسی ١٩٨٨، سیاسەتی سەرانی ینک، لە بارەی رۆژاوا بەراوەژوو کرایەوە. ئەمجارەیان بە پێچەوانە، هێرشەکەیان رووە سۆڤیێت و ئۆردیگەی سوشیالیستیی بوو.

جەلال، لیستێکی بلاوکردەوە، کە ناوی ٣٠ کەسی تێدا بوو. گوایە ئەو کەسانە لەکارگە بەرهەمهێنەرەکانی چەکی کیمیایی ئێراقیٰ کار و لەم پرۆژەیەدا یارمەتیی ئێراق دەدەن.

پاش ئەم خۆیزاوتنە، جەلال سەفەرێکی بۆ (ئەمریکای ئیمپریالیست) کرد، و لە رۆژی ١٩٨٨/٦/٩دا، چاوی بە چەند بەردەستێکی شالیارێتییی دەرەوەی ئەمریکا کەوت.

لەویٰ، لە گفتوگۆیەکی، لەگەلٰ گۆڤاری (الوطن العربي) لە ژوونی ١٩٨٨دا، گوتبووی کە (ئەمریکا ولاتێکی گەورەیە، و لەو ولاتانەیە کە چارەنووسی جیهان دیاری دەکەن، و لە بەرژەوەندییی ئێمە و پێویستی سەرشانی ئێمەیە، پێوەندی لەگەلٰ ببەستین.)

جەلال، پێوەندی سەرانی پدکی لەگەلٰ ئەمریکا بە خەیانەت و نۆکەریی، و بۆخۆی بە ئەرکی سەرشانی دەزانیٰ. ئەم ئەمریکایەش هەر ئەو ئەمریکایەیە، بە گوێرەی بۆچوونی جەلال (هەر دژی رزگاری کوردستانە!)

هەر ئەو کاربەدەستە ئەمریکییانەی جەلال دیتبوونی، لە رۆژی ١٩٨٨/٦/٢٤دا، بە گۆڤاری نیوزویکیان گوتبوو کە (ئەمریکا، بە هیچ جۆرێک پشتگیرییی دامەزراندنی دەولەتێکی کوردیی ناکا، بەلکو پشتیوانیی لە یەکییەتییی خاکی ئێراق دەکا، و ئێمە دەست

ناخەینە ناو کاروباری ناوخۆی ئێراق، و پێوەندیمان لەگەڵ ئێراق باشە، و ئەو پێوەندییەش دەپارێزین.)(١٣٢)

ئەوجا ئێستا، ئەوەی جەلال، لە پاش هەرەسی ١٩٨٨دا، لە بارەی ئەمریکا دەڵێ، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوەی بارزانیی لە ساڵی ١٩٧٢دا، لە بارەی ئەمریکا، یەنی ١٦ ساڵ، پێشتر دەیگوت. جگە لەوەی کە بارزانیی پێوەندی راستەوخۆی بە (هێنری کیسنگەر) و (ریچارد نیکسۆن) سەرۆکی ئەودەم، و سازمانی C.I.Aی ئەمریکا هەبوو. بەلام، جەلال بە چەند بەردەستێکی گچکەی شالیارێتییی دەرەوەی ئەمریکا.

بەکارهێنانی سیاسەتی دژ بە شۆرش لەکن لایەنە کوردییەکان درێژەی هەبوو. سەرکردەکان، زۆرباش ئەو هەقیقەتەشیان دەزانی کە هیچ لایەنێکیان، ئەویدیانی پێ لەناو ناچێ، لەگەڵ ئەوەش گیرۆدەی هیستریای (پێشرەوایەتیی) ببوون.

تەواوی ئەو پارتانەی دوای هەرەس وەدەرکەوتن، دامەزراندنی خۆیان بە پێویستییەکی مێژوویی، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی پاش هەرەسەکە درووست ببوو دەزانی. لێ، ئەوەی وەکو راستیی بۆ خەڵکی کوردستان روووناک بۆوە، ئەوە بوو، کە ئەو پارتانە نەک هەر بۆشاییەکەیان پڕنەکردەوە. بەڵکو گەلێک کەندەلان و کەلێنی تریشیان دروووست کرد، و دۆخەکەیان ئاڵۆزتر کرد!

لە ئەنجامی دیتن و روونیشتنی ٢-٣ قۆڵیی لە نێوان هێزە راوپارییەکان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا، وەک دەپێشدا ئیدواین بەنند لە نێوان پارتی کۆمۆنیست، ینک، پاسک، پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست (سەر بە سووریا) و چەند پارتێکی تری چکۆلەی ئێراقیی دامەزرا.

پدگکیش، لە پاش دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٨١دا، بە نۆرەی خۆی

تێیدا بووە ئەندام. پدک، تەنیا لایەنی کوردستانیی بوو، بە هۆی سەرسەختی ینک لێی دوور خرابۆوە. ئەم سەرسەختییە بوو بە سۆنگەی ئەوەی پارتی کۆمۆنیست و پاسک، خۆیان بکێشنەوە، و بەند لەگەڵ پدک دابمەزرێنن.

ینک و پدگک، لە دەمی گفتوگۆی ینک لەگەڵ رژێم، لە بەنند دوورخرانەوە. پاش دوورخستنەوەی ینک بەرەی ناوبراو هیچ هێزێکی چەکداریی لە کوردستاندا نەما.

پدگک، بەوە لەلایەن بەنند تاوانبارکرا، گوایە لە گفتوگۆکەی ینکدا ئاگادار بووە.

بەند، وەکو هێزێکی سەرەکیی، زوو توانی خۆی لە بەرامبەر ینک سەقامگیر بکا. لە ساڵی ١٩٨٢دا، پاسۆکیش تێیدا بوو بە ئەندام.(١٣٣) لە هاوینی ١٩٨٥دا، پدگکیش، دوای هەوڵدانێکی زۆر، پدک رێگەی پێدا، تێیدا ببێتە ئەندام.

لەگەڵ درووست بوونی بەند، شەری براکوژیی لە نێوان ینک و بەرەی ناوبراو مەودایەکی تری وەرگرت.

ئەو پارتانە، لەکاتێکدا هەمرو جۆرە نەرێتێکی دیموکراسیی و شۆرشگێرییان لەبەرامبەر یەکدی دەخستە بن پێ، تانەیان لەسەددام تکریتیی دەدا، کە دیکتاتۆرێکی رەهایە، و دیموکراسییەتی لە ئێراقدا خنکاندووە!

ئەم پارتانە، کەم و زۆر لەژێر گوشاری دۆستەکانی دەرەوەیان بوون، بۆ نزیک کەوتنەوە و یەکگرتن!

لە رۆژی ١٩٨٣/٢/٦دا، لە کۆبوونەوەی تەرابلوس، پێتەختی لیبیا، ١٩ رێکخراوی راوبارییی کوردستانیی و ئێراقیی، بەیانێکیان بۆ (پێکهاتن و خەباتی هاوبەش لە دژی رژێمی بەغدا) واژۆ کرد. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی ئێراقیی بوو. لە رۆژی

راگەیاندنی بەیانەکە، گەرەک بوو هەموو جۆرە هێرشێک لە دژی یەکتری راوەستێ، و لە ماوەی مانگێک بەرەی ناوبراو قەوارە بگرێ.
ینک، یەکێک لەو رێکخراوانە بوو، کە ئەم بەیانەی واژۆکرد بوو. کەچی هەرسێ رۆژ پاشی ئەم بەیانە، لە بەرواری ١٩٨٣/٢/٩دا، هێرشی بردە سەر بنکەکانی پارتی، و لە رۆژی ١٩٨٣/٢/١٢دا، بۆ سەر پارتی کۆمۆنیست، و پاسک، و ئەم هەوڵدانەش گۆڕ کرا.(١٣٤)
پاش کوشتارێکی زۆری دی، سەرانی ینک بەرەو بەغدا، بۆ گفتوگۆکەیان شۆڕ بوونەوە. دوای گەرانەوەیان بۆ ناوچیاکان، ئەنجا جەلال بانگەوازی ئاشت بوونەوەی گشتیی بلاوکردەوە، کە لەلایەن هەموو پارتە کوردستانییەکان پێشوازیی لێکرا.
لە رۆژی ١٩٨٦/١١/٧دا، جەلال و ئیدریس لە تاران، بەناوبژی کردنی رژێمی ئێران، بەیانێکی تەبابیان پێکەوە واژۆکرد، بەو نیازەی هەرتکلا خەباتی خۆیان دژی رژێمی ئێراق بکەنە یەک. هەر ئەو پێکهاتنەش، سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی (بەرەی کوردستانیی).
لە پاش رژانی خوێنێکی زۆر، لە دوای کینەوەرییی، و دڵکرمێ کردنێکی زۆر لە یەکدی. لە پاش چەکەرە بوونی بێ بڕوایی، و بێ بەند و بارێکی زۆر لەناو جەماوەر و هێزی پێشمەرگەدا. لە دوای کاولبوونی کوردستان، و لێدانی هەڵەبجە. بەرەی کوردستانیی لە مای ١٩٨٨دا، لە نێوان ئەم پارتانەی خوارەوە دامەزرا:
١- پاسۆک.
٢- پاسک.
٣- هەرێمی کوردستانیی پارتی کۆمۆنیست.
٤- پدگک.
٥- ینک.
٦- پدک

دامەزراندنی بەرە، نوختەی وەرچەرخاندنێکی مێژوویی نوێ لە خەباتی خەڵکی کوردستانی بندەستی ئێراقدا بوو. گەرەک بوو، زووتر دامەزرابایە. پێویست بوو هەر لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ، بناوشەی بۆ دانرابا. وەختێ بەرە پێکهات کە کوردستان لە ناسکترین دۆخی خۆیدا دەژیا. کاتێ بوو کە مۆڵگەی پاسداران لە تەنیشت بنکەی پێشمەرگاندا بوو!

بەرە، کە لە ساڵی ١٩٧٦دا، دانەمەزرا، دەبووایە لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی ئێراق- ئێران دامەزرابایە. شەڕی ئێراق- ئێران، هەلێکی لە باری بۆ هێزە راوێرییەکان رەخساند کە دووبارە قەوارەیەکی راوێری- سەربازیی گەورە لە خۆیاندا درووست بکەن. ئەو قەوارەیەش تەنێ لە بوونی بەرەیەکی دیموکرات و سەربەخۆ دەدیترایەوە. گرنگی بەرە لەوەدا نەبوو کە تەنها وەکو لەمپەرێک لە بەرامبەر رژێمی شۆڤینیزمی بەغدا بووەستێ، بەڵکو وەکی (هێزی سێیەم)* لە ناوچە، بە درێژایی جەنگی ئێراق- ئێران دەمایەوە، و ئێران و ئێراقیش، بە ناچاریی حسێبیان بۆ دەکرد، و ئەگەر لە جەنگەکەش بێ لایەن وەستابا، ئەگەر هیچ دەستکەوتێکیشی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست نەهێنابا، لانی کەم، کوردستانی لەم سەر نوێشتە رەشەی هاتە پێشی رزگار دەکرد. چونکە نە ئێران و نە ئێراق، نەدەوێران شەڕەکە بگوێزنەوە کوردستان. هەرتک لا لەوە دەترسان کوردانیش لە خۆیان بورووژێنن.

بەڵام، ئەوکات هێزە کوردستانییەکان سەرقاڵی شەڕی براکوژیی بیوونەوە. بەهەشتی (ئازاد مستەفا) لە (کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی)دا دەبێژێ: (ئەوەی بە یەکترمان کرد کە کردمان و رووی

---

لە رۆژی ١/ ١٠/ ١٩٨٨، لە شاری (ئاهوس) لە دانمارک، سەمینارێکم لەژێر ناوی (کوردستان لە مێژوویەکی دوورووتریکدا کرد. لەوێ سەرنجم بۆ ئەم بابەتە راکێشابوو.

مەجلیسی گێرانەوەشیان نییە!)

پارتەکان، ئەوەیان بەسەر یەکدی هێنا کە رووی مەجلیسی گێرانەوەیان نەبێ، پاشان بەرەیان دامەزراند- هەر لەو رۆژەی بەرەش دامەزراوە بە ناتەواوی بەرێوە دەچێ، چونکە:

١- هیچ بەندێک لەو بەندانەی باسمان لێوەکردن، لەو بەرەیەدا نییە. ئەویش لەبەر ئەوەی:

٢- هەتا ئێستاکانیش، سەرکردەکان نەیانویستووە، یان نەیانتوانیوە قرێژی دڵی خۆیان لەبەرامبەر یەکدی پاکتاو بکەنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، بەرەی ناوبراو لەسەر بناخەی بیروباوەرێکی تەواو دانەمەزراوە!

بەرەی کوردستانی، لە پێرو و پرۆگرامی نێوخۆیی، لە بەندی سێیەمدا دەڵێ: (الجبهة الكردستانية العراقية، اتحاد طرعي للاحزاب والقوى السياسية والشخصيات الوطنية المتواجدة في ساحة الكفاح التحرري الوطني لكردستان العراق و...... و......= بەرەی کوردستانی ئێراقی یەکییەتییەکی ئارەزوومەندانەیە بۆ پارت و هێزە راوێژیی و کەسێتییە نیشتمانییەکان، کە لە گۆرەپانی خەباتی رزگاریخوازیی‌ی نیشتمانیی‌ی کوردستانی ئێراقن و...و....)

بە گوێرەی ئەم بەندە، نابێ هیچ چەپەرێک لە هەمبەر هیچ کەس و هیچ لایەنێکی نیشتمانیی‌ی کوردستانیی، لە کاتێ بیانەوێ بەشداریی لە خەباتی نەتەوایەتییدا بکەن، دابنرێ.

بەڵام، لە بواری پراکتیکدا دەبینین، دوو لایەنی نیشتمانیی‌ی کوردستانیی، ئاڵای شۆرش و پارتی زەحمەتکێشان، یەکەمیان لە لایەن ینکدا و دووەمیان لەلایەن پاسکدا ڤیتۆی بەسەردا سەپێندراوە. ئەم رەفتارانەش زادەی ئەو دەمارە بورژوازیەن کە هەتا ئێستاکانیش بەسەر رێبەرانی کورداندا زاڵە.

هەر لێرەکانێ بەرە، بەو پێڕۆ و پرۆگرامەی بۆخۆی نووسیویەتی، خۆی مەحکووم دەکا!

ئەو کردەوەی ئەندامانی بەرە، وەکو کردەوەی ئەندامانی هەمیشەیی ی شۆڕای هێمنایەتیی ی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەقی ڤیتۆیان بە خۆیان داوە، بۆ هەرشتێ کە لە بەرژەوەندییاندا نەبێ، لەبەرامبەریدا بەکاری بهێنن.

ئەنگلس چاکی ئەنگاوتووە، کە دەڵێ (هەر پارتێ کردەوەکانی لە بەرنامەکەی گرینگترە. هەروەها دەبێژی، هەلسەنگاندنی هەر کەسێ بە گوێرەی رەفتاریەتی، نەک بە گوفتاری.)(١٣٥)

بەرەی کوردستانیی، لە پەیاننامەکەی خۆی، پشتگیریی لە خەباتی رزگاریخوازیی ی گەلی فەلەستین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، و بزاڤی نیشتمانیی ی گەلی لوبنان، و تەواوی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دەکا. بەڵام، بە تاکە وشەیەکیش باسی خەباتی رەوای نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا ناکا!

هەر لێرە، نیشتمانپەروەری کورد، لە هەقیقەتی ئەو بەرەیە دەکەوێتە گومان.

ئەندامانی بەرە، ئەگەر وەک لە بەیاننامەکەیان داکۆکی لە خەباتی گەلانی دی دەکەن، لەهی خۆشیان لە پارچەکانی دی بکردایە، شتێکی زێتریان لە پیرۆ و پرۆگرامی پارتەکانی خۆیان نەدەگوت.

تەواوی پارتەکان بەندێک لە بەتدەکانی پێڕۆوپرۆگرامەکانیان بۆ هاودەنگی لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستان لە پارچەکانی دی تەرخان کردووە خەڵکی تر، لە کاتێ لە یەکتری نزیک دەکەنەوە و هێزەکانیان دەکەن بەیەک، داخوازییەکانیشیان چەسپاوتر و گەورەتر دەبێتەوە. (رێبەرانی کورد، لێرەش بە پێچەوانە رەفتاریان کرد!)

ئەگەر ئەم کارەیان بۆ رەزای داگیرکەرانی تری کوردستان، یان هەر

مەبەستێکی دی کردبێ، جگە لە دوورکەوتنەوە لە هەقیقەتی خەباتی نەتەوەی کورد، شتێکی تریان ئەنجام نەداوە.

بەرەی کوردستانیی، سروشتی بەرەیەکی راستەقینی نییە. پتر لەوە دەچێ، سەرانی پارتەکان، بۆ (خۆگرتنەوە) دایانمەزراندبێ!

بەرە، هەر لە رۆژی دامەزراندنییەوە، هەتا بەهاری ۱۹۹۰، تەنیا یەک دانە کۆبوونەوەی لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی راویاریی کردووە.

لە کاتێ، رژێمی شۆڤێنیزمی بەغدا، وەکو ئاکتۆپۆس لە هەموو لایەکەوە گەلی کوردی گەمارۆ داوە، و خەریکی لەنێوبردنێتی، پارتەکان، وەکو پێویستە ئەوها بە تەنگ رووداوەکاندا ناچن!

ئەو رێبەرانە، لە وەختێ لەسەر جەستەی دارزاوی ئەم گەلە خێرنەدیوە، ئەم بەرەیان دامەزراند، گەرەک بوو، لە بەرامبەر ویژدانی کوردانەیاندا، خاوەنی گفتی خۆیان بوونایە، وبە گوێرەی نووسینەکانیان رەفتاریان بکردایە!

لە پاش هەرەسی ۱۹۸۸دا، هەر هەموو سەرکردەکان هاتنە ئەورووپا. هەندێکیشیان وەکو پەنابەر لە سوێد، نوتریش، و ئینگلستاندا وەرگیران. بەلام، تەنیا بۆ جارێکیش کوردەکانی ئەورووپا، دوو لەو رێبەرانەیان پێکەوە نەدیون. مەسعوود بارزانیی و سامی ئاورەحمان، دوو بیچمی بەرچاو بوون کە هاتوونە ناو خەلک، و لە رێگەی کۆڕ و سەمینار وتووێژیان لەگەلْ خەلک کردووە.ئەوانیش، هەرکامیان بەتەنها هاتوون!

بەرەی نێوبراو، وەکو گوتمان، هەقیقەتی بەرەی پێوە دیار نییە، بەلام دەکرێ بلێین لە رێگەی (تەکامول) دایە. ئەویش ئەگەر دلسۆزانە، و بە ویژدان و بیروبروا هەولی بۆ بدرێ. دەنا، خەلکی کوردستان بۆ سالانێکی دوورودرێژی دی، دەبێ خۆزگەی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی شۆرشگێر و لێهاتوو بخوا!

# کورد له نێوان مافی رۆشنبیریی و سەربەخۆییدا

دابەش بوونی کوردستان، کاردانەوەیەکی دژواریی خستە سەر تێکرای شێوەکانی کوردەواریی. لەو رۆژەوە، هەریەکێک لە پێتەختەکان، سیاسەتی تایبەتیی خۆی بەرامبەر بە کوردستان و خەڵکەکەی بەکار دێنێ. بەڵام هەر هەموویان لەیەک نوختە یەکتری دەگرنەوە. ئەوەیش تواندنەوەی نەتەوەی کوردە لە بۆتەی نەتەوەکانی خۆیاندا.

پاش ئەم دابەشکردنە، کوردەکانی هەر پارچەیەک بە جودا، بە درووشم و ستراتیژیی جیاواز لە یەکتریدا کەوتنە داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانیان. ئەم بەجودا کارکردنە، بوو بە هۆیەکی دی کە دۆزی کورد لەسەر ئاستی جیهانییدا جێگەی سەرنج نەبێ.

– لە سووریا، کوردەکان ژمارەیان ملیون و نیوێک دەبێ، تەنێ داوای مافە رۆشنبیرییەکان دەکەن.

– لە تورکیا، ١٦ ملیۆن کورد داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەکەن.

– لە سۆڤیێت ملیونێک کورد، بە تازەیی داوای گەڕانەوەی جێگەی پێشووی خۆیان دەکەنەوە.

– لە ئێران، ٧ ملیون کورد داوای ئۆتۆنۆمیی دەکەن.

– لە ئێراق، ٥ ملیون کورد هەتا ئەم دواییە داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد. لەم دواییەدا هەندێکیان درووشمی مافی چارەنووسیان

بەرزکردەوە. ئەوانی دیش هێشتا بە درووشمە کلاسیکییەکەی خۆیانەوە نووساون.

بۆ کورد، وەکو نەتەوەیەکی جودا لە عارەب و فارس و تورک، کە خاوەنی تایبەتمەندێتییی خۆیەتی، و لەسەر خاکی خۆیدا دەژی، گەرەکە لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی تێیدا دەژی لە فیدرالیی کەمتر داوانەکا. گروپێک داوای ئۆتۆنۆمیی دەکا، کە ئەم شێوانەی خوارەوەیان تێدا بە دی بکرێ:

١- تایبەتمەندێتییەکانی نەتەوەی تێدا نەبێ.واتە ئێتنۆگرافیی بێ. یان

٢- پێوەندێکی مێژوویی بەو خاکە نەبێ کە لەسەریدا دەژی. یان

٣- توانای بەرێوەبردنی خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەبێ.

نەتەوەی کورد، جگە لە ئایینی نەبێ، بە شێوەیەکی گشتیی فەرهەنگی میللی، لەهی ئەو نەتەوانەی لەگەڵیاندا دەژی جیاوازە، و توانای بەرێوەبردنی دەوڵەتی خۆیشی هەیە!

رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، وەکو (یەقین) دەزانن، مافی کوردان پتر لە ئۆتۆنۆمیی هەڵدەگرێ. چونکە، ئەوانیش لە بوونی نەتەوەیی‌ی کورد بێ ئاگانین.

بەڵام، بورژوای بیروکراتی نەتەوەی دەسەڵاتدار خۆی لێ گێل کردووە، و ملهورانە دەیەوێ رێبازی مێژوویی‌ی ئەم نەتەوەیە، بە جۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێ بەراوەژوو بکاتەوە. هەر بۆیەش دژی چکۆڵەترین مافی نەتەوایەتین بۆ کوردان.

رژێمە زاڵەکان بەسەر کوردستاندا، بۆخۆیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە ئۆتۆنۆمیی شتی گەورەتری بە دواوەیە، بۆیە هەمرو هەوڵێکیان لە پێناوی سەرکوتکردنی کورد، و بێبەشکردنێتی لە مافە نەتەوایەتییەکاندا.

ئۆتۆنۆمیی، لەو وڵاتانە دەستەبەر دەکریٚ، کە رژێمەکانیان دیموکراسین، و جیاوازی نەژادییان تێدانییە، و نرخی مرۆڤ تێیاندا دۆزراوەتەوە. بەڵام، لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، هەتا ئێستاش شۆڤێنییەتی فارس و تورک و عارەب، لە زۆریە دایە.

ئۆتۆنۆمیی، ئەگەر هەیشبیٚ، چۆن لە وڵاتێکی وەکو ئێراق دەستەبەر دەکریٚ، کە سبحەینیٚ، هەمان رژێم، یان رژێمەکانی پاش وی هەڵیناوەشێننەوە. لە کاتیٚ پەیمانی جەزایەر، کە پەیمانێکی نێونەتەوەیی بوو، و جگە لە ئێران و ئێراق، کە لایەنە سەرەکییەکان بوون، ئەمریکا و میسر و جەزایەریش دەستیان تێدا هەبوو، و لەگەڵ وڵاتێکی لە خۆیشی گەورەتر واژۆی کردبوو، هەڵیوەشاندەوە و شەریشی پێفرۆشت. کوێت، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، و ئاڵای خۆی هەیە، و چەندین ساڵە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانە، لە ٢/٨/١٩٩٠دا، بە نیازی ئەوەی بیخاتە سەر خاکی ئێراق، داگیری کردوو، و لەگەڵ ئەوەی لە هەموو لایەکی دونیا ئابلووقەی ئابووریی خرابەسەر، هەتا بە جەنگ و کێشەیەکی گەورە دەریان نەکرد، وەدەرنەکەوت. داخوا گەلی کورد، چۆن لەگەڵ رژێمێکی ئەوهایی و رژێمەکانی تری دەورووپشتی، ئۆتۆنۆمیی پێدەپارێزریٚ؟؟!!!

کوردەکانی سوید، هەموو مافێکی رۆشنبیرییان پێدراوە. بە واتەیەکی دی، تەواوی ئەو مافانەیان هەیە، کە کوردەکانی بندەستی سووریا نیوسەدەیە داوای دەکەن. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان، هەموویان لە جێگەیێی کۆببنەوە، و زۆریە پێک بهێنن، زۆر سەرلجی تێدەچیٚ بە (عەریزەیەک) ئۆتۆنۆمییش وەربگرن.

دۆزی کورد، دۆزی کوردستانە، دۆزی کوردستان، دۆزی کوردە، و لە یەکتری دانابرین. نەتەوە و خاکێکی بە زۆر دابەشکراون. کێشەی کوردان، کێشەیەکی نەتەوایەتییە، مادامەکی نەتەوایەتییە،

جیهانیشه. بەڵام، ئەوەی وای کرد ئەم دۆزە کەمتر بایەخی جیهانیی پێبدرێ، خۆبەستنەوەی کوردان بە درووشمی ئۆتۆنۆمیی بوو!

ولاتە زلهێزەکان، چڵێس و بە هەلپەن، هەموو شتێک لە رووی بەرژەوەندیی، و بۆ بەرژەوەندیی دەکەن، کە یارمەتیت دەدەن، چاوەڕێی ئەوەن لە ئایندە پاداشێکی گەورەتریان پێبدرێتەوە. لە ئۆتۆنۆمیی، هیچ شتێکیان وەگیر ناکەوێ. جودا لەمەش، لە فەرهەنگی وان، ئۆتۆنۆمیی بابەتێکی ژوورەکییە، و شتێک نییە شایانی ئەوەبێ شەری بۆ بکرێ.

لە سالی ۱۹۲۰دا، پەیمانی سیڤەر، سەربەخۆیی کوردستانی بندەستی تورکیای سەلماند. لە سالی ۱۹۲۵دا، کۆمەڵەی نەتەوەکان، دانی بەسەربەخۆیی‌ی کوردستانی بندەستی ئێراقێ نا. هەردوو جاریش، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کۆلۆنیالیزم مافی کوردان پشتگوێ خرا!

کوردستان، ولاتێکی کۆلۆنییە (مستعمرە) و لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئینگلستان و فەرەنسا، دووبارە دابەشکرایەوە.

لە دنیادا دوو جۆرە کۆلۆنیی دەکەونە بەرچاو، یەکێکیان، ولاتێکی خاوەن سنوور، راستەوخۆ لەلایەن ولاتێکی پڕ هێز بە هۆی میلیتەریی داگیر دەکرێ، و سامانەکەی بە تالان دەچێ، و دەبێتە بازارێکی گەرم بۆ کالای ولاتی داگیرکەر.

ئەویدیان، ولاتێک بەسەر ولاتێکی دی، یان زێتر دابەش دەکرێ. سنووری ولاتی (دابەشکراو) لەناو سنووری ولاتی (بەسەردابەشکراو)دا دەتاوێتەوە. بەمەیان دەگوترێ (کۆلۆنیی‌ی ژوورەکیی) وەکو کوردستان و ئەریتریا.

هەموو ولاتێکی کۆلۆنیش، ریشەیەکی مێژوویی دووروودرێژی نەتەوەیی‌ی خۆی هەیە. مافی چارەنووس، بە تخووبی جیابوونەوەش،

مافێکی ڕەوای هەموو وڵاتێکی کۆلۆنیالیزەکراوە.

دوورکەوتنەوەی هەر گەلێکی کۆلۆنیالیزەکراو، لەم داخوازییەدا، دوورکەوتنەوە لە ریشەی مێژوویی‌ی خۆیەتی، و زەوینە بۆ بۆرژوای بیروکراتی نەتەوەی دەسەڵاتدار خۆشتر دەکا، تاکو چاکتر لەنێو بۆتەی نەتەوایەتیی‌ی خۆیدا بیتاوێنێتەوە.

بۆ نەتەوەی کوردیش، ئەمە مافێکی حاشا هەڵنەگرە. بۆیە پێویستە لەهەر کەرتێکی کوردستاندا، خەباتی خۆی بکاتە یەک، و لەسەر ئاستی جیهانیشدا دەنگی هەموو پارچەکان بکاتە یەک دەنگ و داوای مافی چارەنووس بکا. جودا لەمە، هیچ مافێکی دی ناتوانێ چارەسەری دۆزی کورد بکا، چونکە جگە لەو مافە، هیچ مافێکی تر ناتوانێ لە هیچ لایەنێکەوە دەستەبەر بکرێ!

# کۆنفرانسی نێونەتەوەیی‌ی کورد
# (مافی مرۆڤ و پێناسی فەرهەنگیی)

لە ڕۆژانی ١٤-١٥/ ١/ ١٩٨٩دا، بە دەستپێشخەری ئەنستیتیوتی کورد، و هاریکاریی‌ی دەزگەی (فەرەنسای ئازاد)بە سەرۆکایەتیی خانمی دانیەل میتران، خێزانی فەرەنسۆ میتران، سەرهەمیا کۆماری فەرەنسا، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لەسەر مافی مرۆڤ و پێناسی فەرهەنگی کوردان لە سالۆنی مێژوویی Center de Conference Internationales، نێوەندی کۆنفرانسی نێونەتەوەییدا پێکهات. لە ٣١ وڵات (ئەڵمانی فیدراڵ، بەلژیک، ئوستراليا، ئینگلستان، بولگارستان، جەزایر، دانمارک، فەرەنسا، هیندستان، هۆلاند، ئێراق، ئیسرایل، ئێران، ئیتاليا، ژاپۆن، کوردستان، لوبنان، میسر، نورویژ، ئۆتریش، قوبرس، سپانیا،سوید، سووریا، سویس، تورکیا، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڤینزوێللا، سۆڤیێت، یوگسلاڤیا و نیوزێلاند) کەسێتیی‌ی مەزن و پیاوماقوولی گرینگ، و ژمارەیەکیش ڕاویار و ڕووناکبیری کورد بەشدارییان تێدا کرد.

سووریا، تورکیا، ئێران، ئێراق و هاوەڵە عارەبەکانی، زۆریان هەوڵ دا ئەم کۆنفرانسە سەرنەگرێ و پووچەڵ بێتەوە. لە تورکیا، جگە لە دەوڵەت کە نارازیی بوونی خۆی بە کاناڵە دیپلۆماسییەکاندا ڕاگەیاند. پارتی سوشیاڵ دیموکراتیش، داخوازی لە ئەنترناسیونالی سوشیالیستان کرد کە هیچ لێپرسراوێکیان نەچنە کۆنفرانسی ناوبراو. تەنانەت چوونە پاریسی لە ئەندامانی پارلەمانی پارتەکەشی قەدەغە کرد. بەڵام، ٨

ئەندامی پارلەمانی تورکیا، کە کورد بوون، (ئیبراهیم ئاکسوی، ئیسماعیل حەقی ئۆنال، ئەحمەد تورک، کەنعان سوێنمەز، مەحموود ئالیناک، محەممەد عەدنان ئەکمەن، محەممەد عەلی ئەرەن و سالح سۆمەر) گوێیان بەم قەدەغەکردنە نەدا، و لە کۆنفرانسدا ئامادەبوون![۱۳٦]

ڕژێمی ئێراق، پاش هەموو هەوڵدانێک بۆ سەرنەگرتنی ئەم کۆنفرانسە، داوای لە خانمی دانیەل میتران کرد، کە بۆ چەند ڕۆژێک بچێتە سەردانی ئێراق و دۆخی کوردان بە چاوی خۆی ببینێ، ئەگەر قایل نەبوو، ئەوسا مافی خۆیەتی هاریکاریی پێکهێنانی کۆنفرانس بکا. لێ، خانمی میتران، وەرامی ئێراقییەکانی بەوە دایەوە، کە وێ ئامادە نییە تەنێ سەردانی ئێراق بکا، ئەگەر وەفدێ، کە پێکهاتبێ لە نوێنەرانی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ، هاوسەفەری وێ نەکا! ڕژێمی ئێراقیش کە ئامادەیی پەسندکردنی ئەم پێشنیازەی خانمی میترانی نەبوو، بێدەنگی لێکرد. کۆنفرانسیش لە ڕۆژی دیاریکراودا بەسترا.

ئامانجی سەرەکی کۆنفرانس، کۆکردنەوەی گەواهی سەرەکیی‌ی کارەساتە دڵتەزێنەکانی نەتەوەی کورد بوو، بۆ ئەوەی بەرپرسیارانی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، ئەندامانی پارلەمانەکان، ژوورنالیست، و ئەو کەسێتییانەی کە لە وڵاتەکانیاندا کاربەدەستن، لەسەر ڕای گشتیی، لە دۆخی کورداندا ئاگادار بکرێن، و وێکرا بە شێوەیەکی چێتر سرووشتی ژیانی پڕ لە تراژیدیای کوردان، و سیستەمی چەوساندنەوەی داگیرکەرانی کوردستان بناسێنن.

ئاخافتنەکان، هاوکات بە پێنج زمان (کوردیی، ئینگلیزیی، فەرەنسیی، ڕووسیی، و تورکیی) وەردەگێردران.

لەم کۆنفرانسەدا، جگە لە دانیەل میتران و کەندال نەزان، کە دوو

بیچمی سەرەکیی پێکهێنانی کۆنفرانسەکە بوون، ٧٩ پیاوماقوولی بیانیی، کە پێکهاتبوون لە سیناتۆر، پرۆفیسسۆر، ژورنالیست، نووسەر و هی دی، و ٥٣ کوردیش، کە پێکهاتبوون لە سکرتێری پارتە راوبارییە کوردستانییەکان، دکتور، روناکبیر و نیشتمانپەروەر بەشداریان تیدا کرد.

هەندێک مرۆڤی نیومەند، کە بۆ کۆنفرانس بانگ راهێشتن کرابوون، و لەبەر هۆکاری تایبەتیی نەیانتوانی بوو بەشداری بکەن، نامەیان هەناردبوو... لەمانە نامەی برۆنۆ کرایسکی- سەرشالیارانی پێشینی ئۆتریش:

گەلێک سوپاس بۆ بانگهێشتنەکەتان، تاکو لەش ساخی رێگەم بدا، ئەز کەیفخۆشم کە دۆزی کورد بپارێزم. لەبەر ئەوەی چەند سالێکی درێژە کە ئەز دەنوارمە جەنگی ئەم گەلە دلێرە، هەول و تەقەللای ئێوە زۆر بایەخ پێدەدەم.

سەلاوی گەرمم.(١٣٧)

نامەی ئەندرێی زاخارۆڤ- دانیشمەندی فیزیک- سۆڤێت:

ئەز زۆر سەخلەتم بەرامبەر بە چارەنووسی گەلی کورد، سەبارەت بە ئێش و ئازار و قوربانییەکانی. خەباتی تراژێدیی لە مێژینەی گەلی کورد ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ پرینسیپی مافی چارەنووسی گەلان، هەر بۆیە کورد خەباتەکەیان رەوایە.

بانگی دەوڵەت، و رێکخراو، و خەلکانی گشت وڵاتان، و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەکەم، کە لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردییان دەنێردا دەژی، سەرنج بدەنە سیاسەتی راستەخۆی سەرۆکانی ئەو وڵاتانەی دژی کوردن. نابێ چاو لەو وڵاتانەش بپۆشین کە رێگە بەو بێ ئاکارییە دەدەن.

نابێ هیچ جۆرە زەبروزەنگ نواندنێک، نارەوایی‌ی نەتەوەیی، و کۆمەلایەتیی، مافی مرۆڤ پێشێل، و کورد قران کردن پشتگوێ بخرێ، و چارەسەری لە ئاکامەکانی ئەم تاوانە و ئەو ولاتانەی ڕێگەیان پێداوە بکرێ!

بە تایبەتیی مرۆڤ ناتوانێ لەبیر بکا کە چەکی کیمیایی بەکار هێنراوە و کوشتار و ئەشکەنجەی زارۆک و پیر لە ئارادا بووە.

بە دیتنا من، دەبێ کۆنفرانس داخوازیی لە ئەنجومەنی گشتیی‌ی نەتەوەیەکگرتووەکان بکا، و خۆیشی، و کۆمیتەکانی سەربەویش گفتوگۆ لەسەر گیروگفتی کورد بکەن.

پێم وایە، ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە دەبێ ببێتە ڕاسپێرییەک بۆ ئەنجومەنی گشتیی‌تاکو گوشار بخاتە سەر ئەو ولاتانەی کوردیان تێدا دەژی بۆ ئەوەی کوردەکان لەو مەلبەندەی تێیدا دەژین ئۆتۆنۆمییەکی ئەوهایان پێبدرێ کە بتوانن مافی ڕەوای خۆیان لە بوارەکانی ڕامیاریی، ئابووریی، ئایینیی، و فەرهەنگیی بە ئازادیی بەڕێوە ببەن.

هەموو ستەمکاریی و نارەواییەکی لە ڕابردوو دژی کورد کراوە دەبێ تاوانبار بکرێ، و سنوورێک بۆ قەدەغەکردن، و دووبارەکردنەوەیان لە پاشەڕۆژدا دابنرێت.

ئیدی لەگەڵ ڕێزی زۆرم، بە هیوای بەدیهاتنی ئاواتەکانتان.(١٣٨)

نامەی سیناتۆر ئەدوار کەنەدی- ئەمریکا:

خۆزیا ئەورۆ لەگەڵ ئەنگۆ بوومایە، و بۆ پێشبردنی دۆزی مافی مرۆڤ و پاراستنی فەرهەنگی کوردان لەگەڵتان کۆبوومایەتەوە.

ڕێم بدەن، پێش هەموو شتێک پیرۆزباییەکی کەسیی لە خانمی دانییل میتران بکەم، کە بە هەوڵی بی وچانی وێ ئەم کۆنفرانسە گرینگە پێکهاتووە.

ئەز دڵنیام کە ئەنیستیتوتی کورد لە پاریس دەبێتە چرای ئومێد بۆ ملیونەها کوردی ئەم دنییە کە وەدوای پاشەڕۆژێکی ڕووناک و دادپەروەرانەتر دەگەڕێن.

ئەوڕۆ لێرە، لەگەڵ هەریەکێک لە ئێوە پەیمانی تازە دەکەمەوە بۆ بردنە پێشەوەی کێشەی گەلی کورد.

دەبێ وێکرا، یەکتر بۆ بردنە پێشەوەی دۆزی داد، و ڕێزگرتن لە مافی ڕەوای گەلی کورد بگرین.

کورد میراتگری یەکێک لە فەرهەنگە هەرە کەونار و دەوڵەمەندەکانی مێژووی مرۆڤە، کە دەگەڕێتەوە بۆ میدییەکان.

فەرهەنگەکەیان چەند نووسەر، فەیلەسوف، موسیقاژەن، و شاعیرانی مەزنی پێگەیاندووە، کە چەندین نەتەوەیان لەسەر ئەم زەوینە دەوڵەمەند کردووە. بەڵام هێشتا ئەم فەرهەنگە بە نرخە هەرەشەی لەنێوبردنی لێدەکرێ.

زۆرجار، بە درێژایی مێژوو، کورد لە کێشە ناوچەییەکاندا، وەک داشی شەترەنج بەکار هێنراوە، ڕاونراوە، و فەرهەنگەکەی بندەست خراوە. زووتر لەم ساڵەدا، میریی‌ی ئێراق پەلامارێکی درندانەی کردە سەر گەلی کورد بە ڕاگواستنی زۆرەملێیی، دەیان هەزار کورد لە باکووری ئێراقدا بۆ ناوچەکانی تری وڵاتەکە.

ساڵی ڕابردوو، بە هەزاران کورد بە هێرشی گازی کیمیایی لەلایەن ئێراقدا کوژران، و بە هەزاران ناچار بوون بۆ تورکیا و ئێران و سووریا هەڵێن.

گەلی کورد، دەمێکی زۆر دوور و ماوەیەکی گەلێک درێژە ئێش و ئازار دەچێژێ. دەبێ سەرلەنوێ بەڵێن بەخۆ بدەینەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەم ئێش و ئازارەی کە کورد تووشی بووە، بێنین، بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزی مافی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی هوشیارییەکی تێکرایی لەمەڕ

بارودۆخیان..کورد نابێ لەبیر بکرێ.(١٣٩)

نامەی شەرەفەددین ئالچی- هەڵبژاردەیەک

سوپاس بۆ بانگهێشتنم بۆ کۆنفرانس. لەبەر ئەوەی نەمتوانی پاسپۆرت وەربگرم، لەخۆشی هاتنە نێوتان بێ پەژ بووم. کەسێ لە تورکیادا گەیشتبێتە پلەی شالیاریش، بەبێ ئەوەی هیچ سۆنگەیەکی ڕەوا هەبێ، ناتوانێ بە سەربەستیی هاتووچۆی دەرەوەی وڵات بکا.

ئیدی هەر ئەمە چەمکێک سەبارەت بە پێرەویکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە تورکیا دەداتە دەست.

ئەورۆ نەتەوەی کورد کە ژمارەی دەگاتە ٣٠ ملیون، بێ بەشترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناڤینە، لەماف و ئازادییە مرۆڤایەتییەکان، و لە مەترسی لەنێوچوونی نەتەوەیی، و تەسکەرەکەیدا دەژی.

ویڕای هەموو دژواریی، و دەرد، و جەفایەک، کورد چ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی، کە مۆرکی شارستانییەتی میزۆپۆتامیای پێوەیە، و چ پایەی کویلایەتیی کە بۆیان تەرخان کردووە، رەدکردۆتەوە.

بگرە بە دڵگەرمییەوە خەبات دەکەن، و باجی گرانبەهای ئازادیی دەدەن. مخابن کە کورد لە ناساندنی دۆخ، و کێشە ڕەواکەی بەرای گشتیی جیهانیی، و بە دەستخستنی هاریکاریی پێویست، باش سەرنەکەوتووە. بێگومان، ئەمە یەکێک لە هەڵە هەرە خراپەکانی خەباتی ئازادیی‌ی کوردان بووە، بۆیە لەو باوەڕەدام کە ئەم کۆنفرانسە نێونەتەوەییە کە بۆ ناساندنی دۆزی کورد پێک دێ، گەلێک بەکەڵک بێ. یەکێک لە گرنگترین ئەو ئەرکانەی لەبەردەم کوردان دایە ئەوەیە، کە دەنگیان بگەیێننە دنێ. لە ڕووی سوود وەرگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، کورد لە جیهان لە ڕیزی هەرە پاشەوەن.

تەنێ بە توانای خۆ، دژوارە کورد بتوانێ ئەو هەلومەرجەی ئەورۆ تێیدایە ڕاست بکاتەوە. هەر بۆیە کورد پێویستی بە هاریکاریی‌ی

نزیکی ئەو کەسانە هەیە کە ماف و ئازادیی مرۆڤ دەپارێزن.

هیڤیخوازم کە ئەم کۆنفرانسە لە پەیداکردنی هاریکاریی پێویستدا رۆلێکی گەرینگ ببینیٚ. بەو ئومیدەی ئەم کۆنفرانسە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی و بۆ گەلی کورد سوودمەند بێ.(١٤٠)

لە بەیاننامەی کۆتایی هێنان، کۆنفرانس دەبێژیٚ:

کۆنفرانس باری تراژیدیی گەلی کورد بۆ پاراستنی مافی کولتووریی، و بۆ پاراستنی مافە راویاریی، ودیموکراتییە رەواکانی لەو ولاٚتانەی تێیدا دەژی رەچاو دەکا،وئەم خالاٚنەی خوارەوە هەلٚدەبژێریٚ:

* کۆنفرانس دەیەویٚ، لە رێگەی کۆمیتەیەکەوە لەسەر کاروباری خۆیدا بەرەوەدەوام بێ، ئەم کۆمیتەیە پاراستنی مافی مرۆڤایەتیی کورد لەو ولاٚتانەی کوردی تێدا دەژی، دەکاتە ئەرکی سەرەکیی خۆی. ئەم کۆمیتەیە سەر بە رێکخراوی فەرەنسای ئازاد دەبێ.

* کۆنفرانس دەیەویٚ، نوێنەری گەلی کورد بۆ پارلەمانی ئەورووپا، و بۆ کۆمیتەی راوێژیی ئەورووپا، و بۆ گشت کۆبوونەوە گەورە نێونەتەوەییەکان دیاری بکریٚ.

* کۆنفرانس داوادەکا، بە رێگەی یاسا نێونەتەوەییەکان درووستکردنی چەکی کیمیایی قەدەغە بکریٚ، و پەیمانێکی نێونەتەوەیی سەبارەت بە سزادانی ئابووریی، و راویاریی ئەو ولاٚتانەی سەرپێچی لە یاسا نێونەتەوەییەکان دەکەن، و چەکی کیمیایی بەکار دەهێنن مۆر بکریٚ.

* کۆنفرانس داوا دەکا، کۆمیتەیەکی کوردیی دابمەزریٚ، کە بتوانیٚ نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد، وەکو چاودێر لە کۆبوونەوەکانی کۆمەلٚەی گشتیی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان، و لە کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا بکا.

* لەسەر پێشنیازی پرۆفیسۆر زاخارۆڤ، بۆ مسۆگەرکردنی

ئاشتیی‌ی نێونەتەوەیی، کۆنفرانسەکەمان، داوا لە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکا کە لەسەر دۆزی کورد کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی ساز بکرێ.

* باری دراماتیکی پەنابەرانی کورد سەرنجی کۆنفرانس ڕادەکێشی، و کۆنفرانس بۆ هاریکاریی‌ی چالاکتری مرۆڤانە، دەیەوێ پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمیتەی باڵای پەنابەرانی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەبێ، و داوای لێبکرێ کە لەسەر ئەم دۆزە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی بکا.

* کۆنفرانس ڕاگواستنەوەی کوردان تاوانبار دەکا، و لە وڵاتانی خاوەن پێوەندیی دەخوازێ کە پێرەوی بنەماگە بنەرەتییەکانی یاسا نێونەتەوەییەکان بپارێزن، و لە کاتی پێویستدا یارمەتیی‌ی مرۆڤایەتیی پێشکەش بە کورد بکەن.

* کۆنفرانسەکەمان سوورە لەسەر داواکردن، بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ١٣١/٤٣ی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٨ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ڕێگە بە وەفدە دەوڵەتیی- یان- نا دەوڵەتییەکان دەدا، کە بتوانن بە ئازادیی پێوەندیی بە ڕاگوێزراوەکان بکەن.(١٤١)

کۆنفرانسی نێوبراو، بە بایەخترین تێڕوانینی جیهانیی بوو لەمەڕ دۆزی کورد لە پاش پەیمانی سیڤەر. بەڵام، گرینگێتیی‌ی سیڤەری نەبوو، چونکە سیڤەر دانی بەسەربەخۆیی‌ی کوردستان و پاراستنی مافە نەتەوایەتییەکان نابوو. لێ، بنواشەی کۆنفرانسی پاریس لەسەر (پێناسی کولتووریی) دامەزراوە.

دۆخی ئەمڕۆی کوردستان، لە پێناسی کولتووریی توێژینەوەی بۆ ناکرێ، چونکە دۆزەکە گەورەتر لەسەرەباسێکی کولتوورییە. دۆخی کوردستان، باسی مان و نەمانی نەتەوەی کوردە. باسی پێناسی

نەتەوەیی و مافی چارەنووسە. هەربۆیە کۆنفرانسێک لە ئاستێکی ئەوها بەرزی جیهانیی، گەرەک بوو ستراتیژیی خەبات بۆ پێناسی مافە نەتەوەبەتییەکان گەڵاڵە بکا. پاراستنی مافە دیمۆکراتیی و کولتوورییەکان، بەتایبەتیی لەو وڵاتانەی نەتەوەی کوردی تێدا دەژی، سەختە بەبێ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان بناخەی بۆ دابنرێ!

نوێنەرانی کورد، لەهەر پێنج پارچەی کوردستان بەشدارییان کردبوو. هەرکامیان باسی تراژیدیی کوردەکانی بەشەکەی خۆی کردبوو. ئاخافتنی کۆنفرانس بە شێوەیەکی گشتیی لێدوان لە رووداوەکانی رابردوو بوو، بەبێ ئەوەی ئەنجامگرییەکی لە رەنگی ستراتیژیی، بۆ خەباتی راویاریی- دیپلۆماسیی لەسەر ئاستی جیهانیی، بۆ پێناسی مافە نەتەوایەتییەکانی لەگەڵدا بێ!

کێماسیی لە بەرێوەبردنی کاروبارەکان لە کاتی کۆنفرانسدا هەبوو. نوێنەری پارتەکان، بەناوی رێکخراوەکانی خۆیان بەشداریان لە کۆنفرانسدا نەکردبوو. دەکرێ هۆی ئەمەش جۆری پێوەندی لاوازی پارتەکان، بە رێکخراوە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بێ، کە هەتا ئێستا، یان نییە، یان ئەگەر هەشبێ زۆر کێمە. پێویست بوو، کۆنفرانس سەرانی پارتەکانی، وەکو نوێنەری رێکخراوەکانیان وەربگرتایە، ولەوێش رەخنەی لێیان بگرتایە، وداوای یەکگرتن ویەکییەتیی لێکردبانایە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە یەک نوێنەرایەتیان بۆ رێبەرایەتیی کردنی دۆزی کورد لەناوەوە، ودەرەوەی وڵات درووست بکردایە.

ئەمجۆرە رەفتارانە لەکۆنفرانسێکی ئەوهاییی، لەرووی باوەر بەخۆبوون بۆ ئێمەی کورد رۆڵی خراوی دەبێ. ئێمە لەبەرامبەر نەتەوەی خۆمان، لە بەرامبەر ئەو دوژمن و ناحەزانەی بە میللەتمان نازانن، لە بەرامبەر دۆست و لایەنگرانی بیانیمان، پێویستە پێکەوە بە ئاگاداری یەکدی بۆ ناساندنی دۆزی کورد بەو گرانییەی کە هەیەتی هەنگاو بنێین.

# ئەنجام

«هونەر ئەوەنییە نەکەوین، هونەر ئەوەیە کە کەوتین، هەستینەوە»
کتێبی: گوڵاڵەکانی ڕۆژگار

پاش ڕێککەوتنەکەی شا- سەددام لە ۱۹۷٥دا، ژورنالیستان لە «هێنری کیسنگەر»یان پرسی (ئایا چارەنووسی کوردان لە پلانی ئێوە چۆن دەبێ؟) کیسنگەر لە وەرامدا گوتی: (هیچ! چونکە کورد نە بەرژەوەندیی ئێمەی پێدەخرێتە مەترسیی، و نە بەرژەوەندیی ئێمەیشی پێدەپارێزێ.)(١٤٢)

ئەمڕۆ لە جیهانی راوباریدا، حسێبێکی زۆر بۆ (هێز) دەکرێ. ئەو هێزەش تەنیا پێنج پارت، و پێنج کەسی لێک دابراو، و پێنج تفەنگ، و خۆدانە شاخ و تەقوتۆق کردن نییە. پێش هەموو شتێک (یەکییەتییە)، ئەنجا خۆناسینە، دۆست و دوژمن ناسینە، ستراتیژیی و تاکتیکی دارێژراو بۆ پاشەڕۆژە، پرینسپڵ و دسپلینی شۆرشگێرییە، خۆ سەپاندنە، سەنگێکە لە تەرازووی کێشەکاندا. کە بە داخەوە ئێمە لەوانە لە هەموویاندا هیجگار بێ بەهرەین.

۳۰ ساڵی ڕەبەقە، شۆڕش دەکەین، بە هەزاران قوربانیمان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەرەو دوا پاشەکشەمان نەکردبێ، بەرەوپێشەوەش نەڕۆیشتووین. بۆ شۆڕشیش، ئەگەر دەستکەوتەکان بەلای کەمەوە هاوسەنگی قوربانییەکان نەبن مانای وایە زیانی زێتر بووە!

ئەوەی ئێمە لە کوردستانی بندەستی ئێراقدا، لە ساڵی ۱۹٦٤ تا

١٩٨٤، بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بە یەکدیان کرد، نەک نەتەوەیەکی لەت و کەرت کراو، و بێ دۆست و بێ پشت و پەنا، بەڵکو ئەگەر گەلێکی سەر دەست و خاوەن دەوڵەتیش بیکردایە نسکۆی دەهێنا!(١٤٣)

کەواتە تا ئەوە حاڵمان بێ، چەندان شۆڕشی دیش بکەین، و ملیۆنێک قوربانی دیکەش بدەین. پاشە رۆژمان لەوە چاکتر نابێ، و هەزار بانگەواز و بەیاننامە و بە دەنگهاتنی پارلەمان و خۆپیشاندانی سەرشەقامەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و وڵاتانی دی دەردیکمان دەرمان ناکەن.

ئەو تاوانانەی لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨دا، رژێمە گەنیوەکەی بەغدا لەگەڵ کوردان کردی. نە زایۆنستەکان بەرامبەر بە عارەبی فەلەستین، و نە رژێمی ئەپارتێدی ئافریقای خواروو بەرامبەر رەشەکان کردیان! لە مێژووی سەدەی بیستەمدا، مەگەر تەنێ تاوانەکانی نازێکان بەرامبەر بە جوولەکان، و هی تورکان بەرامبەر بە ئەرمەن و کوردان، هاوشانی بوو بن.

ئەگەرچی تاوانەکان هێندە کوشندەبوون، لەگشت کەلێنێکی ئەم گۆی زەوییە دەنگیان دایەوە، بەڵام ئەو هەموو تاوانانە، هێندەی فشە هەرەشەیەکی (خومێنی) لە (سەلمان روشدی) جیهانی وەدەنگ نەهێنا!

لە هەموو جیهانی عارەبیش، دەنگی مرۆڤایەتیی تەنیا لە گەرووی مامۆستای هێژا و پێشکەوتنخوازی عارەبی (هادي العلوي) و (ئەحمەد بن بلا)ی مرۆڤدۆستدا بیسترا. لە تورکیاش، تەنیا دەنگێ پشتگیریی لەگەڵی چەوساوەی کورد بکا، دەنگی دانیشمەندی مەزنی تورکیی زمان، (سمایلی بیشکچی)یە، کە تا ئێستا پتر لە ١٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە بەندیگەدا، بە تاوانی پارێزگاری لە مافی خەڵکی کوردستاندا بردۆتەسەر. هەر ئێستاش، بە هەمان تاوان لە بەندیخانەدا بەندە!

سی ساڵی ڕەبەقە شۆڕش دەکەین، جگە لە هەندێ گۆڕانکاریی لە بواری کۆمەڵایەتیی، و هەندێ قسەی (سەوزوسوور) نەبێ، هیچ شتێکی دی بەدەست نەهاتووە. ئەویش هەتا ئێستا ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە، و تەنێ بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێن کە سەرکردەکان هەق بە خۆیان بدەن، و ئەو دەنگانە کپ بکەنەوە کە باسی کەم و کورییەکانی بزاڤی ئازادیخوازیی نەتەوایەتیی دەکەن.

سەرانی کورد، بە بیری گوند و ئاکاری دیوەخان، و ڕەوشتێکی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردەواریی، ڕێبەرایەتیی بزاڤەکە دەکەن، و وایان کردووە بزاڤەکە لەناو تەوەرێکی بۆش خووڵ بخواتەوە. سەرەڕای ئەوەش، خۆیان هیچ کاتێک پێ لەم ڕاستییە نانێن، و باس کردنیشی لەلایەن خەڵکی ترەوە بە تاوان دادەنێن. خۆیشیان بە فەرمانڕەوای ڕەها و خاوەن ماف بۆ حوکم دان بەسەر ئەو (تاوانبارانەی) ڕاستیی دەڵێن دەزانن، و بە خۆفرۆش و پیاوی ئەم و ئەویان نێوزڕاو دەکەن، و ئەگەر بۆیشیان بلوێ لە کوشتنیشیان ناسڵەمێنەوە.

لە ڕێگەی ئەم بۆچوونە کۆن و نەگۆڕاوەیان کە لە هەموو ئاکارێکی شۆڕشگێریی و بیروبڕوای سەردەم بە دوورە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانیان لە دینامیکییەتی بە خۆداچوونەوە و نوێخوازی بێبەش کردووە. ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن، کە چاکترین فاکتەری پێشکەوتنە، وەلاناوە.

بۆ هیچ کەسێ نییە، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبداتەوە و بیانخوێنێتەوە، و پەڵە ناهەموارەکانیان دەست نیشان بکا. ئەو مافەیان تەنیا بە خۆیان داوە، ئەویش هەر بەو ئەندازەیەی خزمەتی ڕەوتی پڕۆپاگەندە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکا.

خوێندنەوە و لێورد بوونەوە لە ڕووداوە توێیەکان، بە شێوەیەکی پراگماتێکی و لێدوان لە چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری

بزوتنەوەکە و تاکتیکی رۆژانەی هێزەکان و پێوەندییە دەرەکییەکانیان و هەنگاوەکانیان، بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی رژێمی فاشیستی سەددام، بۆ ژێنۆسید و براندنەوەی گەلەکەمان، و پێویستییەکانی بەرگری کردن لە بوونی خەڵکی کوردستان، لەشار و لە گونددا، چییە و چۆنە؟ ئەوانە هەموویان (قەدەغەن) و نابێ کەس پرسیاری لەسەریان هەبێ!(١٤٤)

پێویستە هەڵەکانی رابردوومان دەست نیشان بکەین. چاوپۆشین لە هەڵەکان، یان درێژەپێدان و بەکارهێنانیان، دووبارە تووشیماڵوێرانیمان دەکەنەوە. زۆر دوور نەرۆین، بە چاوخشانێک دەتوانین خاڵە لاوازەکانی شۆرشی ئەیلوول دەست نیشان بکەین.

ئەو هەلانەی بوونە هۆی گۆرینی رێرۆی شۆرش و بە زیانی خەڵکی کوردستان تەواو بوون، دەکرێ لە مانەی خوارەوەدا ئاماژە بکرێن:

١- لە کزەتای بەعسێکان لەسەر قاسم، کە بۆ دوو رۆژان خریا نەبوو حوکمی بەغدا لە دەس کێیە؟ هێزی چەکداریی شۆرش، دەیتوانی دەستی خۆی لە سوپای ئێراقدا بوەشێنێ. بە تایبەتیی لەو کاتە، لەشکری رژێم لە کوردستان بە تەواوی سەری لێشێوا بوو.

٢- لە شەری هندرێن کە سوپای ئێراق شکا، گەرەک بوو شۆرش درێژەی بە شەر بدابایە و لەسەر داخوازی رژێمی بەغدا شەری رانەگرتبا.

٣- لە جەنگی عارەب و ئیسرایل، لە ساڵی ١٩٦٧دا، کە ئێراقیش لایەنێکی جەنگەکە بوو، بۆ شۆرش دەرفەتێکی باش بوو زەبری خۆی لە رژێم بدابا.

٤- بە درێژایی تەمەنی شۆرش، چوارجار ئاگربەس کرا. جاری وا هەبوو بە ساڵێک و دووان لە نێوان نەشەر، نە ئاشتی دەژیان، بە تایبەتیی لە سەردەمی هەرتک عارفدا. لە ماوەی گفتوگۆش،

سیاسەتێکی جێگر بۆ پێشمەرگان نەبوو، کە لە گەڵیاندا بەکار بێنن، و سەرگەرمیان بکەن. لەو ماوانە پێشمەرگەکان، دەچوونە ناو شارەکان و کەم و زۆر دەکەوتنە ژێر کاریگەرێتیی‌ی ژیانی ئاسوودەیی شار. ئەوەش دەبووە هۆی سست بوونەوەیان.(١٤٥)

٥- لەکاتی دەوڵەمەندبوونی شۆرش، نەتوانرا وەکو پێویستە ئەوها بە شێوەیەکی رێک سوود لە دارایی‌ی شۆرش وەربگیرێ.

٦- بەیانی ١١ی ئازار بۆ چوار ساڵ هەڵەیەکی گەورە بوو. لەو ماوەیەدا رژێم توانی، وەکو خۆی دەیهەویست ئەوها خۆی سازویەرگ بکاتەوە. سەرکردایەتیی‌ی شۆڕشیش، بە پێچەوانە، بەبێ خەمی لێی پاڵدابۆوە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بێ بەندوباری بکەوێتە ناوریزەکانی شۆرش، و ژمارەیەک پێشمەرگە و هەندێ سەرکردەش لەلایەن رژێم بە هۆی ماڵ و مەرتەبە وژدانیان کڕا.

ژمارەیەکی زۆری خۆ بە رووناکبیرزانەکانی کوردیش، لەم دۆخە تاڵەی گەلەکەمانی تێکەوتووە بەشدارن. ئەوان، ئەگەر لەم لاو ئەولا چرپەیەک بکەن، دەنا زاتی ئەوەیان نییە، رووداوەکان، وەکو هەن ئەوها باس بکەن. چونکە نایانەوێ کەسیان لێ برەنجێ، و دەیانەوێ هەموو لایەک رازی بکەن. بەشێک لەم روناکبیرانە لە خەمی ئەوە دان مەبادا رۆژێک شتێک بەدەست بێ، و ئەو جێگەیەی بە شایانی خۆیانی دەزانن لەدەست بدەن!

ئەم بیرو و بۆچوونانە، رەنگدانەوەی کەسایەتییەکن کە لە ژێر سێبەری کولتوورێکی دواکەوتوو، بە پەروەردەیەکی هەلپەرستانە، و خۆپەرستانە گیانی گرتووە. بەم جۆرە، توانای دەربڕینی راستیی لە خۆیاندا نابینن، و رووداوەکان، هەرچەند تاڵیش بن، نایانەوێت لە بارەیان بدوێن.

ئەم رووناکبیرانە، رۆڵێکی تایبەت لە پاشخستنی گەشەکردنی

بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا دەبینن.

قسەی جوتیری، کە بیزاری لە کردەوەییک، یان هەڵویستیک دەردەبری، هەزارقات لە لاپەرەکانی ئەو کتیبانەی ئەم جۆرە رووناکبیرانە بە قسەی قەڵەو، و سەوزوسوور، و توانج گرتن پریان دەکەنەوە، بە نرخترە. چونکە ئاخافتنی ئەم جوتیرە، بەلای مرۆڤیکی شۆرشگیر، لیکدانەوەیەکی قوولی هەیە، و چەندان پرسیار دروست دەکا، و دەبیتە مایەی بەخۆدا چوونەوە، و رەخنە لە خۆ گرتن.(١٤٦)

خنکاندنی هەڵەبجە لە دووکەڵی کیمیایی، و کارەساتە جەرگ برەکانی دی، و ئەو دوارۆژە تاریکەی چاوەروانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان بە گشتیی و هی کوردستانی بندەستی ئیراق بە تایبەتیی دەکا، گەرەکە وەکو سەرەتایەکی نوێ تەماشا بکرین. پیویستە ریکخراوە راوبارییەکان لە بوارەکانی راوباریی- کۆمەلایەتیی بەخۆدا بچنەوە، و پیێ لە هەڵە و لە هەڵە گەورەترەکانیشیان بنین.

بۆ ئەم کارەش، دەبێ راستییە میژوویییەکان، بە چاک و خراپیان دەست نیشان بکرین. دلسۆزیی لەوە دایە هەڵەکان بخرینە بەرچاوی جەماوەر. بیگومان، هیچ بزوتنەوەیەکی شۆرشگیریش بێ هەڵە نابێ، بەلام، بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامە کوشندەکانی، گەرەکە لە کاتی خۆیدا پەنجە بخەینە سەرییان، و زاتی ئەوەمان هەبێ هەقیقەت بلێین، نەک پاکانەی ئازموونە تاڵەکان بکەین و بەرگرییان لێ بکەین.

ئەنجا، پاش بە فیرۆدانی کات و توانایەکی زۆر، لایەنیک، هەڵەکانی لایەنیکی دی ئاشکرا بکا، ئەویش نەک بۆ دەرس وەرگرتن، بەلکو بۆ غەرەزی تایبەتیی خۆی!

زۆر کەس هەن وا دەزانن، ئاشکراکردنی کەم و کوریی و هەڵەکانی ئیستای بزوتنەوەکەمان، نەک هەر بێ سوودە، بەلکو زیان بەخشیشە.

بەلاّم، ئەوانە دەبێ بزانن ئەو کەم و کوریی و هەلاّنە، زوو یان دەرنگ دەزانرێن. ئەمجا چەند زووتر بزانرێن، زووتر چارەسەر دەکرێن.

ئێمە، بە راستیی گوتن و ئاشکرا کردنی هەڵەکانمان زەرەر لە بزوتنەوەکەمان نادەین. بەلاّم بەشاردنەوەیان، دەتوانین زیانی پێبگەیەنین. (راستیی دەشاردرێتەوە. بەلاّم بزر نابێ!) بۆیە پێویستە خۆمان لەو نەریتە ئاکار نزمە دوور بکەینەوە.

دان نان بەهەڵەکان، بە تایبەتیی بەلای ئەوانەی کە هۆکەی بن، زۆر تاڵە. بەلاّم چێشتنی ئەم تالاّوییە دەبێتە هۆی راستکردنەوەی رێزۆی چەوتی بزوتنەوەکە، و لەدەست نەدانی راستگۆیی بەرامبەر جەماوەر.

بەم شێوەیە، ئەم رێکخراوە راوبارییانە، ئەگەر رۆڵێکیان لە تەشەنەکردنی برینەکانی لەشی گەلەکەماندا هەبوو بێ، گومان لەوەدا نییە کە بە راستگۆییان جەماوەری دەوروبەریان لەدەست نادەن، بەلکو بە ئاشکراکردنی هەڵەکانیان دەتوانن جەماوەرێکی فراوانتر بەلای خۆیاندا بکێشن. بەلاّم کە هەڵەکانیان دەشارنەوە، لە کاتێکدا جەماوەر بە گشتیی هەستی پێدەکا، و دەوروبەرەکانیان نارەزایی بەرامبەر دەردەبرن، زێتر جەماوەریان لێ دوور دەخاتەوە.

پێویستە، ئەو راستییە هەمیشە لەپێش‌چاو بێت کە هەموو کەس، بێ گوێدانە بیروراو و مەسلەکی راوبارییان،مافی رەخنە گرتنیان هەیە.

دەتوانین ئەم رەخنەگرانە، بەسەر چوار دەستە دابەش بکەین:

١- ئەوانەی لەناو بزوتنەوەکە دان و رۆڵێکی ئاکتیڤی تیدا دەبینن.

٢- ئەوانەی لە بزوتنەوەکە دوورن، بەلاّم دۆستی بزاڤەکەن.

٣- ئەوانەی نە دۆست و نە دوژمنی بزوتنەوەکەن.

٤- دوژمنانی بزوتنەوەکە، کە لە راستییدا رەخنەگرنین و تێکدەرن.

شۆرشی خاوەن توانا و جەماوەریی، دەتوانێ سورد لە هەموو ئەوانە، بۆ پاکژکردنەوەی ریزەکانی شۆرش لە بیچمی هەڵپەرستان و

راستکردنەوەی هەڵەکانی وەربگری.

بۆیە پێویستە لە ڕەخنە نەترسین، و بە سنگێکی فراوانەوە گوێیان بۆ ڕایەڵین. نەک هەر بۆ ئەو ڕەخنانەی لە ڕیزەکانی شۆڕشەوە بەرز دەبنەوە، بەڵکو بۆ ئەوانەی لەلایەن دەستەی دووەم و سێیەمیش سەرهەڵدەدەن، بەو هومێدەی بتوانرێ زۆرانیان لێ ڕابکێشرێنە ڕیزی بزوتنەوەکە. هەروەها بۆ ئەو کەم و کوڕییانەی دەستەی چارەم دەیانقۆزێتەوە، و بۆ هەڵبەستنی بوختان و باڵۆرەی ژاراویی دژی بزاڤەکە، دەست نیشان بکرێن، و دووپات نەکرێنەوە.

ترسان لە ڕەخنە، ئەدگارێکی شۆڕشگێڕیی نییە، ئەدگاری کەسانێکە بەرژەوەندیی شۆڕش و پاشەڕۆژی گەل لە پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و تاقمەکەیاندا دەبینن.

داوا لە خەڵک کردن بۆ ئەوەی مێشکی خۆیان بوەستێنن، و بیر نەکەنەوە. هەر چیرۆکێکیان بۆ خوێندرایەوە (سمعنا واطعنا) وەری بگرن، و هەر بیروبۆچوونێک، لەناو هەر قالبێک دابنرێ، جەماوەر دوای بکەوێت!(١٤٧)

ئەمانە، نەک هەر لەگەڵ ڕەوتەکانی ئەم چەرخە ناگونجێن، بەڵکو ئاکامی پڕ مەترسیشیان هەیە. بەم جۆرە کارانە، جەماوەر تووشی بێ بڕوایی و بێ بەندوباریی دەبێ، و هێزەکە هەرچەند پتەوبێ لە ئەنجامدا سستی دەکا.

گۆڕانکارییەکانی سۆڤێت، لە ڕێگەی Perestroika و Glasnost نموونەی زیندوون، بۆ ڕەفتارە دیماگۆگییەکانی ڕێکخراوە ڕاوبارییەکانی کوردستان. گەرەکە ئەم ڕێکخراوانە بە جێگەی ئەوەی تەنێ تاریفی ئەم گۆڕانکارییە بکەن، لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیان سوودی لێوەربگرن، و ئەو پارتانەی هەتا ئێستا گۆڕەپانی خەباتیان لێ پاوان کراوە، ڕێگەیان پێبدرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان ببینن.

نەتەوەی کورد، لە مێژووی خۆی فێربووە دوور لە دەسەلاتی بێگانە بە ئازادیی بژی. مێژووی بزووتنەوەکەی پڕە لە کارەسات و هەلەی جەرگ بڕ و خەیانەت، کە ئازادییەکەیان لێ شێواندووە.

هەلسەنگاندنی ئەم کارەساتانە، لەسەر بنواشەیەکی زانستیی جۆرە نیشتمانپەروەرێک درووست دەکا کە گرینگییەکی تایبەتیی بە ئارمانجەکانی نەتەوە و ولات و مێژووەکەی بدا. لەم ڕێگەیەدا دەتوانرێ نەوەکانی ئایندە پەروەردە بکرێن، و مێژووی ولاتەکەیان و بزوتنەوەکانیان وەک هەن ئەوها بزانن.

ڕێکخراوە راوارییەکان، ئەگەر جەماوەر بە خاوەنی شۆڕش و ئامێرەکەی دەزانن، دەبێ کارێکی وابکەن، جگە لەوەی بۆ بەرینگار بوونەوە لە بەرامبەر دوژمندا بەکاریان بهێنن، پێویستە هانیان بدەن بۆ ئەوەی رۆلێکی ئەکتیڤ لەدەست نیشان کردنی سەرجەمی سیاسەتەکانی شۆڕشدا ببینن.(١٤٨)

سیاسەتی (نفذ ثم ناقش) وەکو ڕەفتارێکی بوودەلە، گەرەکە دووری لێبکرێ، و بۆ هەموو راپەراندن و کارێکی شۆڕش، جگە لە حالەتی تەنگاویی لە کاتی جەنگدا کە لەوانەیە ئاخافتن بە زەرەری شۆڕش تەواویێ، لە زەمینەکانی تر گفتوگۆ بکرێ. بۆ حالەتی جەنگیش، پێشی دەست بە کارکردن، پێویستە ستراتیژیی و تاکتیکی ئامادەکراو دەبەر دەستیان دابێ، بۆ ئەوەی بەشدابووانی بەشی راواریی و سەربازیی بە درووستی بزانن چی دەکەن و تا ئەندازەیەکی زۆریش لە ئاکامی کارەکەیان ئاگادار بکرێنەوە. ڕێکخراوە راوارییەکان، بۆ ئەوەی لە ڕەوت و گۆرانکارییەکانی کۆمەلێ وەپاش نەکەون. دەبێ سیاسەتەکەیان شێوەیەکی کۆمەلایەتیی بگرێتە خۆ.

بەم ڕێگەیە، شۆڕش دەبووژێتەوە، و بەرەوپێش دەچێ، و رۆژ بە رۆژ پتر خەلک لە دەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە.

خۆگێل کردن لەم راستییە، و نە دۆزینەوەی جێگرێک بۆ فۆرمۆلی ئەو سیاسەتە خەڵەتە، تەنیا بەرەی دوژمن بە هێز و بەرەی شۆرش بێ هێز دەکا!

پێویستە شۆرش، لە شێوەی وەرەقەی سپی، لەدەستی رژێمی چلکنی ئێران دەربهێنرێ، و نەهێڵێنرێ چیدی بۆ بەزمی سەر مێزی گفتوگۆ کردن لەگەڵ رژێمی گوێنیزمی ئێراقدا بەکاری بهێنێ. گەرەکە هەوڵ بدرێ، بزاڤی رزگاریخوازیی‌ی خەڵکی کوردستان، مەودایەکی هاوچەرخ بگرێتە خۆ.

ئەو کاتە نیشتمانپەروەری راستەقینە پەروەردە، و ئامادەی خەبات دەکرێ. ئەوکات هەر کەسێک لە بەشداربووانی شۆرش، لە جێگەی خۆیدا دەزانێ ئەرکی چییە، و بۆچی شۆرش دەکا، و چۆن شۆرش بکا، و ئامانجەکانی شۆرش چین؟؟؟؟

لە ئەنجامی گۆرانی سیاسەتی سۆڤێت، گۆرانکاریی ئایدیۆلۆژیی-راوبارییی، لە جیهاندا دەستی پێکردووە، و گەلێک پرسیاری چر، و کاری دژوار چارەسەر کران. ئەو وڵاتانەی لە ئاکامی جەنگی دووەمی جیهانگیر دابەشکرابوون، و هەرکامیان سیستەمێکی راوبارییی-ئابووریی- کۆمەڵایەتیی، دژ بە ئەویتر بەرێوەی دەبرد، خۆیان لێکدایەوە، و بوونەوە یەک وڵات!

هەرتک یەمەن لە نیوەراستەکانی ١٩٩٠، و هەردوو ئالمان لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا، سنوورە دەستکردەکانیان هەڵوەشاندەوە، و ئامێزیان لێکدایەوە. کۆریاکانیش، بۆ هەمان مەبەست، وەکو سەرەتایەک دەستیان بە گفتوگۆ کردووە.

ئەوانە بۆ هێزە راوبارییەکانی کوردستان، دەکرێ وەکو پەیامێکی گرینگ بایەخی پێبدرێ. کاتی ئەوە هاتووە هێزە کوردستانییەکان لە کوردستان بە گشتیی و لە هەر پارچەیەک بە تایبەتیی دەنگیان بکەن

بەیەک دەنگ و ریالیزمانەتر بیربکەنەوە. پێویستە گفتوگۆ لە نێوانیاندا دەست پێبکا، و گوێ لە بیروبۆچوونی یەکدی بگرن. گەرەکە کینەی دوێنێ و قرێژی نێو دڵیان بشۆنەوە، و بۆ هەمیشە نابەرامبەرییەکان چارەسەر بکەن، و رێگەش نەدەن جارێکی دی رەفتاری دژ بە بە شۆرش و دژ بە نەریتی کوردەواریی ئەوها ماڵوێرانمان بکا.

رێکخراوە راوبارییەکان، لە هەر کەرتێکی کوردستان، وەکو پێویستە وا لە ئاست رووداوەکانی سەردەمدا رەفتار ناکەن. هەتا ئێستا وەکو رەچاو دەکرێ، وا یەکتریان نەگرتووە.

(تەڤگەر) لە کوردستانی بندەستی تورکیا، تەنها لە نێوان چەند پارتێک دامەزراوە. لە لایەکی تر P.K.K لەگەڵ چەند لایەنێکی دی بەرەیەکی تری هەیە. لە کوردستانی بندەستی ئێراقیش بەرەیەک هەیە، بەڵام وەکو لەپێشدا گوتمان، هیچ بەرامەیەکی بەرەیەکی راستەقینی لێناهێ. لە پارچەکانی دی ناتەبایی هەرماوە!

کوردستان، بە تەنێ مولکی هیچ کوردێک نییە، و مولکی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەریشە، و لەسەر هیچ کەس و هیچ لایەنێکیش تاپۆ نەکراوە، کە چۆنیان ئارەزوو بێ ئەوها رەفتار و پاوانکاریی بکەن و دژی لایەنەکانی دی ئاژاوە بنێنەوە.

ئێمەی کوردستانیی، پێویستە فێرببین پێکەوە دانیشین، و گوێ بۆ یەکتری راگرین، و هاوکاریی یەکدی بکەین. چونکە، جگە لەم رێگەیە، هیچ رێگەیەکی ترمان لەبەردەمدا نەماوەتەوە.

دوزی وڵاتانی ژێردەست، و شەری سەربەخۆییان، بە شێوەیەکی گشتی لە رابردوودا بە مەرام و پێوەندی زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژاوا گرێدرابوو. لەسەردەمی ئێستاکانیش، پاش کۆتایی هێنان بە (جەنگی سارد) و چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە هەرێمییەکان،

هێشتا ئەم هێزانە ڕۆلێکی سەرەکیی لە دیاری کردنی سەرنۆیشی گەلانی بندەستدا دەبینن!

بۆیە گەرەکە بزوێنەرانی بزاڤی ئازادیخوازیی‌ی نەتەوایەتی‌ی کوردستان، دژزەکە نەکەنە قوربانی ئایدیولوژیی. پێویستە ئەو سیاسەتە ڕەکار بخرێ، کە دەرکی ئەو هەقیقەتە دەکا، کە ئەم هێزانە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی، و ناراستەوخۆ دەستیان لە حوکمی زۆربەی ولاتانی ناوچەدا هەیە. دەبێ دۆستایەتی هەرتک لا لەبەرچاوبێ، و بایەخی پێبدرێ. بەستنەوەی دۆزی خەلکی کوردستان بەلایەنێک و دژایەتیی کردنی لایەنەکەی دی، لە بەرژەوەندیی‌ی ئێمەدا نییە. ئێمە، دوای ئەوەی شتێکیش بەدەست بێنین، یان سەربەخۆ بین، دیسان پێویستیمان بەو هێزانە دەبێ.

لەسەر ئاستی کوردستانیش، دەبێ ئەو سیستەمە ڕاوبارییە دیموکراسییە بەکار بهێنرێ کە جێگەی تەواوی بۆ هەموو جۆرە مەسلەکێکی ڕاوبارییی‌ی نیشتمانیی، و هەموو جۆرە بیر و بۆچوونێکی جودا لە یەکدی هەبێ.

گەلی کوردیش، وەکو هەر گەلێکی دی، دەستە و تاقمە و توێژینەوە و ڕەنگ و ڕووی جودا لە یەکتری تێدایە. زۆر شتێکی ئاساییە، بیروراکانیش لە یەکدی جیاواز بن. بەلام، دەبێ خومان فێر بکەین بە سینگ فراوانییەوە لەگەل یەکدی دابنیشین و ڕێز بۆ یەکتری دابنێین.

ئەو مرۆڤەی ماف بە خۆی دەدا لەگەل پارتی X دا کاربکا، دەبێ هەمان ماف بە کەسێکی دیکەش بدا کە لەگەل پارتی Y دا کاربکا.

ئێمە جودا لە پارتی نەتەوەیی، و نەتەوەیی چەپخواز، پارتی ئایینیی‌ی کوردستانیشمان هەیە. شتێکی سرووشتی و پێویستیشە

پارتی کۆمۆنیستیشمان هەبێ. با، کۆمۆنیستەکانمان لە نێو پارتی دڵخوازی خۆیان بە نێوی پرۆلیتاریای وڵاتی خۆیان دەستی بارمەتیی بۆ پرۆلیتاریای وڵاتانی هاوسێ و جیهان درێژ بکەن، بە جێگەی ئەوەی لەناو بۆتەی پرۆلیتاریای وڵاتانی هاوسێ بتاوێنەوە.

ئەوانە هەمووی رەنگدانەوەی پێکهاتنی کۆمەڵگەی کوردەوارین و لە بوون دان. نکۆڵی کردن لەم پرۆسێسە، نکۆڵی کردن لە راستییە. با، لێگەرێین میللەت بۆخوی هەڵبژێرێ دەبەوێ لە چ رێگەیەک خزمەتی ئارمانجە نەتەوایەتیی و دیموکراتیی و مرۆڤایەتییەکانی بکا.

دۆزی کورد، هەتا ئێستا وەکو پێویستە وا لەلایەن زلهێزەکان سەرنجی پێنەدراوە، و وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو، یان شەری گەلێک لە پێناوی سەربەخۆیی‌ی نەتەوایەتیی حسێبی بۆ نەکراوە. دۆزی کورد، بە پارچە پارچەیی، وەکو (کوردستانی تورکیا، یان کوردی تورکیا. کوردستانی ئێران، یان کوردی ئێران. کوردستانی ئێراق، یان کوردی ئێراق. کوردستانی سووریا، یان کوردی سووریا) کەوتۆتە بەرچاو.

هێزە راوبارییە کوردستانییەکان، تائێستا نەیانتوانیوە وەکی هێزێکی یەکگرتووی یەک نەتەوە لەسەر ئاستی جیهانییدا خۆیان بناسێنن. هەر پارچەیە و بە گوێرەی تایبەتمەندێتییەکانی خۆی داواکاریی دەکا، و لەناو ئەو پارچانەش، هەتا ئەڵێنەکانیش، کاری تاکە پارت، یان دوو پارت و سێ پارت، یان زێتر هەر بەرەوەدەوامە.

سەرانی هێزە راوبارییەکان، پێویستە گۆرانێکی ریشەیی لە سیاسەتی خۆیان سەبارەت بە یەکتری بکەن. دەبێ ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان بۆ هەمیشە وەلابنێن و (یەکییەتیی)ەکی پتەو درووست بکەن، یان دەبێ واز لەسەرکردایەتیی کردن بهێنن، و چیدی دۆزی کورد، و خوێنی هەزارانی دی نەکەنە قوربانی مەرامی کەسێتیی و

تەسکی خۆیان!

پێویستە سوود لەو پەرت و بڵاوییەی کوردان بەسەر وڵاتانی جیهاندا وەربگیرێ. گەرەکە ڕێکخراوێکی تایبەتیی کوردستانی (نەک فیلان بەش و فیسالْ پارچە) لەهەر وڵاتێک ژمارەیەک نیشتمانپەروەری کارزان، و پسپۆڕانی زمان، مێژوو، یاسازان و کۆمەڵناسی کوردیی لێ بژێنی، دابمەزرێت. ڕێگەش بە کارزان و ڕووناکبیر و پسپۆڕانی عارەب و تورک و فارس و دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی ڕێکخراوەکەی لێ دادەمەزرێ، ئەگەر بیانەوێ خزمەتی دۆزی نەتەوایەتیمان بکەن، بدرێ بۆ ئەوەی تێیدا ببنە ئەندام. بۆ ئەوەی دۆزی کوردستان بەو گرانییەی هەیەتی نیشانی جیهان بدرێ.(١٤٩)

پێویستە خەباتی خەڵکی کوردستان، لەسەر ئاستی جیهانیی لە شێوەی خەباتی پارچە پارچەیی دەربهێنرێ. کوردستان، بە ئارەزووی کوردان دابەش نەکراوە، تاکو دانیشتوانی هەر کەرتێک تەنیا هەر ئەو پێتەختە ببینێ کە حوکمی لەسەر دەکا.

لەم ساڵانەی ئەو دواییەدا، چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی (تفەنگ) جێگەی خۆی بە چارەسەرکردن لە ڕێگەی (گفتوگۆ) کردندا گۆڕیوەتەوە. ئەم پرۆسێسە نوێیە، گەرەکە بۆ کوردانیش جێگەی بایەخ بێ. بە تایبەتیی کە دەبینین، خەباتی چەکداریی لە کوردستان لە پلەیەکی نزم دایە.

لە پارچەکانی بندەستی تورکیا و ئێراندا لاوازە. لە کەرتی بندەستی ئێراقدا، چەکی کیمیایی ئەو فۆرمۆلەی تفەنگ + چیا = بە شۆڕش و خۆراگرتن، بە درۆخستەوە. لە بەشی بندەستی سووریادا هەر نەبووە!

پێویستە هێزە راوارییە کوردستانییەکان، ستراتیژیی و تاکتیکی نوێیان دەبەردەستان دابێ، و پتر بایەخ بە خەباتی راوارییی- دیپلۆماسیی، بدەن.

کارەساتی هەڵەبجە، جەوهەری چەوساندنەوەی گەلی کوردی بە جیهان نیشان دا، و ژیانی پر کوێرەوەریی کوردانی جوانتر و پتر بە دونیا ناساند.

پێویستە رێکخراوە راوبارییەکان لەم رێگەیەدا زێتر هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی دەنگی زۆرتر بۆ پشتگیریی دۆزی خەڵکی کوردستان پەیدا بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پتر بایەخ بە ئەوروپا بدەن، و زلهێزەکانی دیکەش لەبیر نەکەن، و لە رێگەی رێکخراوە مرۆڤایەتیی و بیچمە راوبارەکانیان کە دۆستی دۆزی کوردن، مەسەلەی نەتەوایەتیمان زێتر بناسێنن.

تەواو

# ژێدەرەکـــان


١- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ٩، ١٩٨٩- دانمارک
٢- هەمان ژێدەر.
٣- هەمان ژێدەر.

.4- Readers Digest. Magazine, July 1989.

٥- یادداشت - رەفیق حیلمی. بەشی یەکەم، ل٢٠.
٦- هەمان ژێدەر ل١٨.
٧- کردستان ترکیا بین الحربین- م. هسرتیان، ترجمة د. سعدالدین ملا وباقی نازی ص٥٥-٥٦.
٨- جوولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیی و سیاسی- رادۆڤان پاڤیچ. وەرگێر، مەحموودی مەلا عزەت، ١٩٨٥. ل٥١.
٩- استاد لانەء جاسوسی... کردستان، شمارە ١، ایران، ١٩٧٩. ص٧٣.

10- The Kurds and Kurdistan- Derk Kinnane. P.44
11- The Kurds- Minority Rights Group- David McDowall.

١٢- ژێدەری سەروو.
١٣- چەوساوەکانی رووی زەوی- ئەندرێس گرنگ و ئولوف تاندەری. وەرگێرانی لە سوێدییەوە، ئەمجەد شاکەلی. ل. ٥.
١٤- جوولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ... ل٤٩.
١٥- ژێدەری پێشوو. ل. ٥.

16- The Kurds- Minority Rights Group- David McDowall.

١٧- سەرچاوەی سەروو.
١٨- استاد لانەء جاسوسی. کردستان (١). ص٦٨.
١٩- کوردستان و شۆرشەکەی- دکتور جەمال نەبەز. وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە، کوردۆ عەلی. ١٩٨٥. ل١٠٧.
٢٠- گۆڤاری خوێندکاری کورد، سوێسکە، ژمارە ١١.
٢١- استاد لانەء جاسوسی، کردستان (١) ص٦٩.
٢٢- خەبات لە رێی کوردستانا- ن.ا. خەلفین، وەرگێرانی لە رووسییەوە، جەلال

تەقی، سلێمانی ١٩٧١. ل٥٤-٥٥.
٢٣- گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٧.
٢٤- مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەددین سەجادی، ل. ٤-٤١.
٢٥- رۆژنامەی سەردەمی نوێ، ژمارە ٥.
٢٦- گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٧.
٢٧- گۆڤاری بەربانگ- ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید. ژمارە ٦٢.
٢٨- اسناد لانه، جاسوسی، کردستان (١) ص. ٨.
٢٩- گۆڤاری بەربانگ، ژمارە ٦٢.
٣٠- ستالین، تزار سرخ- ایزاک دوشر، ترجمه ذبیح الله منصوری، جلد اول ١٩٨٤، ص٧.
٣١- گۆڤاری پێشەنگ- پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، ژمارە ١٨.
32- The Kurds- Minority Rights ... David McDowall.
٣٣- سەرچاوەی سەروو.
٣٤- یادی قارەمانێکی نەتەوەیی کورد (سمکۆی شکاک)- کەریمی حیسامی.
٣٥- مجله دراسات کردیه- معهد پاریس ١٩٨٤، عدد ١.
٣٦- یادی قارەمانێکی نەتەوەیی......
٣٧- ژێدەری پێشوو.
٣٨- ژێدەری پێشوو.
٣٩- کۆماری دیموکراتی کوردستان، یان خودموختاری- کەریمی حیسامی. ل٤٢.
٤٠- البدیل الثوري في الحركه التحرریه الكردیه- سامي عبدالرحمن. ص١٢٨.
٤١- گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٨.
٤٢- گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە ١.
43- The Kurds and Kurdistan- Derk Kinnane, P.36.
٤٤- سەرچاوەی سەروو. ل٣٩.
٤٥- کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٠٢.
٤٦- اسناد لانه...... ص٦٢.
٤٧- ژێدەری پێشوو. ص٦٣.
٤٨- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ٧و٨.
٤٩- سەرچاوەی سەروو.

٥٠- ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، سەرکردایەتی کاتیی/ پدک، ١٩٧٦، ل٢٦.

51- The Kurds and Kurdistan- Derk Kinnane, P.42.

٥٢- ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی... ل٢٧.

٥٣- لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، کەریمی حیسامی، ل٤٨.

٥٤- ژێدەری پێشوو. ل٧١.

٥٥- هەمان ژێدەر. ل. ١٨.

٥٦- ژێدەری سەروو. ل١١٤.

٥٧- هەمان سەرچاوە. ل١١٦.

٥٨- سەرچاوەی سەروو. ل١٥٢.

٥٩- کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی- ئازاد مستەفا. سوید ١٩٨٨، ل. ٧.

٦٠- کوردستان و شۆڕشەکەی... ل٢٣٧.

٦١- ژێدەری سەروو. ل٢٣٨- ٢٤١.

٦٢- گۆڤاری بەربانگ، ژمارە ٦١.

٦٣- کوردستان و شۆڕشەکەی... ل٢٥٩.

٦٤- سەرچاوەی پێشوو. ل٢٧٥.

٦٥- البديل الثوري في...... ص. ٢-٢١.

٦٦- کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی... ل١٢ و ٧٢.

٦٧- هەمان سەرچاوە ل٧١-٧٢.

٦٨- ژێدەری پێشوو. ل٧١.

٦٩- گۆڤاری ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم- پارتی کۆمۆنیستی ئێراق، ١٩٨٩، ژمارە ١٦-١٧.

٧٠- گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە ١.

٧١- ڕێبازی بزوتنەوەی... ل٣٢.

٧٢- ژێدەری سەروو. ل٣٤.

٧٣- رسالة مختصرة الى الرفيق عزيز محمد السكرتير الاول للجنة المركزية واعضاء المكتب السياسي للحزب الشيوعي العراقي حول المقابلة الاذاعية للسيد فخري كريم زنگنه مع اذاعة «صوت امريكا» في واشنطن بتاريخ ١٨/٩/١٩٩٠- شرکت خزنەدار.

٧٤- هەمان ژێدەر.

٧٥- رۆژنامەی سەردەمی نوێ، ژمارە ٥٢.
٧٦- گۆڤاری یەکگرتن ژمارە ٩.
77- The Kurdish Pepublic 1946- William Eaglton.
٧٨- هەمان سەرچاوە.
٧٩- چەوساوەکانی زەوی کوردستان ل. ٥.
80- Perestroika- Mikhail Gorbachev. 1988.
٨١- یک بستر و دورۆیا «تاریخ تنش زدای ١٩٦٢- ١٩٨١»- اندریه ڤونتین، ترجمه، عبدالرضا هوشنگ مهدوی، ص١٠٤.
٨٢- هەڵوێستی تالەبانی و یەکیبەتی نیشتمانی لە بارەی کوردستانی باشوور- ڕیبوار. سوید ١٩٨٩. ل٤.
٨٣- خەبات لە ڕێی کوردستانا... ل٣٦-٣٧.
٨٤- ژێدەری پێشوو. ل٤٣.
٨٥- سەرچاوەی سەروو. ل٨١ و ١٥٩.
٨٦- خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی، ل. ٢.
٨٧- هەمان ژێدەر. ل٢١-٢٢.
٨٨- سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤.
٨٩- ژێدەری سەروو. ل. ٣-٣١.
٩٠- البديل الشوري في ...... ص٣١.
٩١- تاوانەکانی قیادەی مزقەت، پدکا.
٩٢- البديل الشوري في ...... ص٣٧.
٩٣- کاروانی خەیاڵ، خالید حیسامی (هێدی) ١٩٨٥. ل٦١.
٩٤- ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد، لەبەر گڕی جەنگی ئێراق و ئێران، دکتور جەمال نەبەز، ١٩٨٩. ل١٩٨.
٩٥- هەمان ژێدەر. ل٢١٨.
٩٦- زندگی مارکس، لینین، چەگوارا.
٩٧- رۆژنامەی لەدایک بوون، سوید ١٩٨٨.
٩٨- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ٩.
٩٩- کاروانی خەیاڵ ...... ل٥٠١- ١٠٦.
١٠٠- وتاری سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی ئەفسەرانی پێشمەرگە و کاربەدەستانی پارتیدا. ئەپریلی ١٩٦٧.

١٠١- ئیستە و پاشەرۆژی نەتەوەی کورد...... ل١٩١.

١٠٢- مقدمات جنگ اکتبر- محمد حسن هیکل. ترجمە، دکتر اسدالله مبشری، ص٣٩٥.

١٠٣- گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٩.

١٠٤- هەمان سەرچاوە.

١٠٥- ژێدەری سەروو.

١٠٦- سەرچاوەی پێشوو.

١٠٧- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ٩.

١٠٨- گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٩.

١٠٩- گۆڤاری دەنگی خوێندکاران و لاوان، یوکسی، ئینگلستان ١٩٨٨، ژمارە ١٠-١١.

110- U.S. Congressional Report No. 123, September 9, 1988.

١١١- گۆڤاری رێبازی نوێ، ئۆرگانی یەنک، مای ١٩٨٨، ژمارە ٥٥.

١١٢- سەرچاوەی پێشوو.

١١٣- هەڵوێستی تاڵەبانی...... ل. ١ و ١٩ و ٢٣.

١١٤- کوردستان و شۆرشەکەی ل٢٦٢-٢٦٤.

١١٥- ژێدەری سەروو ل. ٢٧ و ٢٧١ و ٢٧٦.

١١٦- هەمان سەرچاوە. ل٢٧٨ و ٢٨٠ و ٢٨١.

١١٧- ژێدەری پێشوو. ل٢٨٦ و ٢٨٨ و ٢٨٩.

١١٨- هەمان سەرچاوە. ل٢٩٨- ٣٠٢.

١١٩- هەڵوێستی تاڵەبانی و...... ل٢٦.

١٢٠- رێبازی بزوتنەوەی ...... ل٣٦.

١٢١- هەڵوێستی تاڵەبانی ...... ل٣٥.

١٢٢- ژێدەری سەروو. ل٣٦.

١٢٣- هەمان ژێدەر. ل٥٤-٥٥.

١٢٤- ئیستە و پاشەرۆژی نەتەوەی ...... ل٢٢١.

١٢٥- دەربارەی کۆتایی هاتنی وتووێژی یەکێتی نیشتمانی و میری‌ی نیشتمانی‌ی)- لە بلاوکراوەکانی سۆسکە، لاپەرە ٢٤-٢٦.

١٢٦- ڤیدیۆی ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٨٤، یەنک.

١٢٧- هەڵوێستی تاڵەبانی و...... ل٥١

١٢٨- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ٩.
١٢٩- اغد وديموقراطي وحرمان شعب من حق الحلم. جلال الطالباني ص٢١.
١٣٠- هەڵوێستی تالەبانی و..... ل٣٥.
١٣١- ئێستە و پاشەرۆژی نەتەوەی..... ل١٩٧-١٩٨.
١٣٢- سەرچاوەی سەروو، ل. ٢١-٢١١.
١٣٣- کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، ل٢٢-٢٥.
١٣٤- هەڵوێستی تالەبانی و..... ل٣٧.
١٣٥- گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ٩.
١٣٦- رۆژنامەی دەنگوباسی ئەنستیتیوتی کورد لە پاریس، ئۆکتۆبەری ١٩٨٩، ژمارە (٥).
١٣٧- هەمان سەرچاوە.
١٣٨- ژێدەری پێشوو.
١٣٩- ژێدەری سەروو.
١٤٠- سەرچاوەری پێشوو.
١٤١- گۆڤاری بەربانگ، ژمارە (٦١).
١٤٢- مەسەلەی کورد لە پارلەمانی نەمسا- وەرگێرانی کوردۆ عەلی.
١٤٣- هەمان ژێدەر.
١٤٤- گۆڤاری دەنگی خوێنکاران و لاوان، ژمارە ١٠-١١.
١٤٥- شەرفنامە. شەرەفخانی بەدلیسی، وەرگێرانی بۆ کوردی مام هەژار ١٩٨١، ل٨٥٧-٨٥٨.
١٤٦- گۆڤاری دەنگی خوێندکاران و لاوان، ژمارە ١٠-١١.
١٤٧- سەرچاوەی سەروو.
١٤٨- هەمان ژێدەر.
١٤٩- گۆڤاری بەربانگ، ژمارە (٦٥).

Kirmanj Gundi

# *Thirty Years of Struggle and Devastated Country*

November 1990
Sweden